حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کولێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی ڕاگەیاندن

# ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

تێزێکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کولێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە،

وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە فەلسەفە / ڕاگەیاندندا.

لەلایەن خوێندکار

**بەرهەم خالد احمد صالح**

**بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن-زانکۆی سلێمانی- سلێمانی ٢٠٠٨**

**ماستەر لە ڕاگەیاندن-زانکۆی شەفیلد- بەریتانیا ٢٠١٢**

بە سەرپەرشتی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر

**فؤاد علی احمد**

٢٠٢١

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کولێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی ڕاگەیاندن

# ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

تێزێکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کولێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە،

وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لەفەلسەفە / ڕاگەیاندندا.

لەلایەن خوێندکار

**بەرهەم خالد احمد صالح**

**بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن-زانکۆی سلێمانی-سلێمانی ٢٠٠٨**

**ماستەر لە ڕاگەیاندن-زانکۆی شەفێلد- بەریتانیا ٢٠١٢**

بە سەرپەرشتی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر

**فؤاد علی احمد**

**٢٠٢١**

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ۚ
إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ

صدق الله العظيم

سورة ال عمران (١٥٩)

# ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم تێزەی خوێندکار (بەرهەم خالد احمد صالح)، بەناونیشانی **(ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا)**، بە سەرپەرشتی ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە فەلسەفەی ڕاگەیاندندا، پێشنیاز دەکەین، کە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

ناو: **پ.ی.د.فؤاد علی احمد**

سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: ٢٠٢١/١/٥

**بەپێی ئەم پێشنیارە ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

واژۆ:

ناو: **پ.ی.د.سەلام نصرالدین محمد**

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم تێزەی خوێندکار (بەرهەم خالد احمد صالح)، بەناونیشانی (**ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا**)، خوێندنەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بەپلەی (      ) بڕوانامەی دکتورای لەفەلسەفەی زانستی ( ڕاگەیاندن ) پێبدرێت.

واژۆ:

**ناو: پ. ی. د. ئومێد رفیق فتاح**

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ٢٨ / ٣ / ٢٠٢١

واژۆ:

**ناو: پ. ی. د. عمر احمد رمضان**

ئەندام

ڕێکەوت: ٢٨ / ٣ / ٢٠٢١

واژۆ:

**ناو: پ. ی. د. پاڤێ جمیل احمد**

ئەندام

ڕێکەوت: ٢٨ / ٣ / ٢٠٢١

واژۆ:

**ناو: پ. ی. د. محمد خضر مولود**

ئەندام

ڕێکەوت: ٢٨ / ٣ / ٢٠٢١

واژۆ:

**ناو: پ. ی. د. دلێر احمد حمە**

ئەندام

ڕێکەوت: ٢٨ / ٣ / ٢٠٢١

واژۆ:

**ناو: پ. ی. د. فؤاد علي احمد**

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: ٢٨ / ٣ / ٢٠٢١

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی پەسەندکرا.**

واژۆ:

**ناو: پ. ی. د. ابتسام اسماعیل قادر**

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

ڕێکەوت: ٢٨ / ٣ / ٢٠٢١

# بڕیاری شارەزای زمانی

ئەم تێزەی خوێندکار (بەرهەم خالد احمد صالح)، بەناونیشانی **(ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا)**، پێداچونەوەی زمانەوانی بۆکراوە، ئەو هەڵانەی تێیدا بووە ڕاستکراونەتەوە، بەوەش تێزەکە لە ڕوی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆ.

واژۆ:

ناو: **پ.ی.د.شیلان عومەر حسەین**

ڕێکەوت: ٢٨ / ٣ / ٢٠٢١

## پێشکەش

- باوک و دایکی خۆشەویستم.
- خوشک و برا ئازیزەکانم.
- هاوڕێ دڵسۆزەکانم.

بەرهەم

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خوای گەورە بۆ بەخشش و نیعمەتەکانی.
- سوپاس بۆ سەرپەرشتی خۆشەویست (پ.ی.د. فؤاد علی احمد)، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە نووسینی ئەم تێزەدا ڕێنماییکار و پاڵپشتمبوو.
- سوپاس بۆ ڕاگرایەتی کۆلێژ و بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لە پاڵپشتیکردنی ئەم توێژینەوەیە.
- سوپاس بۆ مامۆستا و هاوڕێی ئازیزم (پ.ی. کاوە عزالدین عبدالرحمان)، لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەو تۆمارکردنی داتاکان بۆ بەرنامەی SPSS هاوکارمبوو.
- سوپاس بۆ هاوپیشە و هاوڕێی ئازیزم (د. یۆهان عوسمان حەمە)، بە درێژایی خوێندنی دکتۆرا و نووسینی و ڕێکخستنی تێزەکە هاوکار و پشتیوانی بەردەوامم بووە.
- سوپاس بۆ هاوڕێم جەیمس پاتریک ماهۆن، بە هاوکاریکردنم لە پێدانی سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی بۆ توێژینەوەکە.
- سوپاس بۆ هەموو پەرلەمانتارانی کوردستان، کە لە کاتی خۆیان بەخشی بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە.
- سوپاس بۆ مامۆستاو زمانەوان پرۆفیسۆری یاریدەدەر (د.شیلان عومەر حسەین)، کە پێداچوونەوەی زمانەوانیی بۆ تێزەکە کرد.
- سوپاس بۆ هاوڕێم کاک (ئۆراڵ ئەبوبەکر) بە هاوکاریکردنم لە دیزاینکردنی تێزەکە.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی تەنانەت بە ڕێنمایی و وشەیەکیش بێت لەم تێزەدا هاوکارییانکردووم.
- سوپاس بۆ هەموو پسپۆڕ و هەڵسەنگێنەرانی فۆڕمی ڕوپێوی.

توێژەر

**پێڕستی بابەت**


| ناونیشانی بابەتەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشانی سەرەکی | |
| ناونیشانی توێژینەوە | أ |
| ئایەتی قورئانی | ب |
| ڕەزامەندی سەرپەرشت | پ |
| ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | ت |
| بڕیاری شارەزای زمانی | ج |
| پێشکەش | چ |
| سوپاس و پێزانین | ح |
| پێڕستی بابەت | خ - د |
| پێڕستی خشتەکان | ر – ز |
| پێڕستی پاشکۆکان | ژ |
| پوختە | س - ش |
| پێشەکی | ١-٢ |
| **بەشی یەکەم/ میتۆدنامە** | **٣-٣٥** |
| یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە | ٤ |
| دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوەکە | ٥ |
| سێیەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە | ٥ |
| چوارەم: گرنگی توێژینەوەکە | ٦-٧ |
| پێنجەم: ئامانجی توێژینەوەکە | ٧-٨ |
| شەشەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە | ٨ |
| حەوتەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٩ |
| هەشتەم: کۆمەڵی توێژینەوەکە | ٩ |
| نۆیەم: سامپڵی توێژینەوەکە | ٩-١٣ |
| دەیەم: ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە | ١٣-١٤ |
| یانزەیەم: سنور و بواری توێژینەوەکە | ١٥ |
| دوانزەیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە | ١٥-١٦ |
| سیانزەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو | ١٧-٣٣ |
| چواردەیەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو | ٣٣-٣٥ |
| پانزەیەم: پێوەرە ئامارییە بەکارهاتووەکان | ٣٥ |

| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم/ میدیای نوێ** | **٣٦-٨٦** |
| باسی یەکەم/ چەمک و تێگەیشتن لە میدیای نوێ | ٣٧-٤٢ |
| باسی دووەم/ پێناسەی میدیای نوێ | ٤٢-٤٥ |
| باسی سێیەم/ ناوەکانی میدیای نوێ | ٤٦-٤٨ |
| باسی چوارەم/ تەکنەلۆژیای زانیاری و ڕاگەیاندن | ٤٩-٥١ |
| باسی پێنجەم/ ناسین و تێگەیشتنی میدیای نوێ | ٥١-٥٣ |
| باسی شەشەم/ شێوازەکانی میدیای نوێ | ٥٤-٦٤ |
| باسی حەوتەم/ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ | ٦٥-٨١ |
| باسی هەشتەم/ جیاوازی نێوان میدیای نوێ و میدیای کلاسیک | ٨١-٨٦ |
| **بەشی سێیەم/ دروستکردنی بڕیاری سیاسی** | **٨٧-١٤٤** |
| باسی یەکەم/ چەمکی بڕیاری سیاسی | ٨٨-٩١ |
| باسی دووەم/ ئاراستەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی | ٩٢-٩٨ |
| باسی سێیەم/ توخم و بنەماکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی | ٩٨-١٠١ |
| باسی چوارەم/ جۆرەکانی بڕیاری سیاسی | ١٠٢-١٠٥ |
| باسی پێنجەم/ قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی | ١٠٦-١٠٩ |
| باسی شەشەم/ ئاستەنگەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی | ١٠٩-١١١ |
| باسی حەوتەم/ دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی | ١١١-١٢١ |
| باسی هەشتەم/ ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی | ١٢١-١٣٩ |
| باسی نۆیەم/ دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان | ١٣٩-١٤٤ |
| **بەشی چوارەم/ ڕۆڵی میدیای نوێ لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی** | **١٤٥-١٩٥** |
| باسی یەکەم/ تیۆری پشتبەستن بەمیدیای نوێ | ١٤٦-١٥٣ |
| باسی دووەم/ ئاستی کاریگەری گۆڕاوە کەسییەکان لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١٥٤-١٨٥ |
| باسی سێیەم/ تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە | ١٨٦-١٩٥ |
| گریمانەی یەکەم/ گۆڕاوە دیمۆگرافی و کەسییەکان کاریگەری لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران دروست دەکات لە بەکارهێنانی میدیای نوێدا | ١٨٦-١٩١ |
| گریمانەی دووەم/ پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ و کاتی تەرخانکراو | ١٩٢-١٩٣ |
| گریمانەی سێیەم/ پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان کاتی تەرخانکراو بۆ میدیای نوێ هەیە لە لایەن پەرلەمانتارانەوە، لەگەڵ کاریگەریی (زانیاری، ویژدانی، ڕەفتاری) | ١٩٣-١٩٥ |
| دەرئەنجام | ١٩٦-٢٠٠ |
| ڕاسپاردە و پێشنیازەکان | ٢٠١-٢٠٢ |
| سەرچاوەکان | ٢٠٣-٢٢٥ |
| پاشکۆکان | ٢٢٦-٢٣١ |
| پوختەی ئینگلیزی | ٢٣٢-٢٣٥ |
| ناونیشانی ئینگلیزی | ٢٣٦ |

# پێرستی خشتەکان


| لاپەڕە | ناوی خشتەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| | **لایەنی مەیدانی** | |
| | لایەنی مەیدانی فۆرمی شیکاری | |
| ١٠ | دابەشبونی توخمی بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە | ١ |
| ١١ | دابەشبونی تەمەنی بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە | ٢ |
| ١١ | دابەشبونی بڕوانامەی بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە | ٣ |
| ١٢ | دابەشبونی فراکسیۆنی بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١٣ | دابەشبونی پارێزگای بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە | ٥ |
| ١٣ | تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ دۆزینەوەی جێگریی بڕگەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسی | ٦ |
| ١٤٩ | ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ٧ |
| ١٥٠ | بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن پەرلەمانتارانی کوردستان | ٨ |
| ١٥١ | هەبوونی پەیجی تایبەت لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لە نێو میدیا کۆمەڵایەتییەکان | ٩ |
| ١٥٢ | کاتژمێری بەکارهێنانی میدیای نوێ لە ڕۆژێکدا | ١٠ |
| ١٥٣ | پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١١ |
| ١٥٤ | پێوەری (T)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی توخم لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١٢ |
| ١٥٤ | پێوەری (کروسکاڵ)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی تەمەن، لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١٣ |
| ١٥٥ | پێوەری (کروسکاڵ)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی بڕوانامە لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١٤ |
| ١٥٦ | پێوەری (کروسکاڵ)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی فراکسیۆن، لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١٥ |
| ١٥٨ | پێوەری (کروسکاڵ)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی پارێزگا لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١٦ |
| ١٥٩ | پێوەری (T)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی ڕەگەز، لە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ لەسەر هەرسێ ئاستی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری) | ١٧ |
| ١٦٠ | پێوەری (ANOVA)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی تەمەن، لە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ لەسەر هەر سێ ئاستی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری) | ١٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | پێوەری (ANOVA)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆراوی بڕوانامە، لە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ لە هەر سێ ئاستی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری) | ١٦١ |
| ٢٠ | پێوەری (ANOVA) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆراوی پارێزگا، لە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ، لە هەر سێ ئاستی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری) | ١٦٣ |
| ٢١ | پێوەری (ANOVA)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆراوی فراکسیۆن، لە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ، لە ئاستی کۆزانیاریی | ١٦٦ |
| ٢٢ | پێوەری (ANOVA)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆراوی فراکسیۆن، لە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ، لە ئاستی ویژدانی | ١٦٧ |
| ٢٣ | پێوەری (ANOVA)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆراوی فراکسیۆن، لە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ، لە ئاستی ڕەفتاری | ١٦٩ |
| ٢٤ | تاقیکردنەوەی (T-Test) بە یەک ئاراستە (One way) ، بۆ تاقیکردنەوەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ، لە هەرسێ ئاستی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری) | ١٧١ |
| ٢٥ | ئاستی کاریگەری میدیای نوێ، لە ڕۆڵی خستنەسەر زانیارییەکانی پەرلەمانتاران | ١٧٣ |
| ٢٦ | ئاستی کاریگەری میدیای نوێ، لە ڕۆڵی خستنەسەر هەست و ویژدانی پەرلەمانتاران | ١٧٧ |
| ٢٧ | ئاستی کاریگەری میدیای نوێ، لە ڕۆڵی خستنەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران | ١٨١ |
| ٢٨ | پێوەری (مانویتنی Mann-Whitney)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی توخم، لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١٨٧ |
| ٢٩ | پێوەری کروسکال (Kruskal-Wallis)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی تەمەن، لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١٨٨ |
| ٣٠ | پێوەری کروسکال (Kruskal-Wallis)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی بڕوانامە، لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١٨٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣١ | پێوەری کروسکال (Kruskal-Wallis)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی فراکسیۆن، لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١٩٠ |
| ٣٢ | پێوەری کروسکال (Kruskal-Wallis)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی پارێزگا، لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ | ١٩١ |
| ٣٣ | پێوەری پێرسن (Pearson)، بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران، بە میدیای نوێ و کاتی تەرخانکراو بۆ تەماشاکردنی میدیای نوێ | ١٩٢ |
| ٣٤ | پێوەری پێرسن (Pearson)، بۆ تاقیکردنەوەی کاتی تەرخانکراو، بۆ تەماشاکردن و پشتبەستن بە میدیای نوێ، لە هەرسێ لایەنی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری)ی پەرلەمانتاران | ١٩٤ |

# پێرستی پاشکۆکان


| ژمارە | پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | فۆرمی ڕاپرسی | ٢٢٧-٢٣١ |

# پوختە

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی دوولایەنەی هەردوو بواری میدیا و زانستی سیاسەت، بە یەکێک لە بوارە زیندووەکانی زانستی ڕاگەیاندن و سیاسەت دادەنرێت، بەو پێیەی کاریگەری زۆر و ڕاستەوخۆی بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەیە. هاتنەکایە و پێشکەوتنی میدیای نوێ و سەرهەڵدانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان وایکردووە، ئەو کاریگەرییە زیاتر لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان لە نێویاندا کایەی سیاسی ڕەنگبداتەوە. بە دیاریکراویتر کاریگەری میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە دوو دەیەی ڕابردوودا، پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕۆڵی میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بکۆڵێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە، کە توێژینەوەیەکی (وەسفی شیکارییە)، بە ئامانجی شیکردنەوە و لێکدانەوەی دیاردەی میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی ئەنجامدراوە و ئامانجەکەشی زانینی ڕۆڵی میدیای نوێیە، لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها زانین و ناساندنی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی و زانینی ڕادەی بەکارهێنان و پشتبەستن بە میدیای نوێ بە گشتی و میدیا کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی، لەلایەن دروستکەرانی بڕیاری سیاسییەوە.

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، میتۆدی (ڕووپێوی) بەکارهێنراوە، لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی بۆ خستنەڕووی ئاستی بەکارهێنان و پشتبەستن بە میدیای نوێ (New Media) و میدیا کۆمەڵایەتییەکان (Social Media) و کاریگەری ئەو پشتبەستنە لەلایەن بڕیاردروستکەرانەوە، لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی. نمونەی دەستنیشانکراوی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی دیاریکردنی مەبەستدار (عينة القصدية) بووە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرجەم ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بە شێوەی کۆگیری گشتی (حصر شامل) وەرگیراون، وەک نمونەی توێژینەوەکە، کە ژمارەیان بە دەستەی سەرۆکایەتییەوە ١١١ ئەندامە، بۆ دیاریکردنی ئاست و ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

لە ئەنجامی لێکدانەوە و شیکردنەوەی داتا و زانیارییە بەدەستهاتووەکانی هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی و هەڵسەنگاندنی گریمانەکان لە ڕێگەی پێوەرو چارەسەرە ئامارییەکان، توێژینەوەکە گەیشت بە چەند دەرئەنجامێک کە بریتیین لە:

١- میدیای نوێ، بە شێوەیەکی گشتی و میدیا کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی، بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن بڕیاردروستکەرانەوە بەکاردەهێنرێن و ئەوەش ڕۆڵی لە خستنەڕووی زانیارییەکان و لێکنزیککردنەوەی بەکارهێنەران و دەستەبژێری سیاسی لە ناوەندەکانی بڕیارداندا هەیە.

٢- میدیای نوێ، بووەتە سەرچاوەیەکی باشی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان لە کوردستاندا، میدیای نوێ، بووەتە جێگرەوەی میدیا نەریتییەکانی وەک ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و زۆرینەری پەرلەمانتارانی کوردستان بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ڕوداو و هەواڵەکان پشت بە میدیای نوێ دەبەستن و لەو ڕێگەیەوە لەسەر داواکارییەکانی خەڵک و پرس و بابەتە سیاسییەکان زانیاریان دەستدەکەوێت.

٣- لە نێو پێگەی میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا، فەیسبوک زۆرترین بەکارهێنانی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بە ڕێژەی ٩٩٪دا هەیە، هەروەها زۆربەی پەرلەمانتاران بە ڕێژەی ٦٥٪ جگە لە ئەژماری تایبەت، ڕۆژانە ١٦٤ خولەک بۆ بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان تەرخان دەکەن، پەرلەمانتاری فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان زیاتر پشت بە میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن. پەرلەمانتارانی پارێزگای هەولێر زیاتر پشت بە میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە.

٤- زۆرینەی پەرلەمانتارانی کوردستان پشت بە میدیای نوێ دەبەستن و ئەوەش کاریگەری لەسەر ئاستی زانیارییەکانیان لە کاتی پرۆسەی بڕیاردان هەیە و بەوەش لە کاتی بڕیارداندا کاریگەری لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان دەکات، بەڵام ئاستی کاریگەرییەکە زۆر بەهێز نییە بەو پێیەی پەرلەمانتاران وابەستەی سیاسەتی پارتەکانیان بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆسەی یاسادانان و بڕیاردانی سیاسییدا.

٥- میدیای نوێ، لە کوردستان نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی، کە زانیاری ورد و بابەتی لەسەر پرۆژەیاساکان بخاتەڕوو، کە ببێتە مایەی متمانەی پەرلەمانتاران، هەربۆیە پەرلەمانتارانی کوردستان لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پرۆژە یاساکان لە سود وەرگرتن لە میدیای نوێ، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پرۆژەیاسا و بڕیارە سیاسییەکان بێلایەنن.

٦- میدیا کۆمەڵایەتییەکان کارئاسانی لە پرۆسەی بڕیاردان و ئامادەکردنی پرۆژە یاساکاندا دەکەن و بوونەتە ئامرازێکی بەهێز بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان پەرلەمانتار و خەڵکدا و بە شێوەیەکی فراوان سود لە میدیای نوێ دەبینن بە تایبەت میدیا کۆمەڵایەتییەکان بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان و وەک ئامرازێکی میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانیان بەکاریدەهێنن، هەروەها بەکارهێنەرێکی چالاکن و گرنگی بە بۆچوون و نامەکان دەدەن و وەڵامیان بۆ سەرنج و نامەکانی خەڵک لەسەر ئەو پێگانە هەیە.

٧- پەرلەمانتارانی کوردستان بە گشتی بە هۆی میدیای نوێ و بابەتەکانی میدیا کۆمەڵایەتییەکانەوە کاریگەر دەبن، لە پرۆسەی بڕیاردان هەر لە گفتۆکردن لەگەڵ پەرلەمانتارانی دیکە و خۆئامادەکردن بۆ پرۆژەیاساکان و خستەڕوی بۆچوون و سەرنجەکان و بەشداری کۆبونەوە جەماوەرییەکان، بەڵام بە ئاستێکی لاواز.

## پێشەکی

پێشـــکەوتنە بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری لە ماوەی ســـەدەی رابردو و ســـەرەتای ئەم ســـەدەیەدا، ژیانی مرۆڤایەتی بردووەتە قۆناغ و ئاســـتێکی زۆر پێشـــکەوتوو. پێشـــکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسـەر کۆی کایە و بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دروستکردووە، بە جۆرێک کە کارئاسانی زۆر بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لە سەرجەم بوارەکاندا هاتووەتە کایەوە.

بواری کۆمۆنیکەیشـــن و راگەیاندنیش، وەک زۆرێک لە بوارەکانی دیکە بێبەش نەبووە لەم پێشـکەوتنانە، لە سـایەی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیارییەکانەوە، کاری رۆژنامەنوسـی و راگەیاندن گۆڕانکاری زۆری بەســـەردا هاتووە بەرەو دیجیتاڵیبوون رۆیشـــتووە. میدیای نوێ وەک یەکێک لە دەرهاویشتەکانی ئەو گۆڕانکارییانە لە بواری میدیا و کۆمۆنیکەیشن هاتووەتە بواری میدیاییەوە، لەسەر هەردوو ئاستی ئەکادیمی و پیشەسازی راگەیاندن.

میدیای نوێ، وەک نەوەیەکی تازەبووەوە و نوێی راگەیاندن لە ســەردەمی ئێسـتادا بە تایبەت لە دوو دەیەی رابردوودا، کاری راگەیاندنی بردووەتە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو، بە جۆرێک کاریگەری لەســەر تاکەکانی کۆمەڵگا و ســەرجەم کایەکانی دیکەی پەیوەســت بە ژیانی مرۆڤ دروســتکردووە. میدیای نوێ کە مەبەسـت لێی هەموو کارێکی میدیاییە بە پشـت بەسـتن بە سـیستمی ژمارەیی و تۆڕی ئینتەرنێت بواری زۆر لەخۆدەگرێت، لە نمونەی پێگەو ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان و دیجیتاڵ میدیا و پەخشی ئاسمانی و ئینتەرنێتی و میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا.

یەکێک لە خەســڵەت و تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی ئەم جۆرە نوێیەی میدیا، بریتییە لە بواری کـارلێکردن و ئـاوێتەبوون، کە تێیـدا وەرگر دەتوانێـت رۆڵی هەبێـت و فەزایەکی لەبەردەم وەرگردا رەخســاندووە، کە بتوانێت وەرگرێکی چالاک بێت و بەشــداری هەبێت لە پرۆســەی راگەیاندندا، ئەوە جگە لە خەسڵەتەکانی ئاسانی بەکارهێنان و خێرایی لە گواستنەوە و نەبوون و کەمکردنەوەی سانسۆر و بێســـنوری لە بڵاوبوونەوە، کە وایکردووە قۆرخی میدیا جەماوەرییە نەریتییەکانی، وەک رۆژنامە و رادیۆ و تەلەڤزیۆن کەمبکـاتەوە و لە هەنـدێـک گۆشــــەدا کۆتـایی بە هەژموونیـان هێنـاوە و بووەتە جێگرەوەیان.

گرنگی میدیای نوێ لە بواری گشـــتیدا و رۆڵی لەســـەر بواری ســـیاســـی، یەکێکە لە بابەتە زیندووەکان، کە جێگەی ســـەرنجی توێژەرانە، بە تایبەت لێکەوتەکانی میدیای نوێ و تەکنەلۆژیای زانیاری، لەسـەر پرۆسـەی سیاسـی بەگشـتی و دروسـتکردنی بڕیاری سیاسـی بەتایبەتی، لە روانگەی گرنگی ئەم بابەتەوە بیرۆکەی ئەم توێژینەوەیە گەڵاڵەبوو، کە خۆی لە دوو رەهەند و گۆڕاوی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە میدیای نوێ و بە دیاریکراوی رۆڵی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان،

لەسەر پرۆسەی سیاسی کە وایکردووە دەرفەتی بەشداری و کاریگەری لەسەر بوارەکانی دیکە زیاد ببێت، یەکێک لەو بوارانەش دروستکردنی بڕیاری سیاسییە، کە یەکێکە لە کۆڵەکەکانی سیستمی سیاسی و بەڕێوەبردن، بۆیە ئەم توێژینەوەیە مەبەستیەتی پەیوەندی ئەو دوو گۆڕاوە بدۆزێتەوە و رۆڵ و کاریگەری میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بخاتەڕوو.

هەرێمی کوردستان، سنوری ئەم توێژینەوەیەیە، تەمەنی هەردوو بوارەکە تا رادەیەکی زۆر نوێ و نزیکن لەیەک، هەروەها ئاڵۆزی و ناڕوونی زۆر لە هەردوو بوارەکەدا هەیە، میدیا بەگشتی و میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا، لە دووەمین دەیەی تەمەنی خۆیدایە و کێشەی ناسنامە و پەیام و ئاراستە و ئازادی هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە پەرلەمانتاران وەک کاراکتەری باڵاترین دامەزراوەی فەرمیی یاسادانانن لە هەرێمی کوردستان بەدەر نین لە ئاڵۆزی و ململانێ سیاسییەکانی کوردستان، کە وەک نمونەی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون، لەم روانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە (رۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان)دا، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە و کاریگەرییەکانی.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە گرنگی زانستی و پراکتیکی هەیە، چونکە هەردوو بوارەکە نوێ و تازەن و کەمترین توێژینەوەیان لەسەر کراوە، هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو بوارەکە پەیوەست بە کتێبخانەی کوردییەوە بابەتێکی نوێیە و پێشتر توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەنجامنەدراوە، لەڕوی پراکتیکیشەوە توێژینەوەکە لەسەر رادەی پشت بەستنی دەستەبژێری سیاسی بە میدیا بە تایبەت بە میدیای نوێ بابەتێکی نوێیە و دەکرێت هەم بۆ دەزگا میدیاییەکان و هەم بۆ سیاسەتمەداران و کاربەدەستان سودی هەبێت لەپێناو سودوەرگرتن لە میدیای نوێ لە ئەنجامدانی کارەکانیان و پرۆسەی بڕیاردانیدا.

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لە هەردوو بەشی تیۆری و مەیدانی پێکدێت، کە دابەشکراوە بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا؛ بەشی یەکەم بریتییە لە چوارچێوەی گشتی تیۆری توێژینەوەکە، کە خۆی دەبینێتەوە لە (میتۆدنامەی توێژینەوەکە، دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو و تاووتوێکردنی پێوەرە ئامارییە بەکارهاتووەکان). بەشی دووەم تایبەتە بە میدیای نوێ کە (ناساندن، تایبەتمەندی، تیۆرییەکانی) لە خۆدەگرێت. بەشی سێیەم تایبەت بە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی، کە (ناساندنی بڕیاری سیاسی، جۆرەکانی، قۆناغەکانی، فاکتەرە کاریگەرییەکان لەسەری) لەخۆدەگرێت. بەشی چوارەم بریتییە لە لایەنی مەیدانی، کە بریتییە لە (تیۆری پشتبەستن، خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکارکردنی داتاکان، سەلماندنی گریمانەکان، دەرئەنجام و راسپاردە و پێشنیازەکان).

# بەشی یەکەم

# میتۆدنامەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە

پرسیارەکانی توێژینەوەکە

گریمانەکانی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە

جۆر و میتۆدی توێژینەوە

ئامرازەکانی توێژینەوەکە

کۆمەڵگای توێژینەوە

سامپڵی توێژینەوە

ڕاستی و جێگیری توێژینەوە

سنور و بواری توێژینەوە

دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکانی پێشوو

تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

پێوەرە ئامارییە بەکارهاتووەکان

## یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

بناغە و هەوێنی هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە بوونی کێشەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە شاراوەیی و نادیاریی و گومانی تێدابێت، ئەوەش دەبێتە جێگەی سەرنجی توێژەر بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەو کێشەیە لە ڕێگەی ئەنجامدانی شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە بۆ ئاشکراکردنی ئەو گومان و نادیارییە.

بابەتی میدیای نوێ و هاتنەکایەی میدیا کۆمەڵایەتییەکان وەک دیاردەیەکی تازە و لێکەوتەیەکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە وێنە گشتییەکەیدا و هەروەها وەک دەرهاویشتەیەکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و گەیاندن بە تایبەتی کاریگەری زۆری لەسەر بواری میدیا و کۆمۆنیکەیشن و لەوێشەوە لەسەر لایەنەکانی دیکەی ژیان دروستکردووە.

پێشکەوتن و فراوانبوونی میدیای نوێ لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لێکۆڵینەوە و شیکاری زانستی زۆر هەڵدەگرێت لەسەرجەم بوارە زانستییەکاندا، بە تایبەت بواری کۆمۆنیکەیشن و ڕاگەیاندندا. کاریگەری میدیای نوێ تەنها لە بواری میدیادا ڕەنگینەداوەتەوە، بەڵکو کاری لەسەر زۆرێک لە بوارەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤایەتیش کردووە، لەم ڕوانگەیەوە کێشەی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای کاریگەری و ڕۆڵی میدیای نوێ بەسەر کایەی سیاسییەوە لە بواری گشتیدا و بە دیاریکراویش پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، کە تا ئێستا بابەتێکی ناڕۆشنە و توێژینەوەی زانستی لەبارەوە ئەنجامنەدراوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان میدیای نوێ و سیاسەت بزانێت و هەروەها کاریگەری میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی سیاسی بە گشتی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بخاتەڕوو، ئەویش لە ڕێگەی پشتبەستنی بڕیاردروستکەران بە میدیای نوێ و ڕۆڵی میدیای نوێ لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوەش ئەو ناڕوونیەیە کە ئەم توێژینەوەیە وەک کێشەیەکی زانستی لێیدەڕوانێت و هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی لە ڕێگەی میتۆدی زانستییەوە دەدات، کە تا ئێستا بابەتی کاریگەری میدیا و بە تایبەتتر میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بابەتێکە ئاوڕی پێویستی لە ڕەهەندی زانستییەوە لێنەدراوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک دەدات بە مەبەستی کارکردن لەسەریان لە ڕووی زانستییەوە بۆ وەڵامدانەوەیان.

## دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

١. ئاستی بەکارهێنانی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتیەکان، لای دەستەبژێری سیاسیی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟
٢. مەبەستی بەکارهێنانی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، لای پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان چییە؟
٣. کاریگەری میدیای نوێ لەسەر پەرلەمانتارانی کوردستان چییە و تا چ ڕادەیەک ڕۆڵی لە کارەکانیاندا وەک پەرلەمانتار هەیە؟
٤. میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان چ ڕۆڵێکیان لە نزیکردنەوەی پەرلەمانتاران و خەڵک لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ؟
٥. میدیای نوێ چ ڕۆڵێکی لەسەر قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ؟
٦. میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان تا چەند ڕۆڵیان لەسەر ئاستی زانیاری و هەڵوێستی پەرلەمانتاران هەیە ؟
٧. میدیای نوێ چ ڕۆڵێکی لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی لای پەرلەمانتارانی کوردستان هەیە، لە ئامادەکردنی پرۆژەیاسا و گفتوگۆو دەنگدان لەسەر بڕیارەکان؟

## سێیەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە:

**گریمانەی یەکەم:** گۆڕاوە دیمۆگرافی و کەسییەکان کاریگەری لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران دروست دەکات لە بەکارهێنانی میدیای نوێدا.

**گریمانەی دووەم:** پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ و کاتی تەرخانکراو هەیە.

**گریمانەی سێیەم:** پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان کاتی تەرخانکراو بۆ میدیای نوێ لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لەگەڵ کاریگەری لەسەر لایەنی زانیاری و ویژدانی و ڕەفتاریاندا.

## چوارەم: گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە بابەتی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان خۆی دیاردەیەکی نوێیە، چ لە بواری میدیا و هەروەها لەسەر کۆی کایەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگا. بە تایبەتتر بابەتی کاریگەری و ڕۆڵی میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی یەکێکە لەو بابەتانەی کە توێژینەوەی کەمی لەسەر ئەنجامدراوە و ئێستاش یەکێکە لە بابەتە مشتومڕ ئامێزەکان لای توێژەرانی هەردوو بواری میدیا و سیاسەت و کۆمەڵناسی و هەروەها لەسەر ئاستی جیهانیش بابەتێکی تازەیە بۆ گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە. گرنگی توێژینەوەکە لە دوو لایەنەوە دەخەینەروو کە بریتیین لە گرنگی لایەنی زانستی (تیۆری) و هەروەها لایەنی پراکتیکی.

### ١-گرنگی زانستی (تیۆری):

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و بەرفراوان بوون و گەشەسەندنی میدیای نوێ بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا کاریگەری زۆری بەسەر بوارە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتییەوە جێهێشتووە. بەستنەوەی هەردوو بواری میدیای نوێ و سیاسەت لە ڕووی تیۆرییەوە دەچێتە خانەی زانستی پەیوەندیکردنی سیاسی (Communication Political)، کە ئەمیش لە بواری گشتیدا ( Public Sphere)، کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی مرۆڤ بە تایبەت لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و سیستمە دیموکراسییەکاندا هەیە، هەربۆیە لە ڕووی زانستییەوە ئەنجامدانی توێژینەوە و تیۆریزەکردنی بەکارهێنانی میدیای نوێ و پشتبەستن بە میدیا کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن هاوڵاتیان لەلایەک و سیاسییەکان و بڕیاردروستکەران لە لایەکی دیکە، بابەتێکە بایەخی زۆری زانستی هەیە. ئەوەش لە پێناو دۆزینەوەی ڕەهەندەکانی کاریگەری و ڕۆڵی میدیای نوێ لەسەر سیاسییەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و دواتریش کاریگەری لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی. بەو پێیەی لە ئێستادا میدیای نوێ دەرفەتی زۆری ڕەخساندووە بۆ خەڵک کە گوزراشت لە بۆچوون و داواکارییەکانیان بکەن و وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن بە ناوەندە سیاسییەکان و بڕیاربەدەستان سودی لێببینن. لەلایکی دیکەشەوە سیاسییەکان لە سەردەمی ئەمڕۆدا سودیان لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان بینیەوە وەک کەناڵێکی پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و هەروەها بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانیان و وەگرتنی فیدباک و کاردانەوەکانی خەڵک لەسەر کارەکانیان و هەروەها وەک سەرچاوەیەکی زانیاری لەسەر بابەتە سیاسییەکان، بۆیە گرنگە ئەم بابەتە لە ڕووی زانستییەوە توێژینەوەی لەسەر بکرێت و تیشکبخرێتە سەر ڕەهەندە جیاوازەکانی. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە لە پێناو دەرخستنی کاریگەری میدیای نوێ وەک مۆدێلێکی نوێ لە میدیادا، لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی. هەروەها توێژینەوەکە دەروازەیەک دەبێت بۆ کارکردن لەسەر ئەم بابەتە و دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ توێژەران کە لە ڕەهەند و گۆشەکانی دیکەوە لێکۆڵینەوەی زانستی لەم بوارەدا ئەنجامبدەن.

### ٢-گرنگی پراکتیکی:

لە ڕووی پراکتیکییەوە دەکرێت ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گرنگی و بایەخی هەبێت، بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو بوارانەی توێژینەوەکە کاری لەسەر دەکات لە ڕێگەی ئەو ئەنجام و دەرەنجامانەی توێژینەوەکە بەدەستیدەهێنێت، گرنگی توێژینەوەکە لە ڕووی پراکتیکیەوە بریتین لە:

آ- بۆ مامۆستایان و خوێندکارانی بواری ڕاگەیاندن و سیاسەت و کۆمەڵناسی، توێژینەوەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی باش، کە دەکرێت لە خوێندن و توێژینەوەی زانستیدا وەک سەرچاوەیەک سودی لێوەربگرن، بە تایبەت لە بواری میدیای نوێ و دروستکردنی بڕیاری سیاسی و کاریگەری میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی سیاسی.

ب- میدیاکاران و ڕۆژنامەنوسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەتوانن لە ڕێگەی دەرەنجام و ئەنجامەکانیەوە سود لەم توێژینەوەیە وەربگرن، لە بایەخدانی زیاتر بە میدیای نوێ و پێگەکانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان و باشتر ڕێکخستنی، بە مەبەستی سودوەرگرتن لێیان بۆ زانینی بۆچوونی خەڵک و ئەو بابەتانەی گرنگن بەلای وەرگران و کاریگەرن لەسەریان، هەروەها کارکردن لەسەر ئەو بابەتانەی ڕەهەندی سیاسییان هەیە و کاریگەری لەسەر دەسەڵاتداران دروستدەکات.

ج- بۆ کۆمەڵگا، توێژینەوەکە و ئەنجام و دەرەنجامەکانی دەبێتە سەرچاوەیەکی باش، بۆ زانینی گرنگی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان و سود وەرگرتن لەو پێگانە و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن، بە مەبەستی گەیاندنی داواکاری و خواستەکان لە هەموو بوارەکاندا و گەیاندنی دەنگی خەڵک بە لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە پێناو وەرگرتنی بڕیاری دروست و بە سود بۆ کۆمەڵگا لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا.

د- بۆ ناوەند و پارت و دەزگا سیاسییەکان و لایەنی پەیوەندیدار بە گشتی توێژینەوەکە سودی دەبێت، بەوەی بتوانن سود لە تەکنەلۆژیا و میدیای نوێ وەربگرن پێش بڕیاردان بۆ ئەوەی زانیاری تەواو کۆبکەنەوە و بۆچوونە جیاوازەکان بزانن و باشترین بژاردەکان گەڵاڵە بکەن پێش وەرگرتنی بڕیارەکان بۆ ئەوەی بڕیارەکان سودی گشتی هەبێت و لە بەرژەوەندی خەڵک بێت.

## پێنجەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانج یاخود چەند ئامانجێکی دیاریکراوی زانستی و بابەتییە. توێژەر بە ڕێکار و هەنگاوە زانستییەکانی لە ڕێگەی توێژینەوەکەیەوە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دەدات. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە وەک لە ناونیشانەکەیەوە دیارە زانینی ڕۆڵی میدیای نوێیە لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ ئەم ئامانجە سەرەکییەدا توێژینەوەکە چەند ئامانجێکی دیکەی دیاریکردووە بە مەبەستی بەدیهێنانیان، کە بریتین لە:

١. زانین و ناساندنی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی.
٢. ناساندن و دیاریکردنی پرۆسەی بڕیاری سیاسی و خستنەڕووی قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ئەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەری هەیە.
٣. زانینی ڕادەی بەکارهێنان و پشتبەستن بە میدیای نوێ بە گشتی و میدیا کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی لەلایەن دروستکەرانی بڕیاری سیاسییەوە.
٤. دیاریکردنی ئاستی بەکارهێنانی میدیای نوێ لەلایەن پەرلەمانتارانی کوردستانەوە و کاریگەری لەسەر کارەکانیان، وەک یاسادانەر و بڕیار دروستکەر.
٥. خستنەڕووی ڕۆڵی میدیای نوێ لەسەر لایەنی زانیاری پەرلەمانتارانی کوردستان، بە مەبەستی سود وەرگرتن لە زانیارییەکان لە پرۆسەی بڕیارداندا.
٦. خستنەڕووی ڕۆڵی میدیای نوێ لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران و کاریگەری لەسەریان لە کاتی پرۆسەی بڕیارداندا.
٧. خستنەڕووی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان، لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا.
٨. زانینی بەکارهێنانە جیاوازەکانی میدیای نوێ لەلایەن پەرلەمانتارانەوە.
٩. دیاریکردنی ئەو جیاوازییە ئامارییانەی لە وەڵامی بەرتوێژان، سەبارەت بە کاریگەرێتی میدیای نوێ هەیانە، بەپێی گۆڕاوەکانی (توخم، تەمەن، بڕوانامە، فراکسیۆن، پارێزگا).
١٠. زانینی ڕادەی پشتبەستن و بەکارهێنانی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە وەک ئامرازێکی پەیوەندی گشتی لەگەڵ دەوروبەردا.
١١. زانینی کاریگەری بڵاوکراوەو هەڵمەتی نێو میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

## شەشەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

جۆری ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی (وەسفی شیکارییە)، بە ئامانجی شیکردنەوە و لێکدانەوەی دیاردەی میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسییە، بۆ ئەم جۆرە لە توێژینەوە ڕێکاری (وەسفی) بۆ خستنەڕووی بابەتەکە و زانیاریی هەروەها شیکاری بۆ دیاریکردنی ئاستی کاریگەرییەکە هەڵبژێردراوە، بە ڕەچاوکردنی ئەو توێژینەوانەی دیکە، کە لەم بوارەدە ئەنجامدراون.

توێژینەوەکە میتۆدی (ڕوپێوی) بەکارهێناوە لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی بۆ خستنەڕووی ئاستی بەکارهێنان و پشتبەستن بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان (Social Media) و کاریگەری ئەو پشتبەستنە لەلایەن بڕیاردروستکەرانەوە، لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی.

## حەوتەم: ئامڕازەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە و هەڵسەنگاندنی گریمانەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، لە ڕێگەی دوو ئامڕازەوە هەوڵیداوە توێژینەوەکەی بە ئاکامبگەیەنێت، ئەوانیش بریتیین لە :

١- تێبینیکردن: توێژەر لە ڕێگەی چاودێریکردن و تێبینیکردنەوە زانیاری بابەتی کۆکردوەتەوە لەسەر ڕەوشی میدیا بە گشتی و میدیای نوێ لەسەر ئاستی جیهان و هەرێمی کوردستان و کاریگەرییەکانی میدیا لەسەر کۆمەڵگا بەتایبەتی، لەلایەکی دیکەشەوە تێبینیکردنی توێژەر لەسەر کاریگەری میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی سیاسی و بە دیاریکراوی لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و قۆناغەکان و شێوازی دروستکردنی بڕیاری سیاسی.

٢- فۆرمی ڕاپرسی: توێژەر بەمەبەستی زانینی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی، فۆرمێکی ڕاپرسی ئامادەکردووە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە ڕەهەندە جیاوازەکانی بابەتی توێژینەوەکە لەلایەن بەرتوێژانەوە، کە بریتیین لە سەرجەم ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بۆ دیاریکردنی ئاست و ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بە شێوەیەکی زانستی لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێوشوێنە زانستییەکان.

## هەشتەم: کۆمەڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناوەندی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، کە بریتییە لە پەرلەمانی کوردستان، هەروەها میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا بە هەموو جۆرەکانییەوە لە ماڵپەڕ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

## نۆیەم: نموونە (سامپڵ)ی توێژینەوەکە:

نموونەی دەستنیشانکراوی ئەم توێژینەوەیە، لە ڕێگەی دیاریکردنی مەبەستدار (عينة القصدية) بووە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرجەم ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بە شێوەی گەمارۆدانی گشتی (حصر شامل) وەرگیراون، وەک نموونەی توێژینەوەکە، کە ژمارەیان بە دەستەی سەرۆکایەتییەوە ١١١ ئەندامە.

مەبەست لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وەک نموونەی توێژینەوەکە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پەرلەمانی کوردستان وەک لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە: "باڵاترین دەسەڵاتی

یاســـادانان و چاودێریکردنە و مەرجەعی ســـیاســـی و یاســـاییە"، ئەوەش مانای ئەوەیە پرۆســـەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە دەبێت. توێژەر بۆ ئەو مەبەستە هەموو ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی دیاریکردووە، وەک نموونەی توێژینەوەکە.

خولی پێنجەمی پەرلەمـانی کوردســـتـان، لە دەرەنجـامی هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٨ پێکهاتووە و ١٦ لیستی جیاواز فراکسیۆنیان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە. توێژەر لیستی پێکهاتەکانی کرد بە یەک بژاردە لەسەر بنەمای ئەوەی ئەو پێکهاتانە بە سیستمی کۆتا دەچنە پەرلەمان و دابەشبوونی ئێستای پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئاستی فراکسیۆنەکان بەم شێوەیە: پارتی ٤٥ کورسی، یەکێتی ٢١ کورسی، گۆڕان ١٢ کورسی، پێکهاتەکان ١١ کورسی، کۆمەڵ ٧ کورسی، یەکگرتوو ٥ کورسی، نەوەنی نوێ ٤ کورسی، سەربەخۆکان ٤ کورسی، ئازادی ١ کورسی، سەربەخۆ ١ کورسی[١]. توێژەر لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسییەوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستاندا کە ١١١ ئەندامن ١٠٠ فۆرمی دروستی بۆ گەڕایەوە کە دابەشبوونیان بە گوێرەی زانیارییە کەسییەکان بەم شێوەیە:

**خشتە (١)**

**دابەشبوونی توخمی بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکە**

| ژ | توخم | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ٦٧ | ٪٦٧ |
| ٢ | مێ | ٣٣ | ٪٣٣ |
| | کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا دەردەکەوێت، ٪٦٧ی بەشداربووان لە توخمی نێر و ٪٣٧ لە توخمی مێن، ئەمەش دەرەنجامێکی نزیکە لە ڕێژەی هەردوو توخم لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە توخمی مێ بەپێی سیستمی کۆتا دەبێت سێ یەکی کورسییەکانی پەرلەمان پێکبهێنن، کە دەکاتە ٣٧ ئەندام لە کۆی ١١١ ئەندام بەرامبەر ٧٤ ئەندام لە توخمی نێر.

[١] بڕوانە ماڵپەڕی ڕەسمی پەرلەمانی کوردستان-https://www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-5/

**خشتە (٢)**

**دابەشبوونی تەمەنی بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکە**

| ژ | تەمەن بە ساڵ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٥-٣٤ | ٢٠ | ٪٢٠ |
| ٢ | ٣٥-٤٤ | ٣٥ | ٪٣٥ |
| ٣ | ٤٥-٥٥ | ٣٦ | ٪٣٦ |
| ٤ | ٥٥ زیاتر | ٩ | ٪٩ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

خشـــتەی ژمارە (٢) نیشـــانیدەدات، کە تەمەنی پەرلەمانتاران بە گوێرەی دەســـتەکانی تەمەن بەمجۆرەیە؛ (٢٠) کەسـیان تەمەنیان لە نێوان (٢٥-٣٤) ســاڵ و (٣٥) بەشـداربوو (٣٥-٤٤) ســاڵ، (٣٦)بەشـــداربوو (٤٥-٥٥) ســـاڵ و (٩) بەشـــداربوو، تەمەنیان لە (٥٥) ســـاڵ زیاترە. هۆکاری دیاریکردنی دەســـتەکانی تەمەن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بە گوێرەی یاســـاکانی هەڵبژاردن نابێت تەمەنی پەرلەمانتار لە ٢٥ ساڵ کەمتربێت و هیچ مەرجێکی دیکە نییە، کە بەرزترین ئاستی تەمەن دیارییکات. بە شێوەیەکی گشتی ناوەندی تەمەنی پەرلەمانتاران ٤٢ ساڵە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

**خشتە (٣)**

**دابەشبوونی بڕوانامەی بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکە**

| ژ | بڕوانامە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | سەرەتایی | - | - |
| ٢ | ناوەندی | ٤ | ٪٤ |
| ٣ | ئامادەیی | ٨ | ٪٨ |
| ٤ | دبلۆم | ١٥ | ٪١٥ |
| ٥ | بەکالۆریۆس | ٤٩ | ٪٤٩ |
| ٦ | ماستەر | ١٥ | ٪١٥ |
| ٧ | دکتۆرا | ٩ | ٪٩ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٤) نیشانیدەدات، کە بڕوانامەی بەشداربووان بەمشیوەیە دابەشبووە : ناوەندی (٤) بەشداربوو، ئامادەیی (٨) بەشداربوو، دبلۆم (١٥) بەشداربوو، بەکالۆریۆس (٤٩) بەشداربوو، ماستەر (١٥) بەشداربوو، هەروەها دکتۆرا (٩) بەشداربوو، وەک دەردەکەوێت زۆرینەی بەشداربووان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن بە ڕێژەی (٤٩٪) و بە دوای ئەویش ماستەر و دبلۆم بە ڕێژەی (١٥٪). یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هیچ سنوردارکردنێکی نییە، بۆ بڕوانامەی ئەندامانی پەرلەمان، هەربۆیە ئاستی بڕوانامەکان دابەشبوون بەسەر پلە جیاوازەکاندا، لە بەرژەوەندی بەکالۆریۆس، کە نزیکەی نیوەی پەرلەمانتاران هەڵگری ئەو بڕوانامەیەن.

**خشتە (٤)**

**دابەشبوونی فراکسیۆنی بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکە**

| ژ | فراکسیۆن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | پارتی | ٣٧ | ٪٣٧ |
| ٢ | یەکێتی | ٢١ | ٪٢١ |
| ٣ | گۆڕان | ١٢ | ٪١٢ |
| ٤ | کۆمەڵ | ٧ | ٪٧ |
| ٥ | یەکگرتوو | ٥ | ٪٥ |
| ٦ | نەوەی نوێ | ٣ | ٪٣ |
| ٧ | پێکهاتەکان | ٩ | ٪٩ |
| ٨ | سەردەم | ١ | ٪١ |
| ٩ | ئازادی | ١ | ٪١ |
| ١٠ | سەربەخۆ | ٤ | ٪٤ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

وەک لە خشتەی ژمارە (٤) دا دەردەکەوێت نزیک لە پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان بەشداربوون دابەشبوون بەسەر فراکسیۆنە جیاوازەکاندا بەمشێوەیە: فراکسیۆنی پارتی (٣٧) بەشداربوو، یەکێتی (٢١)، گۆڕان (١٢)، کۆمەڵ (٧)، یەکگرتوو (٥)، نەوەی نوێ (٣)، پێکهاتەکان (٩)، سەردەم (١)، ئازادی (١)، سەربەخۆ (٤)، بە گوێرەی ئەم ئەنجامە هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەشداری ڕاپرسییەکەیان کردووە و ئاستی بەشداریکردنەکەش بە گوێرەی ئەم ژمارە و ڕێژانە زۆر نزیکە لە پێکهاتەی ڕاستەقینەی پەرلەمانی کوردستان کە ١١١ ئەندامە. وەک لە نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەی پێدراوە.

**خشتە (٥)**

**دابەشبوونی پارێزگای بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکە**

| ژ | پارێزگا | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٣٦ | ٪٣٦ |
| ٢ | سلێمانی | ٣٠ | ٪٣٠ |
| ٣ | دهۆک | ٢٧ | ٪٢٧ |
| ٤ | هەڵەبجە | ٧ | ٪٧ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

بە گوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (٥)، کە تایبەتە بە شوێنی نیشتەجێبوونی پەرلەمانتار لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەردەکەوێت کە (٣٦) پەرلەمانتار لە پارێزگای هەولێر و (٣٠) پەرلەمانتار لە پارێزگای سلێمانی و (٢٧) پەرلەمانتار لە پارێزگای دهۆک و (٧) پەرلەمانتار لە پارێزگای هەڵەبجەن.

## دەیەم: ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە:

### ١- جێگیری ڕواڵەتی توێژینەوەکە:

**خشتە (٦)**

**تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ، بۆ دۆزینەوەی جێگریی بڕگەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسی**

| ژمارەی سامپڵ | ژمارەی بڕگە | ئەلفا کرۆنباخ |
|---|---|---|
| ١٠٠ | ٣٧ | ٠,٩٠٤ |

وەک لە خشتەی ژمارە (٦) دا هاتووە، توێژەر تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخی بۆ سامپڵی توێژینەوەکە بەکارهێنا، کە لە ١٠٠ کەس پێکهاتبوو لەسەر وەڵامدانەوەیان بۆ ژمارەی بڕگەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسییەکە، کە ٣٧ بڕگە لە خۆدەگرێت بە پێی تاقیکردنەوەی ئەلفا[١] ڕێژەی ٠,٩٠٤ بەدەستهات، کە ئەمەش دەرەنجامێکی باشە بۆ جێگیری بڕگەکان. فۆرمی ڕاپرسییەکە لە بەشی پێوانەکردندا لە ٣٧ بڕگە پێکهاتووە، بە شێوەیەک کە ٣٣ پرسیاریان ئەرێنی و ٤ پرسیاریان نەرێنی بووە.

---

[١] هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ: یەکێک لە پێوەرە زانستییەکانە، کە بۆ پێوانەکردنی ئاستی جێگیری ئامرازەکانی بەکارهاتوو لە توێژینەوەدا بەکاردەهێنرێت، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەیان بە پێی پێوەرە ئامارییەکان.

## ٢- ڕاستی ڕواڵەتی توێژینەوەکە:

توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی ڕاستی ڕواڵەتی بۆ بڕگەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسییەکان، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک هەڵسەنگێنەری پسپۆڕ لە هەردوو بوارەکەدا*، بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر ئاستی گونجانی پرسیارەکان لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە، فۆرمی ڕاپرسییەکە بەسەر شارەزایاندا بەمەبەستی حوکمدان لەسەر ڕادەی هاوتایی پرسیارەکان لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە دابەشکران هەروەها نیشاندانی فۆرمەکە بە چەند پسپۆڕێکی بە ئەزموون لە بواری ڕاگەیاندن لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلی تەکنیکی سلێمانی و کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی و چەند پسپۆڕێکی دیکە لە بەشەکانی دیکە. دادوەری و هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان چەند گۆڕانکاری و هەموارێکیان بۆ توێژەر خستەڕوو، بە مەبەستی باشترکردنی فۆرمەکە لە ڕووی زانستییەوە و زیاتر گونجاندنی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە بە مەبەستی ڕاستی ڕواڵەتی فۆرمەکە.

لەسەر بنەمای ئەو پێشنیاز و گۆڕانکارییانەی هەڵسەنگێنەران، توێژەر ڕاستی ڕواڵەتی بۆ فۆرمەکە ئەنجامداو لە ئەنجامدا ڕێژەی هاوڕایی دەرکەوت بە ٠،٩٧ دەربارەی ئاستی توانای پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە لەسەر پێوانەکردنی ئەوەی بۆی داڕێژراوە، لەسەر بنەمای ئامانجەکانی توێژینەوەکە. ئاستی ڕێکەوتنی هەڵسەنگێنەران لەسەر ئەم بنەمای ئامارییە ئەنجامدرا، بەمشێوەیەی خوارەوە.

$$\text{ناوەندی ڕێکەوتن} = \frac{\text{ن} \times \text{ناوەندی ڕێکەوتنی هەڵسەنگێنەران}}{1 + (\text{ن}-1) \times \text{ناوەندی ڕێکەوتنی هەڵسەنگێنەران}} = \frac{٠,٨٤ \times ٧}{(٠,٨٤ \times ٦) + ١} = ٠,٩٧$$

*
- پ.ی.د.صابر بکر مصطفی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی باخچەکان.
- پ.ی.د. ئومێد ڕفیق فتاح / کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ بەشی زانستە سیاسییەکان.
- پ.ی.د. کمال عبدالله حسن / کۆلێژی زانستە سیاسییەکان / بەشی زانستە سیاسییەکان.
- پ.ي.د ئیبراهیم سعید فتح الله/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی ڕاگەیاندن.
- پ.ی.د.ابتسام اسماعیل قادر / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی ڕاگەیاندن.
- پ.ی.د.سلام نصرالدین محمد/کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/بەشی ڕاگەیاندن.
- پ.ی.د. لانە صابر/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی ڕاگەیاندن.

### یانزەیەم: سنور و بواری توێژینەوەکە:

**سنور و بواری توێژینەوەکە لە سێ ڕەهەندەوەیە، کە بریتیین لە:**

**١-ســـــنوری کات:** توێژینەوەکە لە هەردوو بواری تیۆری و مەیدانی پێکدێت، بواری تیۆرییەکەی لە مانگی تەموزی ٢٠١٨ ەوە، هەتا کانونی دووەمی ٢٠٢٠ ئەنجامدراوە و بەشـــی پراکتیکیەکەی، لە شـــوباتی ٢٠٢٠ هەتا تشـــرینی یەکەمی ٢٠٢٠ کاری لەســـەرکراوە، لە کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەی داتاکان، کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناوە کارکردن لەسەر توێژینەوەکە هەندێک ئاستەنگی هاتەڕێ.

**٢-سنوری شوێن:** شوێنی ئەم توێژینەوەیە هەرێمی کوردستانی عێراقە.

**٣-ســـەرچـاوەی مرۆیی:** ســـەرچـاوەی مرۆیی توێژینەوەکە ئەنـدامـانی خولی پێنجەمی پەرلەمـانی کوردستانە، کە بە شێوەی مەبەستدار و گەمارۆدانی گشتی وەک نموونە وەرگیراون.

**بواری توێژینەوەکە:** بریتییە لە میدیای نوێ بە ڕەهەند و جۆرە جیاوازییەکانییەوە، لە ماڵپەڕ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، لە لایەک و بواری سیاسی بە دیاریکراوی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

### دوانزەیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

لەم باســەدا گرنگترین ئەو چەمکانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون دەناسـێنین و دیاریدەکەین و ئەو مەبەستەی بۆیبەکارهێنراون ڕووندەکەینەوە.

**١-ڕۆڵ (Role):** مەبەســـت لە چەمکی ڕۆڵ لێرەدا ئەو کردە و هەڵســـوکەوتەیە، کە شـــتێک یان کەسێک بە ئەنجامی دەگەیەنێت بۆ بە دیهێنانی ئەرک و بە مەبەستێکی دیاریکراو و کاریگەری لەسەر کەس یان شـــتێکی دیکە دەبێت و ڕەنگدەداتەوە تێیدا، یاخود چالاکی و ئەرکێکە کە کاریگەری لەســـەر پرۆســـە و بابەتێکی دیاریکراو دەبێت. مەبەســـتی ڕێکاری بەکارهێنانی ڕۆڵ لەم توێژینەوەیەدا ئەو شوێنپێ و کاریگەریەیە، کە میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی دروستیدەکات.

**٢-میـدیـای نوێ (New Media):** مەبەســـت لە میـدیـای نوێ هەموو جۆری ئەو میـدیـا جەماوەرییانەیە، کە لە کارکردنیاندا بە شێوەیەکی سەرەکی پشتدەبەستن بە تەکنەلۆژیای نوێی ژمارەیی و لە ڕێگەی هێڵەکـانی ئینتەرنێتەوە کـاردەکەن، مەبەســـتی ڕێکـاری بەکـارهێنـانی میـدیـای نوێ لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە مـاڵپەڕەکـانی ئینتەرنێت و مـاڵپەڕو ئەژمـار و لاپەڕەی هەموو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و ڕادیۆکان لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت.

**٣-میدیا کۆمەڵایەتییەکان (Social Media) :** مەبەست لەو بەرنامە و پێگانەیە کە لە ڕێگەی دیجیتاڵی و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنەوە دەرفەتی ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیر و بۆچوون و وێنە و ڤیدیۆ

و هەروەها پەیوەندیکردن بۆ بەکارهێنەران دەرەخسێنێت و تۆڕ و کۆمەڵگایەکی گریمانەیی دروستدەکات، کە بەکارهێنەران لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و تابلێت و مۆبایلە زیرەکەکانەوە بەکاریاندەهێنن لە نموونەی فەیسبوک و تویتەر و یوتیوب و ...هتد. مەبەستی ڕێکاری میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەم توێژینەوەیەدا، ئەژمار و ئەکاونتە کەسییەکان بە هەردوو جۆری کەسی ئاسایی و مەعنەوی و لاپەڕە و ئەژماری پەرلەمانتاران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی دیکەیە لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا.

**٤- گەڵاڵەکردنی بڕیار (Decision Making):** لێرەدا مەبەست لە دروستکردنی بڕیار واتە پرۆسێس و کردەو چالاکییەکی قۆناغ ئامێزە، کە چەند هەنگاو و ئاستێک لەخۆ دەگرێت و بە چەند فاکتەرێک کاریگەر دەبێت، نەک بڕیاردان، کە کردەیەکی خێرایەو قۆناغی تێدا نییە، مەبەستی کرداریی لەم توێژینەوەیەدا، بۆ چەمکی دروستکردنی بڕیار، باسکردنە لە هەنگاوەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی، نەک بڕیاردان، کە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندن لەخۆناگرێت.

**٥-بڕیاری سیاسی (Political Decisions):** مەبەست لەو بڕیارانەیە کە لەلایەن حکومەت یان پەرلەمان یان دەزگاکانی دیکەی بەڕێوەبردن دەردەکرێن و پەیوەندییان بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیە بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا لە بوارەکانی سیاسەتی گشتی و خزمەتگوزاری و ئابوری و...هتد. مەبەستی ڕێکاری لەم توێژینەوەیەدا، بۆ چەمکی بڕیاری سیاسی بریتییە لەو پرۆژەیاسا و بڕیارانەی، کە تایبەتن بە هەرێمی کوردستانی عێراق و لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمانەوە ئامادە دەکرێن و گفتوگۆ دەکرێن و دەردەکرێن.

**٦-هەرێمی کوردستان (Kurdistan Region):** وەک لە دەستوری عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، مەبەست لە هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی جوگرافی و کارگێڕییەو لە ڕوی سیاسییەوە هەرێمێکی سیاسی فیدراڵە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا. هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی هەولێر (پایتەخت)، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و ڕاپەڕین پێکدێت، ڕوبەری هەرێمی کوردستان ٤٢ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و دانیشتوانەکەی بە نزیکەی پێنج ملیۆن کەس مەزندە دەکرێت، مەبەستی ڕێکاری هەرێمی کوردستانیش لەم توێژینەوەیە هەموو سنوری هەرێمی کوردستانە.

## سیانزەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

بەمەبەستی ئاشنابوون بەو توێژینەوانەی پێشتر لەم بوارەدا، یان نزیک لەم بوارە ئەنجامدراون و بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا، لێرەدا چەند توێژینەوەیەک دەخەینەڕوو، کە پێشتر لە هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دیکە ئەنجامدراون، کە نزیکییان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا هەیە.

خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێشوو یارمەتیدەرە بۆ توێژەر، کە بتوانێت وردتر لە کێشەی توێژینەوە و ئامانجەکانی بکۆڵێتەوە و هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بنێت، بە مەبەستی گەیشتن بە دەرەنجامی نوێ بە پەیڕەوکردنی میتۆدی زانستی دروست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی، لە لایەکی دیکەوە توێژەر دەپارێزێت لە دوبارەکردنەوەی میتۆدە نادروستەکان و هاوکاریدەکات، کە بە شێوەیەکی دروست هەنگاوەکانی توێژینەوەکەی بە ئەنجامبگەیەنێت.

### یەکەم: توێژینەوەکانی هەرێمی کوردستان

**١-فؤاد علی احمد (زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن)، توێژینەوەکە تێزی دکتۆرایە و بە زمانی عەرەبی نوسراوە.**

**رۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە چالاککردنی بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق (٢٠١١).**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە چالاککردنی بەشداری سیاسیی لای خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکوڵێتەوە، لەسەر مشتێکی هەڕەمەکی سادە لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان بە جیاوازی ئاستی بژێوی و بڕوانامە و تەمەن و توخم لە ماوەی نێوان ١٥-١١-٢٠١٠ و ٢٠-٧-٢٠١١.

توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی وەسفی ڕوپێویە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ڕێبازەکانی شیکاری و ڕوپێوی بە پشتبەستن بە کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێی ڕاپرسینامەو چاوپێکەوتن.

- **ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. زانینی نەریتی تاکی کورد بۆ بەرکەوتن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کوردی.
٢. زانینی ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی کوردی لە چالاککردنی بەشداری سیاسیی جەماوەر کورد لە هەرێمو کوردستانی عێراقدا.

٣. زانینی ڕۆڵی هۆکـارەکـانی ڕاگەیـانـدنی کوردی لە تێپەڕانـدنی کۆمەڵگـای نەریتی بەرەو شارستانیەت و نوێگەری.

٤. زانینی جیاوازییە مەعنەوییەکانی وەڵامی بەرتوێژان بە پێی گۆڕاوی ئاسـتی کۆمەڵگا لە ڕوی ئابوری و شوێنی نیشتەجێبوون و ئاستی خوێندەواری و توخم و تەمەن و پیشە.

- **گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١. بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، گۆڕانکاری بەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندندا هاتووە لە هەرێمی کوردستان، کە ئەوەش خوێندنەوەو تیۆری نوێی پێویستە بۆ لێکۆڵینەوەی.

٢. زۆری بەرکەوتن بە هۆکـارەکـانی ڕاگەیـاندن وادەکـات تـاکەکـان زیـاتر بچنە قوڵایی گفتوگۆی سیاسی و ئەوەش ئاستی بەکارهێنانی میدیا زیاد دەکات.

٣. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگ لە وڵاتە دیموکراسـییەکان دەبینن، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردی دامەزراوە ئـاینی و خێزانی و کۆمەڵایەتییەکـان ڕۆڵی گرنگتریـان هەیە بە بەراورد بە میدیا.

٤. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵیان لە ڕەخسـاندنی دەرفەت بۆ هاوڵاتیان هەیە، کە گوزارشـت لە بۆچوونە سـیاسـییەکانیان بکەن و هەروەها دەرگای گفتوگۆیان بۆ دەکەنەوە و میدیا داواکارییە سیاسییەکانیان ڕێکدەخاتەوە کە دژ بە دەسەڵات و بڕیاردروستکەرانی سیاسییە.

٥. پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان شـارسـتانیبوون و خوێندەواری و بەشـداری ڕاگەیاندن و بەشـداری سیاسیدا هەیە.

٦. میدیای کوردی ڕۆڵی لە چالاککردنی بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

٧. میدیای کوردی ئاسـتی بایەخدانی جەماوەری بە بابەتە سـیاسـییەکان زیاترکردووە و و ڕۆڵی لە چالاککردنی تاکەکان لە هونەری گفتوگۆی سیاسی و بەشداری سیاسیدا هەیە.

**٢-ئاراز ڕمضـان احمد (زانکۆی سـەڵاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشـی ڕاگەیاندن)، توێژینەوەکە تێزی دکتۆرایە و بە زمانی کوردی نوسراوە.**

**ڕۆڵی پێگە ئەلکترۆنییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا (٢٠١٨).**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆڵی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان دەکۆڵێتەوە لە پێکهێنانی زانینی سـیاسـیی لە هەرێمی کوردستاندا و هەروەها ئاستی کاریگەری پێگە ئەلکترۆنییەکان لە چاندنی زانینی سیاسی لای دەستەبژێری هەرێمی کوردستاندا.

توێژینەوەکە پشتی بە مێتۆدی زانستی شیکاری و مەیدانی بەستووە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، لە ڕێگەی دابەشـکردنی فۆرمی ڕاپرسـی بەسـەر مامۆسـتایانی زانکۆدا و هەروەها شـیکاری ناوەڕۆک بۆ هەواڵی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان و ڕۆڵی لە پێکهێنانی زانینی سـیاسـی کە پێگەی ڕوداو وەک نموونە وەرگیراوە.

- **گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. ئاشـکراکردنی ئاسـتی ڕۆڵبینینی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان، لە پێکهێنانی زانینی سـیاسـی لە هەرێمی کوردستاندا.
٢. دەرخسـتنی کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان، لە پێکهێنانی زانینی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.
٣. دیـاریکردنی ڕادەی بەکـارهێنـانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکـان، بۆ وەرگرتنی زانیـاری و ڕۆشنبیری لە لایەن جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا.
٤. زانینی ڕۆڵی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان، لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشـنبیری و هۆشـیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

- **گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١. زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا پێگە ئەلکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەکی زانینی سیاسی بەکاردەهێنن.
٢. پێگە ئەلکترۆنییەکان بە هۆی ئاسانی لە بەکارهێنان و خێرایی لە گەیاندن، وەک سەرچاوەیەکی زانینی سیاسی بەکاردەهێنرێت.
٣. پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان سەرچاوەیەکی باشی هۆشیاری سیاسیین لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا.
٤. کاروباری سیاسی هەرێمی کوردستان گرنگترین بوارە، کە مامۆستایانی زانکۆ لە ڕێگەی پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت.
٥. شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان جێگەی متمانەی مامۆستایانی زانکۆن و بە بەردەوامبوونی هۆشیاری سیاسی لایان دروستدەکات.
٦. هەواڵی سیاسیی تایبەت بە ناوخۆی هەرێم زۆرترین ڕێژەی تەماشاکردنی لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا هەیە.

**٣- عمر احمد ڕمضـــان (زانكۆی ســـلێمانی، كۆلێژی زانســـتە مرۆڤایەتییەكان، بەشـــی ڕاگەیاندن)، توێژینەوەكە تێزی دكتۆرایە و بە زمانی عەرەبی نوسراوە.**

**ڕۆڵی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی كوردی لە پێكهاتنی ئاراستەی سیاسی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانیدا (٢٠١٢).**

ئەم توێژینەوەیە وەســـفییە و میتۆدی ڕوپێویی تێدا بەكارهاتووە و داتاكانی لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرســـی كۆكراوەتەوە، كە مشتەی توێژینەوەكە مامۆستایانی زانكۆی سلێمانین، لە ماوەی نێوان ١٥-١٠-٢٠١١ هەتـا ١٥-٤-٢٠١٢، بە مەبەســـتی دیـاریكردنی ڕۆڵی ڕۆژنـامەی ئەلكترۆنی كوردی لە هەرێمی كوردستاندا لەسەر پێكهاتنی ئاراستەی سیاسیی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی.

- **گرنگترین ئامانجەكانی توێژینەوەكە:**

١. زانینی ڕادەی بایەخدانی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی بەو بابەتە سیاسییانەی، لە ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی كوردیدا بڵاودەكرێنەوە و كاریگەرییان لەسەر پێكهاتنی ئاراستەی سیاسییان هەیە.
٢. زانینی ئاستی ئەوەی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی كوردی، تا چەند ئەركی دروستكردنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری سیاسیی جێبەجێدەكەن.
٣. دیاریكردنی ئاستی بەركەوتن و پۆلێنبەندی ئەو ڕۆژنامە ئەلكترۆنییە كوردییانەی مامۆستایانی زانكۆ بەكاریدەهێنن.

- **گرنگترین دەرەنجامەكانی توێژینەوەكە:**

١. بە شـێوەیەكی گشـتی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی كوردی ڕۆڵی ئەرێنی و نەرێنی بەرامبەر كۆمەڵ هەیە. ئەوەش دەرەنجامی جیاوازی ســروشــتی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی كوردییە و لە هەمانكاتدا بوونیادی پێكهاتەی ڕۆژنامەنوسی ئەلكترۆنی كوردی دەگرێتەوە.
٢. مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی بە ئاستی بەرز جەخت لەوەدەكەنەوە كە ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی كوردی ڕۆڵی لە پێكهاتنی ئاراســـتەی ســـیاســـیاندا هەیە، واتە ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی وەك ئامرازێكی گەیاندنی جەماوەری پێگەی گرنگی گرتووە لە كۆنترۆڵكردنی پرۆسەكانی پێكهاتنی ئاراستە سیاسییەكاندا لای مامۆستایانی زانكۆ.
٣. بابەتە بڵاوكراوەكانی ناو ڕۆژنامە ئەلكترۆنییە كوردییەكان كاریگەرییان لەســـەر پێكهاتنی ئاراستە سیاسییەكانی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی هەیە.

**٤- عبدالخالق ابراهيم مصـــطفى (زانكۆی ســـلێمانی، كۆلێژی زانســـته مرۆڤایەتییەكان، بەشـــی ڕاگەیاندن)، توێژینەوەكە نامەی ماستەرە و بە زمانی عەرەبی نوسراوە.**

**ڕۆژنامەگەریی و پرۆسەی دروستكردنی بڕیارەكان لە هەرێمی كوردستاندا (٢٠١١).**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە بگەڕێت بە دوای ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری وەک دەســـەڵاتی چوارەم و چاودێر بەسەر حكومەت و دەسەڵاتەكانی دیكەوە و هەروەها لێكۆڵینەوە لە گرنگی ڕۆژنامەگەری لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیارەكاندا لە هەرێمی كوردستاندا دەكات.

توێژینەوەكە لە جۆری وەسفییە و توێژەر میتۆدی شیكاری ناوەڕۆكی بەكارهێناوە و هەرسێ ڕۆژنامەی ئاوێنەو ڕۆژنامە و خەباتی، وەک مشـــتەی توێژینەوەكە وەرگرتووە لە ماوەی نێوان ١-١-٢٠٠٩ هەتا ٣١-١٢-٢٠١٠ بە شێوازی حصر شامل.

- **گرنگترین ئامانجەكانی توێژینەوەكە:**

١. توانای ڕۆژنامەگەری كوردی لە چ ئاســتێكدایە و تاچەند كاریگەرە لە خســتنەڕوی زانیاری و بەردەستخستنی بۆ ناوەندەكانی دروستكردنی بڕیار و ڕای گشتی بە تایبەت لە كاتی خستنەڕوی بابەتە جێی مشتومڕەكاندا.
٢. ڕادەی ئاســتی بەشــداریكردنی ڕۆژنامەگەری كوردی لە هەرێمی كوردســتاندا، لە پرۆســەی دروستكردنی بڕیاردا چەندە؟ بەتایبەت لە بابەتە گەرمەكان و ئایا چۆن ژانرە ڕۆژنامەنوسییەكان دەخاتە خزمەتی ئەو بابەتانەوە؟
٣. ئەو ڕێگایانە كامانەن، كە ڕۆژنامەگەری كوردی لە هەرێمی كوردســـتاندا پێی هەڵدەســـێت بە داواكاری ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیارەكاندا؟
٤. ڕۆڵی جیاكەرەوە و ئاستی ئەو ڕۆڵانە كامەیە، كە ڕۆژنامەی كوردی لە ڕێگەیەوە بەشداری لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیارەكاندا دەكات؟

- **گرنگترین دەرەنجامەكانی توێژینەوەكە:**

١. ڕۆژنامەگەری كوردی بە شێوەیەكی گشتی نەیتوانیوە ڕۆڵی لە خستنەڕووی زانیاری دروستدا هەبێت، كە یارمەتیدەربێت لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیار لە هەرێمی كوردستاندا.
٢. ڕۆژنامە ئەهلی و ئۆپۆزسیۆنەكان تا ڕادەیەک ئەو بابەتانەیان وروژاندووە و خستوەتەڕوو، كە جێگای مشتومڕن و كاریگەریان لەسەر پرۆسەی بڕیاردان لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، بەڵام ڕۆژنامە حزبیەكان خۆیان لەم بابەتانە بەدوردەگرن.
٣. دەســـەڵاتی ســـیاســـی لە هەرێمی كوردســـتاندا بایەخ بەو بابەتانە نادات، كە لە ڕۆژنامەكاندا بڵاودەكرێنەوە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیاردا لاوازە.

**٥-ڕێبەر گۆران مصطفی لە (سەنتەری ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی)،**

**فاروق عبدول مولود لە (کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی چەرمۆ)،**

**ڕۆڵی میدیای ئاوێتەبوو (تفاعلی) لە دروستکردنی ئاراستەی نوخبەی ئەکادیمی بەرامبەر کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق (٢٠١٤).**

ئەم توێژینەوەیە کە لە جۆری وەسفییە، هەوڵیداوە لێکۆڵینەوە بکات لەوەی هەتا چەند میدیای ئاوێتەبوو کە خۆی لە پێگە ئەلکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دەبینێتەوە توانیویەتی ڕۆڵی هەبێت لە دروستکردنی ئاراستەی سیاسی لای نوخبەی ئەکادیمی بەرامبەر ناکۆکی و کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق. توێژینەوەکە پشتی بە بە میتۆدی ڕووپێوی چۆنێتی بەستووە لە دیاریکردنی ڕۆڵی میدیای ئاوێتەبوو لە خستنەڕووی زانیاری لەسەر ئەو بابەتە، بۆ ئەو مەبەستەش فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر مشتەی توێژینەوەکە، کە مامۆستایانی زانکۆکانی سلێمانی و چەرمۆ و گەرمیانن.

- **گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. زانینی ڕادەی بەکارهێنانی میدیا ئاوێتەبووەکان، لای نوخبەی ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستاندا.
٢. زانینی ئاستی پشتبەستنی مشتەی توێژینەوەکە بە میدیا ئاوێتەبووەکان.
٣. زانینی هۆکارەکانی پشتبەستن بەو میدیایانە لای بەرتوێژان.
٤. زانینی ئەو ژانرە ڕۆژنامەوانیانەی، کە بەرتوێژان پشتی پێدەبەستن، لە نێو بڵاوکراوەکانی ئەو میدیایانەدا.

- **گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١- نوخبەی ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستاندا بە میدیا ئاوێتەبووەکان پشت دەبەستن، وەک سەرچاوەیەک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵی تایبەت بە کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق.

٢-بەرتوێژان گرنگی بە هەواڵە بەپەلەکان دەدەن بۆ زانین و ئاگاداربوون لە کێشەکانی ناوخۆ ئەوەش نیشانەی متمانەیانە بەو میدیایانە.

٣-هەتا ڕادەی پشتبەستنیان بە میدیا ئاوێتەکان زیاد بکات لەلای بەرتوێژان، ئەوا زیاتر ئاراستەیان دەربارەی کێشەکە بۆ دروست دەبێت.

٤-جیاوازی لە ئاستی پشتبەستنی بەرتوێژان بە میدیای ئاوێتە بە گوێرەی جیاوازی دیمۆگرافیان هەیە.

**دووەم: توێژینەوەکانی عێراق و وڵاتانی عەرەبی**

**١- سلام خطاب اسعد لە بەشی ڕاگەیاندن کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی تکریت.**

**ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان (٢٠٠٨).**

ئەم توێژینەوەیە گرنگیداوە بە ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی سیاسی بە گشتی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە تایبەت هەروەها ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا.

توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە و هەوڵیداوە سروشت و پێکهاتەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن تێیدا بزانێت لە پێناو دانانی دیدگایەکی میتۆدی بۆ توێژینەوەکە، لە پێناو دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان میدیا و ئامرازەکانی و سیاسەت و دەزگاکانی بە تایبەت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا، لەو پێناوەشدا گریمانەی ئەوەی خستوەتەڕوو کە ڕاگەیاندن ڕۆڵی کاریگەری لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەبینێت، بەو پێیەی ڕاگەیاندن بەشێکە لە گروپەکانی فشار لە ناو کۆمەڵگای دیموکراسیدا.

- **لە گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١. سروشتی کۆمەڵگە و سیستمی سیاسی ڕۆڵی هەیە لەوەی ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێکی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا هەیە.
٢. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن کارئاسانی دەکات کە ڕاگەیاندن خێراتر کاردانەوەی هەبێت بۆ ڕوداوەکان و بەوەش ڕۆڵی گرنگتری لە پرۆسەی سیاسی بە گشتی و دروستکردنی بڕیار و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان بە تایبەتی دەبێت.
٣. بەردەستبوونی زانیارییەکان بۆ ڕاگەیاندنەکان وادەکات، ڕاگەیاندن بە ڕۆڵی خۆی هەڵبسێت لە خستنەڕوی بابەتەکانی ئەوەش یارمەتیدەرە لە کاریگەربوونی لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا.

**٢- منذر صالح جاسم الزبيدي، زانکۆی بەغداد و سەلاحەدین.**

**ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی (٢٠١٣).**

ئەم کتێبە بە میتۆدێکی زانستی لێکۆڵینەوەی لە ڕاگەیاندن و کاریگەری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کردووە و هەروەها پەیوەندی نێوان هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە سیاسییەکان بە تایبەت ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی و ئەو قۆناغانەی کە پێیدا تێپەڕدەبێت. هەروەها ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی ڕایگشتی و کاریگەری ئەو ڕایگشتییە لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی.

کتێبەکە گریمانەی ئەوەی داناوە، کە ڕاگەیاندن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسییدا ڕۆڵی هەیە و توانای ڕاگەیاندن لە گۆڕینی بۆچوون و ڕای بڕیار بەدەستان لە پێناو بڕیاردانێکی دروست و کاریگەر، بۆ ئەوەش ڕێبازی لێکۆڵینەوەی وەسفی پەیڕەوکردووە لە ڕێگەی گەڕان و پشکنین بۆ لایەنی مێژوویی و پێکهاتەی کۆمەڵگا و سیستمی سیاسی و ڕاگەیاندن لە عێراقدا. داتاکانی کتێبەکە لە ڕێگەی وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوە و تێبینی کەسی و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتیە سیاسییەکان لە بەغداد و سەلاحەدین کۆکراوەتەوە.

- **گرنگترین ئامانجی کتێبەکە:**

١. ناساندن بۆ گرنگترین پێشکەوتنە نوێیەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بکات، بە تایبەت پەخشی ئاسمانی و ئینتەرنێت.

٢. ڕونکردنەوەی بڕیاری سیاسی و ئەو قۆناغانەی پێیدا تێپەڕدەبێت.

٣. تیشکخستنە سەر کاریگەری ڕایگشتی لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە ڕوی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

٤. ئاشکراکردنی ڕۆڵی گەورەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر دروستکەرانی بڕیاری سیاسی.

- **گرنگترین دەرەنجامەکانی کتێبەکە:**

١. ڕاگەیاندن شۆڕشێکی تەکنەلۆژی گەورەی لە بواری گەیاندندا لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دروستکردووە.

٢. ئاشکراکردنی ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێکخستنی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لای جەماوەر لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە.

٣. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورەیان لە دروستکردنی ڕایگشتیدا هەیە.

٤. ڕاگەیاندن لە خستەڕوی پرسەکان و ناچارکردنی دەسەڵات بە بڕیاردان و گرنگیدان پێیان ڕۆڵی هەیە.

٥. یارمەتیدانی دروستکەرانی بڕیار بە بەدەستهێنانی زانیاری زۆر کە تایبەتە بەو ڕوداوانەی کە پێویستە بڕیاریان لەبارەوە بدرێت.

**٣- طاهر حسن آبو زيد كۆلێژی زانستە سیاسییەكان زانكۆی الآزهر-غەزە فەلەستین.**

**رۆڵی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە ئاراستەكردنی ڕایگشتی فەلەستینی و كاریگەری لەسەر بەشداری سیاسی (٢٠١٢).**

ئەم توێژینەوەیە لە سەروبەندی شۆڕشەكانی بەهاری عەرەبیدا نوسراوە و دەكوڵێتەوە لە ڕۆڵی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان لە ئاراستەكردنی شەقامی فەلەستینی و بۆ ئەوەش پشتی بەستووە بە ڕێبازی وەسفی-شیكاری بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێكەوتن وەك ئامرازێكی ڕۆپێوی كۆمەڵایەتی و هەروەها لە پاڵ ئەوەشدا پشتی بەستوە بە ڕێبازی مێژوویی و شیكاری ناوەڕۆك.

- **ئامانجەكانی توێژینەوەكە:**

١. زانین و ناساندنی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و ڕادەی كاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی و بەشداری سیاسی.

٢. شیكردنەوەی لێكەوتەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر بەشداری سیاسی لە ڕێگەی كاریگەری دروستكردن و ئاراستەكردنی ڕای گشتی.

٣. دەستنیشانكردنی ڕۆڵی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە چەسپاندنی بەشداری سیاسیدا.

- **دەرەنجامەكانی توێژینەوەكە:**

١. تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ڕۆڵێكی ئاشكرایان لە كاریگەری دروستكردن لەسەر ئاراستەكردنی ڕای گشتی لە كۆمەڵگای فەلەستینیدا هەیە.

٢. تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان كاریگەرییان لەسەر زیادكردنی هۆشیاری سیاسی هەیە، لای تاكەكانی كۆمەڵگا و ئاستی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتیان پتەو دەكات ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر ئاستی بەشداری سیاسیی دەبێت.

٣. تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ڕۆڵی كاریگەرتریان لەسەر ژیانی سیاسی و بە تایبەت لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا هەیە.

**٤- ثريا الحلوي كۆلێژی زانســـتە ئابوری و یاســـایی و کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی ابن زهر-آکادیر، مەغریب.**

**رۆڵی میدیای نوێ لە بەشداری سیاسی شانشینی مەغریب بە نموونە (٢٠١٩).**

ئەم توێژینەوەیە لە پەیوەندی میدیای نوێ و پرۆسەی سیاسیی دەکۆڵێتەوە، بە تایبەت ئەو ڕۆڵەی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەشـداری سـیاسـی و چالاککردنی ئەو بەشـدارییە لای مەغریبییەکان دەیبینن، بۆ ئەوەش فۆرمی ڕاپرســـی لە نێو خەڵکی مەغریب بەکارهێناوە، بەمەبەســـتی ئەنجامدانی توێژینەوەی وەسـفی بۆ میدیای نوێ لە مەغریب و ئاسـتی بەکارهێنان و کاریگەری لەسـەر بەشـداری سیاسی.

- **ئامانجی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە مەبەســتێتی دۆخی میدیای نوێ لە مەغریب بخاتەروو هەروەها ئاســتی بەکارهێنان و ئەو ئەرکە ســیاســییانەی میدیای نوێ لەو وڵاتە بەجێیدەهێنێت، لە لایەکی دیکەوە مەبەســتی بەکارهێنان و ڕۆڵی میدیای نوێ لە زیادکردنی بەشداری سیاسی لای خەڵک پەسندەکات.

- **دەرەنجامی توێژینەوەکە:**

١. توێژینەوەکە گەیشتوەتە ئەو دەرەنجامەی، کە ئاستی بەکارهێنانی میدیای نوێ لە وڵاتی مەغریب بەهێز نییە.
٢. دەســەڵاتی سـیاسـی کەمتر گرنگی بە بابەتی ناو میدیای نوێ و بە تایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدات.
٣. ئاستی هۆشیاری سیاسی لای گەنجانی مەغریب، کە گرنگی بدەن بە میدیای نوێ و بەکاریبهێنن بەمەبەستی سیاسی، بەو ڕادەیە نییە.

**٥- أ.د. عزت محمد حجاب، د. کامل خورشید، د. لیلی أحمد جرار .**

**کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی الشرق الأوسط .**

**رۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی سیاسەتی گشتیدا (٢٠١٧).**

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لە ڕۆڵی میدیا لە دروســتکردنی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی بکۆڵێتەوە، کە تێیدا نەخشــەی دروســتکردنی بڕیاری ســیاســی دادەڕێژرێت و ئایا لە چ قۆناغێکی دروســتکردنی بڕیاری سیاسەتی گشتیدا ڕاگەیاندن ڕۆڵدەبینێت.

لێرەدا توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی وەسفی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەستووە و هەروەها شێوازی وەسفی ڕووپێوی بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە سیاسەتی گشتیدا بەکارهێناوە و چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەش تیۆری پشتبەستنە بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن.

- **ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. زانینی پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی گشتیی.
٢. زانینی قۆناغەکانی دروستکردنی سیاسەتی گشتیی.
٣. زانینی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی سیاسەتی گشتیدا.
٤. لە چ قۆناغێکی دروستکردنی بڕیاری سیاسەتی گشتیدا ڕاگەیاندن ڕۆڵی دەبێت و ئایا سروشتی ئەو ڕۆڵ بینینە چۆنە؟

- **ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١. ڕاگەیاندن ڕۆڵی لە دروستکردنی سیاسەتی گشتیدا هەیە لە ڕێگەی چاودێریکردن و بەدواداچوون و لێپرسینەوە بە مەرجێک بابەتییانە و پیشەییانە کاربکات.
٢. ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر دروستکەرانی بڕیار لە ڕێگەی خستنەڕوی زانیاری و بەدواداچوون بۆ کێشەکان هەیە.
٣. ڕاگەیاندن لە قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری و کاتی بڕیارداندا ڕۆڵی لەسەر سیاسەتی گشتیی هەیە.

**سێیەم: توێژینەوەکانی وڵاتانی دیکەی جیهان**

**1- Farooq Jan Mangal, Role of Media in Policy Making: Special reference to Afghanistan, Research paper, Shaikh Zayed University Khost Afghanistan (2020).**

**ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی سیاسەت، تایبەت بە دۆخی ئەفغانستان.**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی میتۆدی وەسفی شیکاری، هەوڵیداوە کەیسی وڵاتی ئەفغانستان بکاتە بابەتی توێژینەوەکەی و لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەو وڵاتە بکات. بۆ ئەوەش هۆکارە جیاوازەکانی میدیای وەرگرتووە و شیکاری بۆ سیاسەت و ئەرکەکانیان کردووە و پاشان کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی خستۆتەڕو.

- **ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. ئەو ئەرکانە کە میدیای ئەفغانستان پێی هەڵدەسێت چین؟
٢. ڕۆڵی میدیا لەسەر کۆمەڵگای ئەفغانستان چییە؟
٣. میدیا لە پرۆسەی سیاسی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی چ ڕۆڵێکی هەیە؟

- **ئەنجامی توێژینەوەکە:**

١. میدیا ڕۆڵێکی باش دەبینێت لە خستنەڕووی زانیارییەکان بۆ خەڵک و بۆ سیاسییەکانیش بە تایبەت بابەتە سیاسییەکان لەو وڵاتە.
٢. ڕۆڵی میدیا هەموو کات کاریگەری دروستناکات لەسەر بڕیارە سیاسییەکان، بەڵکو هەندێک جار و لە بڕیاری سیاسەتە گشتییەکاندا ڕۆڵەکەی زیاتر دەردەکەوێت.
٣. میدیا کاریگەری لەسەر ڕایگیشتی دروستدەکات و هەندێک جاریش لەسەر سیاسییەکان کاریگەری دروستدەکات، ئەوەش بە سودی گۆڕان لە پرۆسەی بڕیاردان دەشکێتەوە.

## 2- Victor Bekkers and Arthur Edwards

**Erasmus University Rotterdam, The role of social media in policy processes, (2017).**

**ڕۆڵی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی سیاسییدا.**

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی وەسفی شیکاری لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسی چەند وڵاتێکی ئەوروپی وەک هۆڵەندا و فینلاند و ئەڵمانیا دەکات، بەمەبەستی دەرخستن و دەستنیشانکردنی ڕۆڵی میدیای دیجیتاڵی و بە تایبەت میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پرۆسەی حوکمڕانی و سیاسی و کاریگەری ئەو میدیایانە لەسەر ڕایگشتی و دواتریش کۆی پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان.

- **ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. کاراکتەرە حکومییەکان و خەڵک چۆن میدیا کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی بڕیاردان دروستبکات؟
٢. بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری دەبێت لە چالاککردنی بەشداری سیاسی و دواتریش لەسەر پرۆسەی بڕیاردان؟
٣. لە ڕوی یاساییەوە چۆن ئەم بەشداریکردنە ڕێکدەخرێت و دەخرێتە خزمەتی پرۆسەی بڕیاردانەوە؟

- **ئەنجامی توێژینەوەکە:**

١. میدیا کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی سیاسیی دروستکردووە. ئەم کاریگەرییە لەسەر هەردوو ڕەهەندەکە ڕەنگیداوەتەوە لەسەر خەڵک و ڕایگشتی و هەروەها لەسەر کارەکتەرە حکومی و بڕیاربەدەستەکان، ئەوەش واتای ئەوەیە بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی لەسەر پرۆسەی بڕیاردان بە شێوە گشتییەکەی هەیە.

٢. پێشکەوتنی تەکنەلۆژی پەیوەندیکردن کارئاسانی زۆریکردووە لە بەردەستخستنی زانیارییەکان و شیکاریکردن بۆیان و هەروەها خستنەڕوی بە شێوەیەکی شەفاف و ئاشکرا، کە ئەوەش دەرفەتی بەشداری سیاسی زیادکردووە و لە لایەکی دیکەش کارئاسانی بۆ بڕیار دروستکەران کردووە.

٣. دامەزراوەی پەرلەمان و نوێنەرایەتی خەڵک دەتوانن باشتر سود لەمە وەربگرن، لە ڕێگەی بە یاساییکردنی بەشداری خەڵک لە ڕێگەی سەکۆ ئۆنلاینەکانەوە، کە بەشداریکردنەکە چوارچێوەیەکی یاسایی وەردەگرێت.

## 3- European Parliament OpCit Research (KMRC Ltd), Women in decision making: The role of new media for increased political participation, (2013).

**ژنان لە پرۆسەی بڕیارداندا: ڕۆڵی میدیای نوێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری سیاسی.**

ئەم توێژینەوەیە لەرێگەی چەند ڕەهەندێکەوە هەوڵدەدات لە ئاستی بەشداری ژنان لە پرۆسەی سیاسی بکۆڵێتەوە و ڕێگرییەکان لەو بوارەدا دەستنیشانبکات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. توێژینەوەکە بە هەردوو جۆری چەندێتی و چۆنێتی لە بەکارهێنانی میدیای نوێ لای پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەوروپا دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەکە ٥٤ ئەندام پەرلەمانی لەسەرجەم وڵاتە ئەندامەکانی یەکێتی ئەوروپا لە هەردوو توخمی نێر و مێ وەرگرتووە، بە مەبەستی زانینی هۆکاری بەکارهێنانی میدیای نوێ لە نموونەی فەیسبوک و تویتەردا.

هەروەها توێژینەوەکە فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە لەگەڵ دوو سامپڵ لە ژنان، کە بە مەبەست دەستنیشانکراون لە ژنانی بەکارهێنەری میدیا کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها ژنانی پرۆفێشناڵ لە بواری خۆیان، لە لایەکی دیکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ پسپۆڕان و فۆکەس گروپ لەگەڵ نموونەی بچوکراوەی پەرلەمانتاران بە مەبەستی توێژینەوەکە، کە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە.

- **گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە:**

١- تێگەیشـــتن و زانینی مەبەســـتی بەکارهێنانی میدیای نوێ لە لایەنی ســـیاســـییەکانی ئەوروپاو هەروەها دامەزراوە سیاسییەکانی کیشوەرەکە.

٢- زانین و بەدواچوونی بەکارهێنانی میدیای نوێ لە لایەن ئەو دامەزراوە و تاکانەوە کە خولیای سیاسییان هەیە.

٣- زانین و دەرخستنی بەکارهێنانی میدیای نوێ و کاریگەری ئەو بەکارهێنانە لەسەر کەسەکان و بەکارهێنەرانی.

٤- ڕۆڵی میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە پەرلەمانی ئەوروپادا.

٥- ڕۆڵی میدیای نوێ لە زیادکردنی بەشداری ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا.

- **گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە:**

١. میدیای نوێ دەتوانێت ڕۆڵی لە زیادکردنی بەشـداری ژنان لە پرۆســەی بەشـداری سـیاسـی و پرۆســـەی بڕیاردان هەبێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان بۆ هاندانی ژنان و دەرفەتپێدانیان و متمانە دروستکردن، کە ڕەنگە لە میدیای نەریتی ئەو هەلەیان پێنەدرێت.

٢. پەرلەمـانتـارانی یەکێتی ئەوروپـا بە هەردوو توخمەوە گرنگی زۆر بە میـدیـا کۆمەڵایەتیەکـان دەدەن و بایەخ بەو بابەتانە، کە تێیدا بڵاودەکرێتەوە دەدەن و بایەخی ســـیاســـییان هەیە، لەگەڵ تێبینی ئەوەی ژنان شارەزاترن لە بەکارهێنای میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا.

٣. میدیا کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ســـەکۆیەکی باش بۆ پەیوەندیکردنی خەڵک بە پەرلەمانتاران و ئاســـانتر لە میدیاکانی دیکە و شـــێوازە نەریتییەکانی پەیوەندیکردن دەتوانرێت بابەتەکان بە پەرلەمـانتـاران بگەیەنرێـت، لە ڕێگەی ئەژمـارەکـانیـانەوە. ئەوەش وایکردوە پەرلەمـانتـاران متمانەی بە کارەکانیان زیاتر بێت و کارامانەتر ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن.

٤. ژنان دەتوانن باشتر سود لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان وەربگرن بە مەبەستی بابەتەکانی تایبەت بە خۆیـان لە مـاف و ئـازادییەکـان کە ڕەنگە هەندێکجـار لە میدیـاکـانی دیکەوە بـایەخی ئەوتۆی پێنەدرێت.

٥. میـدیـا کۆمەڵایەتییەکـان ڕۆڵی زۆریـان لە توانـای کۆکردنەوە و ڕێکخســـتنی خواســـت و داواکارییەکانی خەڵک هەیە، بە مەبەســـتی گەیاندنی بە پەرلەمانتاران بە شـــێوازێکی خێرا و ئاسان.

**4- Suresh Chandra Babu , Smita Aggarwal, Junjie Chen**
**Role of Media in Shaping the Policy Process**
**Comparative Lessons from the Food Price Crisis in Bangladesh, China, India, and Viet Nam, IFPRI Discussion Paper 01651 (2017).**

**ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی پرۆسەی سیاسی: توێژینەوەی بەراوردکاری لە قەیرانی نرخی خۆراک لە بەنگلادیش، چین، هند و ڤێتنام.**

ئەم توێژینەوەیە چوار وڵاتی جیاوازی لە ڕوی سیستمی حوکمڕانی و کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئاستی ئابووری هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی شیکارییەکی بەراوردکاری ئەنجامبدات بە گرتنەبەری هەردوو ڕێبازی چۆنێتی و چەندێتی و لە ڕێگەیەوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی میدیا لە پرۆسەی سیاسی لە کاتی قەیرانی خۆراک لە هەریەک لەو وڵاتانە بکات، لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٢دا، کە ساڵانی قەیرانی ئابوری بوو لە جیهاندا. توێژینەوەکە لە ڕێگەی شیکاری ناوەڕۆکەوە بۆ ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامە ئینگلیزی زمانەکانی ئەو وڵاتانە هەوڵدەدات بکۆڵێتەوە لە ڕۆڵی میدیا لە سەر بڕیاربەدەستان لە کاتی قەیرانی نرخی خۆراک لەو ماوەیەدا.توێژینەوەکە لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و چاودێریکردن و گفتوگۆی گروپ داتاکانی کۆکردوەتەوە و کاری لەسەرکردووە.

- **گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. زانینی ڕۆڵی میدیا لەسەر بڕیارە سیاسییەکان، بە تایبەت لەسەر بڕیارە بەپەلەکانی کاتی قەیراندا.
٢. میدیا لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانییەوە، چ ڕۆڵێکی لە سەقامگیری نرخ لە کاتی قەیرانەکاندا هەیە؟
٣. چ جۆرێک لە میدیا دەتوانێت ڕۆڵی لەسەر پرۆسەی بڕیاری سیاسی لەو وڵاتانەی بە نموونە وەرگیراون بۆ توێژینەوەکە هەبێت؟

- **ئەنجامی توێژینەوەکە:**

١. میدیا توانیویەتی کێشەکان بخاتەڕوو و خەڵک هۆشیار بکاتەوە لە بابەتەکان لەوێشەوە سەرەتای بازنەی پرۆسەی بڕیاردان دەستپێدەکات، ئەوەش گفتوگۆ و مشتومڕ بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە کار لە پرۆسەی بڕیاردان دەکات.
٢. لەو وڵاتەی میدیا ئازادە، ڕۆڵی میدیا باشتر و کاریگەرتر دەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسی بە گشتی و پرۆسەی بڕیاردان، لەبەرئەوەی بۆچوونی جیاواز و خواستەکان دەخاتەڕوو هەروەها چاودێری دەسەڵاتی سیاسی دەکات و ڕاپۆرتی بابەتی دەخاتەڕوو، لەگەڵ پێشنیازی نوێ بۆ چارەسەری کێشەکان، بەوەش ڕۆڵی لە پرۆسەی بڕیاردان لە سەرجەم قۆناغەکانیدا دەبێت.

٣. میدیا دەكرێت ڕۆڵی نەرێنی بگێڕێت لە ترساندن و تۆقاندنی خەڵک ئەویش لە ڕیگەی خستنەڕوی بابەتی ناراست و هەروەها ورد نەبوون لە کاتی خستنەڕوی بابەتەکان کە دەكرێت قەیرانەکە قوڵتر بکات.

**5- Maria Sideri, Ariadni Filippopoulou, George Rouvalis, Christos Kalloniatis, Stefanos Gritzalis**
**Social media use for decision making process in educational settings: The Greek case for Leadership's views and attitude in Secondary and Tertiary Education, Proceedings of the 50th Hawaii International Conference on System Sciences (2017).**
**بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە ڕێکخستنی خوێندندا، بۆچوون و هەڵوێستی بەرپرسان لە قۆناغی ناوەندی و زانکۆ لە یۆنان بە نموونە.**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە گرنگی میدیا کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت فەیسبوک و تویتەر بخاتەڕوو، لە بواری خوێندن و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بڕیاردان لەو بوارەدا لە خوێندنگەی ئامادەیی و زانکۆکاندا، لەوێوە هەوڵیداوە بۆچوون و تێروانینی بەرپرسان بزانێت لەسەر کاریگەری ئەو میدیایانە لەسەر بڕیارەکانی تایبەت بە پرۆسەی خوێندن لەو دوو ئاستەدا. توێژینەوەکە ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥ ی بە نموونە وەرگرتووە و جگە لە ٨ زانکۆی وڵاتی یۆنان ١٦ زانکۆی جیهانیشی لەگەڵ ١٣ بەرپرسی پەروەردەی ناوچەیی و ٥٨ بەڕێوەبەری قوتابخانە ناوەندییەکان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی توێژینەوەکەی بە شیکاری وەسفی ئەنجام بدات، لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە هەتا ڕۆڵی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە کەرتی خوێندن بخاتەڕوو.

- **گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە:**

١- زانینی ئاستی بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە بواری فێرکردن و خوێندندا، بە مەبەستی بەشداریکردن لە بڕیارەکاندا.
٢- رۆڵی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەرپرسانی بواری خوێندن و بەهەند وەرگرتنی بۆچوونی بەکارهێنەران لە بڕیارەکاندا.
٣- بۆچوونی بەرپرسان لەسەر میدیا کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی وەک هۆکارێکی بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردان لەو بوارەدا.

- **ئەنجامی توێژینەوەکە:**

١- میدیا کۆمەڵایەتییەکان بۆ چەند مەبەستێک بەکاردەهێنرێن لەوانە پیشاندانی پاڵپشتی و خۆدەرخستن و خستنەڕوی زانیاری، بەڵام کەمتر بۆ بواری ڕاوێژکاری، کە بەرەو بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردان‌دا بڕوات.

٢- بەرپرسانی کەرتی خوێندن لە یۆنان بۆچوونێکی ئەرێنییان لەسەر کاریگەری میدیا کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی لە بواری بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردان‌دا هەیە، بەتایبەت کە بواری ئاوێتەبوون دەرەخسێنێت و شەفافیەتی زیاتر دەستەبەردەکات ئاستی بەشداریکردن زیاد دەکات.

٣- بەرپرسانی خوێندن نیگەرانن لە پارێزراوی داتاکان و بینینی بڕیارەکان لەلایەن خەڵکی دیکە و سەختی بەکارهێنان و کێشەی یاسایی لە بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان‌دا.

٤- سەرەڕای سەنتەری بوونی بڕیارەکان لە یۆنان‌دا، بەڵام میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی کەم ببینن لە پرۆسەی بڕیاردان لە بواری خوێندن‌دا.

## چواردەیەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

پاش خستنەڕوی ١٥ توێژینەوەی جیاواز، کە لەم بوارەدا، یاخود نزیک لە ناونیشانی توێژینەوەکەی ئێمە لە چەند وڵاتێک ئەنجامدراون، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی. وەک هەنگاوێکی زانستی لە پێناو باشتر کارکردن لەسەر بابەتی توێژینەوەکە پێویستە بەراوردکاری و هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوەکانی پێشوو ئەنجامبدەین، کە لە سەرەوە خراونەتەڕوو، بە تایبەت ڕوی لێکچوون و جیاوازی نێوان ئەو توێژینەوانە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لە ڕووەکانی ناونیشان و ئامانج و میتۆد و ڕێبازی بەکارهێنراو و ئەو ئەنجام و دەرەنجامانەی پێیگەیشتوون.

بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو لانیکەم یەکێک لە ئامانجەکانیان دەرخستن و زانینی ڕۆڵی میدیا بە گشتی، یاخود میدیای نوێ و دیجیتاڵی و میدیا کۆمەڵایەتییەکانە لەسەر کایەی سیاسیی بە فۆرمە گشتییەکەی، بە واتایەکی دیکە یەکێک لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکان بابەتی دیاریکردنی ڕۆڵی میدیایە لەسەر کایەی سیاسی و ڕایگشتی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکان، ئەوەش هاوتایە لەگەڵ یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە کە دیاریکردنی ڕۆڵی میدیای نوێیە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی، هەروەها لە ڕوی گۆڕاوی دووەمیش زۆربەی توێژینەوە ئاماژە بۆکراوەکان گۆڕاوی دووەمیان بابەتی سیاسییە و بە تایبەتتر پەیوەستە بە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ڕایگشتی.

ئەو توێژینەوانەی کە جیاوازن لەم توێژینەوەیە، لە نموونەی توێژینەوەی (Maria Sideri, Ariadni Filippopoulou, George Rouvalis, Christos Kalloniatis, Stefanos Gritzalis) لە ڕوی ئامانجەوە لەم توێژینەوەیە جیاوازە، کە ئامانجی زانینی بەکارهێنانەکانی میدیای کۆمەڵایەتییە لە پرۆسەی خوێندندا نەک ڕۆڵ. هەروەها توێژینەوەی (عبدالخالق ابراهیم مصطفی) تەنها ئامانجی زانینی پەیوەندی ڕۆژنامەگەری و پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە نەک دیاریکردنی ڕۆڵی میدیای نوێ.

لە ڕوی میتۆدی بەکارهاتوو زۆربەی توێژینەوەکان میتۆدی وەسفی و وەسفی شیکارییان بەکارهێناوە و سودیان لە فۆرمی ڕاپرسی وەرگرتووە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان ئەوەش هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیەیە، کە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە و بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی داتاکانی کۆکراونەتەوە و چارەسەی ئامارییان بۆ کراوە بە بەرنامەی (SPSS).

توێژینەوەی (Suresh Chandra Babu, Smita Aggarwal, Junjie Chen)، سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی پرۆسەی سیاسی لە قەیرانی نرخی خۆراکدا، میتۆدێکی جیاوازی بەکارهێناوەو میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی کردووە بۆ ڕۆژنامەکان و دیاریکردنی کاریگەری ئەو بابەتانە لەسەر پرۆسەی سیاسی، هەروەها (منذر صالح جاسم الزبیدي)، لە توێژینەوەکەیدا لەسەر ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکەی، پشتی بە تێبینی کەسی و چاوپێکەوتن و سەرچاوە زانستییەکان بۆ وەسفکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا بەستووە.

سەبارەت بە ئەنجامەکان؛ زۆربەی توێژینەوەکان ڕۆڵی میدیا بە گشتی، یاخود میدیای نوێیان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی، یاخود ئاراستەکردن و دروستکردنی ڕایگشتی سەلماندووە، ئەوەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، کە دەیسەلمێنێت میدیای نوێ ڕۆڵی لە خستنەڕوی زانیارییەکاندا، هەیە هەروەها پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان و بابەت و بڵاوکراوەکانی میدیای نوێ کاردەکاتە سەر سیاسییەکان و ئەوەش ڕۆڵی لە هەڵوێست و بۆچوونەکانیاندا دەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی وەک ئاماژەمان پێکرد زۆرینەی توێژینەوەکان، خاڵی هاوبەش و لێکچوونیان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە هەیە و توێژینەوە جیاوازەکانیشمان خستەڕوو. لێرەدا ئەو توێژینەوانە دەخەینەڕوو کە نزیکی زۆریان لە توێژینەوەکەی ئێمە هەیە.

توێژینەوەی (European Parliament OpCit Research (KMRC Ltd ، بەناونیشانی (ژنان لە پرۆسەی بڕیاردانددا: ڕۆڵی میدیای نوێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری سیاسی (٢٠١٣))دا، ئەم توێژینەوەیە کە لە لایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی ئەوروپاوە ئەنجامدراوە، لە ڕوی ئامانج و میتۆدی بەکارهاتوو هەروەها ئەنجامەکانیش نزیکە لەم توێژینەوەیە، ئەگەرچی

توێژینەوەکە باسی بەشداری ژنان لە بەشداری سیاسی دەکات، بەڵام مشتەی توێژینەوەکە پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەوروپان و ئامانجی توێژینەوەکەش زانینی ڕۆڵی میدیای نوێیە لە بەشداری سیاسی و ئەنجامی توێژینەوەکەش گرنگی میدیای نوێی لە بەشداری سیاسی ژناندا سەلماندووە.

هەروەها توێژینەوەی (أ.د. عزت محمد حجاب، د. كامل خورشـید، د. ليلى أحمد جرار)، بەناونیشـانی (ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی سیاسـەتە گشتییەکاندا)، نزیکە لە توێژینەوەکەی ئێمە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕوی ئامانج و ڕێبازی لێکۆڵینەوەوە ڕێبازی وەسفی و شێوازی وەسفی ڕوپێوی بۆ شـیکردنەوەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە سـیاسـەتە گشـتییەکاندا بەکارهێناوە و چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەش تیۆری پشـتبەسـتنە بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، کە ئەوەش هاوتایە لەگەڵ مێتۆد و تیۆری بەکارهاتوو، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری ئەم توێژینەوەیە.

### پانزەیەم: پێوەرە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

توێژەر بۆ شـیکارکردن و پێوانەکردنی داتاو زانیارییە کۆکراوەکانی تایبەت بە بەشـی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە، سـودی لە ئـامرازە شـیکـارییەکـانی بەرنـامەی ئـامـاری تـایبەت بە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS) Statistical package for Social Sciences وەرگرت، گرنگترین پێوانە ئامارییە بەکارهاتووەکانیش بریتین لە[1]:

١. **پێوانەکـانی پێرسـۆن (Pearson Correlation Coefficient):** بۆ دۆزینەوەی پێوانەی ئاستی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان.
٢. **ڕێژەی سـەدی لادانی پێوەری و نـاوەنـدە ژمێرە:** بۆ وەسـفی دوبـارەبوونـەوە و نـاوەنـدی گۆڕاوەکانی سامپڵی توێژینەوەکە.
٣. **ئەلفا کرۆنباخ:** بۆ دەرهێنانی ڕاستی بڕگەکانی فۆرمی توێژینەوەکە.
٤. **بەکـارهێنـانی پێوەری لیکـارت (Likert scale):** بۆ بەراوردکردنی ئەنجـامی پێوانەکردنی بڕگەکانی توێژینەوەکە.
٥. **تاقیکردنەوەی T یەک ئاراستە (One sample T- Test)، دوو ئاراستە ( Two way T-Test):** بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.
٦. **تـاقیکردنـەوەی ئەنۆڤـا (ANOVA):** بۆ تـاقیکردنەوەی ئەو گۆڕاوانەی توێژینەوەکە، کە لە دووان زیاترن.
٧. **تاقیکردنەوەی کروسـکاڵ (Kruskal) و تاقیکردنەوەی مان ویتنی (Mann Whitney):** بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە.

---

[1] Packages, Other et al. "What Statistical Analysis Should I Use? Statistical Analyses Using SPSS". *Stats.Idre.Ucla.Edu*, 2021, https://stats.idre.ucla.edu/spss/whatstat/what-statistical-analysis-should-i-usestatistical-analyses-using-spss/.

# بەشی دووەم

# میدیای نوێ

باسی یەکەم/ چەمک و تێگەیشتن لە میدیای نوێ
باسی دووەم/ پێناسەی میدیای نوێ
باسی سێیەم/ ناوەکانی میدیای نوێ
باسی چوارەم/ تەکنەلۆژیای زانیاری و ڕاگەیاندن
باسی پێنجەم/ ناسین و تێگەیشتنی میدیای نوێ
باسی شەشەم/ شێوازەکانی میدیای نوێ
باسی حەوتەم/ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ
باسی هەشتەم/ جیاوازی نێوان میدیای نوێ و میدیای کلاسیک

## باسی یەکەم/ چەمک و تێگەیشتن لە میدیای نوێ:

میدیا بەیەکێک لەهۆکارە کاریگەرەکانی سەر مرۆڤایەتی ئەژمار دەکرێت، چونکە کاریگەرییەکانی تەنها لەیەک ئاست و ئاراستەدا ناوەستێت، بەڵکو پەل بۆ گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤەکان دەهاوێژیت، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی کەبەکارهێنەر و بەرکەوتەی ئامرازەکانی میدیان، میدیای نوێ ڕاستە لەڕوی کارکردن و بەکارهێنانەوە نوێیە، بەڵام لەڕوی کاریگەرییەوە پێش هەموو ئامرازەکانی تری میدیا کەوتووە، بەڵکو توانیویەتی هەموو ئامرازەکانی تر لەخۆیدا کۆبکاتەوە، ئەمەش بۆتە هۆکارێک کاریگەرییەکانی زۆر زیاتر و بەهێزتر بێت، لەچاو ئامرازەکانی تر، بۆیە گرنگە باسی تەواو لەم جۆرە میدیایە بکەین و بەشەکە بەسەر ئەم باسانەدا دابەش بکەین و بەوردی لەسەرییبوەستین و باس لە هەموو لایەنە گرنگەکانی بکەین.

گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای زانیاری و فراوانبوونی بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە ئێستادا، سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتوەتەوەو کاریگەری خستووەتە سەر زۆربەی چالاکییەکانی تاک و گروپەکانی کۆمەڵگا لە سەرانسەری جیهاندا. پەیوەستی مرۆڤەکان بە تەکنەلۆژیاوە بەجۆرێکە کە بە ناچاری و وەک واقیعێکی نوێ و زاڵ ناچاربوون، کە مامەڵەی لەگەڵ بکەن و خۆیان لەگەڵ دۆخە نوێیەکدا بگونجێنن و ژیانی خۆیان بە گوێرەی ئەو شەپۆلە ڕێکبخەن.[١]

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و گەشەسەندنی ئینتەرنێت بە شۆڕشی نوێی پیشەسازی وەسف دەکرێت بەو پێیەی شێوازی زۆرێک لە کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بە بەرگێکی نوێ نەخشاندەوە و هەروەک (Micha Kaufman) بە شۆڕشی دووەمی پیشەسازی وەسفیدەکات[٢]، بە هاتن و گەشەسەندنی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کایە ژیارییەکانی وەک سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و بوارەکانی دیکەش گۆڕانکاری گەورەیان بەخۆوە بینی و کاریگەری خستە سەر سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا توانیویەتی ڕۆڵی زۆری لە بواری سیاسیدا هەبێت.[٣]

هاوشێوەی بوارەکانی دیکە، بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری بەدەر نەبووە لە بەرکەوتن بەم کاریگەرییەی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا و ئەگەر ئینتەرنێت زیاتر لە بوارەکانی دیکە کاری لەسەر کایەی میدیا نەکردبێت، ئەوا هاوتای بوارەکانی دیکە تەکنەلۆژیا توانیویەتی شۆڕشێک لە ناو کایەی ڕاگەیاندندا

---

1 M.Igbaria, M.Tan, 1997, the consequences of information technology acceptance on subsequent individual performance. Information & Management Volume 32, Issue 3, March 1997, Pages 113-121

2 Micha Kaufman, 2012, The Internet Revolution is the New Industrial Revolution. Accessed 24 October 2018, <http:www.forbes.com>

3 KALATHIL, S., & BOAS, T. C. (2003). Open networks, closed regimes: the impact of the Internet on authoritarian rule. Washington, D.C., Carnegie Endowment for International Peace.PP `103-111.

دروســـتبكات، بە جۆرێـک کە ئـاوێتەی یەک ببن.[١] هـاتنـی ئینتـەرنێـت بۆ نـاو ڕاگەیـانـدن جیـاواز لە بوارەکانی دیکە، وەک هێڵێکی جیاکەرەوە و خاڵی وەرچەرخان لە بواری میدیادا ئەژمار دەکرێت وەک چۆن (دەینس مەکوەیڵ) دەڵێت: "بە هـاتن و پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیـا و تۆڕەکـانی ئینتەرنێت میدیـا ڕاستەهێڵێکی جیاکەرەوە بە مێژووەکەیدا هات و میدیای دابەشکرد بۆ میدیای پێش تەکنەلۆژیا و میدیای **ســەردەمی** تەکنەلۆژیا".[٢] بە لێکدانەوەی (مەکوەیڵ)، هاتنی ئینتەرنێت زۆر شــتی لە میدیای کلاســیك گۆڕی وگۆڕانکاری زۆری لە کارکردنی میدیادا دروســـتکرد، گرنگترینیان کاڵکردنەوەی چەمک و تێگەیشـتن لە میدیای جەماوەری (Mass Media) بوو، لە میدیاییەکی جەماوەرییەوە بۆ میدیای کەســی و تایبەت، هەربۆیە (مەکوەیڵ) گفتوگۆی تیۆری نوێ دەکات، بۆ ئەم جۆرە تازەیەی میدیا بە جۆرێک لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندی و شێوازی کارکردنیدا بگونجێت.[٣]

بە هاتنی ئینتەرنێت و ئاوێتەبوونی تەکنەلۆژیا، بەتایبەت (میدیای نوێ) لە بواری ڕاگەیاندندا، توێژەران و پسـپۆڕانی بواری میدیا و زۆرێک لە سـەرچاوە زانسـتییەکانی میدیا و ڕاگەیاندن، لە نێوان قۆناغی پێش هاتنی تەکنەلۆژیا و سەردەمی تەکنەلۆژیا دابەشکاریانکرد، هەر بۆیە مێژوی میدیا لەنێوان میدیای کلاسیك Traditional Media و میدیای نوێ (New Media) پەسـنکرد[٤]. مەکوەیڵ میدیای کلاســـیك TRADITIONAL MEDIA بەو ڕاگەیاندنانە ناوزەد دەکات کە هۆکارە نەریتییەکانی وەک ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ئامرازەکانین، هەروەها میدیای نوێ بە هەموو ئەو جۆرانەی میدیا وەسـفدەکات، کە کۆمپیوتەر ڕۆڵی لە بەرهەمهێنان و ڕێکخسـتن و بڵاوکردنەوەیدا هەیە و کردەی ئەنەلۆگی تێدا گۆڕاوە بۆ دیجیتاڵی[٥].

ئەگەرچی ئینتەرنێت و پرۆسەی بە کۆمپیوتەرکردنی کاری ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی لە میدیای نوێدا دەبینێت و خاڵی جیاکەرەوەیەتی لە میدیای کۆن، بەڵام بیرۆکەی میدیای نوێ تەنها لە دایکبوی ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییانە نییە، کە ئێســـتا لە کایەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا دەیانبینین و هەستیان پێدەکەین و لەگەڵی دەژین، بەڵکو لە پاش ڕوخانی بلۆکی سۆشیالیستی و لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی ســارد بەرامبەر بلۆکی ســەرمایەداری، پســـپۆڕان و توێژەران بە شــێوەیەکی فراوان باس لە سیستمی نوێی جیهانی و ڕاگەیاندنی نوێ New Media دەکەن و ئەم بابەتە بووەتە جێگای مشتومڕ و

---

[1] Merrill Morris, Christine Ogan; The Internet as Mass Medium, Journal of Computer-Mediated Communication, Volume 1, Issue 4, 1 March 1996, JCMC141, https://doi.org/10.1111/j.1083-6101.1996.tb00174.x

[2] MCQUAIL, D. (2010). McQuail's Mass communication theory. London, Sage Publications. PP 117-127

[3] Ibid- هەمان سەرچاوە, pp.135.

[4] David W. Park, Nicholas W. Jankowski and Steve Jones, 2011, The long history of new media. Peter Lang, New York, Oxford.

[5] MCQUAIL, D. (2010) , ibid- هەمان سەرچاوە.

باس و خواسـ‌ـــی توێژەران و لێکۆڵەرەوانی بواری میدیا و تەنانەت بواری کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیاش، هەروەک چۆن لە سـەروبەندی جەنگی سـارددا مشـتومڕ و ئارگومێنتی چڕ هەبوو دەربارەی ئەو بنەما میدیاییانەی، کە تواناى هەیە باڵ بەسـەر جیهاندا بکێشـێت لەوانە بیرۆکەی (بنیاتنانی سـیسـتمی میدیایی نوێ)[1].

هەروەک چۆن زۆربەی سـەرچاوە زانسـتییەکانی بواری ڕاگەیاندن تێڕوانین و تێگەیشـتن لە میدیای نوێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەست دەکەن بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی گشتی و تەکنەلۆژیای زانیاری بە تایبەتی، بەڵام هەر لە دوای دۆزینەوە و داهێنانی ئامێری چاپ و تەلەگراف و فۆنۆگراف و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و پاشان ئینتەرنێت بە قۆناغ، گەشە و پێشکەوتنی میدیا پەرەیسەندوە و پسپۆڕان قۆناغی دروستبوونی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، وەک هێڵی جیاکەرەوە کێشاوە لە نێوان میدیای کلاسیك و میدیای نوێ و مێژووی ڕاگەیاندنیش لە نێوان ئەو دوو قۆناغەدا دابەشکردوە.[2]

توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی میدیای نوێ بە شێوەیەکی بەرفراوان و گشتگیر لە پرۆژەی دۆخی ڕاگوزەری میدیادا قسـەی زیاتری لەسـەرکرا، کە مەبەسـت لە قۆناغی گواسـتنەوە لە میدیای نەریتییەوەیە بۆ میدیای نوێ، ئەوەش بۆ یەکەمجار لەسـەر بنەمای دەسـتپێشـخەرییەکی پەیمانگای ماسـۆشـیتس (Massachusetts institutes of technology)ی ئەمریکی بوو، لە ٨ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٩دا، کۆنفرانسێکی سازکرد دەربارەی میدیا لە قۆناغی گواستنەوە لە کۆنەوە بۆ نوێ [3] . ئەو مێژووە هاوکاتە لەگەڵ بەردەستبوونی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بۆ بەردەستی خەڵکی ئاسایی بە شێوەیەکی فراوان.

هەروەها لە سـاڵی ٢٠٠٣دا، هەمان پەیمانگا کتێبێکیان چاپ و بڵاوکردەوە، کە کۆمەڵێک توێژەر هاوبەشیان لە دانانیدا کردبوو، تێیدا بە شێوەیەکی گشتی هاوڕابوون لەسەر ئەو خاڵەی کە میدیا لە قۆناغی ڕاگوزەردایە و گەیشـتبوونە ئەو دەرەنجامەی کە هەر ئامراز وهۆکارێکی میدیا بە نوێ دادەنرێت کاتێک بۆ یەکەمجار بەکاربهێنرێت[4].

پێشکەوتن و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا توانی کاریگەری گەورە لەسەر بواری ڕاگەیاندن دابنێت، کە لە سـەرەتادا لە مانگە دەسـتکردەکان و پەخشـی سنور بڕ و سـەرهەڵدانی میدیای نێودەوڵەتیدا خۆی

---

[1] د.یاس خضير البياتي, ٢٠١٤, الاعلام الجديد الحرية و الفوضى و الثورات. هيئة الفجيرة للثقافة و الاعلامز ص ٢٥٧-٢٦٣

[2] Lister, M. (2013). *New media*. 2nd ed. Milton Park, Abingdon, Oxon: Taylor & Francis, pp.44-51.

[3] Priscilla Coit Murphy, 1999, the media in transition conference.
Accessed 26 October 2018 <http://web.mit.edu/m-i-t/articles/murphy.html>
< https://cmsw.mit.edu/event/media-in-transition/>

[4] Couldry, N. and Curran, J. (2003). *Contesting media power*. 1st ed. Lanham, Maryland: Rowman & Littlefield Publishers, pp. 68-79

دەرخست، هەتا گەیشت بە بەستنەوەی میدیاکان بە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بۆ ئاڵوگۆڕیی زانیارییەکان و گەیاندنی زانیاری.

بەو پێیەی میدیای نوێ بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەم تۆڕە دەبەستێت، کە باسی میدیای نوێ دەکرێت ڕاستەوخۆ خەیاڵ و بیرمان دەچێت بۆ لای تۆڕی ئینتەرنێت (Internet)، کە بە تۆڕی جالجاڵۆکەیی جیهانیی World Wide Web ناسراوەو کورتکراوەکەی بریتییە لە WWW و لە هەندێک سەرچاوەشدا تەنها Web بەکاردەهێنرێت [1]. ئەم تۆڕە بۆ یەکەمجار لە سەر دەستی زانای بەریتانی (تیم بێرنێرس لی) لە ساڵی ١٩٨٩دا دۆزرایەوە و پاشان لە ساڵی ١٩٩١ دا نەخشەسازی بۆ کراو خرایە بەردەست بۆ بەکارهێنانی گشتی.[2]

فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسەی ئینتەرنێت بەم شێوەیە دەکات؛ تۆڕێکی کۆمپیوتەری گەردوونییە کە زانیاری هەمەچەشن و هەلی پەیوەندیکردن فەراهەمدەکات و هەروەها تۆڕی پێکەوە گرێدراو لەخۆ دەگرێت لە ڕێگەی پرۆتۆکۆلی پەیوەندیکردنی ستانداردکراو[3]. ئینتەرنێت تۆرێکی پەیوەندی جیهانیی زەبەلاحە کە ملیۆنان ئامێری کۆمپیوتەر تابلێت و مۆبایلی زیرەک بە هەموو جۆر و قەبارەکانیانەوە لە سەرانسەری جیهاندا پێکەوە دەبەستێتەوە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە ماوەیەکی زۆر کەمدا و بە خێراییەکی زۆر[4].

ئینتەرنێت بە تەنیا هۆکار و ئامرازێکی تاک نییە ( single medium، بەڵکو کۆمەڵێک ئامرازی پەیوەندی (communication) و گەیاندنی مەودا فراوانە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە چەمکی تۆڕی زانیاریی ئاماژەیە بۆ بەشداری و هاوبەشیکردنی دوو دامەزراوە یان زیاتر وەک کتێبخانە و ئۆفیس و بانکی زانیاری لە چوارچێوەی سیستمێکی هەماهەنگی، کە ڕێگە بە هەر بەشداربویەکی دەدات لە کاتی پێویستی بە زانیاری بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی زانیارییەکانی هەرچی چەمکی تۆڕەکانیشە (Networks) جێگرەوەی چەمکی سیستمە (System). تۆڕەکانیش دوو جۆرن یەکێکیان زانیاری گشتییە و دوەمیان زانیاری تایبەتمەندە[5].

---

1 World Wide Web Foundation. (2018). *History of the Web*. [online] Available at: https://webfoundation.org/about/vision/history-of-the-web/ [Accessed 28 Oct. 2018].

2 Home.cern. (2018). *The birth of the web | CERN*. [online] Available at: https://home.cern/topics/birth-web [Accessed 28 Oct. 2018].

3 Oxford Dictionaries | English. (2018). *Internet | Definition of Internet in English by Oxford Dictionaries*. [online] Available at: https://en.oxforddictionaries.com/definition/internet [Accessed 28 Oct. 2018].

4 Techopedia.com. (2018). *What is the Internet? - Definition from Techopedia*. [online] Available at: https://www.techopedia.com/definition/2419/internet [Accessed 29 Oct. 2018].

5 ibid- هەمان سەرچاوە

ئینتەرنێت بە گەورەترین تۆڕەکانی زانیاری لە جیهاندا دادەنرێت، لە هەموویان جەماوەریترەو بە شـێوەیەکی فراوان بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە و پشـت بە پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییەکان دەبەسـتێت، بۆ بەخشـکردن و ناردن و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانی لە نێوان ملیاران لە بەکارهێنەرانیدا لە سـەر ئاسـتی جیهان کە لە ڕێگەی ئامێر و کۆمپیوتەر و تابلێتە و مۆبایلەکانیانەوە زانیارەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن[١].

لێرەوە و بە هاتنە ناوەوەی ئینتەرنێت وەک کارایەکی یاریدەدەر و کاریگەر بۆ ناو میدیا و کاری ڕاگەیاندن ئیدی پەیوەندی نێوان میدیا کلاسـیکییەکان (Traditional Media)، کە خۆی لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا دەبینێتەوە، لەگەڵ ئینتەرنێتدا دەستپێدەکات و وەک دوانەیەکی تەواوکاری یەک ئاوێتە دەبن. (ترۆبین کرۆگ) لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئەم گۆڕانکارییە قوڵانە کە بەسەر کۆمەڵگاکاندا هاتوە وایکردووە کۆمەڵگا سـەردەمییەکان لە سـایەی شـۆڕشـێکی پەیوەندیدا دەژین لە بەرەنجامی ئەو پێشـکەوتنانەیە کە لە بوارەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتدا هاتووەتە ئاراوە کە هاوشـانی پێشـکەوتنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەرییە"[٢].

(ئاڵڤین تۆفلەر) قۆناغی چەرخی زانیارییەکان، بە شەپۆلی سێیەم لە دوای هەریەک لە سەردەمی کشـتوکاڵی و پیشـەسـازی وەسـفدەکات و پێیوایە ئەو بوارەی تەکنەلۆژیای نوێ دەیرەخسـێنێت بۆ بەکارهێنەرانی، کۆتایی بە سـەردەمی تەکنۆکراتی دەهێنێت و هەژموونی وڵاتە باڵا دەسـتەکان بەسـەر میدیاکاندا کەمدەکاتەوە و بوار دەڕەخسـێنێت بۆ بەردەسـتبوونی زانیارییەکان و ئاڵوگۆڕپێکردنیان بە شێوازێکی دوو لایەنە، بە پێچەوانەی سەردەمەکەی پێشخۆی، کە میدیا تاک لایەنە بەکاردەهات[٣].

بە گوێرەی ڕاپۆرتی گەشـەی مرۆیی، کە لەلایەن پرۆگرامی گەشـەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە لە سـاڵی ١٩٩٩دا بڵاوکراوەتەوە[٤]، بۆ یەکەم جـار ئـامـاژە بە کـاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی شـۆڕشـی زانیاریی دەدات و لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: " تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن وایکردووە سـەردەمی جیهانگیری سـەردەمێکی جیاواز و تایبەت بێت لە سـەردەمەکانی دیکە. بوونی ئینتەرنێت و تەلەفۆنی مۆبایل و تۆڕی مانگە دەستکردەکان وایکردووە ڕەگەزی کات و شوێن کاڵببنەوە و کۆکردنەوە و پێکەوەگرێدانی کۆمپیوتەر و ئـامێرەکـانی پەیوەنـدیکردن بوونەتە هۆی تەقینەوەیەکی بێوێنە لە سـەرەتای نەوەدەکانی سـەدەی بیستەمدا. ئینتەرنێت لە ئامێرێکی سنورداری بواری زانستەوە بوەتە تۆڕێکی فراوانی بەکارهاتووی نوێ، کە ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی دروسـتکردووە". ڕاپۆرتەکەی

[1] Morris, M. and Ogan, C. (1996). The Internet as Mass Medium. *Journal of Communication*, 46(1), pp.39-50.
[2] Holt, K. and Krogh, T. (2010). *The citizen as media critic in periods of media change*. Lisbon: OberCom, pp. 78-83.
[3] Toffler, A. (1992). *Powershift*. New York: Bantam Books, pp. 112-119.
[4] UNDP (1999). *Human Development Report*. [online] New York: Oxford, p.66. Available at: http://hdr.undp.org/sites/default/files/reports/260/hdr_1999_en_nostats.pdf [Accessed 29 Oct. 2018].

نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕوونی ئاماژەی بۆ گرنگی گەشـەسـەندی ئینتەرنێت و پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیا لە ژیانی مرۆڤایەتیدا کردووە، ئەمەش داننانێکی فەرمییە بە گرنگی ئینتەرنێت و شۆڕشی زانیارییەکان لە ژیانی مرۆڤایەتی بە جۆرێک، کە سـەرجەم بوارەکانی گرتووەتەوە و کارئاسـانی بۆ ژیان کردووە لە کاڵکردنەوەی ڕەگەزی کات و شوێن و بڕینی سنورە جوگرافییەکان لە پەیوەندیکردندا.

## باسی دووەم/ پێناسەی میدیای نوێ:

بۆ ئامانج و مەبەسـتی ئەم تێزە، پێناسـەکردنی میدیای نوێ گرنگی و بایەخی زۆری هەیە و پێویسـتە، ئەگەرچی چەمکی میدیای نوێ وەک زۆرێک لە چەمکەکانی دیکەی بوارە جیاوازەکانی لقی زانستی مرۆیی هەڵگری چەندین پێناسـەی جۆراوجۆر و خوێندنەوە و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی جیاوازە و پێناسەکانیش بەردەوام لە گۆڕانکاریدان.

دوو ئاڕاسـتەی سـەرەکی لە پێناسـەکردنی میدیای نوێدا هەن، یەکێکیان ناسـاندنی میدیای نوێ پەیوەسـت دەکات بە کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیاوە، کە ئەمەیان یەکانگیر دەبێتەوە لە تێگەیشـتنی زانای بواری کۆموونیکەیشـن، (مارشـاڵ ماکلوهان) کە لەسـاڵانی شـەسـتەکانی سـەدەی ڕابردوودا ئامرازی ڕاگەیاندن وەک چەقی میدیا تەماشا دەکات و پێیوایە ئەوە ئامرازە کاریگەری دروستدەکات نەک پەیام و پێیوایە تەکنەلۆژیا ڕۆڵی سـەرەکی دەبینێت لە ژیانی مرۆڤدا، بە تایبەت کاتێک وەک میدیای نوێ خۆی بەرجەسـتە دەکات[1] و ئاڕاسـتەی دووەمیش وەک میدیا پێناسـەی دەکات لەگەڵ کەمێک گۆڕانکاری بە تایبەت لە ڕۆڵی وەرگر بە بەراورد بە میدیای کۆن[2].

(فەرهەنگی ئۆکسـفۆردی بەریتانی) لە پێناسـەی میدیای نوێدا دەنووسـێت (هەر هۆکارێکی ڕاگەیاندن سـود لە کۆمپیوتەر و هێڵەکانی ئینتەرنێت وەربگرێت و بەرهەمێکی میدیایی بەرهەمبهێنێت کە ئامانج لێی گەیاندنی زانیاری، یاخود کات بەسەربردن بێت ئەوە میدیای نوێیە). ئۆکسفۆرد[3].

هەروەها (ماڵپەڕی تێکۆپێدیا (Techopedia))، پێناسـەی میدیای نوێ دەکات بەوەی، کە (شـێوازێکی دیجیتاڵی کۆمۆنیکەیشـنە کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکان و ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی دیکەوە ڕوودەدات، هەروەها میدیای نوێ بە ئاوێتەبوونی بەکارهێنەرانی لە میدیای کۆن جیادەکرێتەوە و وەرگر ئازادی هەڵبژاردنی ناوەڕۆک و بابەت میدیاییەکانی بە گوێرەی حەز و ویست و کاتی خۆی هەیە) [4].

---

1 McLuhan, M. (1960) Effects of the improvements of communication media, Journal of Economic History , 20, pp. 566–575.

2 Dewdney, A. and Ride, P. (2006). *The new media handbook*. London: Routledge, pp.67-72.

3 Oxford Dictionaries | English. (2018). *new media | Definition of new media in English by Oxford Dictionaries*. [online] Available at: https://en.oxforddictionaries.com/definition/new_media [Accessed 5 Nov. 2018].

4 Techopedia.com. (2018). *What is New Media? - Definition from Techopedia*. [online] Available at:

(پاوڵ لێستەر) لە پێناسەی میدیای نوێدا دەڵێت: "کۆمەڵێک تەکنەلۆژیای پەیوەندییە، کە لە بەرەنجامی هاوسەرگیری نێوان کۆمپیوتەر و ئامرازە کلاسیکییەکانی ڕاگەیاندن، چاپ، و وێنەگرتن و دەنگو ڤیدیۆوە لەدایکبوون"[1].

(فەرهەنگی مایکرۆسێرڤس)، تایبەت بە خزمەتگوزاری تەکنەلۆژیای ژمارەیی، نزیک لە پێناسەکەی (لێستەر) پێناسەی میدیای نوێی کردووە و نووسیویەتی کە "تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی کۆمپیوتەر و تۆڕەکان و مەڵتیمیدیا دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی میدیای نوێ"[2].

(ستیڤ جۆنس) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ئینسایکلۆپێدیای میدیای نوێ) پێناسەی میدیای نوێ دەکات زاراوەیەکە بەکاردێت بۆ وەسفکردنی جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندیکردی ئەلکترۆنی، کە بە هۆی کۆمپیوتەرەوە ئەنجامدەدرێت بەرامبەر وەک جێگرەوەیەک بۆ میدیای کلاسیک، کە خۆی لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا دەبینێتەوە، کە ئەو بە ئامرازە جێگیرو نەجوڵاوەکان وەسفیان دەکات، بەڵام میدیای نوێ بە داینەمیکیەت و پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر دەناسرێتەوە[3].

لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەی سەرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە میدیای نوێ هەڵگری چەندین پێناسە و ناساندنی جیاوازە بە گوێرەی سەرچاوە زانستییەکانی بواری ڕاگەیاندن، وەک لە پێناسەکانەوە ڕووندەبێتەوە سەرەڕای جیاوازییان، بەڵام هەندێک خاڵی هاوبەش پێناسە و ڕوانگە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتر کۆدەکەنەوە لەوانە؛ بەکارهێنان و تێکەڵاوبوونی کۆمپیوتەر بە کاری میدیایی لە هەموو ئاستەکاندا هەر لە بەرهەمهێنان هەتا چارەسەرکردن و ئامادەکردنی پەیام و بڵاوکردنەوەی. خاڵێکی دیکەی هاوبەش تێکەڵاوبوون و ئاوێزانبوونی ڕەگەزە جیاوازەکانی وەک تێکست و دەنگ و ڕەنگ و وێنە لەگەڵیەک، کە ئەمە لە میدیا کلاسیکییەکاندا ئەنجامدانی ئەستەم بوو.

خاڵی هەرە دیار و جیاکەرەوە لە میدیای نوێدا ڕۆڵ و پێگەی وەرگرە کە لە وەرگر و بەکارهێنەرێکی سادە و ناچالاکەوە بووەتە وەرگرێکی کارا، کە دەتوانێت ئاوێتەی پەیامە میدیاییەکان ببێت و ڕۆڵی هەبێت، هەروەک (مەکوەیل) ئەم سیفاتە بەوە وەسفدەکات، کە میدیای جەماوەری لە دەستی گروپێکی تایبەت و دیاریکراوەوە دێتە دەست تاک و بەکارهێنەرانی میدیا لە سەردەمی میدیای نوێدا.

هەر بۆیە دەکرێت میدیای نوێ بەوە پێناسە بکرێت، کە بریتیە لە سود وەرگرتن لە کۆمپیوتەرو تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەلایەن میدیای کلاسیکەوە لە پێناو بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیایی،

---

https://www.techopedia.com/definition/416/new-media [Accessed 5 Nov. 2018].

1 Lester, P. M. (2011). *Visual communication: images with messages*. Boston. MA, Wadsworth, pp. 53.

2 SearchMicroservices. (2018). *What is new media? - Definition from WhatIs.com*. [online] Available at: https://searchmicroservices.techtarget.com/definition/new-media [Accessed 5 Nov. 2018].

3 Jones, S. (2003). *The Encyclopedia of new media*. Sage, pp.65-72.

که تێیدا وەرگر لە دۆخی ناکاراوە دێتە دۆخێکی کارا و ئاوێتەی پەیامە میدیاییەکان دەبێت، کە پێشـــتر ئەم هەلەی بۆ نەڕەخســابوو، بە واتایەکی دیکە هەر میدیایەک ســود لە کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای نوێ وەربگرێت وبە یارمەتی تۆڕەکانی ئینتەرنێت پەیامەکانی پەخشــبکات، کە دەرفەتی بەشـــداری و ئاوێتەبوونی وەرگران فەراهەمبکات دەتوانرێت بە میدیای نوێ ناوببرێت.

لەگەڵ بوونی ئەو پێناســانە کە بەشــێکیان زیاتر گرنگیان بە ڕەهەندی تەکنەلۆژی میدیای نوێ داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا لە بواری ڕاگەیاندن و زانســـتی کۆمۆنیکەیشـــنیشـــدا، گوڕێکی دیکە بە پێناســـەکردن و تێگەیشـــتنی ئەم بابەتە دراوە و بە تایبەت کاتێک تەکنەلۆژیا دەبێتە بەشــێکی گرنگ لە ڕاگەیاندن و پێکەوە میدیای نوێ بەرهەمدەهێنن.

میدیای نوێ سەرەتا بەوە پێناسە دەکرێت، کە شتێکی نوێیە NEW، بە واتای ئەوەی جیاوازە لە کۆن OLD ، واتە جۆرە کۆنەکەی میدیا کە بە میدیای کلاسیک ناسراوە Tradition Media، کە خۆی لە میدیا چاپکراو (ڕۆژنامەو گۆڤار)، هەروەها میدیای پەخشکراو (رادیۆ و تەلەفزیۆن) دا دەبینێتەوە[١]، بە پێچەوانەی ئەمەوە میدیای نوێ شــێوازێکی ژمارەیی هەیە Digital ، لەگەڵ ئەوەشـــدا پێناســـەکەی زیاترە لەوەی بە تەنها گوزارشـــت لە تەکنەلۆژیا بکات، بەڵکو میدیای نوێ بیرۆکەیەکی داینامیکیی تەواوە و بە شـــێوەیەکی ئاڵۆز بەســـتراوە بە شـــێوازی بەکارهێنانی و بابەتە بەرهەمهێنراوەکان و خاوەندارێتی و هەروەها تەکنەلۆژیاوە[٢] ئەم ئاڵۆزی و تایبەتمەندییە و ئارگومێنتەکانی و گەشـــەکردنی میدیای نوێ لە ڕێگەی پێناسەکردنی (Web 2.0) و (Web 3.0) ەوە دەکرێت.

**آ- Web 2.0*:**

لەم چەند ساڵەی دواییدا (Web) بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو و خێرا هاوشان، لەگەڵ گەشەی ماڵپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گەشەیکرد، بە تایبەت تەکنەلۆژیای مۆبایل (تەلەفۆنی زیرەک و تابلێت و لاپتۆپ)، کە هەلی ئەوەی ڕەخســـاندووە، بە شـــێوەی جوڵاو (مۆبایل) بەکارهێنەران ئینتەرنێت بەکاربهێنن، ئەوەش زیاتر پەرەی بە بوارەکەدا[٣]، هەر بۆیە چەمکی (Web 2.0). لە ســاڵی ٢٠٠٥ دا لە لایەن (تیم ئۆریللی)[٤] پێشـــنیازکرا، وەک ئاماژەیەک بۆ ســـەردەمێکی نوێ لە ئینتەرنێت جیاواز لە قۆناغی (Web 1.0) بە تایبەت کە بە شێوەیەکی فراوان هەستی پێدەکرا، کە ئەم قۆناغە نوێیەیان هەلی

---

[1] Europarl.europa.eu. (2018). [online] Available at: http://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/etudes/join/2013/493010/IPOL-FEMM_ET(2013)493010_EN.pdf [Accessed 6 Nov. 2018]. pp, 17-18.

[2] ibid- هەمان سەرچاوە

[3] Barassi, V. (2017). *ACTIVISM ON THE WEB*. [S.l.]: ROUTLEDGE, pp.187-193.

[4] Oreilly.com. (2018). *Tim O'Reilly*. [online] Available at: https://www.oreilly.com/pub/au/27 [Accessed 6 Nov. 2018].

فراوان بۆ بەکارهێنەران دەرەخســـێنێت، کە بەشـــداری لە ناوەڕۆکەکەی زانیاری و پەیامەکاندا بکات User participation، بە بەراورد بە قۆناغی پێش خۆی کە تەنها وەک بانکێکی زانیاری ســـەیری ئینتەرنێت دەکرا و وەرگر ڕۆڵێکی ناکارای هەبوو، کە تەنها خوێنەری بابەتەکان بوو، بە بێ ئەوەی خۆی هیچ ڕۆڵێکی هەبێـت، بەڵام لە (Web 2.0)دا ئەمە گۆڕا هەر بۆیە بەکـارهێنەر و وەرگر بە چەمکی پێناســـەکەی پێشـــووتریان نەمان و ئەوان دەتوانن لە ڕێگەی بلۆگ و مەدونە پۆدکاســـتەکانەوە چالاکی ئینتەرنێتیـان هەبێت[١]. (فەرهەنگی بزنس) بەم شـــێوەیە پێنـاســـەی (Web 2.0) دەکـات: "چەمکێکی گشـــتگیرە بۆ چەند ئەپڵیکەیشـــنێک لەســـەر ئینتەرنێت و تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی جیهانی، کە هەریەک لە بلۆگ و ویکی و خزمەتگوزاری هاوبەشـــیکردنی ڤیدیۆ و ماڵپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هاوشـــێوەی فەیســـبوک و مای ســـپەیس و تویتەر لەخۆدەگرێت، کە ســـەرنجی لەســـەر ئاوێزانبوون ئینتراکتیڤ و هاوبەشـــیکردن (شـــەیر) و بەشـــدارییکردن و هەماهەنگییە وەک لە ناردنێکی ســـادەی ناوەڕۆک و بابەتەکان"[٢].

**ب- Web.3*:**

بە هۆی تازەییەکەیەوە هێشـــتا پســـپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت نەگەیشـــتوونەتە پێناســـەیەکی هاوبەش بۆ (Web.3) بەڵام وەک (Tim Berners Lee [٣]Nova Spivack ) دەڵێت: "ئەمەیان نەوەی سێیەمی ئینتەرنێتە، کە لە دەیەی سێیەمی ئینتەرنێتدا دەرکەوتەوە ٢٠٠٩-٢٠١٩، بەڵام هێشتا بە شێوەیەکی کەم بەردەستە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە زانیارییەکان بە شێوەیەکی قوڵتر ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت و شێوازی گەڕان لە ژمارەیی و وشە سەرەکییەکانەوە دەبێت بە گەڕان بە دوای ماناوە، جگە لە هاوبەشـیکردن لە ئاسـتێکی قووڵ و پێشـکەوتوو، هەروەها بە خێرایەکی زۆر و بەرجەسـتەتر وەک لەوەی ئێستا هەیە وەک شێوەی 3D[٤].

---

1 Cioca, M., Buraga, S. and Cioranu, C. (2014). Disaster Prevention Integrated into Commonly Used Web Rendered Systems with GIS Capabilities. International Journal of Computers Communications & Control, 7(5), p.816.

2 BusinessDictionary.com. (2018). *What is web 2.0? definition and meaning*. [online] Available at: http://www.businessdictionary.com/definition/web-2-0.html [Accessed 6 Nov. 2018].

3 Novaspivack.com. (2018). *Nova SpivackWeb 3.0* — The Best Official Definition Imaginable | | Nova Spivack. [online] Available at: http://www.novaspivack.com/technology/web-3-0-the-best-official-definition-imaginable [Accessed 6 Nov. 2018].

4 هەمان سەرچاوەی پێشوو

**باسی سێیەم/ ناوەکانی میدیای نوێ:**

ســـەرهەڵدانی میدیای نوێ بە تەنها نییە، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا چەند چەمک و دەســـتەواژەیەکی هاوشــێوەش هاتووەتە ناو کایەی ڕاگەیاندنەوە، کە پێویســتە لەو چەمکانەش تێبگەین بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕونتر ببێتەوەو باشــتر لە میدیای نوێ تێبگەین. لەوانە چالاکییە ئینتەرنێتییەکانی دیجیتاڵ میدیا و میدیای ئینتراکتیڤ و ســـایبەر میدیا و هایپەر میدیا و ســـتیزن جۆرنالیزم و مەڵتیمیدیا و میدیای ئینتەرنێتی و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی و ئینفۆ میدیاو سۆشیەڵ میدیا، مەدوناتەکان، بلۆگەکان، یاری ئەلکترۆنییەکان[١].

بە هۆی ئەوەی ســەرهەڵدانی میدیای نوێ لەرووی کات و مێژووە نوێیە و وەک لە ناوەکەشــیدا دیارە، بە تەنها یەک چەمکی دیاریکراو نییە، کە وەسفی ئەم دیاردە تازەیەی پێبکرێت لە بواری میدیادا، بەڵکو چەندان ناو و نازناوی دیکەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە هەندێکیان وەک هاوواتا و هەندێکیشـــیان بە پێی سیفات و تایبەتمەندی خۆی جیادەبێتەوە، کە ئەمانەن، لەوانە[٢]:

١. میدیای ژمارەیی Digital Media : کە مەبەســـت لێی وەســـفکردنی هەندێک لەو بوارە میدیاییانەیە، لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە کاری بەرهەمهێنان و پەخش ئەنجامدەدەن، وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ دیجیتاڵییەکان.
٢. میدیای ئاوێتەبوو Interactive Media : لەبەرئەوەی ئینتەرنێت ئەو دەرفەتەی ڕەخساندووە، کە وەرگران بتوانن کارلێک لەگەڵ بابەتە میدیاییەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ماڵپەڕەکان بکەن، هەربۆیە ناوی میدیای ئاوێتەبوو لە میدیای نوێ نراوە[٣].
٣. میدیای تۆڕیی Network Media: بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بوونی بە بەشــێک لە پرۆســەی کاری ڕاگەیاندن لە میدیای نوێدا، هەندێک بە میدیای تۆڕیی ناویدەبەن، بەو پێیەی لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بڵاودەبێتەوە و پەیامەکانی دەگەیەنێتە وەرگرەکانی و ئەوانیش بە هەمان شێوە سود لەو تۆڕە وەردەگرن بۆ بەشداری لە میدیا نوێیەکەدا [٤].
٤. ئامرازە ســـایبەرییەکان Cyber Mediums: بە واتای ئامرازە ئەلکترۆنییەکان، ئەم ناوەش لەلایەن (ویلیام جیبســـن) داهێنرا کاتێک لە کتێبەکەیدا کە ســـاڵی ١٩٨٤ بڵاویکردەوە؛ میدیای نوێی بە ناوی میدیای جیهانی ئەلکترۆنی یان سایبەر وەسفکرد[٥].

---

[1] Feldman, T. (2012). An Introduction to Digital Media. NewYork. Sage, pp.27-34.
[٢] مصطفى، عباس (٢٠٠٨).الإعلام الجديد؛ المفاهيم والوسائل والتطبيقات. دار الشروق للنشر والتوزيع ، ص ٣٢-٣٥.
[3] "Interactive Media Guide: What Is the Interactive Media." *Mount A Libraries*, 28 Feb. 2021, libraryguides.mta.ca/interactive media.
[4] هەمان سەرچاوە
[5] Gibson, W. (1984). The seesaw log. New York: Limelight Editions.

٥. میـدیـای زانیـاری Information Media: ئەم نـاوەش وەک ئـامـاژەیەکە بۆ تێکەڵبوونی کۆمپیوتەر و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە لە ئاکامدا میدیای نوێ لە دایک دەبێت بە سـوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیارییەکان[١].

٦. میدیای فرەیی/ فرەمیدیایی Multimedia: گوزارشـت لە تێکەڵبوونی سـەرجەم ڕەگەزە میدیاییەکان وەک تێکسـت و وێنە و ڤیدیۆ لە یەک کاتدا دەکات و لەیەک ئامرازی ڕاگەیاندندا واتە فرە ڕەگەزی میدیایی[٢].

٧. میدیای ئەلکترۆنی (Electronic Media) : مەبەسـت لێی بە ئەلکترۆنیکردنی میدیا و دەزگا ڕاگەیـانـدنە میـدیـاییەکـانە، هەروەهـا بە ئەلکترۆنیکردنی پەیـام و نـاوەڕۆکە میـدیـاییەکـان و گواستنەوەیان بۆ وەرگران لە نموونەی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان[٣].

٨. میدیای بەشـداریکردن (Participatory Media): میدیای نوێ دەرفەتی بەشـداریکردنی خەڵکانی تر بە تایبەت وەرگران دەرەخسـێنێت و دەتوانن بە کۆمێنت و سـەرنج بەشـداری لە ناوەڕۆکە میدیاییەکاندا بکەن[٤].

٩. میدیای جەماوەریی (Public Media): مەبەست لە میدیای جەماوەریی، ئەوەیە کە میدیای نوێ تەنها بە دەسـت دەسـتەبژێرو دەسـەڵات و دەزگایەکی دیاریکراوەوە نییە و گشـتییە، بەو پێیەی خەڵک سـەنتەر و مەبەسـتە، نەک گروپ و دەسـتەبژێرێکی دیاریکراو ئەمەش لە پەیام و ناوەڕۆک و زمانی میدیای نوێدا ڕەنگدەداتەوە[٥].

١٠. میدیـای هـاوڵاتی (Citizen Journalism): ئەم چەمکە لەگەڵ پێشـکەوتنی ئینتەرنێتدا، لە بواری میدیادا سـەریهەڵدا و مەبەسـت لێی ئەو هاوڵاتییانەیە، کە ڕۆڵی ڕۆژنامەنوس دەبینن و هەواڵ دروسـت دەکەن وێنەی ڕۆژنامەنوسـی دەگرن و بڵاویدەکەنەوە، کە تەنانەت هەندێکجار دەبنە سەرچاوە بۆ دەزگا میدیاییە گەورەکانیش لە نموونەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان[٦].

---

[1] RAJEEV DHIR (2021) *informative Media,* Available at: https://www.investopedia.com/terms/i/interactive-media.asp (Accessed:28th February 2021).

[2] TechTarget Contributor (2021) *Multimedia,* Available at: https://whatis.techtarget.com/definition/multimedia (Accessed: 28th February 2021).

[3] هەمان سەرچاوە

[4] هەمان سەرچاوە

[5] Barbara Cochran (2010) *Rethinking Public Media* , First edn., NY: The Aspen Institute pp 43.

[6] Sonny Albarado (2021) *Citizen journalism,* Available at: https://www.britannica.com/topic/citizen-journalism (Accessed: 28th February 2021).

١١. میدیای ئینتەرنێتی (Internet Media): مەبەست لە ئاوێزانبوونی تەواوی میدیای نوێیە بە ئینتەرنێتەوە، کە ئینتەرنێت وەک ئامرازێکی سەرەکی و یارمەتیدەر بەکاردێت لە میدیای نوێدا بە تایبەت لە بڵاوبوونەوە و گەیاندنی پەیامدا[١].

١٢. میدیای جێگرەوە (Alternative Media): هەندێک سەرچاوە میدیای نوێ بە جێگرەوە و میدیای بەدیلی میدیای کلاسیک ئەژمار دەکەن، بۆیە چەمکی میدیای جێگرەوە، وەک فۆرمێکی نوێ لە میدیا هاتۆتە ناو بواری ڕاگەیاندنەوە[٢].

١٣. میدیای هاوچەرخ/ مۆدرێن(Modern Media): میدیای نوێ وەک جۆرێک لە میدیای هاوچەرخ و سەردەمیی تەماشا دەکرێت، کە لەوەی پێش خۆی ناچێت و بە کەرەستە و ئامرازی نوێ و پەیامی جیاوازتر کاردەکات بە تایبەت لەوەی لە هەمانکاتدا سەرجەم ڕەگەزەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و بە دەنگ و ڕەنگ و تێکست پەیام دەگەیەنێت[٣].

١٤. میدیای ئۆنلاین (Online Media): وەک ئاماژەیەک بۆ بوونی پەیوەندی بەهێزی ئینتەرنێت ئەم چەمکە بەکاردێت کە میدیای نوێ میدیایەکە هەمیشە لە ڕێگەی هێڵی ئینتەرنێتەوە و بە شێوەی ئۆنلاین بابەتەکان بڵاودەکاتەوە و ڕاستەوخۆ و زیندووە لە نموونەی ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان[٤].

15. میدیا کۆمەڵایەتییەکان: مەبەست لەو ماڵپەڕ و پێگە ئەلکترۆنیانەیە کە لەرێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەرفەت بە بەکارهێنەران دەدات، کە بیرۆکە و زانیاری و سەرنجەکانیان بڵاوبکەنەوە و لەگەڵ خەڵکی دیکە هاوبەشی پێبکەن، هەروەها لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵگایەکی گریمانەیی دروستبکەن و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەردا دروستبکەن [٥].

---

[1] هەمان سەرچاوە
[2] “Alternative Media Guide: What Is the Alternative Media.” *Mount A Libraries*, 28 Feb. 2021, libraryguides.mta.ca/alternative media.
[3] Sonny Albarado (2021) *modern Media,* Available at: *https://www.britannica.com/topic/modern-media* (Accessed: 28th February 2021).
[4] هەمان سەرچاوە
[5] MAYA E. DOLLARHIDE (2021) *Social Media,* Available at: *https://www.investopedia.com/terms/s/social-media.asp* (Accessed: 28th February 2021).

## باسی چوارەم/ تەکنەلۆژیای زانیاری و ڕاگەیاندن:

بە هـاتنی تەکنەلۆژیـای زانیـاری نوێ و بەدیـاریکراویی کۆمپیوتەر ڕۆژنـامەگەری، ئەو تێگەیشــتنەی جێهێشــت کە تەنها بریتیبێت لە مەرەکەبی ڕەشـــی ســەر کاغەزە چاپکراوەکان، یاخود بە مانایەکی دی کۆمپیوتەر توانی گۆڕێک بە بواری ڕۆژنامەنوســـی بدات با تایبەت ڕۆژنامە. ســەرەتای بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە ڕۆژنامەگەریدا دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی شـەسـتەکانی سـەدەی ڕابردوو، کاتێک یەکەمین ڕۆژنامە بە ئامێری کۆمپیوتەر ناوەڕۆکەکەی بە تەواوی لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە چارەسەرکرا لە زانکۆی کارۆلینای باکور لە ئەمریکا[١]، پاش ئەوە ئیتر کۆمپیوتەر هێدی هێدی بووە بەشێکی گرنگ لە پێشـەسـازی ڕۆژنامەنوسـی و دەرهێنان و چاپکردنی ڕۆژنامەکان. هاوشـانی ئەوەش تەلەفۆن بوە کارایەکی بەهێز لە ڕادیۆکاندا، کە وەک ســەرەتاییترین کردەی پەیوەندیکردنی کارلێکی دەدرێتە قەڵەم. دواتریش هاتن و بەردەستبوونی ئینتەرنێت گوژمێکی دیکەی دا بە بواری میدیا، هەر لێرەشەوە چەمکی ڕۆژنامەگەری ئەلکترۆنی سـەریهەڵدا کاتێک ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکان لەســەر ماڵپەڕەکان خرانەڕو، بە جۆرێک کە وەرگر بتوانێت قسە لەسەر هەواڵەکان بکات و کۆمێنتی هەبێت بۆیان.

مێژووی ڕاســتەقینەی یەکەمین ڕۆژنامە، کە لەســەر ئینتەرنێت بڵاوبووبێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٠، ئەویش ڕۆژنامەی (Helsingborgs Dagblad)[٢] دواتریش لە ساڵی ١٩٩٢دا (شیکاگۆ ئۆنلاین) وەک یەکەمین ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی لە ئەمریکا بڵاوبووەوە، کە لە لایەن ڕۆژنامەی کاغەزیی (شــیکاگۆ تریبون) ەوە دەردەکرا، هەروەها لە ســاڵی ١٩٩٤ ەوە، بەشــێوەیەکی فراوان ڕۆژنامە ئۆنلاینەکان، لە ئەمریکا و بەریتانیا پەرەیانسەند.

لەسـەر ئاسـتی وڵاتانی عەرەبیش لە سـاڵی ١٩٩٥دا، ڕۆژنامەی (شـەرقولئەوسـەت) بە شێوەی تێکست و وێنە لەسەر ئینتەرنێت دەرکەوت و بڵاوبووەوە، پاشانیش ڕۆژنامەی (نەهار) لە ساڵی ١٩٩٦ و هەمان ساڵیش ڕۆژنامەی (حەیاتی لەندەنی)، کە دواتر و لە ساڵانی کۆتایی دوا دەیەی سەدەی بیستدا ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکان بە شـــێوەیەکی بەرچاو هەڵکشــــان و ڕویان لە زیادبوون کرد[٣]، هەرچی پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، سەرەتای بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٩، بە تایبەت لە هەرێمی کوردســتاندا، بەو پێیەی حکومەتی ئەوســای عێراق، بە ســەرۆکایەتی (ســەدام حسێن) لە شـارەکانی ژێر دەسـەڵاتی خۆی، سـانسۆری کردبووە سەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت. لە سـاڵی ٢٠٠٣ ەوە و پاش هێرشـی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و ڕوخانی دەسـەڵاتی حزبی بەعس و (سـەدام حسێن) ئیتر کرانەوە ڕویدا بەڕووی بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا، بە شێوەیەکی فراوان، بە جۆرێک لە ٢١

---

١ د.یاس خضیر البیاتي, ٢٠١٤, مصدر سابق، ص ٣١٤-٣٢٧.

2 CVA, K. (2017). https://www.medwinpublishers.com/JOBD/JOBD16000139.pdf. Journal of Orthopedics & Bone Disorders, 1(7).

٣ د.یاس خضیر البیاتي, ٢٠١٤, مصدر سابق، ص١٤٨.

هەزار بەکارهێنەرەوە گەیشـــتە ١٢٠ هەزار بەکارهێنەر، لە مانگەکانی ســـەرەتای دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی بەعسدا[١].

بە گوێرەی ئامارەکان لە ســـاڵی ٢٠٢٠ دا ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ئەوانەی بە زمانی عەرەبی دەدوێن (٥,٢٪)ی کۆی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتن لە جیهاندا و بەوەش لە پلەی چوارەمدا دێت لە دوای هەریەکە لە زمانی ئینگلیزی (٢٥,٩٪) لە پلەی یەکەم و، چینی (١٩,٤٪)، ئیسـپانی (٧,٩٪)، ئیندۆنیســـی و مالیزی (٤,٣٪) لە پلەی پێنجەم و پورتوگالی (٣,٧٪) لە پلەی شـــەشـــەم و فەرەنســـی (٣,٣٪) حەوتەم و یابانی (٢,٦٪) هەشـتەم و ڕوسـی بە (٢,٣٪) پلەی نۆیەم و ئەڵمانی (٢٪) لە پلەی دەیەمدا [٢]، بەڵام هەتا ئێســـتا ئامارێکی وردی کورد زمانی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەردەســـت نییە، بەو پێیەی کورد خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆی نییەو هیچ داتایەکی ورد و زانستی نییە، کە پشتڕاستی ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە پارچەکانی کوردستان و لە سەر ئاستی جیهان بکاتەوە، بەڵام بە گوێرەی ئامارێکی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٣دا، زیاتر لە ٢ ملیۆن بەکارهێنەری ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستاندا هەبوون[٣].

ماڵپەڕە ئەلکترۆنییە کوردییەکان، ئەگەرچی مێژووی ســـەرهەڵدانیان لە دوو دەیە تێپەڕ ناکات، بەڵام هێشتا ڕوون نییە کامە مێژووی ڕاستەقینەی سەرهەڵدانی یەکەمین ماڵپەڕی کوردییە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت. (حەمە ساڵح فەرهادی) لەم بارەیەوە دەنوسـێت، (کە ڕۆژنامەی (خەبات)ی سـەر بە پارتی دیموکراتی کوردســـتـان لە ڕۆژی ١٩٩٦/١٠/١ دا بە شـــێوەیەکی ئەزموونیی یەکەمین ژمـارەی ڕۆژنامەکەی بە شێوەی ئەلکترۆنی لەسـەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکردەوە و لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٩٧ یشەوە بە شێوەی PDF لەسەر پێگەی www.xebat.net بە شێوەیەکی ئاسایی دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئەلکترۆنی کرد)[٤]. هەر ســـەبارەت بەم بابەتە (ســـامان فەوزی) دەنوســێت (ڕۆژنامەی (کوردســتـانی نوێ)ی ســـەر بە یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان، بۆ یەکەمین جار ژمارەی ئەلکترۆنی خۆی لە مانگی تشـــرینی دووەمی ســـاڵی ٢٠٠٠ دا لەســـەر ماڵپەڕی www.pukmedia.com بڵاوکردەوە)[٥]. بەدەر

---

١ خلدون غسّان) .٢٠١٨.(تطور الإنترنت في العالم العربي:[online] Available at ,.
http://archive.aawsat.com/details.asp?issueno=10261&article=425305#.W-Ru25Mzbcs [Accessed 8 Nov. 2018].
[online] Available at:
http://archive.aawsat.com/details.asp?issueno=10261&article=425305#.W-Ru25Mzbcs [Accessed 8 Nov. 2018].

2 https://www.statista.com/statistics/262946/share-of-the-most-common-languages-on-the-internet/

٣ ڕەمەزان، ئاراس(٢٠١٨). ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهێنانی زانینی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، لا ٥٩.

٤ چەند بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل ١٨. فەرهادی، حەمەساڵح. (١٩٩٨)

٥ میدیای ئینتەرنێتی و گرفتە یاساییەکانی، و: هونەر ڕەسوڵ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ل ٤٧ فەوزی، سامان. (٢٠٠٤)

لەوانەش لە تاراوگە چەند ماڵپەڕێکی کوردی دامەزران، کە دیارترینیان ماڵپەڕی (کوردستان نێت) بوو کە ساڵی ١٩٩٩ دەستی بە کارکردن کردوو دواتریش لە سەرەتاکانی ساڵەکانی ٢٠٠٠ەوە ماڵپەڕە کوردییەکان بە تایبەت هەواڵی و ڕۆژنامەنووسییەکان زیادیان کرد و وردە وردە ڕوخساری میدیای نوێ لە کوردستان بە دەرکەوت.

## باسی پێنجەم/ ناسین و تێگەیشتنی میدیای نوێ:

میدیای نوێ گرێدراوە بە هەموو بابەتێکی پەیوەست بە ئینتەرنێت لە بواری ڕاگەیاندندا، کە دەرفەتی ئاوێتەبوون دەڕەخسێنێت و پەیوەندیەکی دوو لایەنە بە ئەنجامدەگات لە نێوان نێرەر و وەرگردا، کە ئەویش پەیوەندییەکی دیجیتاڵییە، لەم بارەیەوە (ڕۆبەرت لۆگان) لە کتێبەکەیدا (تێگەیشتن لە میدیای نوێ) دەنووسێت "میدیای نوێ پرۆسەیەکی ئاسان، ئەمبارکراوە، گواستراوەیە، پەیوەندیدارە بە ئینتەرنێتەوە و زیاتر لەوەش بە ئاسانی گەڕان تێیدا دەکرێت و بەردەستە"[١]. جیاوازی نێوان میدیای نوێ و کۆن ئەو ئامڕازانەیە کە هەردوو جۆرەکە بەکاریدەهێنن، جگە لەوەی بەکارهێنەری میدیای نوێ کارا و چالاکە و بەرهەمهێنەری بەشێک لە ناوەڕۆکی زانیارییەکانە.

پرۆفیسۆر و تیۆریستی بواری نیو میدیا (لێڤ مانۆڤیچ) میدیای نوێ بە وەچەی کۆمپیوتەر دادەنێت، یاخود ئەوەی کە پشت بە کۆمپیوتەر دەبەستێت بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و زانیارییەکانی وەک ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و هەروەها پەیوەندی نێوان کۆمپیوتەر و مرۆڤ و وتە بینراوەکان و واقیعی گریمانەیی و مەڵتیمیدیا، یارییە کۆمپیوتەرییەکان، ئەنیمەیشن، ڤیدیۆی دیجیتاڵی، و کاراکتەرە تایبەتەکانی سینەما و بەرنامەو پرۆگرامە بەرجەستە و ئاوێتەبووەکانی کۆمپیوتەر.[٢]

تیۆرەکان دەکرێت یارمەتیدەربن بۆ ئەوەی پێناسەیەکی گونجاو بۆ میدیای نوێ بکرێت، لە کتێبی (میدیای نوێ The new media) دا هاتووە، میدیا هەڵدەسەنگێندرێت بە " پرۆسەیەکی کەلتوری، کە نەک تەنها پرۆسەی گواستنەوەی زانیارییە، بەڵکو بریتیە لە کۆکەرەوەیەک لە نێرەر و وەرگر، هەروەک Lisa Gitelman and Geoffrey Pingree لە کتێبەکەیاندا بە ناوی (میدیای نوێ) دەڵێن میدیای نوێ ڕەنگدانەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە لە هەمانکاتدا[٣]. زۆرێک لە سەرچاوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەر بەکارهێنانێکی ئینتەرنێت لە لایەن دەزگا

[1] Logan, R (2016).Understanding New Media. New York: Second Edition. Peter Lang, PP. 78-83.

[2] Southeastern University. (2018). What Is New Media? - Southeastern University. [online] Available at: https://online.seu.edu/what-is-new-media/ [Accessed 7 Nov. 2018].

[3] Gitelman, L. and Pingree, G. (2003). *New media, 1740-1915*. Cambridge, Mass.: MIT Press, pp. 126.

میدیاییەکانەوە دەکرێت بە میدیای نوێ ناوببرێت و دەڵێت میدیای نوێ، یاخود میدیای دیجیتاڵی بریتییە لە گۆڕینی وشەکان بۆ ژمارە[١].

(د.یاس خزر بیاتی) لە وەســـفی میدیای نوێدا دەڵێت، (میدیای نوێ یاخود میدیای دیجیتاڵی ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک شـــێواز و چالاکی ژمارەیی کە دەســـتەبەری بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی ناوەڕۆکە میدیاییەکان دەکات بە هەمو جۆرەکانییەوە، ئەویش لە ڕێگای ئامێر و ئامرازە ئەلکترۆنییەکان، کە بە ئینتەرنێتەوە پەیوەســـتکراون یاخود هەندێکجار پەیوەســـتکراوی ئینتەرنێتیش نین).[٢]

ئامرازەکانی میدیای نوێ کارئاسـانی زۆر دەکەن بۆ پەیوەندیکردن و پەیوەندی بە کۆمەڵ وەک ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و خزمەتگوزارییەکانی مۆبایلدا دەبینرێن، کە بەســـتراونەتەوە بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، ئەگەرچی ئینتەرنێت تەنها نموونەی میدیای نوێ نییە، چونکە نموونەکانی وەک ســـی دی CD و دی ڤی دی DVDو یاریە ئەلکترۆنیەکان Elctronic Gamesو کەناڵی تەلەڤزیۆنیTV و ڕادیۆ ئاسمانیەکانیش Satellite Radio بە هەمان شێوە بە میدیای نوێ ناودەبرێن ، بەڵام لەگەڵ باسکردنی میدیای نوێدا یەکسەر بیر و خەیاڵمان بۆ لای ئینتەرنێت دەچێت[٣].

بە واتایەکی دیکە بەدەر لە ڕۆژنامەو گۆڤارە چاپکراوەکان، میدیای نوێ هەموو ماڵپەڕەکانی ســەر تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی جیهانی WWW و گواستنەوە و پەخشـی دەنگ و ڕەنگ ڤیدیۆ و ژورەکانی چات و نامەی ئەلکترۆنی ئیمەیڵ و کۆمەڵگا ئینتەرنێتییەکان و لکاندنی داتا ژمارەییەکان بە مۆبایلەکەوە کورتە نامەو کامێرا دیجیتاڵیەکان ئامێری مۆبایلی دەســـتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەپڵیکەیشـــنەکانی پەیوەندیکردن و هەموو نوێگەرییەکانی دیکە لە خۆ دەگرێت[٤].

میدیای نوێ بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بەو پێشکەوتن و داهێنانەی، کە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا ڕودەدەن، بە دیاریکراویش ئەو پەیوەندگیریەی کە (وێب ٢) دەیرەخسێنێت لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشـنەکانی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان Social Media، کە لە ڕێگەیەوە بیرو بۆچوون و ئەزموون و پســـپۆڕییەکان لە سەرانسەری جیهاندا ئاڵوگۆڕدەکرێن.

بە پشـــت بەســـتن بە تیۆریەکەی (ماکلۆهان)، کە لە شـــەســـتەکانی ســـەدەی ڕابردودا باســـی (Technological determinism) حەتمیەتی تەکنەلۆژی دەکات دەتوانین بڵێین میدیای نوێ میدیای ســـــەردەمی چـاخی زانیـارییەکـانە و لەدایکبووی بەیەکگەیشـــتنی نێوان دوو دیـاردەی نوێیە کە ئەو

1 Southeastern University. (2018). *What Is New Media? - Southeastern University*. [online] Available at: https://online.seu.edu/what-is-new-media [Accessed 7 Nov. 2018].

٢ یاس خضر البیاتی، نفس المصدر ص ٢٦٥

3 Everett, A. (Ed.), Caldwell, J. (Ed.). (2003). New Media. New York: Routledge, pp. 104-109.

4 Feldman, T. (2012). *An Introduction to Digital Media*. NewYork. Sage, pp.63-71.

سـەردەمەی پێدەناسـرێتەوە، کە ئەوانیش دیاردەی تەقینەوەی زانیارییەکان Explosion Information و دیاردەی پەیوەندیکردنەو لە دوورەوە Telecommunication ، کە ئەویش پشـــت دەبەســـتێت بە بەکـارهێنـانی کۆمپیوتەر و ئـامرازەکـانی پەیوەنـدیکردن لە دورەوە بۆ بەرهەمهێنـانی زانیـاری و کاتبەسەربردن بۆ هەموو خەڵک بە شێوازێکی ئاسان و نرخێکی هەرزان، کە ئەمەیان تایبەتمەندییەکی هاوبەشـــە لە نێوان میدیای نوێ و میدیای کۆندا، بە تەنها جیاوازی ئەوەی میدیای نوێ تایبەتمەندییەکی دیکەی زیادکردووە، کە ئەویش تایبەتمەندی کارلێککردن و دوو ئاڕاســتەییە، کە لە میدیای کۆندا نییەو تاک ئاڕاستەیە[١].

تایبەتمەندی کارلێککردن، یاخود ئاوێتەبوون کە ئینگلیز وشـــەی Interaction ی بۆداناوە، ڕەهەندێکی نوێی گرنگی بۆ سەر شێوازەکانی دیکەی میدیا زیادکرد، کە هاوکات تایبەتمەندی و ڕەگەزە ســـەرەکیەکانی هەر کردەیەکی پەیوەندیکردنە کە بریتیین لە (نێرەر، پەیام، کەناڵ، وەرگر و فیدباک) ئەگەرچی ئەمە لە میدیای تەقلیدیدا، تاک ئاڕاســـتە بوو وەرگر تەنها لەبەردەم یەک بژاردەدا بوو واتە پەیامەکان یان تێکســـت بوون وەک ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، یاخود دەنگی بوون وەک ڕادیۆکان یاخود ڤیدیۆ بوون وەک تەلەفزیۆن، بەڵام بەردەســـتبوونی تایبەتمەندی کارلێککردن وایکردوە وەرگر بتوانێت لە هەمانکاتدا هەموو ڕەگەزەکان لە یەک ســـەرچاوەوە وەربگرێت کە بە مەڵتیمیدیا ناســـراوە ئەوە جگە لەوەی ســـەربەســـتە لە کـام کەنـاڵ و چ کـاتێـک پەیـامەکەی وەربگرێـت و هەروەهـا مـاف و هەلی بەشداریکردن و کارلێککردنی هەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی کەناڵە میدیاییەکاندا[٢].

ئەم تایبەتمەندییە کە بریتییە لە ئاوێزانبوونی ڕەگەزەکانی تێکســـت و وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ بە مەڵتیمیدیا ناودەبرێت، کە تەنها میدیای نوێ دەتوانێت دەستەبەری بکات بۆ وەرگر، بە جۆرێک لە زۆر سەرچاوەدا میدیای نوێ بە مەڵتیمیدیا دەناسێنرێت، بە واتای ئەوەی هەموو ڕەگەزەکانی دەنگ و ڕەنگ تێکســـت هاوشـــان و لە یەککاتدا بدرێت بە وەرگر، کە ئەوەش وا دەکات زانیارییەکە بەهێزتر و سەرنجڕاکێشتر و باوەڕپێکراوتر و کاریگەرتر بێت[٣].

بە واتـایەکی تر پەیـام لە ئـامرازەکـانی میـدیـای نوێـدا، زانیـاری ژمـارەیین، کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە ئـامـادەکراون، ئەمبـار کراون و ئیـدیتینیـان بۆ کراوە و گواســـتراونەتەوە بۆ وەرگر بە شـــێوەیەکی ئەلکترۆنی هەروەک بە هەمەجۆری ئامرازەکانی ئاســـانی بەکارهێنانی دەناســـرێتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم تایبەتمەندییانە ڕەفتار و شێوازی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بە تەواوی گۆڕی[٤].

---

[1] Stavros, A. (2013). Advances in communications and media research. Hauppauge, NY: Nova Science Pub., pp.256-267.

[2] Allan, S. (2010). Online news. Maidenhead: Open University Press, pp.132-139.

[3] Techterms.com. (2018). Multimedia Definition. [online] Available at: https://techterms.com/definition/multimedia [Accessed 7 Nov. 2018].

[4] MCQUAIL, D. (2010). McQuail's Mass communication theory. London, Sage Publications. PP 120-124.

### باسی شەشەم/ جۆرو شێوازەکانی میدیای نوێ:

وەک زۆرێک لە سەرچاوە زانستییەکانی بواری میدیا ئاماژەی بۆ دەکەن، میدیای نوێ بە شۆڕشی تەکنەلۆژی دەناسرێتەوە، میدیای نوێ بە توندی گرێدراوە بە ئینتەرنێتەوە، واتە بە بێ بوونی ئینتەرنێت ئەگەر میدیای نوێ بوونی نەبێت ئەوا زۆرێک لە مانا و واتاکەی خۆی لەدەستدەدات[١]. دەرکەوتن و گەشەی میدیای نوێش لە (web.2.0) دا بە تەواوی دەرکەوت، کە تا ئێستاش پێناسەیەکی جێگیری نییە، (Tim O’Reilly) یەکەم کەس بوە کە قسەی دەربارەی کردووە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا، هەر خۆی لە دوو کاتی جیاوازدا دوو پێناسەی جیاوازی لە ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ بۆ کردووە، هەروەک (Dale Dougherty) یش باسی لێوکردووە هەردوکیان چەمکەکە بۆ پەسنی ئاراستە تەکنەلۆژییە نوێیەکان بەکاردەهێنن و چەند تایبەتمەندییەکی بۆ دیاریکردووە، لەوانە کارلێککردن و هەماهەنگی و بەشداری بەکارهێنەر وەک سیما سەرەکییەکانی میدیای نوێ[٢].

(Web.2.0)، کە بە نەوەی دووەمی ئینتەرنێت دادەنرێت، ڕۆڵی گرنگ و گەورە دەدات بە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت و هاوکاری لە نێوان بەکارهێنەران خۆیان دەکات، کە ڕێخۆشکەرە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای ئینتەرنێتی و ئەلکترۆنی، ئەم فەلسەفەیەش لە چەند ئەپڵیکەیشن و ماڵپەڕێکدا دەردەکەوێت کە سەرەکیترینیان بریتین لە بلۆگەکان و ویکییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

لەم ڕوانگەیەوە دەگەینەوە ئەوەی، کە (web2.0)، بە تەنها دەرکەوتەی تەکنەلۆژیا نییە، بەڵکو دەرکەوتنی دوانگەکان لە لەساڵی ١٩٩٧ ەوە قسەو باس لە بارەیەوە هاتە ئاراوە و دواتر لە ساڵی ١٩٩٩دا دەرکەوت و لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بە تەواوی گەشەی کرد و دەرکەوت، هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا سەریهەڵدا، بەڵام چەمکی (web2.0) لە ساڵی ٢٠٠٤دا دەرکەوت و پەرەیسەند[٣].

میدیای نوێ لە شێواز و فۆڕمی جیاواز و جۆراوجۆردا دەردەکەوێت، کە بە ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان دەستپێدەکات و پاشان بلۆگ و ویکی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەپڵیکەیشین و مۆبایلە زیرەکەکان و تابلێتەکان و یارییە ئەلکترۆنییەکان و چەندان شێوازی دیکە دەگرێتەوە:

---

١ . أسماعيل, أ. (٢٠١٤). الاعلام المعاصر: وسائله, مهاراته, تأئيراته, أخلاقياته . وزارة الثقافة و الفنون و التراث, قطر. الدوحة. ص ١٦٣-١٧٥.

2 Zuckerman, E. (2014). New Media, New Civics?. Policy & Internet, 6(2), pp.151-168.

3 REBILLARD, F. (2011). Du Web 2.0 au Web2 : fortunes et infortunes des discours d’accompagnement des réseaux socionumériques. Hermès, (59), pp.58-75.

**آ- ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان Websites :**

لە پاش بەردەستبوونی ئینتەرنێت، ماڵپەڕ و پێگە ئەلکترۆنییەکان، وەک یەکەم دەرهاویشتەی بواری گشتی ئینتەرنێت دەرکەوت، کە خزمەتگوزاری میدیایی و گەیاندن و پێشکەشکردنی زانیاری بە تێکست و دەنگ و ڕەنگەوە پێشکەش بە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت کرد. هەروەک فەرهەنگی (dictionary) پێناسەی دەکات، ماڵپەڕ(Website) بریتییە لە کۆمەڵێک لاپەڕەی (Webpage) پێکەوە بەستراو (Linked) لە ناو تۆڕی ئینتەرنێتدا (WWW)، دەربارەی بابەتێک یان چەند بابەتێکی دیاریکراو، کە دەکرێت تاکەکەس یان دامەزراوە و گروپێک بەڕێوەیببات[1].

هەروەها فەرهەنگی بەناوبانگی (Merriam-webster) پێناسەی ماڵپەڕ دەکات، کە کۆمەڵە لاپەڕەیەکی ئەلکترۆنین لە ناو تۆڕی ئینتەرنێت، کە لە هایپەر لینک hyperlinks پێکهاتوون و بە شێوەی ئۆنلاین بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەردەستن، کە دەربارەی بابەتە جۆراوجۆرەکان بابەتیان تێدایە، وەک کۆمپانیا و دامەزراوەکانی حکومەت و پەروەردە و خوێندن و ڕێکخراو و دەزگاکانی دیکە[2].

یەکەم ماڵپەڕی ئەلکترۆنی لە ٦ی ئۆگەستی ساڵی ١٩٩١دا، لەلایەن (تیم بێرنێرس لیی-یەوە) و لە تاقیگەیەکی کۆمپیوتەریەوە لە ناوچەی (ئەلپی سویسراوە) بڵاوکرایەوە[3] و پەخشکرا، کە بە یەکەم ماڵپەڕی ئەلکترۆنی دادەنرێت لە جیهاندا، ئەگەرچی وێنەی یەکەم پەخشی نەماوە و هەڵنەگیراوە، بەڵام ڕوکاری ماڵپەرەکە لە ساڵی ١٩٩٢ دا هەیە و بەردەستە[4].

ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت وەک لە پێناسەکاندا ئاماژەیان پێدراوە، لە کۆمەڵە لاپەڕەیەک و چەند بەشێکی ئەلکترۆنی پێکدێن، کە دەربارەی بابەت جۆراوجۆرەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە زانیاری بڵاودەکەنەوە. ماڵپەڕەکان دەکرێت بابەتەکانیان لەسەر بوارێکی تایبەت و دیاریکراو بێت وەک بواری پزیشکی، کەشناسی، مێژوویی، زمانەوانی، زانستی و ئابوری، یاخود دەکرێت تەنها وەک ئامرازێکی گەڕان بن هاوشێوەی ماڵپەڕەکانی (گۆگڵ و یاهو و بینگ).

1 www.dictionary.com. (2018). the definition of website. [online] Available at: https://www.dictionary.com/browse/website [Accessed 24 Nov. 2018].
2 Merriam-webster.com. (2018). Definition of WEBSITE. [online] Available at: https://www.merriam-webster.com/dictionary/website [Accessed 24 Nov. 2018].
3 https://www.w3.org/History/19921103-hypertext/hypertext/WWW/TheProject.html
4 HuffPost UK. (2018). 21 YEARS LATER: World's First Website Still Online. [online] Available at: https://www.huffingtonpost.com/2012/08/06/worlds-first-website_n_1747476.html [Accessed 24 Nov. 2018].

**یەکەم/ جۆرەکانی ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان:**

ماڵپەڕی (Techspirited) بە گوێرەی ناوەڕۆک و جۆری ئەرک و خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی ناو ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان، کە لە ئێستادا زیاتر لە (١١٠) ملیۆن ماڵپەڕی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی جیهاندا تۆمارکراون، دابەشکاری کردووە بۆ ماڵپەڕەکان و بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشیکردوون بەمشێوەیە[١]:

١- ماڵپەڕی کۆمپانیاکان Corporate Websites : کە تایبەتن بە کۆمپانیاکان و تێیدا زانیاری دەربارەی کۆمپانیاکان و بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان و ناونیشان و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن پێیانەوە بە بەکارهێنەران دەدات، لە نموونەی ماڵپەڕی (ئەپڵ و سامسۆنگ و مارسیدس و سۆنی و ئاسیاسێڵ).

٢- ماڵپەڕی کەسیی Personal Websites: ئەوانەن کە لەلایەن کەسێکەوە خاوەندارێتی دەکرێن و ژیاننامە و چالاکییەکانی خۆیی تێدا بڵاودەکاتەوە، لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە خۆی ئارەزوی دەکات، ئەم ماڵپەڕانە تا ڕادەیەک سنوردارن و بڵاوبوونەوەیان زۆر فراوان نییە، مەگەر کەسەکە خۆی زۆر ناسراو بێت، لە نموونەی ئەم جۆرە ماڵپەڕە کەسییانە ئەستێرە سینەماییەکان و نوسەر و داهێنەر و وەرزشکارە ناسراوەکانن.

٣- ماڵپەڕی فلاش Flash Websites: ئەمەیان یەکێکە لە هەرە بەربڵاوترین جۆرەکان کە لە ڕێگای ڤیدیۆ و گرافیکەوە بابەتی هەمەچەشن و جۆراوجۆر پەخشدەکات بۆ بەکارهێنەران و وەرگریش دەتوانێت بە خواستی خۆی ڤیدیۆ بڵاوبکاتەوە و بگەڕێت بۆ ئەو بابەتەی کە خۆی ئارەزوی بینینی دەکات، هەروەها ڕێگایەکی باشیشە بۆ ڕیکلامکردن لە نموونەی (یوتیوب Youtube و دەیلی مۆوشن dailymotion وڤیمیۆVimeo).

٤- ماڵپەڕە بازرگانی ئەلکترۆنییەکان E-commerce Websites : ئەم جۆرەیان ئەوانەن کە تایبەتن بە بواری کڕین و فرۆشتنی ئەلکترۆنی و بازاڕکردنی ئەلکترۆنی، کە ڕێگە بە بەشداربووان دەدات لە ڕێگەی ئەو ماڵپەڕانەوە کەلوپەل و پێداویستییە جۆراوجۆرەکانیان لە سەرانسەری جیهاندا بە ڕێگەیەکی ئاسان بکڕن و بفرۆشن. لە نموونەی ئەم ماڵپەڕانە ماڵپەڕی (ئەمازۆن Amazon و ئیبەی eBay و ئەلی بابا Alibaba).

٥- ماڵپەڕە نێتۆرکی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان Social Media and Networking Websites : لە ئێستادا ئەم ماڵپەڕانە ئەوانەن، کە زۆرترین سەردانکەریان هەیە و ئەوانەن کە لە ڕێگەیەوە خەڵک پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن و هاوڕێیەتی دروستدەکەن و خەڵکی نوێی تێدا دەناسن و هەروەها دەتوانن

[1] Techspirited. (2018). Different Types of Websites. [online] Available at: https://techspirited.com/types-of-websites [Accessed 24 Nov. 2018].

بیرو بۆچوون و وێنە و بابەتەکانی دیکەی ژیانی ڕۆژانە لەگەڵ یەکتردا هاوبەشی پێبکەن. ئەم ماڵپەڕانە لە ئاستی کەسی و بازرگانی و تەنانەت سیاسیشدا بەکاردێن و سودیان لێوەردەگیرێت، لە نموونەکانی ئەم ماڵپەڕانە (فەیسبوکFacebook ، تویتەرtwitter ، لینکدئین Linkedinو ئینستاگرام Instagramو سناپچاتSnapchat و مای سپەیسMy space پین Pin ).

٦- ماڵپەڕی ئاڵوگۆڕ و بڵاوکردنەوەی وێنە Photo-sharing Websites: ئەم ماڵپەڕانە تایبەتن بە وێنە، کە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات وێنەکانیان هاوبەشی پێبکەن و بڵاویبکەنەوە و دەکرێت وێنەی جۆراوجۆریش دەربارەی بوارەکانی ژیان ببینن، لە نموونەی ماڵپەڕی (فلیکر Flickr، گێتی ئیمەیج Getty Images و فاستلاین میدیا Fastline media و جەی ئارjR customization ).

٧- ماڵپەڕی بلۆگ Blogs Websites: کە ئەمەش وەک شێوەیەکی بچوککراوەی ماڵپەڕەکانە و بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبووەتەوە، کە بلۆگەرەکان دەتوانن لە ڕێگەیەوە بابەتاکانیان بڵاوبکەنەوە و خوێنەرەکانیان لێی ئاگاداربن و پەیوەندیان پێوەبکەن، لە نموونەی بەربڵاوی ماڵپەڕە بلۆگییەکان، ماڵپەڕی بەناوبانگی (هەفینگتن huffingtonpost) پۆستە کە بە زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان ماڵپەڕی هەیە.

٨- ماڵپەڕی بەگەڕخەری گەڕان Search Engine Websites: ئەمە ئەو ماڵپەڕانەن، کە بە ئامێرەکانی بەگەڕخەر ناسراون، کە تێیدا بەکارهێنەران دەتوانن پرۆسەی بەگەڕخستن بۆ هەر بابەت و شتێک کە دەیانەوێت ئەنجام بدەن، ئەو ماڵپەڕەش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وەڵامی دەداتەوە و گەڕانەکەی بۆ ئەنجام دەدات، لە نموونەی ئەم جۆرە ماڵپەڕە، (گۆگڵGoogle و یاهوو Yahoo، بینگBing ).

٩- ماڵپەڕی ویکیی Wiki Websites : ئەم جۆرە ئەو ماڵپەڕانە دەگرێتەوە، کە بەکارهێنەران دەتوانن گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا بکەن و هەمواری بکەنەوە و زانیاری بۆ کەم و زیاد بکەن. ماڵپەڕی ویکیەکان زانیاری فراوانی دەربارەی هەر بابەتێک تێدایە، کە بەکارهێنەر دەیەوێت و وردەکاری پێدەبەخشێت و بە زۆربەی زمانەکانی جیهان بەردەستە و لە چەند ئاست و جۆرێکدا ماڵپەڕی جۆراوجۆری ویکی هەیە، لەوانە (ویکیپێدیاWikipedia ، ویکی هاوwikihow، ویکی ماپیا Wikimapia).

١٠- ماڵپەڕە حکومی و فەرمییەکان Government and Official websites : ئەمانە ئەو ماڵپەڕانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن حکومەتەکان و دامودەزگا و ڕێکخراوەکانەوە بەڕێوە دەبرێن و زانیاری دەربارەی دەزگا و دامەزراوەکە و بواری پەیوەندیکردن و گەڕان بۆ خوێنەران لە بوارەکانی خۆیاندا دەرەخسێنن، لە نموونەی ماڵپەڕی حکومەتەکان و وەزارەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان، وەک (USA, UN, FIFA, Human rights watch).

١١- ماڵپەڕە خزمەتگوزارییەکان Service Websites : ئەو ماڵپەڕانەن، کە لە بوارێکی دیاریکراو یان لە چەند بوارێکدا زانیاری و خزمەتگوزاری بە بەکارهێنەران دەدەن لە نموونەی ماڵپەڕەکانی نەخشە و کەشوهەوا و زانیاری گشتی و فەرهەنگ و پێوانەسازی و بوارەکانی دیکە، وەک (ماڵپەڕی یاهووYahoo ، کەشوهەواweather forecast).

١٢- ماڵپەڕە هەواڵییەکان News Websites : ئەمانە ئەو ماڵپەڕانەن، کە ڕۆژانە هەواڵ و زانیاری ڕۆژنامەوانی و نوێ دەدەن بە وەرگران و لە تازەترین زانیاری و هەواڵ ئاگاداریان دەکەنەوە، لە نموونەی (ماڵپەڕی ئاژانسەکان و دەزگا هەواڵییەکانی وەک بی بی سی و سی ئێن ئێن و نیویۆرک تایمز).

لێرەدا مەبەستمانە لەسەر ئەم بابەتە زیاتر بدوێین، چونکە ماڵپەڕە هەواڵییەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو دەچنە خانەی میدیای نوێوە و بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی دابەشی چەند جۆرێک دەبن:

١- ماڵپەڕی دەزگا ڕاگەیاندنە نەریتییەکان: دەزگا ڕاگەیاندنە نەریتییەکانی وەک ڕۆژنامەو ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن، بە هاتنی ئینتەرنێت هەوڵیان دا ماڵپەڕی تایبەت بە خۆیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دابمەزرێنن و لە ئێستادا زۆربەی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان شانبەشانی دەزگاکانیان، خاوەنی ماڵپەڕی تایبەت بە خۆیانن و جگە لە مادە بڵاوکراوەکانی دەزگاکانیان، هەندێکیان خزمەتگوزاری هەواڵی و بابەتی دیکەش لە ماڵپەڕەکەدا بڵاودەکەنەوە، وەک ( BBC, CNN, Aljazeera, New York KNN, Rudaw, Kurdsat, Kwrdstani ،times , Al-Arabyia, Sky news , The guardian. .(nwe.

٢- بەشێکی دیکە لە دەزگاکان تەنها ماڵپەڕی ئینتەرنێتیان هەیە و وەک ئۆنلاین میدیا کاردەکەن و تەنها لەسەر ئینتەرنێت بڵاودەبنەوە، وەک ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکانی لە نموونەی (هاڤینگتۆن پۆست Huffington post و ئیندیپێندێنتIndependent )، پاش ڕاگرتنی چاپی کاغەزی، (ئیلاف، مەکتوب، سبەی، خەندان، شارپرێس، ئاوێنە).

## ب- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان Social Media :

لە ڕووی مێژووییەوە، سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ساڵی ١٩٦٠ دەگەڕێتەوە[1]. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەمکێکی فراوانەو چەندان ماڵپەڕی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت، کە دیارترینیان فەیسبوک و تویتەر و ئنستاگرامە.

[1] Dijck, J. (2013). The culture of connectivity. New York: Oxford University Press, pp.32-41.

لە سـەرەتای سـاڵانی شـەسـتەکانی سـەدەی ڕابردووەوە، کاتێک کۆمپیوتەر داهێنرا هاوکات شێوازی سەرەتایی نامەی ئەلکترۆنی پەرەیپێدرا، لە ساڵانی حەفتاکاندا تەکنەلۆژیای تۆڕیی پەرەیسەند هەتا لە سـاڵی ١٩٧٩ بەکارهێنەران توانییان لە ڕێگەی نامەی ئەلکترۆنی سـەرەتاییەوە پەیوەندی بە یەکەوە بکەن[١].

لە هەشـتاکاندا کۆمپیوتەری ماڵان زیاتر بڵاوبوەوە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش ئاڵۆزتر بوون چات و گفتوگۆ، کە پشت بە ئینتەرنێت ببەستێت بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٨دا بەکارهات و بەردەوام بوو لە پەرەسـەندن هەتا سـاڵانی نەوەدەکان. یەکەم ماڵپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سـاڵی ١٩٩٧ دروسـتکرا، بە ناوی Six Degrees کە بەکارهێنەران دەیانتوانی پرۆفایلی خۆیان بڵاوبکەنەوە و هاوڕیەتی دروستبکەن لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکە[٢].

لە ساڵی ١٩٩٩ یەکەمین سایتی بلۆگین بڵاوبوەوە، بە جۆرێک کە بووە سەرچاوەی ئەوەی ئێستا بە ناوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەردەسـتەو ناوبانگی دەرکردووە. دوای داهێنانی بلۆگین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەرەیانسەند و ناوبانگیان پەیداکرد، لە سەرەتای ٢٠٠٠ کاندا ماڵپەڕەکانی، وەک (مای سـپەیس MySpace و لینکیدئین LinkedIn) ناوبانگیان پەیداکردو، دوای ئەوانیش ماڵپەڕەکانی (Photobucket و Flickr)، بۆ یەکەمجار ئەو هەلەیان ڕەخساند کە بەکارهێنەران بە شێوەی ئۆنلاین وێنە بڵاوبکەنەوە و دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٥ (یوتیوب YouTube) پەیدا بوو، بۆ بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و دەنگ و ڕەنگ، کە ئەمانە پێکەوە ڕێگەی نوێیان بۆ بەکارهێنەران ڕەخساند لە سەرانسەری جیهانەوە پەیوەندی بە یەکەوە بکەن و وێنە و ڤیدیۆ بڵاوبکەنەوە و لەگەڵ یەکتر هاوبەشی پێبکەن[٣].

سـاڵی ٢٠٠٦ هەریەک لە ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکانی (فەیسـبوک Facebook و تویتەر Twitter) بەردەسـتکران بۆ بەکارهێنەران لە سـەرانسـەری جیهاندا، کە ئێسـتاش ئەو دوو تۆڕە کۆمەڵایەتییە لە پێشـەنگی تۆڕەکانی دیکەدان، بە گوێرەی ژمارەی زۆریی بەکارهێنەران و کاریگەرییان[٤].

---

1 Trends, S., Now, C. and Hendricks, D. (2018). Complete History of Social Media: Then And Now - Small Business Trends. [online] Small Business Trends. Available at: https://smallbiztrends.com/2013/05/the-complete-history-of-social-media-infographic.html [Accessed 26 Nov. 2018].

2 Trends, S., Now, C. and Hendricks, D. (2018). Complete History of Social Media: Then And Now - Small Business Trends. [online] Small Business Trends. Available at: https://smallbiztrends.com/2013/05/the-complete-history-of-social-media-infographic.html [Accessed 26 Nov. 2018].

3 هەمان سەرچاوە

4 Ahmad, I. and Ahmad, I. (2018). The History of Social Media [Infographic]. [online] Social Media Today. Available at: https://www.socialmediatoday.com/news/the-history-of-social-media-infographic-1/522285/ [Accessed 26 Nov. 2018].

(ئینسایکلۆپیدیای ئینڤێستپیدیا) بەم جۆرە پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات؛ "دەستەواژەیەکە بەکاردێت بۆ وەسفکردنی هەر ماڵپەرو پێگەیەک لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، کە هەلی ئەوە دەڕەخسێنێت بۆ بەکارهێنەر کە پەڕە و ئەژماری تایبەت بە خۆی دروستبکات و بیخاتەڕو بۆ بەکارهێنەرانی دیکە، هەروەها بواری ئەوەش دەڕەخسێنێت پەیوەندی کەسی دروستبکرێت، لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکە کە دێنە ناو ئەو لاپەڕە کەسییەوە. پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت بەو پێگانەی پێوەسف بکرێت کە سروشتێکی کۆمەڵایەتیان هەیە، گروپی گفتوگۆی زیندوی تێدایە، ژوری چات و بیروڕا گۆڕینەوەی تێدایە لەگەڵ هەندێک تایبەتمەندی دیکە[١].

هەروەها فەرهەنگی کامبێرج پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بەوەی ماڵپەڕو بەرنامەی کۆمپیوتەرین، کە ڕێگە بە خەڵک دەدات پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن و زانیارییەکانیان هاوبەشی پێبکەن لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و مۆبایلەکانیان[٢].

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی پەیوەندی ئاسۆیی لە نێوان خەڵک و بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتدا بەکاردێت و زانیاری و بیروڕای تێدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت و دەتوانرێت وەک شۆڕشی دووەمی ئینتەرنێت ناوببرێت بەو پێیەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکانی بردە قۆناغێکی دیکەوە، چونکە شێوازی پەیوەندیکردنی خەڵک و کارلێککردنیان، شێوازی بازاڕکردنی بەرهەمەکان و کڕین و فرۆشتن و پەیوەندی نێوان حکومەتەکان و هاوڵاتیانیش گۆڕانکاری بەسەردا هات، شێوازی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمپانیاکانیش گۆڕان، تەنانەت تێگەیشتن لە کاری خۆبەخشی و چالاکی سیاسی و سیاسییەکان و کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و مافپەروەر و ڕۆژنامەنووسانیش گۆڕانکاری بەسەردا هات. لە ئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەلی بەشداری سیاسی ڕەخساندوە و ڕۆڵی لە پرۆسەی دیموکراسیشدا هەیە [٣].

لە بواری میدیا و ڕۆژنامەگەریشدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەت و هەلی دیکەی هێنایە ناو کایەی ڕۆژنامەوانی بەو پێیەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی میدیای لە ژێر دەستەبژێرو گروپ و دەستە و حکومەتەکان سەندەوە[٤]. ئەم تۆڕانە لە هاوشێوەی (فەیسبوک و تویتەر) بە شێوەیەکی بەرچاو هێزیان

---

[1] Staff, I. (2018). Social Media. [online] Investopedia. Available at: https://www.investopedia.com/terms/s/social-media.asp [Accessed 26 Nov. 2018].
[2] Dictionary, S. (2018). SOCIAL MEDIA | meaning in the Cambridge English Dictionary. [online] Dictionary.cambridge.org. Available at: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/social-media [Accessed 26 Nov. 2018].
[3] Kirkpatrick, D. (2012). The facebook effect. [Sydney]: Read How You Want/Accessible.
[4] Tyma, A. (2015). Book Review: Journalism and Memorialization in the Age of Social Media, by Peter Joseph GloviczkiGloviczkiPeter JosephJournalism and Memorialization in the Age of Social Media. New York, NY: Palgrave MacMillan, 2015. 185 pp. Journalism & Mass Communication Educator, 71(2), pp.251-252.

دایە بەکارهێنەران و خەڵک بە گشـتی و تەنانەت چەمکی نوێی وەک ڕۆژنامەگەری هاوڵاتی citizen journalism سـەریهەڵدا و خەڵک خۆویسـتانە دەتوانن کاری ڕۆژنامەوانی بکەن و پەیام و زانیاری بگەیەنن و هەندێکجار ببنە سەرچاوە بۆ دەزگا میدیاییە گەورەکانیش[١].

- **جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

گەشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی خێرایە و هاوشێوەی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی فراوان زیاد دەکات و پەرە دەسـتێنێت و جۆر و شـێوازی نوێیان لێدەردەکەوێت. ماڵپەڕی (بیگ کۆمێرس) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ چەند جۆرێک لەسەر بنەمای جۆری کارکردنیان بەم شێوەیە دابەشکردووە [٢]:

١. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان Social Networking، کە زیـاتر بۆ پەیوەنـدی و یەکترنـاسـینی کۆمەڵایەتی و پیشـەیی بەکاردێن لە نموونەی (فەیسـبوکFacebook ، لینکیدئینLinkedIn ، گوگڵ پڵەس Google Plus ).
٢. تۆڕە بلۆگییە بچوکەکان Microblogging ، ئەوانەن کە هاوشـێوەی بلۆگەکان خەڵک دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ هەوادار و هاندەر و خوێنەرانیان دروسـتبکەن، وەک (تویتەرTwitter و تەمبلرTumblr ).
٣. سـەکۆکـانی بڵاوکردنەوەی وێنە Photo Sharing ، کە ئەو تۆڕانە دەگرێتەوە کە زیـاتر بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە و ئاڵوگۆڕکردنی بەکاردەهێنرێت و بایەخی کەمترە بۆ تێکسـت و نووسـین لە نموونەی (ئنستاگرامInstagram ، سناپچاتSnapchat و پینتێرێستPinterest ) .
٤. بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ Video Sharing، ئەم جۆرانە تایبەتن بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و لایڤ و پەخشکردن، لە نموونەی (یوتیوب Youtube ، فەیسبوک لایڤ Facebook live ، پێریسکۆپ Periscope و ڤیمیۆVimeo ).

لە ئێسـتادا ئینتەرنێت بە گشـتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی، ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤـدا هەیە و هەموو جومگە و بوارەکـانی ژیـانی مرۆڤـایەتییـان کۆنترۆڵکردووە، بە شـێوەیەکی گشـتی کاریگەری و گۆڕانکاری زۆریان لە کار و ژینگە و پیشـەسـازی ڕۆژنامەگەریدا

[1] Hayes, K. and Silke, H. (2018). The Networked Freelancer?. Digital Journalism, 6(8), pp.1018-1028.

[2] Jolly, W. (2018). The 6 Most Effective Types of Social Media Advertising in 2018. [online] The BigCommerce Blog. Available at: https://www.bigcommerce.com/blog/social-media-advertising/#what-are-the-benefits-of-advertising-on-social-media-channels [Accessed 26 Nov. 2018].

دروســـتكرد و میدیـایـان بردە قۆنـاغێکی نوێ لە ڕووی فۆرم و نـاوەڕۆک و ژینگەی کـارکردن و بنەماکانی کارکردنەوە[١].

بە گوێرەی ئامارەکانی ماڵپەڕی (Internetlivestats)، کە بایەخ بە بواری ئینتەرنێت دەدات و بەردەوام لە نوێبوونەوەدایەو لە ئێستادا زیاتر لە ٤ ملیار و ٨٢ هەزار کەس، لە سەرانسەری جیهان ئینتەرنێت بەکاردێنن. ژمارەی ماڵپەڕەکانی ســەر تۆڕی ئینتەرنێت بریتین لە ١,٩٣٣,٨٨٥,٢٠٣ مـاڵپەڕ. تەنهـا ئەمڕۆ[٢] ٢١١,١٧٣,٦٥٢,٣٥٣ ئیمەیـڵ نێردراوە، هەروەهـا ٤,٩٦٣,٩٨٢ بلۆگ پۆســـتکراوە. بەکـارهێنەرانی تویتەر ٦١٢,٤١٦,٥٥٨ تویتیـان کردووە. تەنهـا لە ڕۆژێکـدا ٥,٦٥٧,٦٣٩,٩٨١ ڤیدیۆ لەسەر تۆڕی یوتیوب تەماشاکراوە. ٦٥,٣١٧,٠٧٢ وێنە لە تۆڕی ئینستاگرام ئەبلۆدکراوەو بڵاوکراوەتەوە. بەکارهێنەرانی فەیســـبوک ژمارەیان گەیشـــتووەتە ٢,٣٦٦,٩١٠,١٦٣ بەکارهێنەر و بەکـارهێنەرانی تویتەر گەیشـــتووەتە ٣٤١,٢٨٢,٦٦٤ بەکـارهێنەر. تەنها لەم ڕۆژەدا ٦٠٦,٢٩٤ کۆمپیوتەر و ٣,٥٦٦,٠٠١ مۆبایلی زیرەک و ٣٨٩,٩٠٧ تابلێت فرۆشراوە[٣].

ســەنتەری توێژینەوەی (پیوی ئەمریکی)، لە ڕاپۆرتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵی ٢٠١٨ دا، دەڵێت کە زۆرینەی ئەمریکییەکان بە ڕێژەی ٦٨٪ دا ڕۆژانە و بە شـــێوەیەکی بەردەوام فەیســـبوک و یوتیوب بەکـاردەهێنن، بەڵام گەنجـانی ئەمریکـا بە ڕێژەی ٧٨٪ دا، بەکـارهێنەری ئینســـتـاگرام و سناپچاتن[٤].

ئامار و داتاکان ئاماژەی ئەوەن، کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕوو لە زیادبوونن و ئەمەش ئاماژەی کاریگەری ئەو تۆڕانەیە لەســـەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانیان لە ئاســـانکردنی کارەکانی ڕۆژانە لە پەیوەندیکردن و بازاڕکردن و جێبەجێکردنی مـامەڵە بـانکی و کـارگێرییەکـان و ســـودوەرگرتن لە بواری پەروەردە و فێرکردن و بـازرگـانی و کاتبەسەربردن.

لەمڕۆدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای نوێ کاریگەری و ڕۆڵی زۆریان لەســـەر کایەکانی ژیـانی مرۆڤـایەتی دروســـتکردووە و وەک میدیـای جێگرەوە بۆ میدیـای نەریتی تەمـاشـــادەکرێت.

---

[1] Anon, (2018). [online] Available at: https://www.researchgate.net/publication/263389310_Social_media's_impact_on_journalism_A_study_of_media's_coverage_of_anti-corruption_protests_in_India [Accessed 26 Nov. 2018].

[2] ٢٧ی١١ی ٢٠١٨

[3] Internetlivestats.com. (2018). Internet Live Stats - Internet Usage & Social Media Statistics. [online] Available at: http://www.internetlivestats.com/ [Accessed 27 Nov. 2018].

[4] Pew Research Center: Internet, Science & Tech. (2018). Social Media Use 2018: Demographics and Statistics. [online] Available at: http://www.pewinternet.org/2018/03/01/social-media-use-in-2018/ [Accessed 27 Nov. 2018].

بەکارهێنەرانی میدیای نوێ ئەگەرچی خۆیان کاراکتەرێکی سەرەکین لە میدیاکەدا بەڵام کاریگەرن بەو لێکەوتەو دەرهاویشتانەی ئەو میدیایە لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان بەجێیدەهێڵێت. تەکنەلۆژیا و میدیای نوێ گۆڕانکاری گەورەیان بەسەر کایەی ڕۆژنامەگەریدا هێنا[١].

- **شێوازەکانی دیکەی میدیای نوێ :**

١. میدیای نوێی تەنها پشتبەستوو بە کۆمپیوتەر بە بێ هێڵی ئینتەرنێت Offline؛ ئەم جۆرە کۆنترین جۆری میدیای نوێیە، کە مەبەست لەو ئامرازانەیە کە بە بێ ئینتەرنێت زانیاری تێدا هەڵدەگیرێت و دەگوازرێتەوە، وەک CD و DVD و Hard Disk و یارییە ئەلکترۆنیەکان و کتێبە ئەلکترۆنییەکان و فیلم و فێرکارییەکان و ئەو بابەتانەی دەتوانرێت بە بێ هێڵی ئینتەرنێت سودیان لێوەربگیرێت.

٢. میدیای نوێی پشتبەستوو بە هۆکارە کۆنەکانی ڕاگەیاندن وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، کە ئاوێتەی یەکتربوون و چەند سیفەتێک بۆ هۆکارە ڕاگەیاندنەکە زیاد بووە، وەک کارلێکردن و دیجیتاڵیبوون و وەڵامدانەوە، وەک ئەوەی لە بەرنامە ڕاستەوخۆکان و پەیوەندی وەرگران و بەرهەمهێنانی بەرنامە و پەیامە میدیاییەکانەوە دەردەکەوێت.

٣. میدیای نوێی پشتبەستوو بەو ئامێرە ئەلکترۆنییانەی کە توانای گواستنەوەیان هەیە، وەک کۆمپیوتەری کەسیی و تەلەفۆن و تابلێت و ئامێرەکانی خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارەکان، کە بەردەوام لە گەشەکردندان و بەرنامەی نوێیان بۆ کارئاسانی بۆ زیاد دەبێت.

٤. میدیای نوێی پشتبەستوو بە ئینتەرنێت Online و پرۆگرام و ئامرازەکانی، کە ئەمەیان نوێترینیانە و تایبەتمەندی نوێ و بێوێنە لە خۆدەگرێت و بەردەوام لە گەشەکردن و پێشکەوتندایە، کە خۆی لە مۆبایلە زیرەکەکان Smartphone و ئامرازەکانی دیکەدا دەبینێتەوە، هەروەها بەرنامە و ئەپڵیکەیشنەکانی دیکە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە وێنەی فەیسبوک و تویتەر و سناپ چات و ئینستاگرام و یوتیوب و ئەوانی دیکە[٢].

بە لە بەرچاوگرتنی هەمەجۆری پێناسەکان، ناساندن و دانانی یەک پێناسەی جێگیر بۆ میدیای نوێ، کارێکی نیمچە ئەستەمە، بەو پێیەی خوێندنەوەی جیاواز و هەمەجۆر دەربارەی چەمکەکە هەیە و خودی میدیای نوێش ڕۆژانە و بەردەوام لە گەشەسەندن و پێشکەوتندایە، بە جۆرێک ئەوەی ئەمڕۆ نوێیە سبەی کۆن دەبێت و شێواز و تەکنیکی نوێ دێتە کایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەکرێت چەند سیفات

---

[1] Michel, O. (2018). How Social Media has changed Journalism – Irish Tech News. [online] Irishtechnews.ie. Available at: https://irishtechnews.ie/how-social-media-has-changed-journalism/ [Accessed 27 Nov. 2018].

[2] Kember, S. and Zylinska, J. (2015). Life after new media. Cambridge (Mass.): MIT, pp.127-139.

و خاڵێکی هاوبەش دەســـتنیشـــانبکرێت دەربارەی میدیای نوێ لەگەڵ خۆی هێناویەتی، کە دیارترینیان تایبەتمەندی کارلێککردنە Interaction، کە لە ڕێگەی هەردوو تایبەتمەندی کەســی Individuality و تایبەتێتی خۆیی Customization نمایندە دەکات.

میدیای نوێ زیاتر میدیایەکی کەسـییە و دەکرێت کەسـێک لە ڕێگەی کۆمپیوتەرێکی کەسـییەوە میدیایەک بەڕێوە ببات و پەیام بڵاوبکاتەوە، هەروەها ئینتەرنێت ئەو دەرفەتەی ڕەخســـاندووە، کە تاکە کەسێک بتوانێت بگەڕێت بۆ زانیاری و هەواڵ و گۆرانی و فیلم و بابەتی زانستی و هەر شتێکی دیکە، کە خۆی مەبەسـتییەتی و لەو کاتەشـدا کە خۆی دەیەوێت بە پێچەوانەی میدیای نەریتیی (کلاسـیك)، کە دەبوو وەرگر لەکاتێکی دیاریکراودا و ئەو بابەتانە وەربگرێت کە دەزگا ڕاگەیاندنەکە پێشکەشی دەکرد.

ئێسـتا وەرگر ئەو هەواڵە وەردەگرێت کە مەبەسـتیەتی، گوێ لەو گۆرانیە دەگرێت کە ئارەزوی دەکات، کام فیلمی حەز لێبێت تەماشـــای ئەوە دەکات، هەروەها خۆی بڕیار دەدات لە چ کاتێدا و بە چ شـێوازێک سـەیری بابەتە میدیاییەکان دەکات و لەوەش زیاتر دەتوانێت دوبارە ئەو بابەتانە بڵاو بکاتەوە و تەنانەت هەندێکجار خۆشی دەبێتە بەرهەمهێنەر و دروستکەری بابەت و هەواڵەکان.

(مەکوەیل) دەربارەی میدیای نوێ دەڵێت: "ئەم میدیایە بە ئامڕاز و زمانە جیاوازەکەی، کە نەوەکانی پێشوو لێی تێناگەن، تەنانەت میدیاکار و سیاسیەکانی سەردەمانی پێشووش لەم میدیا نوێیە ناگەن، چونکە میدیای نوێ ئەو ســـیفاتەی لە میدیا داماڵی، کە وەک پیشـــەســـازییەکی ئاڵۆز و تێچوو بەرز لە ڕوی داراییەوە، چونکە میدیای نوێ هەم سادەیە و هەمیش لە ڕوی تێچوونەوە کەمی تێدەچێت.

لەوەش گرنگتر، میدیای نوێ و ئامرازەکانی میدیاییان لە دەســـت و هەژموون و کۆنترۆڵی حکومەت کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و ســـنوربڕەکان دەرهێنا. ئینتەرنێت بیرۆکەی ســـود و لۆژیکی دەسـتبەسـەراگرتن و کۆنترۆڵکردنی میدیای ڕەتکردەوە، بۆ نموونە لە ڕێگەی یاسـا و ڕێوشـوێنەکانەوە چۆن دەتوانین کۆنترۆڵی ملیۆنان تویت و پۆستی فەیسبوک بکەین ؟

هەر بۆیە پێوانەی میدیـای نوێ لەمڕۆدا، بریتییە لە خێرایی و کرانەوەی تەواو لە گەیـانـدن و ئـاڵوگۆڕکردنی زانیـاری و بۆچوونەکـان کە ئەمە پێچەوانەی بنەمـاکـانی بڵاوکردنەوەیە لە ئـاژانســـە جیهانییەکانی دەنگوباس کە وردبینی پێش بڵاوبوونەوە دەکەوێت[1].

---

1 Theme, E. (2018). Download PDF by Robert Hassan, Julian Thomas: The New Media Theory Reader - Elmira Bayrasli E-books. [online] Elmirabayrasli.com. Available at: http://elmirabayrasli.com/books/the-new-media-theory-reader [Accessed 10 Nov. 2018].

## باسی حەوتەم/ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ:

میدیای نوێ دەتوانێت توانست و کارئاسانی نوێ بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەردەستبخات، کە پێشتر بوونی نەبووە بە تایبەت لە بەرهەمهێنانی ئەو بابەتانەی، کە بەکارهێنەرییە Generated Users content ، ئەوە سەرەڕای ئەوەی هەندێک لە گرنگی ئەو ناوەڕۆکە کەمدەکەنەوە، کە بەکارهێنەر بەرهەمیدەهێنێت، بەڵام ئەمە وایکردووە دەربارەی میدیاو ئەوەی وێنەی میدیا لە بنەچەوە بگۆڕێت، ئەوەیە بەکارهێنەر جیاواز لە ڕابردوو دەتوانێت بنووسێت و بڵاوبکاتەوە و بەرهەمبهێنێت، لەگەڵ ئەوەی توانای بڕینی سنورە جوگرافی و کەلتوری و زمانییەکانی هەیە[١].

ئەم مۆدێلە نوێیە بەوە دەناسرێتەوە، کە تەکنەلۆژیای نوێ بەشداری لە ڕاگەیاندندا دەکات، بە تایبەت ئینتەرنێت و پاشکۆ و داهێنراوەکانی کە سەنتەرگەرا نییە و هەموو کەس و بەکارهێنەران لە بەرهەمهێنانی گوتارە میدیاییەکان و پرۆسەی پەیوەندیکردندا دەتوانن بەشدار بن، کە ئەمە تەنها لە زۆربوونی زانیارییەکاندا کورتناکرێنەوە، بەڵکو گشتاندنی تواناکان و ڕەخساندنی دەرفەتی قسەکردنە بۆ تاکەکان و ئەوەش ڕێگەخۆشدەکات بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی گشتی کراوە، بە جۆرێک پەیوەندیکردن و کۆمۆنیکەیشنی گشتی چیتر تەنها بۆ دەستەبژێرە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی سەر بە حزب و کۆمەڵە و گروپەکان کورتناکرێنەوە[٢].

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە تایبەتمەندییانەی لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا هەن، هەر لە فرە ڕەگەزی بابەتەکانی و گواستنەوەی بە کۆمەڵ و خێرایی زۆر و هاوکاتی لە هەمو شوێنەکان و ئاوێتەبوون و بێگومان لە پشت هەموو ئەم تایبەتمەندییانە و خودی میدیای نوێوە چەند هۆکارێکی هونەری و ئابوری و سیاسی بوونیان هەیە، کە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ ڕۆڵیان هەیە، لە برەودان و پەرەسەندنی میدیای نوێدا[٣]، لەوانەش:

یەکەم: هۆکاری هونەریی، کە خۆی لەو پێشکەوتنە بێشومارەدا دەبینێتەوە، کە لەبواری کۆمپیوتەردا لە ڕوی ئامێر و پارچەکانی و پرۆگرام و سۆفتوێرەکانی هاتووەتە ئاراوە و ئەوەی پەیوەستە بە تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن بە تایبەت مانگە دەستکردەکان و تۆڕەکانی شەبەنگی ڕوناکی و بێتەل و ئینتەرنێت، کە ئەمەی دواییان چەترێکە، کە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنی لە سایەی خۆیدا کۆکردووەتەوە لە چاپکراو و بیستراو و بینراودا.

---

1 Aguado, Juan-Miguel; Martínez, Inmaculada J.(2014). “The relationship is the medium: Understanding media in a mobile age”. En: Katz, James. Living inside mobile social information. Boston, MA: Boston University Press, pp. 77-108. ISBN: 978 1 57074 128 9 http://sites.bu.edu/cmcs/files/2014/01/Living-Inside-Mobile-Social-Information.pdf

2 Ibid- هەمان سەرچاوە

3 De-Prato, Giuditta; Sanz, Esteve; Simon, Jean-Paul (2014). Digital media worlds. The neew economy of media. New York: Palgrave-Macmillan, pp.59-67.

ئامرازه جەماوەرییەکان و تایبەت و کەســـییەکانیش، کاریگەری و لێکەوتەی پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیا بەســـەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بە شـــێوەیەکی ڕون دیارە، جگە لەوەش کاریگەری خستووەتە سـەر سروشـتی ئەو پەیوەندییەی، کە بەرهەمهێنەری پەیامی میدیا و کەناڵ و ئامرازی بڵاوکەرەوەو وەرگری کەناڵ بەیەوەکەوە دەبەستێتەوە.

لە سایەی میدیای نوێدا، ڕەگەزی کات و شوێن مۆرکی پێشوتری لەدەستدا و پاشەکشەی کرد، بەربەســـتەکانی نێوان دوری و نزیکی هەڵگیران، تەنانەت تەکنەلۆژیا نزیکە لەوەی دنیای گریمانەیی تێکەڵ بە ڕاستەقینەو واقیع بکات و سنورەکانی نێوان ڕاستی و خەیاڵ هەتا ڕادەی نەمان کاڵبکاتەوە و سنوری نێوان بزر و دیار، یاخود پەیوەندی نێوان کەسە ڕاستەقینەکان و ئەو کەسایەتییانەی کە لە دنیای ئینتەرنێتدا هەن نەهێڵێت.

دووەم: هۆکاری ئابوری، کە خۆی لە بەجیهانیبوونی ئابوریدا بەرجەستە دەکات، کە بە خێرایی جوڵەی کاڵاکان و ســەرمایەدارەکان دەناسـرێتەوە، کە ئەمیش لە لای خۆیەوە پێویسـتی بە خێراکردنی تەوژم و شەپۆلی زانیارییەکان هەیە. ئەمە نەک تەنها لەبەرئەوەی زانیارییەکان کۆلکەی هاوبەشن بۆ کارئاسانی ســـەرجەم چـالاکییە ئـابورییەکـان بە بێ جیـاوازی، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەر زانیـارییەکیش بۆخۆی کاڵایەکی ئابوریی و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نرخ و گرنگییەکەی زیاتر هەڵدەکشێت[١].

بە واتایەکی دیکە، جیهانگیری ســیســـتمی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، ئامرازێکی بەهێزی ئابورییە بۆ جیهانگیری بازاڕەکان، گەشـەپێدانی ویسـتە بەکاربەرەکان لە لایەک و دابەشـکردنی کاڵا پیشەسازییە ڕۆشنبیریەکان لە مۆزیک و یاری و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە لایەکی دیکە.

ســێیەم: هۆکاری ســیاســی، کە خۆی لە بەکارهێنانی هۆکارەکای ڕاگەیاندندا لە لایەن هێز و ناوەند و کەسایەتییە سیاسیەکانەوە دەبینێتەوە، کە ئەوەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە. هۆکاری زۆری بەکارهێنانی میدیا لە لایەن سـیاسـیەکانەوە بۆ ئەو پەیوەندی و ململانێ مێژووییەی کە لە نێوان ئەو دوو کایەیەدا هەیە دەگەڕێتەوە، هەڵبەت سیاسەت و لایەنە سیاسیەکان مەبەستیانە دەستبەسەر میدیادا بگرن بە ئامانجی پاراســتنی هاوســەنگی هێز. شــاراوە نیە هاتنە کایەی تەکنەلۆژیا و گەشــەســەندنی، ئەم خواسـتەی ناوەندە سـیاسـیەکانی زیاتر کرد، لە دەسـتبەسـەراگرتنی میدیا ئەگەرچی ئەرکەکە لە پێشـوو ئاڵۆزترە بەو پێیەی میدیای نوێ میدیایەکی جەماوەرییە و هی هەموو خەڵکە کۆنترۆڵکردنی ئاسـان نییە وەک پێشتر دەکرا[٢].

---

1 Ibid- هەمان سەرچاوە [p.79]

2 Omicsonline.org. (2018). [online] Available at: https://www.omicsonline.org/open-access/new-media-and-democracy-competing-visions-from-cyberoptimism-and-cyberpessimism-2332-0761.1000114.pdf [Accessed 21 Nov. 2018].

هەربۆیە بە تەنها بەربەســـت و ئاڵنگاری لە بەردەم میدیادا هاتنە کایەی ئامرازە نوێیەکان نییە، بەڵکو مامەڵەکردنە لەگەڵ ناوەڕۆکی میدیا لەوەی دەنوســـرێت و بڵاودەکرێتەوە لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێوە بە تایبەتتر ئەوەی بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناسراوە[1].

هاتنە کایەی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەلی ڕەخســـاندووە بۆ بەکارهێنەران، کە بتوانن بەدەر لەوەی لە قســـەکردن و بڵاوکردنەوە و ڕەتکردنەوەی بابەت و بڵاوکراوە میدیاییەکاندا ڕۆڵیان هەبێت، لە نێو خۆشـیاندا تۆڕێک دروسـت بکەن و بتوانن کاریگەری لەسـەر یەکتر دروسـت بکەن کە ئەمەش زەمینەی بەشداری سیاسی و چالاکی کۆمەڵایەتی زیاتر کردووە.

لەو کارئاسانییانەی میدیای نوێ بۆ بەکارهێنەرانی دەستەبەر کردووە، بریتین لە:

١. توانای پەیوەندیکردن، لە ڕێگەی خزمەتگوزاری نامەی ئەلکترۆنی E-mail و کورتە نامە و Short Message Service SMS و چات و نامەی دەنگی و ئەوانی دیکە.
٢. Wiki، ئەم خزمەتگوازرییە بریتییە لە ماڵپەڕێک، یاخود داتابەیســـێکی هەرەوەزی، کە چەند بەکارهێنەرێک دەتوانن بابەتی تێدا بڵاوبکەنەوە و تێیدا بنووســـن، لە نموونەی Wikipedia و هاوشێوەکانی.
٣. خوێندن و فێرکردن لە ڕێگەی هۆکارەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی ئەلکترۆنی.
٤. ڕەخســـاندنی هەلی خۆشـــی و کاتبەســـەربردن، لە ڕێگەی هەمەچەشـــنی ئامراز و بابەتە بڵاوکراوەکان، کە بۆ هەموو ئاستە جیاوازەکانی تەمەن هەلی ڕەخساندووە لە نموونەی یاری و بابەتە ئەلکترۆنیەکانی دیکە، بە هۆی ئینتەرنێت و تەنانەت بە بێ هێڵی ئینتەرنێتیش کاردەکەن کە دەکرێت لە یەک کاتدا چەند کەسێک لە چەند شوێنێکی جیاوە هەمان یارییکەن[2].

لەبەر ئەو هۆیانەو چەند هۆکارێکی دیکە، هەندێک پێناســـەی میدیای ئەلکترۆنی بە میدیای بەشـــداریکردن یان هاوبەشـــیکردن دەکەن، چونکە هەر بابەتێک لەســـەر تۆڕی ئینتەرنێت دەکرێت کۆمێنتی لەســـەر بنوســـرێت یان لە نێوان بەکارهێنەراندا ئاڵوگۆڕی پێبکرێت، یاخود بەرهەمی دیکەی لەســـەر دروســـتبکرێت یاخود بۆچوونی جیاواز و نوێی لەســـەر دروســـتببێت، کە ئەمانە وەک بانکێکی زانیاری بە بێ بەرامبەر و لە هەموو کات و ســـاتێکدا بە زۆربەی زمانەکانی جیهان بۆ بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت بەردەستە.

---

[1] Noguera-Vivo, José-Manuel; Bourdaa, Melanie; Villi, Mikko; Nyiro, Nora; De-Blasio, Emiliana (2013). “The role of the media industry when participation is a product”. In: Carpentier, Nico; Schroder, Kim; Hallett, Lawrie (eds.). Transformations. Late modernity´s shifting audience positions. New York: Routledge, pp. 172-190
[2] De-Prato, Giuditta; Sanz, Esteve; Simon, Jean-Paul (2014). Digital media worlds. The neew economy of media. New York: Palgrave-Macmillan, pp.٨٥.

بە گوێرەی ئەو گفتوگۆ و دەروازە و تێگەیشـــتنانەی دەربارەی میدیای نوێ خراونەتەڕوو، دەتوانین گوزارشت لە میدیای نوێ بەم شێوەیە بکەین:

- میدیای نوێ ڕاگەیاندن و کۆموونیکەیشـــنێکی تاکلایەنە و ناچاری نییە وەک ئەوەی میدیای کۆنی پێدەناســـرێتەوە، بەڵکو وەرگر ئاوێتەی میدیایەکە دەبێت و ئەو بابەتە هەڵدەبژێرێت کە پێویســـتی پێیەتی و لەو کاتەی مەبەستێتی و دەتوانێت بەشداری لە ناوەڕۆکە میدیاییەکان بکات، نەک تەنها بە بۆچوون، بەڵکو بەشـــداری و بڵاوکردنەوەی زانیاری جیاواز و نوێ دەربارەی بابەتە میدیاییەکان بەگشتی بکات.
- ئەو بنەمایانەی میدیای نوێی لەسـەر پێکدێت تەواو جیاوازە لە میدیای کلاسـیك، بنەماکانی میدیای نوێ بریتتین لە ژمارەیی (دیجیتاڵی)، ئاوێتەبوون، جەماوەری، کەســـی(تاکگەرایی)، تایبەتمەند، هاوڵاتی، تێکەڵاوبوونی ئامرازەکان و تەکنەلۆژیا.
- هەروەها دەبێت دان بەو ڕاسـتیەدا بنرێت، کە میدیا بە هۆی تەکنەلۆژیاوە گۆڕانکاری ڕیشـەیی چ لە ناوەڕۆک و چ لە شێواز و ئامراز و تەنانەت لە ژینگەی کارکردنی میدیاییشدا بەسەردا هاتووە، بە هۆی تەکنەلۆژیـا و ئینتەرنێتەوە ئـامراز و هۆکـاری نوێی ڕاگەیـانـدن هـاتوونەتە نـاو کـایەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەرییەوە، یەکێک لەو ئامرازانەی بە پێی خواســـت هاتووەتە کایەوە میدیای گونجێندراو Media Customization ، کە جێگەی ڕاگەیاندنی جەماوەری Mass Media ی گرتووەتەوە.
- گۆڕانکاری ڕیشـەیی لە پرۆسـەی کۆموونیکەیشـن و ڕاگەیاندن، بەسـەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەدا هات، کاتێک ئەوان پێشتر تاک ئاڕاستە One-Way کاریان دەکرد، بەڵام میدیای نوێ بە ئاوێتەیی دەناسرێتەوە Interactive Media.
- لە ژینگەی میدیای نوێدا، هەندێکجار ســـەرجەم ئامرازە کلاســـیکییەکان و تازەکانیش لەســـەر کۆمپیوتەر جیهانێکی پەیوەندی نوێ دروستدەکەن، کە دوو ئاڕاستەیە Two-Way کە تایبەتمەندی زۆری تێدایە کە لە میدیای کۆندا نەبووە.

ئەم هێزی کـاریگەرییەی ئینتەرنێـت و میـدیـای نوێ بەخشـــیویەتی بە بەکـارهێنەرانی بووەتە مۆرکێکی جیهانی و ســـنوری وڵاتان و تەنانەت ئەو کیشـــوەرانەشـــی تێپەڕاندووە، کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت تێیدا دەژین. ئینتەرنێت لە ئێسـتادا و لە سـەدەی بیسـت و یەکدا بووەتە بەشـێکی سـەرەکی لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان.

بە پێی ڕاپۆرتی چـارەکی چوارەمی ســـاڵی ٢٠١٨، کە لە لایەن هەردوو مـاڵپەڕی ( We are social و Hootsuit) بڵاوکراوەتەوە، بەشـــداریکردنی دانیشـــتوانی گۆی زەوی بۆ ئینتەرنێت بە شـــێوەیەکی بەرچاو و خێرا زیاد دەکات و تەنها لە ماوەی ســـێ مانگی ڕابردوودا ملیۆنان خەڵک لە

کیشـــوەری ئەفریکـا بۆ یەکەمجـار ئینتەرنێتیـان بەکـارهێنـاوە و زۆرینەشـــیـان لە ڕێگەی مۆبـایلە زیرەکەکانەوە بە ئینتەرنێتەوە پەیوەســتبوون[1]. ڕاپۆرتەکە دەنووســێت: "تەنها لە ســێ مانگی هاوینی ٢٠١٨دا، ٦٨ ملیۆن کەس بۆ یەکەمجار ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ڕاپۆرتەکە هێما دەکات بۆ زۆربوون و گەشــەی بەرچاوی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە ســەر ئاسـتی جیهان لە نێوان مانگی ســێپتێمبەری ٢٠١٧ و مانگی نۆڤەمبێری ٢٠١٨ دا، ٣٢٠ ملیۆن بەکارهێنەری نوێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تۆمارکراون، کە بە نزیکی دەکاتە ڕۆژی ملیۆنێک بەکارهێنەری نوێ لە ماوەی ســاڵی ڕابردوودا، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە هەتا مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨، ٤ملیار و ١٧٦ ملیۆن کەس لە جیهاندا ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، کە دەکاتە ٥٥٪ی کۆی دانیشـــتوانی جیهان کە لە ئێســـتادە ٧ ملیار و ٦٥٥ هەزار کەسە".

هەروەهـا ٣ملیـار و ٣٩٧ ملیۆن کەس لە جیهـانـدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان بەکـاردەهێنن، کە بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بە جۆرێک کە لە ماوەی سێ مانگدا ١٠٪ زیادیکردووە.

هەر بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە ٥ ملیـار و ١٠٠ ملیۆن کەس لە جیهـانـدا مۆبـایـل بەکـاردەهێنن، کە زۆربەیان مۆبایلە زیرەکەکانن، کە بریتین لە ٣ ملیار و ١٧٩ ملیۆن بەکارهێنەر[2].

هەروەهـا مـاڵپەڕی (Gsmainintellihence) ئـامـاژە بۆ زیـادبوونـی ژمـارەی بەکـارهێنەرانی مۆبـایلە زیرەکەکان دەکات و دەڵێت: "لە ماوەی ســـاڵی ڕابردوودا ڕۆژانە ١٠٠ هەزار کەســـی نوێ بوونەتە خاوەنی مۆبایلی زیرەکی خۆیان، بە شـێوەیەکی گشـتیش لەســەر ئاسـتی جیهان لە هەر ســێ کەسـێک دوانیان مۆبایلی زیرەک بەکاردەهێنن، کە دەکاتە زیاتر لە ٥ ملیار کەس"[3].

ڕاپۆرتەکەی (We are social و Hootsuite) یش ئـامـاژە بۆ ئەوە دەکـات بەکـارهێنەرانی ئینتەرنێت زیاتر لە ڕێگەی مۆبایلەوەیە بە ڕێژەی ٥١٪ و دواتریش کۆمپیوتەر بە ڕێژەی ٤٤٪ و پاشان تابلێتەکان بە ڕێژەی ٤٪، ئەم داتایانەش ڕونیدەکاتەوە بەکارهێنەران لە ســـەردەمی ئەمڕۆدا زیاتر لە ڕێگەی مۆبـایلە زیرەکەکـانەوە ئینتەرنێت بەکـاردەهێنن، نەک کۆمپیوتەر بەو پێیەی بە گشـــتی نرخی هەرزانترە و خێراتر پەیوەست دەبێت بە ئینتەرنێت و بەکارهێنانی ئاسانتر و گونجاوترە.

ژمارە و داتاکان نیشـــاندەری ئەوەن کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ئامرازەکانی میدیای نوێ و بە دیاریکراوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕوو لە هەڵکشـــانەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر پەرەدەســـتێنیت و لە

---

[1] We Are Social UK. (2018). The State of the Internet in Q4 2018 - We Are Social UK. [online] Available at: https://wearesocial.com/uk/blog/2018/10/the-state-of-the-internet-in-q4-2018 [Accessed 21 Nov. 2018].
[2] We Are Social UK. (2018). The State of the Internet in Q4 2018 - We Are Social UK. [online] Available at: https://wearesocial.com/uk/blog/2018/10/the-state-of-the-internet-in-q4-2018 [Accessed 21 Nov. 2018].
[3] Intelligence, G. (2018). GSMA Intelligence. [online] Gsmaintelligence.com. Available at: https://www.gsmaintelligence.com/ [Accessed 21 Nov. 2018].

هەموو گۆشـــەیەکی جیهاندا بڵاودەبێتەوە، ئەوەش وادەکات میدیای نوێ و ئینتەرنێت کاریگەری زیاتر لەســـەر ژیانی مرۆڤەکان دروســـتبکات و ڕۆڵی زیاتر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ببینێت. لەبەر ئەوە میـدیـای نوێ و ئـامڕازەکـانی وردە وردە دەبنە جێگرەوە و بەدیلی میـدیـای نەریتی، وەک ڕاپۆرتەکـان ئاماژەی بۆ دەکەن و چاوەڕوان دەکرێت ململانێی هەردوو جۆرەکەی میدیا لە ســـاڵانی ئایندەدا توندتر ببێتەوە.

ئەگەرچی میدیای نوێ لە هەندێک ڕووەوە لە میدیای کلاسـیك دەچێت و بەشـێک لە سـەرچاوە زانســـتییەکان بە درێژکراوەی میدیای کلاســـیکی دەزانن لە فۆرمێکی نوێدا و بە هەندێک تایبەتمەندی زیاتر[1]، بەڵام ســـەرەڕای ئەوەش زۆر ســـیفات و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە و بووەتە خاوەن کەسـایەتی و پێناسـەی خۆی، کە دەشـێت وەک خاڵی جیاکەرەوە لە میدیای کلاسـیك تەماشـای بکرێت ئەوانیش بریتین لە[2]:

١. گواسـتنەوە لە شـێوازی ئاسـاییەوە Analog بۆ ژمارەیی Digital بە مانای چارەسـەرکردن و ئامادەکردنی بابەتە میدیاییەکان لە ڕێگەی ئامێر و پرۆگرامە کۆمپیوتەرییەکان و پەخشـکردن و بڵاوکردنەوەشی دیسان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە.
٢. ئاوێتەبوون لە نێوان وەگر و کەناڵ و دەزگا میدیاییەکاندا، کە پێشتر ئەمە نەبوو لە میدیای نوێدا، وەرگر دەتوانێت ئاوێتەی پەیام بێت و کاردانەوەی لەگەڵ نێرەردا هەبێت.
٣. تواندنەوە و لەناوبردنی پرۆســـەی پەیوەندیکردن لە فۆرمی کۆندا بەو پێیەی وەرگر لە میدیای نوێدا ڕۆڵێکی چالاکی هەیە و دەشـــێت لە هەر کاتێکدا ببێتە نێرەر، ئەوە جگە لەوەی نێرەر و ئامڕازی ڕاگەیاندنیش لە میدیای نوێدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت.
٤. ڕەگەزی کات بە تێگەیشـــتنە کۆنەکەی وەک لە میدیادا هەبوو بەهای خۆی لە دەســـتداوە و لە سایەی میدیای نوێدا تێگەیشتن لە کات گۆڕانکاری بەسەردا دێت و وەگر دەتوانیت بڕیار بدات، چ کاتێک پەیامەکان وەردەگرێت، واتە میدیا چیتر پەیوەســـت نییە بە کاتێکی دیاریکراو بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی.
٥. میدیای نوێ پابەندی هیچ شـوێنێکی جوگرافی دیاریکراو نابێت، واتە توانای گواستنەوە و جوڵە لە شـوێنێک بۆ شـوێنێکی دیکەی هەیە و چیتر دەزگا میدیاییەکان پابەندی شـوێنێکی دیاریکراو نین چ بۆ پەخشکردن چ بۆ وەرگرەکانیان.
٦. جیهانیبوون یاخود گەردوونی بوون، میدیای نوێ چیتر پابەندی شـــوێنێکی دیاریکراو نییە و جیهانییە، چ لە ڕووی ناوەڕۆک یاخود بڵاوبوونەوە و پەخشکردن.

1 Kember, S. and Zylinska, J. (2015), pp.148.
2 Feldman, T. (n.d.). An Introduction to Digital Media. pp.55-61.

تـايبەتمەنـدييەكـانی ميـديـای نوێ هەمەجۆر و زۆرن و خوێنـدنەوە و تێگەيشـــتنی جيـاواز هەڵدەگرێت، (مەكوەيڵ) بە شێوەيەكی گشتی چەند تايبەتمەندييەكی كۆكراوە و گشتگيری بۆ ميديای نوێ ديـاريكردووە، كە ئەمـانەن[١]؛ ئـاوێتەبوون Interactivity، بەردەســـتبوون Availability، خێرايی وەڵامـدانەوە Speed of Response، هـاوكـاتی Asynchronies، پەرتبوونی جەمـاوەر و ميـديـا Demassfication، ئاسـانی پەيوەنديكردن Easy to Communicate، دەسـتەبژێری پەيوەنديكردن Communication Elite، بەشداريكردن لە بەرهەمهێنان Participation.

بۆ تێگەيشتنی زياتر لە خەسڵەت و تايبەتمەندييەكانی ميديای نوێ، چەند دەروازە و تێڕوانينێكی تيۆری هەن، كە خاڵە لێكچوو و جياوازەكان ڕووندەكەنەوە، كە دەكرێت وەک دەروازەيەک ببينرێن بۆ شـيكردنەوەی بابەتەكە. هەندێک لە دەروازەكان لە ڕوانگەی پێشـكەوتنە بەردەوام و خێراكانی بواری تەكنەلۆژيای پەيوەنديكردنەوە دەڕواننە بابەتەكە و هەندێكی ديكەيان لە ڕوانگەی شـيكاری سـياسـی و كۆمەڵايەتييەوە، لێرەدا تێڕوانينەكانی هەريەک لە (نيگرۆپۆنتی و پاڤلک و كرۆسپی و مانوڤيچ و دەيڤس واوين)ی توێژەر دەخەينەڕوو:

**آ. دەروازەی نيگرۆپۆنتی بۆ تێگەيشتن لە ميديای نوێ:**

(نيكلاس نێگرۆپۆنتێ) لە كتێبەكەيدا بە ناوی (بە ديجيتاڵبوون تايبەتمەندی ميديای نوێ)، لەوەدا كورتـدەكـاتەوە، كە بريتييە لە گۆڕينی يەكە مـادديەكـان بۆ ديجيتـاڵی وەک هۆكـارێكی ســـەرەكی بۆ هەڵگرتن و ئەمباركردنی زانيارييەكان بە شـێوەيەكی ئەلكترۆنی نەک فيزيكی و بەرجەسـتە، هەروەک چۆن وێنە و تێكســـت و دەنـگ و بەرنـامە و خزمەتگوزارييەكـانی ديكە لە ڕێگەی ديجيتـاڵييەوە ئەمباردەكرێن و بڵاودەكرێنەوە لە بری ئەوەی لە ڕێگەی كاغەز و ســندوقی داپۆشـــراو و كاســێتەوە ئەنجامبدرێن[٢].

تايبەتمەندييەكی ديكەی ميديای نوێ بە تێڕوانينی (نێگرۆپۆنتێ) پێشـــكەوتنی توانای پێكەوە گرێدانی ژمارەيەكی زۆر كۆمپيوتەرە بەيەكەوە، لە ڕێگەی پرۆســـەی ديجيتاڵكردنەوە، كە دەكرێت لە دوو ئاســـتدا گرنگی هەبێت، يەكەميان لەســـەر ئاســـتی تاک ســـودی هەبێت بۆ وەرگر، كە زانياری دەستبكەوێت، دووەميش لەسـەر ئاستی بايەخپێدانی گشـتی سودی هەيە كە ئەمە لە ميديای كۆندا بوونی نەبوو[٣].

---

[1] MCQUAIL, D. (2010). McQuail's Mass communication theory. London, Sage Publications. PP 137-141

[2] Negroponte, N. (2000). Being digital. New York: Vintage Books, pp.163-172.

[3] Ibid- هەمان سەرچاوە, pp.169.

هەروەک تایبەتمەندییەکی دیکەی دەرهێنانی میدیا بوو لە ژێر دەستی خێزانە دەسەڵاتدارەکان و حکومەت و کەنیسە و دەوڵەت و خستنە بەردەستی خەڵک بوو بە گشتی، کە سەرەتاکەی بە شێوەیەکی سنوردار لە داهێنانی ئامێری چاپ لەلایەن (گۆتەنبێرگەوە) بوو، پاشان بە دەرکەوتنی تەلەگرافدا تێپەڕی هەتا لە داهێنانی ئینتەرنێتدا گەیشتە لوتکە، کە توانی پەیوەندییەکی بەکۆ لە نێوان خەڵکدا دروستبکات[١].

**ب. نموونەی پەیوەندیکردنی نوێ لای کرۆسبی:**

(ڤین کرۆسبی) هاوبۆچوونە لەگەڵ (نێگرۆپۆنتی) لەسەر چەند بیرۆکەیەکی دەربارەی میدیای نوێ، ئەم بەراوردکارییەکی سێ لایەنەی بەدوای یەکداهاتوو دادەنێت لە نێوان میدیای نوێ و کۆن لە ڕێگەی مۆدێلەکانی پەیوەندیکردنی بە شێوازە کلاسیکییەکەی.

(کرۆسبی) پرۆسەی پەیوەندیکردن Communication بۆ سێ قۆناغ دابەشدەکات؛ یەکەمیان: قۆناغی پەیوەندی کەسی Interpersonal Communication کە پەیوەندیەکە لە نێوان کەسێک بۆ کەسێکی دیکە دەبێت، یاخود نێرەر و وەرگرێک One-to-One کە ئەمەش قۆناغە هەرە سەرەتاییەکەی پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنە[٢].

دووەم: قۆناغی دووەم بەلای (کرۆسبییەوە) پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵە Mass Communication، کە خۆی لە میدیای جەماوەری Mass Media دا دەبینێتەوە، کە بە بڕوای ئەو هەڵەیە ئەم جۆرە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە گرێبدرێت، بەڵکو هاوشێوەی میدیای کەسی لە پێش هاتن و گەشەی تەکنەلۆژیاوەیە. ئەمەش خۆی لە هۆکارە نەریتییەکانی وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا دەبینێتەوە، کە لە تاک یان گروپێکەوە بۆ گشت ئاڕاستە دەکرێت، وەک ڕاگەیاندنی حکومەت و پادشا و سەرکردەکان، کە دەکرێت بە One-to-many medium ناوببرێت، چونکە هەمان پەیام دەگاتە جەماوەرێکی زۆر و ناوەڕۆکی پەیامەکەش لە بەرژەوەندی کەس و گروپێک کۆنترۆڵکراوە، بەوەش پەیامەکە وەڵامدەرەوەی خواستی هەموو تاکەکان نابێت و وەرگریش هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە[٣].

سێیەم: نموونە و مۆدێلی سێیەم بەلای (کرۆسبییەوە) میدیای نوێ-یە، کە بە بۆچوونی ئەوە قۆناغ و نەوەی سێیەمی پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنە و چەند تایبەتمەندییەکی بۆ دیاریکردووە لەوانە؛

---

[1] Northerncalifornia.alumclub.mit.edu. (2018). [online] Available at: http://northerncalifornia.alumclub.mit.edu/s/1314/images/gid25/editor_documents/newsletter_archives/98-spring-21.pdf?gid=25&pgid=61&sessionid=bb25625c-dbdd-48c2-b1b5-a74074c4299e&cc=1 [Accessed 15 Nov. 2018].

[2] Crosbie, V. (2018). What is 'New Media'?. [online] www.athabascau.ca. Available at:https://www.athabascau.ca/courses/cmns/medialit/modules/08/L-01/documents/newmedia.html [Accessed 16 Nov. 2018].

[3] Crosbie, V. (2018). [online] Digmediaman.files.wordpress.com. Available at: https://digmediaman.files.wordpress.com/2011/09/what_is_new_media_by_vin_crosbie.pdf [Accessed 16 Nov. 2018].

آ- پەیامی کەسیی دەکرێت لە هەمانکاتدا بگاتە ژمارەیەکی بێسنور لە خەڵک و وەرگران.
ب- هەر یەکێک لە وەرگران هەمان ئاستی کۆنترۆڵکردنیان هەیە و پشکیان هەیە لە وەڵامدانەوەی ئەو پەیامە میدیاییەدا.

بە واتایەکی دیکە میدیای نوێ لە یەککاتدا کۆکەرەوەی دوو تایبەتمەندییە، کە دەشێت لەهەمانکاتدا هەم کەسی و تایبەت بێت، هەم میدیای بە کۆمەڵ بێت، چونکە وەرگر لە بڵاوکردنەوەی پەیامێکی دیاریکراو و دەستگەیشتنی بە پەیامە بڵاوکراوەکان و لە پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە هیچ ڕێگرییەکی نییە، هەروەک چۆن ڕێگریش نییە لەوەی کەسێک پەیامێک ئاراستەی کۆمەڵێکی زۆر خەڵک بکات و لە هەمانکاتدا ناوەڕۆکی پەیامەکە تایبەت بکات بە هەر کەسێکەوە بە شێوەیەکی تایبەت[١].

(کروسبی) هەروەها دەربارەی تواناکانی میدیای نوێ لە ئایندەدا دەڵێت:"بۆ ئەوەی لەو توانایانە تێبگەین کە لە پشت بەهێزی میدیای نوێوەن پێویستە ئەوە بهێنینە پێش چاوی خۆمان، کە ملیۆنەها کۆمپیوتەر لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەتوانن زانیاری بەدەستبهێنن و جیای بکەنەوە بیگوازنەوە بۆ ژمارەیەکی بێسنور لە خەڵک، ئەو خەڵکانەش لە هەمانکاتدا Simultaneously دەتوانن لە نێوان خۆیاندا پەیوەندییکەن لە ژینگەیەکدا کە ڕێگەی بە هەر یەکێکیان دەدات بە هەمان ئاست و دەرفەتی یەکسان بەشدارییکەن، ببنە وەرگر یاخود نێرەر یان کۆنترۆڵی ناوەڕۆکی پەیامەکان بکەن."[٢]

لە ڕوانگەی ئەو تایبەتمەندییانەوە ڕوندەبێتەوە کاتێک بەکارهێنەرێک سەردانی ماڵپەڕێک دەکات لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت تەنها چەند هەواڵێک و بابەتێکی سەرەکی نابینێت، بەڵکو چەند بەشێک لەسەر ماڵپەڕەکە دەبینێت کە تایبەت کراوە بە پێداویستی و ویستییە کەسیی و تایبەتییەکانی وەرگر. ئەمەش بۆ هەموو وەرگرەکانی دیکە ڕاستە، کە لە هەمان کاتدا دەتوانن سودمەند بن لەو خزمەتگوزارییانە کە ئەوەش بە دڵنیاییەوە لە میدیای کۆندا بوونی نەبوو، هەربۆیە هێزی پەرەسەندو و گەشەکردوی میدیای نوێ کە بەردەوام ڕوو لە زیادبوونە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بە تەواوی پیشەسازی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنی گۆڕیوە لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و هێنانە کایەی چەمک و دەستەواژەی نوێ لە هەردوو بواری شێوە و ناوەڕۆکی میدیاییدا[٣].

[1] Charness, N., Parks, D. and Sabel, B. (2001). Communication, technology and aging. New York: Springer Pub. Co., pp.129-156.
[2] Crosbie, V. (2018) ibid- هەمان سەرچاوە
[3] Bazin, A. and Andrew, D. (2014). André Bazin's new media. Oakland, California: University of California Press, pp.89-95.

**پ. دەروازەی دەیڤس وئۆوین بۆ میدیای نوێ:**

بە پێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆیـان هەریەک لە توێژەران (ریچـارد دەیڤس) و (دیـانـا ئۆوین) دابەشـــکاری و جیاکاری ڕوون لە نێوان میدیای کۆن و نوێ، ئەنەلۆگ و دیجیتاڵی و پێش ئینتەرنێت و دوای ئینتەرنێت دیاریناکەن، بەڵکو پێیانوایە ئەو دابەشـــکارییە ڕەوا نییە و میدیا بەو شـــێوە ڕونە جیـانەبووەتەوە لە نێوان ئەو دوو قۆنـاغەدا و پێیـان وایە میدیـای نوێ درێژە پێدەری میدیـای کۆنە و هەردووکیان بە ڕێژە سـودیان لە تەکنەلۆژیا بینیوە و بەڵکو میدیای کلاسـیک سـودی لە میدیای نوێ و کەرەستەکانی بینیوە و سیفات و تایبەتمەندییەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە[1].

ئەوان لە کتێبەکەیاندا بە ناوی (میدیای نوێ و سـیاســەتی ئەمریکی)، پێیانوایە میدیا بە گوێرەی تایبەتمەندییەکانی بۆ سـێ ئاست دابەش دەبێت، کە بریتین لە؛ میدیای نوێ بە تەکنەلۆژیای کۆن، میدیای نوێ بە تەکنەلۆژیای نوێ، هەروەها میدیای نوێ بە تەکنەلۆژیای تێکەڵاو.

میدیای نوێ بە تەکنەلۆژیای کۆن مەبەســت لەو پرۆگرام و بەرنامە و کارە ڕۆژنامەوانییانەیە، کە لەســەرەتای ســاڵانی ســییەکانی ســەدەی ڕابردووەوە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکاندا ســەریان هەڵدا، کە بریتی بوون لە بەرنامە ڕاستەوخۆکان و ئەو بەرنامانەی دیکە، کە تەکنەلۆژیا و کۆمپیوتەر تێیدا ڕۆڵی لە ئامادەکردن و پێشکەشکردن و بڵاوبوونەوەیان تێدا دەبینی.

جۆری دووەمیش، کە میدیای نوێیە بە تەکنەلۆژیای نوێ بریتییە لە دۆخی ئێســـتای میدیا کە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت ڕۆڵی زۆر کاریگەر و دیاری تێدا دەبینن و سەرجەم سنور و ئاستەنگە کاتی و شـــوێنی و جوگرافی تێپەڕاندووە و دەرفەتی بۆ وەرگریش ڕەخســـاندووە، کە دەنگی خۆی بگەیەنێت بە جیهان. جۆری ســێیەمیش کە تێکەڵاوە، بریتییە لە ســود وەرگرتنی میدیا کلاسـیکەکان لە تەکنەلۆژیای نوێ و هێشـــتنەوەی شـــێوازەکەی پێشـــووشـــیان، ئەمەش لە ڕۆژنامە و کەناڵەکاندا دەردەکەوێت کە بە شێوازی پێشتر بەردەوامن، بەڵام لەسـەر تۆڕی ئینتەرنێت و بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ سـود لە دەرفەتە نوێیەکان دەبینن و لەگەڵیدا دەژین[2].

---

[1] Davis, R. and Owen, D. (1998). New media and American politics. New York: Oxford University Press, pp.208-219.

[2] Davis, R., Owen, D., Taras, D., Ward, S., Davis, R., Boas, T., McAllister, I., Gibson, R., Kluver, R., Hill, D., Small, T., Danchuk, D., Lusoli, W., Dader, J., Hooghe, M., Vissers, S., Voerman, G., Boogers, M., Bentivegna, S. and Schweitzer, E. (2008). Making a Difference. Lanham: Lexington Books, pp.195-206.

**ت. دەروازەی مانۆڤیچ بۆ میدیای نوێ:**

(لیڤ مانۆڤیچ) دەربارەی میدیای نوێ و تایبەتمەندییەکانی تێڕوانینێکی تایبەت بە خۆی هەیە و پێیوایە بۆ ئەوەی لە سروشتی میدیای نوێ تێبگەین پێویستە لە تێگەیشتنی باو خۆمان ڕزگاربکەین، کە بە شێوەیەکی گشتی وا وێنا دەکرێت بریتیبێت لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ بڵاوکردنەوە و خستەڕوی زانیارییەکان، بە بۆچوونی ئەو دەبێت تەماشای ڕۆڵی تەواوکاری کۆمپیوتەر لە سەرجەم قۆناغەکانی بەرهەمهێنان و لە کاری میدیا لە هەموو کایەکاندا بکەین، کە گۆڕانکاری زۆر گەورەی بە تایبەت لە پرۆسەی کۆمۆنیکەیشندا دروستکردووە تێیدا، هەروەها تێڕوانین لە سروشتی پەیامی میدیایی نوێ لە سایەی پرۆسەی پەیوەندیکردنی نوێدا لە نموونەی گرافیک و فۆتۆ و نەخشە ڕونکارییەکان و کاریگەرییە دەنگی و ڕەنگی و چارەسەرکردنی تێکستەکان و ڕێکخستنیان و پێکەوەگرێدانی هەموو ئەو پێکهێنەرانە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە لەخۆدەگرێت[1].

(مانۆڤیچ) دۆخە سەرەکییەکانی میدیای نوێ لە چەند خاڵێکدا چڕدەکاتەوە کە بریتین لەمانە:

١. نواندنی ژمارەیی Numerical Representation، کە خۆی لە بە دیجیتاڵبوونی ئامێرەکانی میدیادا دەبینێتەوە کە کۆمپیوتەر ڕۆڵی سەرەکی تێیدا هەیە، بە واتای ئەوەی وێنە و دەق و ڤیدیۆکان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە چاکدەکرێن و ئامادەدەکرێن و وەک مەڵتیمیدیا پێشکەشدەکرێن.

٢. پێکهاتەی سەربەخۆ و پێکەوەیی Modularity، بە واتای ئەوەی کە بەشەکانی ڕاگەیاندن پێکەوە دەلکێن و پێکەوە کاردەکەن و لە هەمانکاتدا تایبەتمەندی خۆشیان دەپارێزن، ئەمەش لە تایبەتمەندی تەکنەلۆژیا سەرەکییەکانی میدیای نوێدا خۆی دەبینێتەوە، کە تێکست و دەنگ و ڤیدیۆ پێکەوە و بە تەنهاش دەتوانن وەک پەیامی میدیا کار بکەن. بۆ نموونە هەر بەشێک لە پەیامێکی میدیایی بە جیا و بە بەرنامەی تایبەت کاری لەسەر دەکرێت و ئامادە دەکرێت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام دەشکرێت هەموویان پێکەوە لە یەک پەیامدا پێشکەشی وەرگران بکرێت.

٣. دۆخی ئۆتۆماتیکی Automation، کە بریتییە لە ئەنجامدانی هەندێک ئەرک و کار لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە، بە شێوازی ئۆتۆماتیکی بە بێ دەستی مرۆڤ، وەک چۆن ماڵپەڕەکان خۆیان خۆیان ئەبدەیت دەکەنەوە و بە کلیک وەرگر دەتوانێت بچێتە بەشە جیاوازەکان، یاخود چۆن ماڵپەڕی وەک گوگڵ بە ئۆتۆماتیکی وەڵامی خواست و گەڕانی بەکارهێنەر دەداتەوە.

[1] Thomas, J. and Hassan, R. (2006). The new media theory reader. Maidenhead: Open University Press, pp.78-85.

٤. جۆراوجۆری Variability بە واتـای ئەوەی یەکەکـانی ڕاگەیـانـدن هەمەجۆرن و دەکرێـت گۆڕانکارییان بە پێی پێویسـت تێدا ئەنجامبدرێت. وەک چۆن وەرگر دەکرێت بە خواسـتی خۆی بابەتەکان ســـەیر بکات و دەســـتکاری بکات و بڵاوبیکاتەوە و ئەوەی مەبەســـتیەتی بیبینێت و هەندێکجار زانیاری بۆ زیاد و کەم بکات.

٥. حـاڵەتی بە کۆدکردنی کەلتوری Cultural Transcoding، کە ئەمەیـان پوختەی بیرۆکەی (مـانۆڤیچ) کورتـدەکـاتەوە ســـەبـارەت بە پرۆســـەی کـاریگەری کەلتوری لە بەکـارهێنـانی کۆمپیوتەردا، بە تایبەت لە بواری پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندندا[1].

**ج. تێڕوانینی پاڤلک بۆ میدیای نوێ:**

(جۆن پاڤلک) یەکێکیترە لەو توێژەرانەی لەســـەر میدیای نوێ قســـەی خۆیان هەیە و بە بڕوای ئەو دیمەنی میدیای نوێ لەگەڵ خێرایی پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیادا گۆڕانکارییان بەســـەردا دێت و گۆڕانکارییەکانیش بنچینەیی و ڕیشـــەیین، بە تایبەت لە ئاســـتی شـــێوازی پەیوەندیکردنی کەســـەکان و ئامرازەکان[2]، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو گۆڕانکارییەکان هەموو بوارێکی ژیانی گرتووەتەوە، هەر لە پەیوەندییە کەسییەکان هەتا هۆکارەکانی بەدەستهێنانی داهات و چاودێری تەندروستی و پەروەردەکردن و کەلتوری، چونکە گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان زۆر خێران و هەموو ســـاڵێک هەنگاوی گەورەتر بە ئاراستەی پێشکەوتن دەنرێت [3].

(پاڤلک) پێیوایە دەبێت نەخشەرێگایەک دابنرێت و چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی میدیای نوێ و لێکەوتەکانی هەبێت، بە بۆچوونی ئەو یەکێک لە ئامرازەکانی ئەو نەخشـــە ڕێگایەش تێگەیشتنە ڕەگەزە سەرەکییەکانی میدیای نوێ، کە بریتین لە بەرهەمهێنان Production ، دابەشکردن Distribution، خســـتنەڕو Display، هەروەها ئەمبـارکردن/ تـاقتکردن Storage، ئەگەرچی ئەم تێڕوانینە ڕەنگە بەهۆی ڕادەی پێکگەیشـــتن Convergence و لێڵیی Blurring لە نێوان هێڵەکـانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن ســـنورداربێت، بەڵام بەســـودە لە جیاکردنەوە و ناســـینەوەی میدیای نوێ لە سایەی تەکنەلۆژیادا بەم شێوەیە[4]:

---

1 Ibid- هەمان سەرچاوە
2 Pavlik, J. (2001). Journalism and new media. New York: Columbia University Press, pp.55-63.
3 Ibid- هەمان سەرچاوە
4 Pavlik, J. (2012). Media in the Digital Age. New York: Columbia University Press, pp.87-101.

- سـيسـتمی بەرهەمهێنان[١]: مەبەسـت لەو تەکنەلۆژیایانەیە، کە لە کۆکردنەوەو چارەسـەر و چاککردنی زانیارییەکاندا بەکاردەهێنرێت، کە خۆی لە ئامێرەکانی کۆمپیوتەرو وێنەگرتنی ئەلکترۆنی و سـکانەر کە کارئاسـانی زۆریان لە بەرهەمهێنان کردووە و زۆر ئەرکی قورس ڕادەپەڕێنن کە پێشـتر کارمەند پێیان هەڵدەسـتا و زۆر لە مرۆڤ خێراترو وردتر کارەکان ئەنجامدەدەن.
- سـیسـتمی دابەشـکردن[٢]: ئەمەش پەیوەندی بەو تەکنەلۆژیانانەوە هەیە کە پەیوەندیدارن بە پرۆسـەی خستنەڕوو Presentation و جوڵەی Movement زانیاربیە ئەلکترۆنییەکان، کە خۆی لە چەند سیستمێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە؛[٣]

١. پەخشی هەوایی Over The air broadcasting
٢. تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنی زەمینی Land based telecommunication
٣. کێبڵی پەیوەندیکردن Coacial cable
٤. پەیوەندیکردن لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە Satellite communication
٥. پەیوەندی بێتەل wireless communication

هەریەک لەو پێشـکەوتن و داهێنراوانە، کە لە سـایەی تەکنەلۆژیادا هاتوونەتە کایەوە و تا سـەردەمی ئەمڕۆش کاریگەرییان هەیە و بەردەوام لە پێشـکەوتندان، کۆمەڵێک لێکەوتەی ئەرێنیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، کە دەکرێت وەک خەسـڵەتی میدیای نوێ تەماشـا بکرێن. (پاڤڵکیش) بە گرنگییەوە لەو تایبەتمەندییانە دەڕوانێت کە لە سـایەی ئەم تەکنەلۆژییانە بەدیارکەوتوون لە میدیای نوێدا، لەوانە؛ کۆکردنەوەی زانیـاریی بە شـێوەیەکی زۆر خێرا بەردەسـتە. داواکاری ڤیدیۆ و بەرنـامە و بـابەتە میدیاییەکان بە پێی خواستی بینەر لە سایەی تەکنەلۆژیاکانی وەک تەلەفزیۆنی کەیبڵ بەرجەستە بووە.

لە لایەکی دیکەوە بە ئامانج گرتنی بازاڕ و وەرگرێکی دیاریکراو و هەڵبژاردن و ئاراستەکردنی پەیام بۆیان بووە بابەتێکی ڕاسـت و جێبەجێکراو، هەروەک وایکرد میدیا و ئامرازەکانی گەیاندن زیاتر پراکتیکی بن لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و کاریگەرتر بن، لە هەمانکاتدا هەندێک کێشە و گرفتی لەگەڵ خۆی هێنا وەک دزەکردنی زانیارییەکان و دەسـتکاریکردن و شـێواندنیان و هەروەها فراوانکردنی بۆشـایی دیجیتاڵی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان بە هۆی باری داراییەوە لە دەسـتکەوتنی ئەو ئامێرانەو نرخی بەشداریکردن لەگەڵیاندا.

---

[1] Pavlik, J. (2001). Journalism and new media. New York: Columbia University Press, pp.55-63.
[2] ibid- هەمان سەرچاوە
[3] Pavlik, J. (2012). Media in the Digital Age. New York: Columbia University Press, pp.105-106.

- سیستمی خستنەڕو(١)؛ لە بواری خستەڕو و پێشکەشکردنی زانیاریەکانیشدا تەکنەلۆژیا ڕۆڵی گرنگی بینەوە بەو پێیەی لە ڕێگەی ئامێرە پێشـــکەوتووەکـانەوە زانیـارییە ئەلکترۆنیەکـان بڵاودەکرێنەوە و دەگاتە وەرگر لە نموونەی وێنەی دیجیتاڵی و تێکســـت و ڤیدیۆ و مەڵتیمیدیا و هەروەها خزمەتگوزاری سێ ڕەهەندی وچوار ڕەهەندی و ئێچ دی و فۆرکەی و هۆلۆگراف و ئەوانی دیکە، لە ڕێگەی تابلێت و مۆبایلە زیرەکەکان و کۆمپیوتەرە کەسییەکان.

ئەم ئامێر و خزمەتگوزارییانە وایکردووە بە ئاســـانی زۆرترین زانیاریی و لە کەمترین کاتدا بگەنە زۆرترین ژمارەی وەرگران بە جۆرێتییەکی بەرز و پێشکەوتوو.

- ســیســتمی ئەمبارکردن(٢)؛ یەکێک لە کارئاســانیی و تایبەتمەندیەکانی میدیای نوێ لەم بوارەدا تەکنەلۆژیای ئەمبارکردنە کە بە چەند ڕێگایەک و بە شـێوەیەکی ئاسـاندەکرێت زانیارییە هەمە چەشــنەکان ئەمبار بکرێت، بە شـێوازێکی پۆلێنکراو و ئاســان بۆ دۆزینەوە ئەویش لە ڕێگای هارد دیسکە تایبەتەکان کە توانای ئەمبارکردنی هەزاران تێرا بایت لە زانیاری جۆرا و جۆریان هەیە.

**چ. دەروازەی نوێکردنەوەی تەواو لە لایەن بۆڵتەر و گروسین:**

هەریەک لە (جەی بۆڵتەر) و (ریچارد گروسین) لە کتێبەکەیاندا دەربارەی تێگەیشتن لە میدیای نوێ، تەکنەلۆژیــای نوێ، لە ڕێگەی دەروازە و تێڕوانینی تــازەکردنەوەی تەواو Refashioning دەخەنەڕوو، کە ئەوان بە چاکسازی لە بواری میدیادا دەیناسێنن و تەنانەت وەک تیۆرییەک بۆ تێگەیشتن لە ئامڕازەکانی میدیای نوێ دەیناسێنن، هەروەک دەڵێن: "بیرۆکەی چاکسازی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە میدیای کۆن لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە خۆی نوێ دەکاتەوە."(٣)

ئەوان تیۆرەکەیان لەســـەر مەبنای تایبەتمەندییە نوێیەکانی میدیای نوێوە دەخەنەڕوو، بە تایبەت تـایبەتمەنـدیی خێرایی یـاخود هەنووکەیی Immediacy، تـایبەتمەنـدی جەمـاوەرییبوون و کۆبوونەوەی خەڵک لە دەوری ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن(٤)Hypermediacy.

(بۆڵتەر و گروســین) بڕوایان بە لۆژیکی چارەســەرکردن لە چوارچێوەی مێژووییدا هەیە، کە پەیوەندیدارە بە ســـەرجەم ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە، بە پێی قۆناغەکانی دەرکەوتن و گەشـــەکردن و پێشـــکەوتن و نوێبوونەوە، بۆ نموونە وێنە جوڵاوەکان کە بە فیلم کارتۆن ناســراوە ســود لە ئەزموونی

---

[1] Pavlik, J. (2001). Journalism and new media. New York: Columbia University Press, pp.78.

[2] ibid- هەمان سەرچاوە

[3] Bolter, J. and Grusin, R. (2003). Remediation. Cambridge, Mass: MIT Press, pp.52-63.

[4] Bolter, J. and Grusin, R. (2003). Remediation. Cambridge, Mass: MIT Press, pp.272

سینەما وەردەگرێت و سینەما سود لە ئەزموونی ئەو وەردەگرێت، هەروەها بە بڕوای ئەوان ئینتەرنێت لەسەر ئەزموونی تەلەفزیۆن بنیاتنرا، بە تایبەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بینەراندا، هەروەها تەلەفزیۆنیش دیسان گەڕایەوە بۆ بەکارهێنانی ستراتیژی نوێ لە سود وەرگرتن لە ئەزموونی ئینتەرنێت وەک خزمەتگوزاری پەنجەرەکان و دابەشکردنی شاشە و هەروەها ئامرازی جوڵان لە بەش و بابەتێکەوە بۆ بەش و بابەتێکی دیکە[١].

**ح. دەروازەی فیدلێر:**

(ڕۆجێر فیدلێر) لە دەروازە تیۆرییەکیدا بۆ تێگەیشتن لە میدیای نوێ و ئاستی قبوڵکردنی پشت دەبەستێت بە مۆدێلی کلاسیکی، کە هەریەک لە (ئیڤێرت ڕۆجێرس) و (پاوڵ سافۆ) پەسەندیان کردووە، کە دەڵێن هەر بیرۆکەیەکی نوێ نزیکەی سێ دەیەی پێویستە هەتا بە تەواوی ڕۆدەچێتە ناو ڕۆشنبیری کۆمەڵگا و تاکەوە، هەربۆیە (فیدلێر) دەڵێت پرۆسەی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا دێت، کە ئەو بە Mediamorphosis گوزارشتی لێدەکات، کە داهێنراوی خۆیەتی و لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە وەک ئاماژەیەک بۆ گۆڕانکاری تەواو بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بەکاریدەهێنێت کە بە هۆی ئاوێتەبوونی ئاڵۆزی پێداویستییە سەرەتاییەکان و فشارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها داهێنراوە تەکنەلۆژییەکانەوە هاتووەتە ئاراوە[٢].

(فیدلێر) شەش بنەمای سەرەکی بۆ پرۆسەی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە میدیادا دیاریکردووە، کە بریتین لە[٣]:

١. گۆڕانکاری ڕیشەیی پلەبەندیی بەسەر شێوازەکانی میدیادا لە کۆنەوە بۆ تازە.
٢. بڵاوبوونەوەی خەسڵەتی باو لە نێو شێوە جیاوازەکانی میدیادا.
٣. مانەوەی شێوازە میدیاییەکان و دامودەزگاکان لە ژینگە گۆڕاوەکاندا.
٤. سەرهەڵدانی شایستە و پێداویستییە بابەتییەکان بۆ پەسەندکردنی ئامێرەکانی میدیای نوێ.
٥. دۆخی درەنگ کەوتن لە پەسەندکردنی تێگەیشتن و پاشان پەسەندکردنی فراوانی ئامێرەکانی میدیای نوێ.

بە بڕوای ئەو گرنگترین سێ ئامرازی گۆڕانکاری ڕیشەیی نوێگەریی میدیای نوێ بریتییە لە قۆناغەکانی پەیوەندی مرۆیی، کە بریتین لە زمانی قسەکردن و زمانی نوسراو و زمانی دیجیتاڵی، بەو پێیەی زمانی قسەکردن بووە هۆی پێکهێنانی گروپی مرۆیی و پێشکەوتنی بەهرەمەندی و تواناکان، کە توانای چارەسەری کێشەکانی هەیە بە تایبەت لە قۆناغی ئیستگەیی و قسەکردن و گێڕانەوەی چیرۆک و

[1] Bolter, J. and Grusin, R. (2003). Remediation. Cambridge, Mass: MIT Press, pp.236.
[2] Fidler, R. (1997). Mediamorphosis. Thousand Oaks, Calif: Sage, pp.112-119.
[3] Fidler, R. (1997). Mediamorphosis. Thousand Oaks, Calif: Sage, pp.123-129.

بابەتەکانی دیکە، پاشان زمانی نووسین کە دەرگای کردەوە بە ڕوی پێشکەوتنی بەڵگەنامەی گواستراوە و ئامێری چاپ و ڕاگەیاندنی جەماوەری، هەرچی زمانی دیجیتاڵیشـە بە پێچەوانەی زمانی قسـەکردن و نوسراو، پەیوەندی گەیاندنی گواستەوە بۆ نێوان ئامێر و مرۆڤ[١].

**خ. دەروازەی دۆخی ڕاگوزەری میدیا:**

پرۆژەی دۆخی ڕاگوزەری میدیا لە دەستپێشخەرییەکی پەیمانگای ماسۆشیتسی ئەمریکییەوە لە کۆتاییەکانی سـاڵی ١٩٩٩ سـەریهەڵدا و لە سـاڵی ٢٠٠٣ دا هەمان پەیمانگا کتێبێکی لەسـەر ئەو بابەتە بڵاوکردەوە، کە لە لایەن کۆمەڵێک توێژەرەوە نوسـرابوو، لە دەرەنجامی ناوی ئەو پرۆژەیە و کتێبەکە و کۆمەڵێک کۆنفرانسـی تایبەت بە میدیای نوێ ئەو کۆمەڵە توێژەرە ڕایانگەیاند کە میدیا هەمیشـە لە دۆخی ڕاگوزەردایە و هێشـتا نە کۆنی بەجێهێشـتووە نە گەیشـتووە بە نوێ و ڕایانگەیاند، کە هەموو ئامرازێکی ڕاگەیاندن تا ئەو کاتە نوێیە کە بۆ یەکەمجار بەکاردەهێنرێت[٢]. بە بڕوای ئەوان زۆر ئامێر و تەکنەلۆژیا لە قۆناغە جیاوازەکاندا سـەریانهەڵداوە و وەک میدیای نوێ تەماشـا کراون، بەڵام ئێسـتا بەکارناهێرێن، هەربۆیە هەر شـتێک و داهێنراوێک لە بواری میدیادا نوێیە هەتا بەکاردەهێنرێت و ئامێرێکی جێگرەوەی بۆ پەیدا دەبێت، لەبەر ئەوە میدیا هەمیشـە لە دۆخی نوێبوونەوە و ڕاگوزەردایە و جێگیر نییە.

بە شـێوەیەکی گشـتی ئامراز و ڕەگەزەکانی میدیای نوێ بەوە جیادەکرێنەوە، کە ژمارەییە واتا دیجیتاڵە، هەربۆیە پێویستی بە هیچ ئامرازێکی کۆن نییە لەهیچ قۆناغێک لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و بەکارهێنان، ناوەڕۆکە میدیاییە ئەلکترۆنیەکان. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو میدیای نوێ بووەتە کاراکتەرێکی دیجیتاڵی وەها کە توانیویەتی هەموو یان زۆربەی ئامێرەکان لە تەنها یەک ئامێردا کۆبکاتەوە کە ئەویش کۆمپیوتەرە یاخود تابلێت و سـمارت فۆنەکانە، کە بە تەنها کاری هەموو ئامرازەکانی پێشووی وەک ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە دەکات بگرە زیاتریش لەوە.

تایبەتمەندی دووەمی میدیای نوێ بریتییە لەوەی میدیایەکی ئاوێتەبووە، وەرگر دەتوانێت ئاوێتەی ناوەڕۆکی پەیامەکان بێت هەروەها ملیۆنان کەس دەتوانن لە سـەرانسـەری جیهان بە ئاسـانی پەیوەندی بکەن و دەسـتیـان بگـات بە پەیـامەکـان و زانیـاری و بۆچوونەکـان ئـاڵوگۆڕ بکەن لە ڕێگەی ئەم تایبەتمەندییەوە، کە هەندێک بە ڕاگەیاندنی بەشداریکردنی ناویدەهێنن بە واتای ئەوەی وەرگر دەتوانێت بەشداریبکات لە میدیاکە و ناوەڕۆکەکەیدا[٣].

---

[1] Ibid- هەمان سەرچاوە, [pp.178.]

[2] MIT Comparative Media Studies/Writing. (2018). Media in Transition Conference – MIT Comparative Media Studies/Writing. [online] Available at: https://cmsw.mit.edu/event/media-in-transition/ [Accessed 20 Nov. 2018].

[3] هەمان سەرچاوە

میدیای نوێ میدیای مەڵتیمیدیایە، واتە فرە ڕەگەز، چونکە پرۆسەی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و پەخشکردن و پێداچوونەوەیە بە بابەتە نوسراو و بیستراو و بینراوەکاندا لە یەککاتدا و بە شێوازێکی ئاسان ئەم سیفاتەش کە کۆکراوەی سەرجەم ڕەگەزەکانی میدیاکانی پێش خۆیەتی وایکردووە ببێتە کاراکتەر و کەسایەتیەکی تایبەت و نوێ و سەربەخۆ بە میدیای نوێ ببەخشێت.

## باسی هەشتەم/ میدیای نوێ و میدیای کلاسیک:

کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەک شەپۆلی گۆڕانکاری زۆر و خێرای لە سەرجەم بوارە ژیارییەکاندا بە خۆوە بینیوە، بە هەمان شێوە گۆڕانکاری گەورە لە کایەی ڕاگەیاندن و سروشتی کارکردنیدا ڕویداو تەکنەلۆژیای نوێ گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پیشەسازی ڕۆژنامەگەریدا هێنایەکایەوە.

لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا تازەگەری و داهێنراو و ئامراز و شێوازی نوێ هاتنە ناو بواری ڕاگەیاندنەوە ئەو گۆڕانکاریانە چ لە شێواز و چ لە ناوەرۆکی میدیادا گۆڕانکاری گەورەیان دروستکرد، بە جۆرێک ژینگە و شێوازی کارکردنی میدیای بە تەواوی گۆڕی چ لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و کۆنترۆڵکردن و چ لە خێرایی و مەودای بڵاوبوونەوەی پەیامە میدیاییەکاندا[1].

تا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ڕاگەیاندن تەنها بە یەک ئاڕاستە و تەنها لە سەرەوە بۆ خوارەوە Up-Bottom کاریدەکرد و لە ڕێگەی یاساو ڕێوشوێنی تایبەتەوە کۆنترۆڵ دەکرا، بە تایبەت لە وڵاتە شمولیەکانی هاوشێوەی وڵاتانی جیهانی سێیەم حکومەت و دەسەڵاتداران بارەگای میدیاکانیان دەپاراست وەک بەشێک لە مانەوە و بەهێزکردنی دەسەڵاتیان، چونکە هەر کات کودەتا دەکرا دەست بەسەر بارەگای ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا دەگیرا، بەوەش پایەیەکی گرنگی دەسەڵات کۆنترۆڵدەکرا، بەڵام وەک لە بەهاری عەرەبیدا بینیمان ئەوەی حکومەتەکان لێی دەترسان میدیای نوێ و مۆبایل و هێڵەکانی ئینتەرنێت و فەیسبوک و تویتەر بوو، نەک میدیا کلاسیکییەکان، لە میسر هێڵەکانی ئینتەرنێت وەستێنران لە پێناو خامۆشکردنەوەی خۆپیشاندەران[2].

لە کودەتاکەی ١٥ ی تەمووزی ساڵی ٢٠١٦ دا لە تورکیا ئەو نموونەیە بە ڕوونی بینرا کاتێک کودەتاچییەکان دەستیان بەسەر تەلەفزیۆنی فەرمی وڵاتدا گرت و لەوێوە بەیاننامەی کودەتاکەیان خوێندەوە، بەڵام کاتێک (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان)، سەرۆکی تورکیا لە ڕێگەی بەرنامی (فەیس

---

[1] Aguado, Juan-Miguel; Martínez, Inmaculada J.(2014). “The relationship is the medium: Understanding media in a mobile age”. En: Katz, James. Living inside mobile social information. Boston, MA: Boston University Press, pp. 77-108.

[2] د.یاس خضیر البیاتي, ٢٠١٤, مصدر سابق، ص ٢٢٤-٢٢٩.

تایم)ەوە پەیامی خۆی بڵاوکردەوە و داوای لە خەڵک کرد پارێزگاری لە وڵات بکەن ئەوەبوو کودەتاکە شکستی هێنا لەم نموونەیەدا میدیای نوێ توانی پێگەی میدیای کلاسیك لەق بکات[١].

سەرهەڵدانی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان سەرەتای دەرکەوتنی فۆرمێک بوو لە میدیای نوێداو لە نموونەی CNN ی ئەمریکی کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە جەنگی کەنداوی یەکەم بینی، کە هاوشانی هێرشە سەربازییەکانی ڕوداوەکانی دەگواستەوە، ئەم ڕۆڵەی میدیا درێژەی کێشا لە ڕوداوە سیاسی و سەربازییەکانی دواتر، هەر لە هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەر و هەردوو جەنگی ئەمریکا دژ بە ئەفغانستان و عێراق لە ساڵەکانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٣دا، هەتا شۆڕشەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٠ دا و هەتا ئەمڕۆ[٢]. ڕۆڵی میدیاکان و بە تایبەت کەناڵە ئاسمانییەکان لەو ڕوداوانەدا نادیدە ناگیرێت، بە تایبەت دۆخی میدیا عەرەبیەکانی هاوشێوەی کەناڵی ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبیە و سکای نیوز عەرەبی و بی بی سی عەرەبی، هاوشان لەگەڵ CNNو BBC و ئەوانی دیکە لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیدا، کە هەندێکیان لە لایەن خاوەنەکانیانەوە بە مەبەستی سیاسی و هاندانی خەڵکی و ڕایگشتی کاریان دەکرد و ئاراستە دەکران[٣]. ئەوەش بێوەی تێنەپەڕی بەڵکو ئەو کەناڵانە ڕوبەڕوی چەندین ئاڵنگاری بوونەوە، لەوانە داخستنی نوسینگە و گرتنی ڕۆژنامەنوسەکانیان و تەشویشکردنە سەر و ڕێکاری یاسایی دیکە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی بەشێک لەو کەناڵانە هەندێک لە بنەما پیشەییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسیان لەدەستدا و کەوتنە هەڵەی پیشەیی زۆرەوە لە کارکردنیاندا، هەروەک لە خزمەت ئەجێندای سیاسی دیاریکراودا کاریاندەکرد کە بە سیاسەتی ڕوماڵ و دارشتنیانەوە ڕەنگیدابووەوە و لایەنداری بە ڕوماڵەکانیانەوە لە هەندێک لە وڵاتانی عەرەبیدا دیار بوو[٤].

زنجیرەی سێیەم لە نوێگەرییەکانی بواری ڕاگەیاندن، کە بەشێوەیەکی خێرا هاتنە پێشەوە خۆی لە لەدایکبوونی میدیای نوێدا بەرجەستەکرد کە سەرەتا بە ماڵپەڕە ئەلکترۆنییە هەواڵییەکان دەستپێکرد، لەگەڵ ڕۆژنامەگەری هاوڵاتی Citizen Journalism، کە خۆی لە دوانگە مدونات و کۆمێنتەکاندا دەبینێتەوە لەگەڵ بلۆگەکان هەتا دەگات بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵگایی و هاتنی مۆبایلە

1 Independent.ie. (2018). Turkey Coup: How social media played a crucial role in crushing coup - Independent.ie. [online] Available at: https://www.independent.ie/world-news/europe/turkey-coup-how-social-media-played-a-crucial-role-in-crushing-coup-34888827.html [Accessed 22 Nov. 2018].

2 Library, C. (2018). Gulf War Fast Facts. [online] CNN. Available at: https://edition.cnn.com/2013/09/15/world/meast/gulf-war-fast-facts/index.html [Accessed 22 Nov. 2018].

3 N, Alalawi. (2015). How Media Covered “Arab Spring” Movement: Comparison between the American Fox News and the Middle Eastern Al Jazeera. Journal of Mass Communication & Journalism, 05(11).

4 N, A. (2018). How Media Covered “Arab Spring” Movement: Comparison between the American Fox News and the Middle Eastern Al Jazeera.

زیرەکەکان، کە بە تەنها خۆیان بوونەتە ئامرازێکی تەواو و ســـەربەخۆی ڕاگەیاندن، لە ڕێگەی ئەو تەکنەلۆژیا پێشـــکەوتووەی کە تێیدایە لە تۆمارکردن و وێنەگرتن و توانای بەســـتنی بە ئینتەرنێت و ناردن و وەرگرتنی پەیام و وێنە و فایلە دەنگی و ڤیدیۆییەکان خۆیدەبینێتەوە [١].

ئەم گۆڕانکارییە زۆرانە لە میدیادا لە ئامراز و زمان و ئەرکەکانیدا، ئەو پێشـــەســـازییەی خســـتووەتە بەردەم ئاڵنگاری زۆر تازە و کراوە بۆ داهێنان و نوێگەری تێیدا، کە ئەوەش ڕۆڵی میدیای لە سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤدا فراوانتر کردووە.

هەر بۆیە لە سایەی میدیای نوێدا کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی ڕاگەیاندن کارێکی ئاسان نییە و حکومەتەکان ناتوانن لە ڕێگای ڕێسا و یاساکانیانەوە، وەک پێشتر کۆنترۆڵی ناوەڕۆکی میدیاکان بکەن، بەڵکو دەبێت ڕێکاری جیاوازتر بگرنە بەر بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی میدیای نوێ[٢].

هەربۆیە ململانێ و کێبڕکێی میدیای نوێ و میدیای کلاسـیك لە ئاسـتێکی باڵا و پێشـکەوتوو و تونددایە ئەوەش جارێکی دیکە لە بەرژەوەندی میدیای نوێیە، چونکە چیتر میدیا کلاسـیکییەکان ناتوانن میدیای نوێ و ئامرازەکانی فەرامۆشـبکەن، تەنانەت ناتوانن هاوڵاتییە ڕۆژنامەنوسـەکانیش فەرامۆش بکەن بە دیاریکراوتر ئەو کورتە ڤیدیۆیانەی بەکارهێنەران لە ســـەر تۆڕی یوتیوب بڵاویدەکەنەوە، کە هەندێکجار دەبێتەوە بە کەرەســـتەی میدیایی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان، هەروەک چۆن زۆربەی دەزگا ڕاگەیـانـدنەکـان پەڕە و پێگەی خۆیـان لەســـەر ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان کردووەتەوە، بە مەبەسـتی بەردەوامی پەیوەندی و گەیشـتن بە وەرگرەکانیان هەڵبەت ڕۆژنامەنووسـەکانیش هەمان کار ئەنجام دەدەن و پەیج و ئەژمارەکانیان لەســـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەیوەندی بە جەماوەرەوە بەکاردەهێنن[٣].

کە ئەمەش لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بە ســـەرکەوتن بۆ میدیـای نەریتیی ئەژمـار دەکرێت، کە توانیویەتی میدیای نوێ بخاتە خزمەتی خۆیەوە و هاوشانی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا بەردەوام بێت و هەنگاو بنێت. میدیا نەریتییەکان لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێدا لە بەکارهێنەرە سـەرەتایی و ئاســـاییەکان لێوەشـــاوەترن، چونکە هێشـــتا ئەوان خاوەنی توانا ناوبانگ و ئەزموونن. زۆربەی ڕۆژنامەنوســـە بەناوبانگەکانی دەزگا کلاســـیکیەکان باشـــتر بابەتەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەخوێنرێتەوەو توانای جوڵاندنی ڕایگشـــتیان هەیە، لە زۆر حاڵەتدا پەیج و ئەکاونتی دەزگا ڕاگەیاندنە

[1] De-Prato, Giuditta; Sanz, Esteve; Simon, Jean-Paul (2014). Digital media worlds. The neew economy of media. New York: Palgrave-Macmillan.
[2] Murray, A. and Scott, C. (2002). Controlling the New Media: Hybrid Responses to New Forms of Power. Modern Law Review, 65(4), pp.491-516.
[3] Newman, T. (2016). Tracking the release of IPCC AR5 on Twitter: Users, comments, and sources following the release of the Working Group I Summary for Policymakers. Public Understanding of Science, 26(7), pp.815-825.

کلاسیکیەکان لە پەیجە ئاسایی و نوێیەکان باوەڕ پێکراوترن، لەگەڵ ئەوەی هەندێک پەیج و ئەکاونتی کەسی هەن کە بڵاوبوونەوە و کاریگەری فراوانیان هەیە[1].

لەم تێڕوانینەوە دەگەینە ئەوەی کە لۆژیکی نییە باس لە بردنەوە و دۆران یان سەرکەوتن و شکست بکەین لە نێوان میدیای کۆن و نوێدا، بەڵکو دەبێت باس لە تەواوکاری لە نێوان هەردوکیاندا بکەین، چۆن میدیای کلاسیکی بتوانێت سوود لە داهێنراوە تەکنەلۆژییەکان وەربگرێت و بتوانێت وەبەرهێنانی تێیدا بکات و خۆی نوێ بکاتەوە و خۆی لەگەڵ دۆخە نوێیەکەدا بگونجێنێت.

وەک دەردەکەوێت میدیای نوێ هەلی ڕەخساندووە بۆ میدیای کلاسیکی، کە خۆی نوێ بکاتەوە و بەردەوام بێت لەگەڵ گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان و شێوازە تازەکانی پەیوەندیکردن بە تایبەت کە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێتەوە میدیا بەرگە لۆکاڵی و ناوچەیی و تەنانەی دەوڵەتی و کیشوەریشی تێپەڕاندووە و بووەتە میدیایەکی جیهانیی و کیشوەربڕ بە ماوەیەکی پێوانەیی دیاریکراو و کەم و گواستنەوەی زۆرترین زانیاری بە هەموو جۆرەکانی، شێواز و ناوەڕۆک، وێنەی وەستاو و جوڵاو، پەیام و ڕاوبۆچوون، زمان خستنەڕو، بیرۆکە و نوێگەری.

- **میدیای نوێ بەرامبەر میدیای نەریتیی:**

لە ئەنجامی سەرهەڵدانی میدیای نوێ و ململانێی لەگەڵ میدیای نەریتیدا، چەند دیاردە و دەرهاویشتەیەک هاتوونەتە کایەوە، کە خۆی لە چەند بوارێکدا دەبینینێتەوە و هەندێکیان لە بەرژەوەندی میدیای نوێ و بەشێکیشیان لە بەرژەوەندی میدیای نەریتیین لەوانە:

١. میدیا بە شێوەیەکی گشتی ئامرازەکانی گۆڕیوە و وەک پێشتر نەماوە، لە ڕوی وەرگرەوە پێشتر وەرگر مامەڵەی لەگەڵ میدیای کلاسیکی دەکرد، ئێستا وەرگر میدیای نوێ بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنێت.
٢. میدیا چیتر لە لایەن دەستە و گروپ و حکومەتیکەوە بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت، میدیای نوێ لانی کەم دوو ئاراستەیە لە خوارەوەش پەیام دەگات بە سەرەوە، هەندێک سەرچاوە بە میدیای خەڵکی هەژار و هاوڵاتی ناویدەبەن و لەوێوە دەتوانن قسەی خۆیان بکەن بە بێ تێپەڕبوون بە فلتەری دەرگاواندا، بەڵام هێشتا ڕوون نییە چ ئەجێندایەک لە پشت ئەم میدیایەوەیە.
٣. میدیای نوێ لەگەڵ خۆیدا سیاسەتی نوێ و سیاسیی نوێی هێناوەتە کایەوە، چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە زۆر شوێنی دنیادا بوونەتە سەرکردەی ڕای خەڵک و بزوێنەری جوڵانەوە سیاسیەکان.

---

[1] د.یاس خضیر البیاتي، مصدر سابق، ص٢٧٤.

٤. میدیای نوێ و بە دیاریکراوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بڵندگۆ و سەکۆیەک بۆ ئازادییە گشتییەکان و ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین، هەروەک لە هەندێک سەرچاوەدا میدیای نوێ بە دەسەڵاتی خەڵک ناودەبەن، بە واتای تێپەڕاندنی چەمکی دەسەڵاتی چوارەم و بوون بە دەسەڵاتی پێنجەم، لەبەرئەوەی ئەو ڕۆڵەی میدیا نوێ و تۆڕە کۆمەڵاتییەکان دەیبینن بە میدیای کلاسیك ناکرێت و دەرفەتی زیاتری داوە بە خەڵک و بەکارهێنەران، کە پێشتر لە میدیای نەریتیدا بەو ڕادەیە نەبووە.

لە بەرامبەردا پاڵپشتانی میدیای کلاسیك پێیانوایە میدیای کلاسیك هێشتا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لە ژیانی خەڵکدا هەیە و ناکرێت فەرامۆش بکرێت، بەو پێیەی:

أ. میدیای کلاسیك بە شێوەیەکی تاڕادەیەک باش توانیویەتی میدیای نوێ و مینبەرەکانی بخاتە خزمەت دەزگاکانی خۆیەوە کە ڕەنگە بەردەوامبوونی ئەم ئاڕاستەیە شێوەی میدیای نوێ بگۆڕێت و گەمەکە لە بەرژەوەندی میدیای کلاسیك پێچەوانە ببێتەوە، چونکە هێشتا میدیای کلاسیك خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، لەوانە توانا و ناوبانگ و ئەزموون، کە دەشێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی سەرەداوی گەمەکە بگرێتەوە دەست.

ب. زیادەڕەوی دەکرێت لە باسکردنی ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی سیاسی بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، چونکە ئەوەی کاریگەرە هێشتا میدیا کلاسیکیەکان و ئەوانەی لە پشتیانەوەن لە حکومەت و خاوەنکار و کۆمپانیا و پارت و دامەزراوە سیاسی و ئابورییەکان.

پ. ڕۆڵی حکومەتەکان لە پشت میدیای نوێوە گوماناوییە، بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە چونکە ئەوانیش بە شێوەیەکی چڕ ئامادەییان هەیە، لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پلاتفۆرمەکانیدا کە ڕەنگە ئەگەر بەم ئاڕاستەیە بەردەوام بێت لە ئایندەدا وابکات لە ڕوی ئەرکەوە میدیا نوێ بخاتە بەرژەوەندی حکومەت و دەسەڵاتەوە.

ت. میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گوێرەی هەندێک ڕاپۆرت، ئەو تۆڕانە بوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی نەوەیەک لە بەکارهێنەری کارا لەسەر کۆمپیوتەر و مۆبایل و ناکارا لە شەقام، زیاتر ئەو تۆڕانە بوونەتە هۆی بەتاڵکردنەوەی ڕق و داواکارییەکانیان[1].

ج. سانسۆر لەسەر ئینتەرنێت و توانای کوژاندنەوە و کۆنترۆڵکردنی لە لایەن حکومەتەکانەوە یەکێکە لەو مەترسی و ئاستەنگانەی لەبەردەم میدیای نوێدایە، هەروەک (سێرجی برین) دامەزرێنەری گۆگڵ دەڵێت: "بنەماکانی کرانەوە و بە جیهانیبوونی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی، کە ئینتەرنێتی لەسەر دامەزراوە، بەرەنگاری گەورەترین مەترسی دەبنەوە بە تایبەت ئەوەی

---

[1] We Are Social UK. (2018). The State of the Internet in Q4 2018 - We Are Social UK. [online] Available at: https://wearesocial.com/uk/blog/2018/10/the-state-of-the-internet-in-q4-2018 [Accessed 22 Nov. 2018].

هەڕەشـەیە لەسـەر ئازادی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە لایەن دەسـەڵات و حکومەتەکانەوەیە، کە سانسۆر دەخەنە سەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت و هۆیەکانی دیکەی پەیوەندیکردن ئەمەش مایەی نیگەرانی ئێمەیە"[١]

هەربۆیە لە حاڵەتی فراوانبوون و بوونی بە مایەی هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵات، وەک ئەوەی لە میسرو ئەمساڵیش لە عێراق بینرا لە کاتی خۆپیشاندانەکانی شاری بەسرەدا، کە حکومەتی عێراق بڕیاریدا بە وەستاندنی هێڵەکانی ئینتەرنێت و ئەپڵیکەیشنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناو کۆنترۆڵکردنی نارەزایەتییەکانی خەڵک دژ بە حکومەت[٢]، ئەوەش هێمای کاریگەری فراوانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، کە خەڵک وەک سەکۆیەک بەکاریدەهێنن بۆ گوزارشتکردن لە خواست و داواکارییەکانیان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی فراوان ڕوی لە زیادبوون کردووە و بوونەتە مینبەرێک بۆ بەشداری گەنجان و ئەوەی پێیدەوترێت دیموکراتیەتی فەرامۆشکراوەکان، چونکە گەنجان بە دەرفەتی دەزانن لە ڕێگەی فەیسبوک و تویتەر و یوتیوب و تۆڕەکانی دیکەوە گوازشت لە خواست و داواکاریەکانی خۆیان بکەن و دەنگیان بگەیەننە سیاسیەکان و دەسەڵاتداران، هەروەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە سەرچاوەی هەواڵ کە بە پێی ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی نایت knight foundation لە ساڵی ٢٠١٧دا، زۆرینەی خەڵک هەواڵەکان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەردەگرن[٣] و بەوەش نەک بە تەنها ڕۆژنامە، بەڵکو تەلەفزیۆنیش پاشەکشەی کردووە، واتە شاشەی گەورەی تەلەفزیۆن لە بەردەم شاشە بچوکەکانی مۆبایلدا لە پاشەکشەدایە.

---

[1] HuffPost. (2018). Google Co-Founder: Internet Freedom Facing Greatest Threat Ever. [online] Available at: https://www.huffingtonpost.com/2012/04/15/sergey-brin-internet-freedom-threatened_n_1427325.html [Accessed 22 Nov. 2018].

[2] Amnesty.org.uk. (2018). ‘They cut off the internet so they can beat us’ - protester in al-Zubeir. [online] Available at: https://www.amnesty.org.uk/press-releases/iraq-internet-cut-stop-protesters-posting-images-security-force-attacks [Accessed 22 Nov. 2018].

[3] Kf-site-production.s3.amazonaws.com. (2018). [online] Available at: https://kf-site-production.s3.amazonaws.com/publications/pdfs/000/000/255/original/KnightFoundation_AccuracyandBias_Report_FINAL.pdf [Accessed 22 Nov. 2018].

# بەشی سێیەم
# دروستکردنی بڕیاری سیاسی

باسی یەکەم/ چەمکی بڕیاری سیاسی
باسی دووەم/ ئاڕاستەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی
باسی سێیەم/ توخم و بنەماکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی
باسی چوارەم/ جۆرەکانی بڕیاری سیاسی
باسی پێنجەم/ قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی
باسی شەشەم/ ئاستەنگەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی
باسی حەوتەم/ سەرچاوەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی
باسی هەشتەم/ ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا
باسی نۆیەم/ دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

**باسی یەکەم/ چەمکی بڕیاری سیاسی:**

هەرچەندە لەکۆنەوە، مرۆڤەکان ڕاهاتوون بە سیاسەت و کارکردن لەگەڵ سیاسەتدا بگوزەرێنن، چونکە بەشـــێوەیەکی ڕەها ڕۆچۆتە نـاو ژیـان و هەڵســـوکەوت و تەنـانەت کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، چونکە ســـیاســـەت بۆتە هۆکارێکی بەهێز مرۆڤەکان کەم تا زۆر باســـی لێوە دەکەن و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، ئەم باسـە بەشێوەیەکی فراوان و گرنـگ باس لەسیاسـەت و دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەکات، چونکە سیاسەت سەرەتا و دەستپێکە بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی، بەسەر چەند باسێکدا دابەشکراوە و لەخوارەوە باسی لێوە دەکەین:

پرۆســـەی بڕیــاردان توخمێکی گرنــگ و ســـەرەکی و کــاریگەرە لە بەڕێوەبردنی هەر دامودەزگایەکدا لە هەمانکاتدا پرۆســەیەکی دژوار و ئاڵۆزە بە تایبەت لە بواری ســیاســییدا[١]. بڕیاری سیاسی بە یەکێک لە هەرە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستمی سیاسی و حوکمڕانی دادەنرێت و لە هەمان کاتدا یەکێکە لە هەرە پرۆســە قورس و ئاڵۆزەکانی ئەو بوارە[٢]. پرۆســەی دروســتکردنی بڕیار نەک تەنها لە بواری سـیاسـی، بەڵکو لە بوارەکانی دیکەی وەک بەڕێوەبردن و ئابوریی و بوارەکانی دیکەش ڕۆڵی گەورەو کاریگەری هەیە و پرۆسەیەکی دژوار و ئاڵۆزە[٣].

لە زمـانی کوردیـدا دروســـتکردنی بڕیـار، یـاخود گەڵاڵەکردنی بڕیـار لەبەرامبەر چەمکی (decision making) ی زمانی ئینگلیزی و (صنع القرار) ی زمانی عەرەبی بەکاردەهێنرێت. بەڵام دروســـتکردنی بڕیار لە ڕووی زمانەوانی و لە ڕووی چەمکیشـــەوە جیاوازە لە بڕیاردان بەو پێیەی لە پێناســـەکانی ســـەرەوەشـــدا ڕونبووەوە، دروســـتکردنی بڕیار پرۆســـەیەکە کە جیاوازە لە بڕیاردان بە هەمانشێوە لە زمانەکانی دیکەش ئەم جیاوازییە بەدیدەکرێت، هەروەک لە زمانی عەرەبی (اتخاذ القرار) جیاوازە لە (صنع القرار) و لە زمانی ئینگلیزیش (Decision Making) و (Decision Taking) هەیە[٤]. بۆیە بە پێویست دەزانرێت بۆ زیاتر ڕونکردنەوە جیاوازی لە نێوان ئەو چەمکەدا بکرێت.

ناسـاندن و پێناسـەکردنی پرۆسـەی دروسـتکردنی بڕیاری سیاسـی، وەک زۆربەی چەمکەکانی دیکەی بواری زانستی مرۆیی سـانا و ئاسـان نییە و ئەستەمە بتوانرێت تەنها پێناسـەیەکی گشتگیری بۆ دابنرێت، هەربۆیە فەرهەنگ و سەرچاوە پسپۆڕییەکانی زانستی سیاسی، چەند پێناسەیەکی جیاوازیان بۆ چەمکی دروسـتکردنی بڕیاری سـیاسـی کردووە، بە گوێرەی فەرهەنگی بەناوبانگی (ئۆکسـفۆرد)ی

---

[1] Lu, J., Jain, L. and Zhang, G. (2012). *Handbook on decision making*. Heidelberg: Springer, pp.4-7.

Koch-Baumgarten, Sigrid & Voltmer, Katrin. (2010). Public Policy and Mass Media. The Interplay of Mass Communication and Political Decision Making.page 99-104[2]

[٣] فواد علی احمد، (٢٠١١)، ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە چالاککردنی بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، لا ٥٤.

[4] Jones, P. (2019). *Decision Making and Decision Taking: they are different*. [online] Excitant. Available at: https://www.excitant.co.uk/decision-making-and-decision-taking-they-are-different/ [Accessed 6 Aug. 2019].

ئینگلیزی چەمکی دروســـتکردنی بڕیار بریتییە "لە پرۆســـەی بڕیاردان دەربارەی بابەتێکی گرنگ بەتــایبەت کە بڕیــارەکە دەربــارەی کۆمەڵە خەڵکێـک بێـت یــاخود دامەزراوەیەکی دیــاریکراو"[١]. (Trewatha & Newport) بەم شێوەیە پێناسەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دەکەن "دروستکردنی بڕیار هەڵبژاردنی باشـــترین بژاردەیە لە نێو دوو یاخود زیاتر لە بژاردەیەک لە پێناو گەیشـــتن بە چارەسەری کێشەیەک"[٢]، لە هەمانکاتدا فەرهەنگە عەرەبییەکان چەمکی دروستکردنی بڕیار لە ڕوی زمانەوانییەوە پەیوەســتدەکەن بە بواری کارگێڕییەوە و وەک ئەرکێکی بەڕێوەبەر دەیناسـێنن کە بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگـا و میتۆدێـک لە نێوان چەنـد بژاردەیەکی بەردەســـتـدا[٣]. لە ڕوی چەمکەوە دروسـتکردنی بڕیار وەک پرۆسـە وەسـفدەکەن، کە بریتییە لە پرۆسـەی بیرکردنەوە بە بوونی توانای ژیریی باڵا، کە بتوانێت لە نێو چەند بڕیار و بژاردەیەکدا باشـترین و گونجاوترینیان هەڵبژێرێت، یاخود چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و گرفتێک دەستنیشان بکات و بڕیاری لە بارەوە بدات[٤].

(ڕۆبەرت هاریس) لە کتێبەکەیدا پێناسـەی دروسـتکردنی بڕیار دەکات بەوەی (هەڵسـەنگاندن و خوێندنەوەی جیاکردنەوە و هەڵبژاردنی باشترینە لە نێوان بژاردە بەردەستەکاندا و هەروەها دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوە بۆ تاک لە دۆخێکی دیاریکراودا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو)[٥]، بە هەمان شـێوە هەندێک پرۆسـەی بڕیاردان دەبەسـتنەوە بە پرۆسـەی هەڵسـەنگاندن و هەڵبژاردنی باشـــترین ڕێگاچارە بۆ چارەســـەری کێشـــەیەک یاخود بڕیاردان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بە شێوازێکی ئەقڵانی و پاش بیرکردنەوە لە سەرجەم بژاردەکان[٦].

---

[1] Oxfordlearnersdictionaries.com. (2019). *decision-making noun - Definition, pictures, pronunciation and usage notes | Oxford Advanced Learner's Dictionary at OxfordLearnersDictionaries.com*. [online] Available at: https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/decision-making?q=decision-making [Accessed 3 Aug. 2019].

[2] Trewatha, R.L., & Newport, M.G. (1982). Management. 3rd ed., Business Publications, 1982,

Triantaphyllou, E., Shu, B., Nieto Sanchez, S., & Ray, T. (1998). Multi-criteria decision making: An operations research approach. Encyclopedia of Electrical and Electronics Engineering, 15, 175-186.

[3] Team, A. (2019). *تعريف و شرح و معنى نموذج اتخاذ القرار بالعربي في معاجم اللغة العربية معجم المعاني الجامع، المعجم الوسيط ،اللغة العربية المعاصرة ،الرائد ،لسان العرب ،القاموس المحيط - معجم عربي عربي صفحة ١*. [online] Almaany.com. Available at: https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/ [Accessed 9 Sep. 2019].

[4] www.alukah.net. (2019). *مفهوم عملية اتخاذ القرار*. [online] Available at: https://www.alukah.net/culture/0/63677/ [Accessed 9 Sep. 2019].

[5] Harris, R. (2019). *Introduction to Decision Making, Part 1*. [online] Virtualsalt.com. Available at: https://www.virtualsalt.com/crebook5.htm [Accessed 9 Sep. 2019].

[٦] ظافر آل جميلة (٢٩-٣-٢٠١٧)، "مفهوم اتخاذ القرار"، جامعة بابل- كلية الاقتصاد والإدارة، اطّلع عليه بتاريخ ٩-٩-٢٠١٩. إقرأالمزيدعلىموضوع.كوم: https://mawdoo3.com/ref-DLnLpsprHw_3-1

وەک (فیلیپ جۆنس) ڕونیدەکاتەوە، دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکە و لە ماوەیەکی دیاریکراودا ڕودەدات و بڕیارەکە دروســـت دەکرێت و بنیات دەنرێت، بەڵام بڕیاردان لە کاتێکی کورتدا لە لایەن کەسێکەوە دەدرێت، کە مەرج نییە هەمان هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوەی لە پشتەوە بێت، کە لە پرۆسەی دروســتکردنی بڕیاردا هەیە(١). ئەوەی لەم تێزەشــدا مەبەســتە پرۆســەی دروســتکردنی بڕیارە نەک بڕیـاردان بەو پێیەی دروســـتکردنی بڕیـار خوێنـدنەوە و هەڵســـەنگـانـدن و بیرکردنەوە و کـاتێکی دیاریکراوی دەوێت، کە ئەوەش جیاوازە لە بڕیاردانی خێرا بە بێ ئەو فاکتەرانەی لە دروســـتکردنی بڕیاردا هەن.

هەروەها (تالکۆت بارسنز) دروستکردنی بڕیاری سیاسی بەوە پێناسـە دەکات، کە بریتییە لەو کارتێکەر و دەرهاویشتانەی کێشەیەک و کارلێکی نێوانیان، بە واتای ئەوەی بریتییە لە توانا و هونەری بڕیاردروســـتکەر لە دەســـتنیشـــانکردنی کێشـــە و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەیان و هەڵاوێر و ڕیزبەندیکردنی لە پێناو شـیکارکردنی و خستنەڕوی بژاردەکان بۆ ئەوەی باشـترینیان هەڵبژێردرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکەدا٢. پسـپۆڕی زانسـتی سـیاسـیی (دەیڤید ئیسـتن) زیاتر ڕۆڵی دروسـتکردنی بڕیاری سـیاسـی ڕووندەکاتەوە، ئەو لە پێناسـەیدا بۆ دروسـتکردنی بڕیاری سـیاسـیی دەڵێت: "بڕیاری سیاسی ئەوەیە کە حکومەت دەیەوێت ئەنجامی بدات و هەروەها ئەوەشە کە نایەوێت بیکات".(٣)

لێکۆڵینەوەکان لە زانستی سیاسییدا دەربارەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە گەشـەسـەندنی زۆری بەخۆوەبینی و بە شـێوەیەکی تایبەتمەند و سـەربەخۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی گەشەیکرد(٤). نەک هەر ئەوەندە بەڵکو هەندێک ئاماژەی ئاڵۆزیش بەدیار کەوتن ســـەبارەت بە تێگەیشـــتنی وەرگرتنی بڕیار لە کایە جیاوازەکاندا. بۆ نموونە دەروونناسـەکان بۆ لێکۆڵینەوە و قسـەکردن لەسـەر دروسـتکردنی بڕیار پشـت بە لێکۆڵینەوەی پاڵنەرە شـاراوەکانی پشـت بڕیاردانی تاک دەبەسـتن، ئەوە لە کاتێکدا پسـپۆڕانی ئابوری زیاتر جەخت لەســـەر بڕیـارەکـانی بەکـاربەر و بەرهەمهێن و وەبەرهێنەرەکان دەکەنەوە، هەرچی زانـایـانی بواری کـارگێڕیشـــە لێکۆڵینەوەکـانیـان چڕکردوەتەوە لە چۆنێتی بـاشـــکردنی ئـاســـتی کـارکردنی دەزگـا جێبەجێکارەکان و بەباشی و بڕیاردانی دروست، بەڵام لە زانستی سیاسیدا کە مەبەستی توێژینەوەکەی

---

1 Excitant. 2018. Phil Jones. [ONLINE] Available at: https://www.excitant.co.uk/decision-making-and-decision-taking-they-are-different/. [Accessed 9 September 2019].

٢ محمد عزت, احمد نافع، المفاهيم الحديثة في علم الادارة، مكتبة الجامعة واثراء للنشر و التوزيع، الاردن، ٢٠١٠م، ص١٣٥.

3 Brittannica. 2021. System Analysis. [ONLINE] Available at: https://www.britannica.com/topic/political-science/Systems-analysis#ref423527. [Accessed 9 March 2021].

٤ Scott, S. G., & Bruce, R. A. (1995). Decision-Making Style: The Development and Assessment of a New Measure. Educational and Psychological Measurement, 55(5), 818–831.

ئێمەشە بایەخدان زیاتر بۆ ئەو بڕیارانەیە، کە گوزارشت لە ڕەفتاری لایەنە کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکان دەکات لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی[١].

لە زانستی سیاسییدا ئاراستە و سەرنجەکان دەربارەی چەمکی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بەو ئاراستەیە دەڕوات، کە دروستکردنی بڕیاری سیاسی گوزارشتە لە ڕەفتاری ئەو هێزو لایەن و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە کاریگەریان لە بواری سیاسەتدا هەیە، بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەکە لە زانستی سیاسییدا بەسەر دوولایەندا دابەش دەبێت، لایەنێک ئەوەیە کە بڕیارەکە دەدات کە بە زمانی ئینگلیزی بە کارا Agent دەناسێنرێت هەروەها ئەو ژینگە و بارودۆخەی[٢] Environment. کە کاریگەری لەسەر بڕیارەکە هەیە، لایەنەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە، لەسەر بنەمای ئەو سیستەمە حوکمڕانییەی وڵاتەکە بەڕێوەدەبات. پرۆسەی بڕیار دروستکردن لە وڵاتێکی دیموکراسی جیاوازە لەگەڵ وڵاتێکی شمولی و داخراودا. لە وڵاتێکی کۆماریی، بۆ وڵاتێک کە سیستمی پەرلەمانی بێت جیاوازی هەیە، بۆ نموونە بە گوێرەی ئەو جیاوازییانە، دەشێت لایەنی بڕیاردەر دەوڵەت بێت، یاخود کەسایەتییە دەوڵەتییەکان بن، کە بە هۆی پلە و پێگەیان ڕێگەپێدراون لە بڕیاردان دەربارەی بابەت و کەیسێک، ژینگەکەش کە ڕەهەندی کات و شوێنی هەیە دەکرێت دۆخی پێش بڕیارەکە هۆکارە کاریگەرەکان و دۆخی دەروونی و بابەتی ئەو کەسە بێت کە بڕیارەکە دەدات[٣].

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت چەمکی دروستکردنی بڕیار وا بناسێنرێت، کە بریتییە لە هەڵسەنگاندن و هەڵاوێرکردنی بژاردە بەردەستەکان لە پێناو هەڵبژاردنی باشترینیان بۆ چارەسەری کێشەیەک یاخود بڕیاردان لە بابەتێک بە ڕەچاوکردنی فاکتەرە بابەتی و خودییەکان لە وەرگرتنی ئەو بڕیارەدا لە پێناو بەدیهێنانی زۆرترین سود و خۆ بەدورگرتن لە زیان بە پێی توانا و هەلو مەرجە بەردەستەکان.

---

1 IBID- هەمان سەرچاوە

٢ جیمس دورثي و ڕوبرت بالستغراف. المؤسسات الامريكية.ترجمة انيس صايغ .بيروت. ١٩٧٤.ص٣٠٥ .

3 Janous Fullop, Introduction to Decision Making Methods, Laboratory of Operations Research and Decision Systems, Computer and Automation Institute, Hungarian Academy of Sciences, 2014. PP 18-27.

## باسی دووەم/ ئاڕاستەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی:

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی پرۆسەیەکی هەمەلایەن و ئاڵۆزە بە بەراورد بە بڕیاردان، لەبەرئەوەی بڕیاردان گوزارشتەکات لە دەرهاویشتەکانی پەیوەست بە دۆخێکی دیاریکراو، بەڵام پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی پەیوەستە بە هەموو ئەو هەنگاو و بارودۆخانەی کە پەیوەندیدارە بە بارودۆخەکە و هۆکارە کاریگەرەکان و دەرهاویشتە و لێکەوتەکان و کارلێکی نێوان هۆکارو دەرهاویشتەکانی بارودۆخێکی دیاریکراو[١]، وێڕای جیاوازی بۆچوون و پێناسەکان دەربارەی چەمکی دروستکردنی بڕیار بە گشتی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە تایبەتی، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پسپۆڕان و لێکۆڵیارانی بواری زانستی سیاسی، سێ ئاڕاستەی سەرەکییان بۆ دروستکردنی بڕیار بە گوێرەی مۆدێلە جیاوازەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دیاریکردووە ؛

### ئاڕاستەی یەکەم/ هەڵبژاردن لە نێوان بژاردەکاندا:

بە گوێرەی پاڵپشتکەرانی ئەم ئاڕاستەیە، کە بە مۆدێلی ڕەفتاری لە دروستکردنی بڕیاردا ناودەبرێت، کرۆکی پرۆسەی بڕیاری سیاسی بریتییە لە هەڵبژاردنێکی بەئاگایانە و هۆشمەندانە لە نێوان کۆمەڵێک بژاردەی بەردەستدا، بە ئامانجی زیادکردنی دەستکەوتەکان و خۆلادان یاخود کەمکردنەوەی زەرەروزیان، بۆ نموونە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا بەشێک لە پێناسەکان لەسەر ئەم بنەمایەن، کە دروستکردنی بڕیاری سیاسی ئەو ڕێگایەیە کە لێوەی دەگەینە داڕشتنێکی گونجاو بە بەراورد بە بژاردەکانی دیکە، هەموو بڕیارێکیش مەبەست لێی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراوە، بە کەمترین زیان، هەروەک (ریچارد سنایدەر) دەڵێت: "دروستکردنی بڕیاری سیاسی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە لەڕێگەیەوە چارەسەر بۆ کێشەیەک یاخود بابەتێک هەڵدەبژێردرێت، لەنێو چەند بژاردەیەکی دیکەدا کە بڕیاری لێدەدرێت بەمەبەستی جێبەجێکردنی"[٢]. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین ئامانج لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی شەنوکەوکردنی هەموو بژاردە بەردەستەکانە، کە دەتوانرێت بڕیاریان لێوە بدرێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی یەکێکیانەوە بە ڕەچاوکردنی تێگەیشتن لە سەرجەم ڕەهەندەکانی بابەت و کێشەکە لە پێناو وەرگرتنی بڕیارێکی دروست و گونجاو.

کەواتە بۆ وەرگرتن و دروستکردنی بڕیارێکی دروست کە چارەسەی کێشە و بابەتێک بکات بە ئەژمارکردنی زۆرترین قازانج و کەمترین زیان، پێویستە دروستکەرانی بڕیار زانیاری تەواو و پێویست و دروستیان لەبەردەست بێت دەربارەی بابەتەکەو لە سەرجەم گۆشەنیگا و ڕەهەندەکانییەوە لە

---

1 السابع، العدد الآداب، مداد مجلة الأمريكي، السياسي القرار صنع صبحي، محمد كرم وانس العيثاوي حمد محمد ياسين
. 293 ص

٢ Snyder R.C., Bruck H.W., Sapin B. (2002) Decision-Making as an Approach to the Study of International Politics. In: Foreign Policy Decision-Making (Revisited). Palgrave Macmillan, New York

پێناو تێگەیشتنی تەواو لە بابەتەکە دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی بژاردە بەردەستەکان و بۆ ئەوەی خاڵی لاواز و بەهێزی سەرجەم بژاردەکان بزانرێت پێش ئەوەی یەکێکیان وەک دوا بڕیار هەڵبژێرێت.

زیاتر لەوەش، جگە لە زانیاری تەواو و دروســـت دەربارەی بابەتەکە دەبێت ڕەچاوەی ئەوەش بکرێت ئەوە کەسەی بڕیار دەدات لەسەر بژاردەکان و دروستکردنی بڕیارەکە دەبێت توانای شیکاری و هەڵاوێرکردن و هەڵســـەنگاندنی لە ئاســـتێکی بەرزدابێت، بە ڕادەیەک بتوانێت لە ژینگە و دۆخەکە تێبگات کە بڕیاری لەسەر دەدات، ئەمەش لە پێناو ئەوەی بتوانێت بژاردە و بڕیارە واقیعیەکە هەڵبژێرێت کە پشـــتبەســـتووە بە زانیاریی تەواو و قوڵ دەربارەی باشــــی و خراپیەکانی هەر بژاردەیەک و ئەو ئەنجامەی چاوەڕوان دەکرێت، لە ئاکامی هەڵبژاردنی هەر بژاردەیەک بەدەســـت بهێنرێت لە کاتی هەڵبژاردنیدا لە پێناو بەدیهێنانی زۆرترین ســـود و خۆلادان لە لێکەوتە نەرێنییەکان[١] و دەکرێت دروســـتکەرانی بڕیار ئامۆژگاری و ڕێنمایی بڕیاردەران بکەن بە پێشـــنیازکردنی بژاردەیەک لە نێو بژاردەکاندا لە سۆنگەی ئەو زانیارییانەی دەربارەی بابەتەکە بەردەستە، جگە لەوەش دەتوانێت بە توانای هەڵاوێرکردن و هەڵســـەنگاندنی خۆی پێشـــبینی دەرەنجامەکان و کاردانەوە پێشـــبینیکراوەکان بکات لە هەڵبژاردنی هەر بژاردەیەک لە نێو بژاردە بەردەستەکاندا[٢].

**ئاراستەی دووەم/ بڕیار بژاردەی بەردەم سەرکردایەتی سیاسییە:**

پاڵپشـــتکەرانی ئەم ئاڕاســـتەیە کە بە ئاڕاســـتەی لۆجیکی دەناســـرێت جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەرکردایەتی سیاسیی سەنتەری بڕیارەکانن و پێیانوایە سروشتی دەستەبژێری سیاسی و بەهاکانیان و باڵادەستییان لە کۆمەڵگادا ئەو مافەیان پێدەدات، کە خۆیان بڕیار بدەن و هەر خۆشیان بڕیارە گرنگ و چارەنوســـســـازەکان جێبەجێبکەن لە کۆمەڵگاکانیاندا، بەو پێیەی هەموو کۆمەڵگایەک دەســـتبەژێرێکی سیاسی حوکمیان دەکەن و هەر ئەوانیش بەرژەوەندی و بەها و دیدگاکانیان بۆ دەستنیشان دەکەن و نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو کاریگەریشییان بەسەر بژاردەکانی بەردەم ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە [٣].

بە گوێرەی پاڵپشتکەرانی ئەم ئاڕاستەیە ڕۆڵی سەرکردایەتی سیاسی وڵات، لە چەند ئامانجێکی دیاریکراودا دیاریدەکەن و بە گوێرەی گرنگیان پۆلێنیان دەکەن و ئامرازگەلی گونجاو هەڵدەبژێرن بۆ جێبەجێکردن بۆ هەریەک لە ئامانجەکان، بە جۆرێک لەگەڵ توانا و خواســتە ڕاســتەقینەکانی کۆمەڵگادا بگونجێت، هەڵسەنگاندن و خوێندنەوە بۆ ڕەهەندەکانی ئەو بارودۆخ وهەڵوێستانە دەکەن کە بەرەو ڕوی کۆمەڵگا دەبنەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری گونجاوی لەبارەوە بدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشــە و گرفتەکان،

---

١ محمد حمد العيثاوي وانس كرم محمد صبحي، صنع القرار السياسي الأمريكي، مجلة مداد الآداب، العدد السابع، ص٢٩٣

٢ محمد عبد العظيم الشيمي، الوظيفة السياسية لصانع القرار في السياسة الخارجية المصرية،( القاهرة، المكتب العربي للمعارف، بدون تاريخ)، ص ٢٥.

٣ محمد عبد العظيم الشيمي، الوظيفة السياسية لصانع القرار في السياسة الخارجية المصرية،( القاهرة، المكتب العربي للمعارف، بدون تاريخ)، ص ٢٥.

کە لە دەرەنجامی بارودۆخە جیاوازەکانەوە دروســـت دەبن، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو کارلێکانەی لە بەرمەبنای بەهاو پرەنسـیپە باڵاکانی کۆمەڵگاوە سـەرچاوە دەگرن و لە پێناو تێکەڵاو نەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا و سەرکردایەتی سیاسی حوکمڕان و سەرکردەی سیاسی دەکرێت سەرکردە، یاخود سەرۆک تاکە کەسێک بێت کە دەسـەڵاتی سیاسـی خۆی پیادە دەکات و بەتەنیا خۆی بڕیار لە کاروباری کۆمەڵگا دەدات، سـەرکردایەتی سیاسـی یان چینی دەسـەڵاتدار هەریەک لە سـەرکردەی سیاسـی و دەستەبژێری سیاسـی لە خۆدەگرێت. هەموو ئەمانەش پەیوەندیدارە بە سیستمی سیاسییەوە، کە لە جۆری کەسیی و تاکڕەوە یاخود ئۆرستۆکراتییە[١].

پوختەی ئەم ئاڕاســـتەیە ئەوەیە کە پرۆســـەی بڕیاردان و بڕیار دروســـتکردن، وەک ئەرکی سـەرکردایەتی و دەستەبژێری سیاسـی دیاریدەکات و ئەوانن کە دەزانن بەرژەوەندی خەڵک لەچیدایە و دەتوانن هەڵســـەنگاندن بکەن، هەربۆیە ئەوان و بە تایبەتتر ســـەرکردەی ســـیاســـی دەربارەی بابەتە چارەنوسساز و گرنگەکان بڕیاردەدەن.

**ئاڕاستەی سێیەم/ تەوافوق و گونجاندن لە نێوان بەرژەوەندییەکان:**

پێشــڕەوانی ئەم ئاڕاســتەیە پێیانوایە سـیسـتمی سـیاســی بەرەنجامی کارلێککردنی کۆمەڵێک دامەزراوەیی و ڕەفتاریی پێکەوەگرێدراون بە دروستکردنی بڕیاری سیاسی، هەروەها بڕیاری سیاسی کۆمەڵێک ڕێوشـــوێنی ئاڵۆز و پێکداچووە بە ئامانجی ســـازان لە نێوان بەرژەوەندی و هەڵوێســـت و بیروبۆچوونە جیـاوازەکـانی نـاو کۆمەڵگـادا. ئەم کـارلێککردنەش پێویســـتی بە ســـازشـــکردن (Bargaining) و دانوســـتاندن (Negotiation) و ئاشـــتەوایی (Compromise) هەیە، لە نێوان کاراکتەرە سـیاسـییەکان و دامەزراوە سـیاسـییەکاندا[٢]، لەم ڕوانگەیەشـەوە بڕیاری سـیاسـی بریتییە لە خەرمانی کارلێکە فەرمی و نافەرمییەکان، کە لەســـەر بنەمای پێکهاتن لە نێوان ســـیاســـییەکان و دامەزراوەکاندا ڕوودەدات لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیا و ڕۆشـــنبیری باو لە کۆمەڵگا و وڵاتدا بۆ ئەوەی بڕیاری پێویست دەربارەی بابەت و کێشەکان گەڵاڵە بکرێت.

(دەیڤد ئیسـتۆن) ئەرکی سـەرەکی سـیسـتمی سـیاسـی لەوەدا بەرجەسـتە دەکات، کە بریتییە لە دابەشـکردنی بەهاکان لە کۆمەڵگادا بە شـێوەیەکی دەسـەڵاتدارانە، واتە پرۆسـەی دروسـتکردنی بڕیارە سیاسییەکان زۆرەملێ و ناچارییە و دەسەڵات بە چەند قۆناغێک دەیسەپێنێت، کە ئەمانەی خوارەوەن[٣]:

---

١ جال معوض، علاقة القيادة بالظاهرة الإنمائية: دراسة في المنطقة العربية، رسالة دكتوراة في العلوم السياسية، جامعة القاهرة، ١٩٨٥ منشور ، ص ١٠.

2 ,(. James Robinson and Richard Snyder,Decision Making in International Politics.in: Herbert Kelman(ed .International Behaviour,(Holt),Rinehart and Winston(,New York,1966) , p. 437.

٣ عادل ثابت، النظرية السياسية الحديثة :دراسة للنماذج والنظريات ال يقدمت لفهم وتفس رعالم السياسة،( القاهرة،مكتبة خوارزم، 2002م)، ص 246 - 244.

١. **كارتێکەرەکان:** بریتین لەو فشار و کاریگەرییانەی کە سیستمی سیاسی ڕووبەڕوی دەبێتەوە و پاڵپێوەدەنێت بۆ جوڵە و چالاکی، کە دەشێت ئەو فشار و کارتێکەرانە ئەرێنی یاخود نەرێنی بن.

٢. **داواکارییەکان:** ئەم داواکارییانە لە ڕێگای ساناوە دروستدەبن، کە بریتیین لە ڕێگای گروپە بەرژوەندخوازەکان و پارتە سیاسییەکان و سەرڕاکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەوێشەوە سیستمی سیاسی دەتوانێت بە شێوەیەکی زۆر چالاکانە وەڵامی ئەو داواکارییانە بداتەوە.

٣. **پاڵپشتییەکان:** بەردەوامی سیستمی سیاسی پشتدەبەستێت بە زامنکردنی لانیکەم لە لایەنداری و پاڵپشتیکردن، لەبەرئەوەی لە کاتی کەمبوونی پاڵپشتیکردن مانای مەترسی لەسەر سیستمی سیاسی و هەڕەشەیە لەسەر ژینگەی دەوروبەری سیستەمەکە.

٤. **ئاڵوگۆڕکردن و گۆڕانکاری:** ئەمەش ئاماژەیە بۆ قبوڵکردنی داواکارییەکان لەلایەن سیستمی یاسادانان و جێبەجێکردن پێش سەرهەڵدانیان لە شێوەی دەرهاویشتەدا، واتە گۆڕانکاری وەک پرۆسەی ڕێکخستن و پۆلێنکردنی داواکارییەکان و دیاریکردنی گرنگیان وایە.

٥. **دەرهاویشتەکان:** ئەمانیش خۆیان نمایشدەکەن لە شێوەی وەڵامدانەوەی سیستمی سیاسی بۆ داواکارییە ڕاستەقینەکان و پێشبینیکراوەکان، بە دەربڕینێکی تر دەرهاویشتەکان بریتیین لە سیاسەتەکان و بڕیارەکان کە پەیوەستن بە دابەشکردنی دەسەڵاتدارانەی سەرچاوەکان.

٦. **فیدباک:** ئەمەش بە مانای شەپۆلی زانیارییەکانە لە ژینگەی سیاسییەوە بۆ سیستمی سیاسی لە دەرەنجامی کارەکانی خۆیەوە، یاخود دەربارەی ئەو لێکەوتانەی کە لە ئاکامی بڕیارە سیاسییەکانەوە دەردەکەون.

لەگەڵ ئەوانەشدا دابەشکردنی دەسەڵاتدارانەی بەهاکان لە کۆمەڵگادا کە بەشێوەیەک ئەنجامدەدرێت بە بێ بەڕێوەچوونی پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسییە زۆرەملێکان بە ئەنجام ناگات، بە شێوەیەکی کاریگەر، هەتا پەیوەندی کاریگەر لەگەڵ سیستمی سیاسی و ژینگەکەدا دروست نەبێت، کە بە پرۆسەی پەیوەندی سیاسی Political Communication ناسراوە. هەروەک (کارل دۆیتچ) ئەرکی پەیوەندیکردنی بە سوڕی خوێن چواندووە، کە خوێن بە هەموو بەشەکانی جەستەی مرۆڤ دەگەیەنێت[١].

هەر لەبەر ئەمەشە (کارل دۆیچ Karl Deutsch) دەروازەیەکی نوێی بۆ شیکردنەوەی سیاسی داناوە لەسەر بنەمای تیۆری پەیوەندیکردن و کۆنترۆڵکردن، کە بە سایبەرنێتیک (Cybernetic) ناسراوە، بە واتای کۆنترۆڵکردن و خۆبەڕێوەبردن، ئەوەیش لێکۆڵینەوەیەکی

---

*Francis Fukuyama, State Building: Governance and World in the Twenty-First Century,( London PROFILE BOOKS LTD), 2004.p.24
*Karl Deutsch, The Nerves of Government: Models of Political
1 Stanyer, J. (2008). *Modern political communication*. Cambridge: Polity, pp.146-152.

سیستماتیک و ڕێکخراوە لە نێو دامەزراوەکاندا بە هەموو شێوەکانییەوە[١]، هەر بە گوێرەی بۆچوونی (دۆیچ)، سایبەرنێتیک (Cybernetic) لە ڕاستیدا بریتییە لە ناردنی پەیام وتێگەیشتن لە پرۆسەی کۆنترۆڵکردن بە شێوەیەکی تەواو، لقێکە لە ئەندازەی پەیوەندیکردن و تۆڕەکانی پەیوەندیکردنیش لەسەر بنەمای ناردنی سیگناڵ کاردەکات لە بنکەکانی کۆنترۆڵکردنی جۆراوجۆر بۆ بەشەکانی دیکە، بۆ ئەوەی بەکاری خۆیان هەڵبستن، دواتریش نامە و پەیامەکان لەو یەکانەوە بۆ ناوەندی کۆنترۆڵکردن دەگەڕێنێتەوە[٢].

زانایانی بواری کۆمۆنیکەیشن و سیاسەت لە نێویاندا (دۆیچ) ئەم چەمکە ئەندازیارییەیان خواستووە بۆ بواری زانستە مرۆییەکان بە شێوەیەکی گشتی و زانستی سیاسی بە تایبەتی، لەم نێوەندەشدا تیۆری پەیوەندیکردن لای (دۆیچ) مامەڵە لەگەڵ حکومەت دەکات، وەک ناوەند و سیستمێکی دروستکردنی بڕیار، ئەویش پشتئەستور بە هاتنی بەردەوامی زانیارییەکان بەجۆرێک وایدەبینێت، کە سیستمی سیاسی سێ جۆر لە زانیاری وەردەگرێت، کە ئەمانەن؛ زانیاری دەربارەی جیهانی دەرەوە، زانیاری مێژوویی دەربارەی ڕابردوو، زانیاری دەربارەی سیستمی سیاسی و بەشەکانی. هەروەها هاتنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام لە ڕێگەی تۆڕەکانی پەیوەندیکردنەوە و دواتریش خۆی خۆی ڕێکدەخاتەوە، ئەم تۆڕانەی پەیوەندیکردن خۆیان دەنوێنن وەک نوێنەری هەر سیستمێک کە دەتوانین بە پلەیەکی دیاریکراو بە ڕێکخستن و پەیوەندیکرد ن و کۆنترۆڵکردن وەسفیان بکەین بە بێ گوێدانە پرۆسەی تایبەتی گواستنەوەی پەیام، هەر بۆیە پرۆسەی کارپێکردنی زانیارییەکان و نوێنەرایەتیکردنی بریتییە لە خاڵی لێکچوونی بنەڕەتی پەیوەست بە سیستمی سیاسی و سیستمی پەیوەندیکردنێکی دیکە[٣].

(دۆیچ) وایدەبینێت، کە تیۆرە تەقلیدییەکان بۆ وەرگرتنی بڕیار گریمانەی ئەوە دادەنێن، کە لایەنە نێودەوڵەتییەکان هەڵدەستن بە ئەژمارکردنی هەموو جوڵەو هەنگاوەکانی خۆیان و هەنگاوەکانی لایەنی بەرامبەر و نەیاریش، بە بێ ڕەچاوکردنی تێچوون و کات و هەوڵ و ئەرکی سەرچاوە مرۆییەکان، لە وەرگرتنی بڕیاردا، لەبەرئەوەی کەمی کات و زیادبوونی ئەرک و تێچوون دەتوانێت وا بکات بڕیاری نموونەیی و باش و گونجاو نەدرێت بۆ بابەت و کێشەکە، لێرەشەوە ئەو بڕیارانەی کە

---

1 هەمان سەرچاوە لاپەرە ١٨٧.

2 Amaldoss, W., & Jain, S. (2010). Reference groups and product line decisions: an experimental investigation of limited editions and product proliferation. Management Science, 56(4), 621–644.

3 Karl Deutsch, The Nerves of Government: Models of Political Communication and Control, ( New York: The Free Press -12
.of Glencoe, 1963, P. 31.

گەڵاڵەدەبن باشـــترینن لە نێو ئەو بژاردە بەردەســـتانەی کە لە چوارچێوەی توانای ئەواندایە لە ڕوی تێچوونی ئەرک و کاتەوە[1].

زیـاتر لەوەش (دۆیچ) چەمکی پەیوەنـدیکردنی کۆمەڵایەتی Social Communication بەکاردەهێنێت بە مەبەسـتی تێگەیشـتن لە پرۆسـەی دروسـتکردنی بڕیاری سـیاسـەتی دەرەوە، لە هەر دەوڵەتێکدا، کە ئەویش لە ڕێگەی پەیوەندی وڵاتێک بە وڵاتێکی دیکەوە ئەنجامدەدرێت، ئەمەش کاتێک بە ئامانج دەگات کە پرۆســـەی پەیوەندیکردن لە نێوان وڵاتان زیاد بکات و ئەویش کاتێک دەوڵەتان هەوڵبدەن زیـاتر لەیەکتر نزیـک ببنەوە و تەواوکـاری ئەنجـام بدەن و خۆیـان لە ململانێکردنی یەکتر لابدەن[2].

گرنگی ئەم دەروازەیەش لە توانای خۆیەوە ســـەرچاوە دەگرێت لە وەســـفکردن و لێکدانەوەی ڕەفتاری ســـیســـتمی ســـیاســـی، بە واتای پەیوەندییە زیندووەکان لە جێبەجێکردن و جەختکردنەوە لە کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ لەســـەر ژینگەکەی، ئەوەش ئەوە ڕونـدەکـاتەوە کە لە ڕێگەی پرۆســـەی پەیوەنـدیکردنەوە کـارتێکەرەکـان وەردەگیرێن و بڕیـارەکـان دەربـارەیـان دەدرێن و دەگۆڕدرێن بۆ دەرهاویشـتەکان لە ڕێگەی پرۆسـەی پەیوەندیکردنەوە سـیسـتمی سـیاسـی دەبەسـترێتەوە بە ژینەگەی دەوروبەری و لەوێشـەوە بەرەوڕوی دواکارییەکان دەبێتەوە، هەربۆیە سـیسـتمی سـیاسـی بە بەردەوامی پەیام وەردەگرێت و پێویسـتیشـە لە توانایدا بێت خوێندنەوەی بۆ ئەو پەیامانە هەبێت و وەڵامی پێویسـتیان بداتەوە[3].

بۆ زیاتر تێگەیشـتن لە پرۆسـەی دروسـتکردنی بڕیاری سیاسـی و ئەو فاکتەر و هۆکارانەی لە پشـت پرۆسـەکەوەن و باشـتر وەرگرتنی بابەتەکە پێویسـتە جیاوازی بکەین لە نێوان جۆری بڕیارەکاندا، وەک لە ســـەرەتاوە ئامەژەمان بۆکرد بڕیار و پرۆســـەی دروســـتکردنی بڕیار زیاد لە چەند بوارێکدا بەکاردێت و مەبەســـت و لێکدانەوەی جیاوازی هەیە، لێرەدا جیاوازیەک دەخەینەڕو لە نێوان بڕیاری سیاسی و بڕیاری کارگێڕی.

- **جیاوازی نێوان بڕیاری کارگێڕی و بڕیاری سیاسی:**

وێڕای پێکداچوونی زۆر و گەورەی نێوان هەردوو جۆری بڕیاری ســـیاســـی و کارگێڕی کە ئاڵۆزو پێکداچووە، بەڵام بە شـــێوەیەکی گشـــتی دەتوانین بڵێین جیاوازیان لە پێکهاتەو شـــێواز و پەیکەریاندایە، بەو پێیەی بڕیاری کارگێڕی زیاتر جەخت لەسەر چەند بنەمایەکە لەوانە:

---

1 Francis Fukuyama, State Building: Governance and World in the Twenty-First Century,( London PROFILE BOOKS LTD), 2004.p.24.

2 هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٨.

3 McNair, B., 2011. An introduction to political communication. 5th ed. London: Routledge. PP 118-125.

أ. شەرعیبوون: ئایا بڕیارەکە تا چ ڕادەیەک لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکان دەگونجێت؟

ب.پلەبەندی: ئایا بڕیارەکە بەشێوەیەکە کە لەسەرەوە بۆ خوارە بێت لە ڕوی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانەوە؟

پ. لۆژیک: بە واتای پشتبەستن بە شێوەی دەرکردنی بڕیارەکە لەلایەن ئەو کەسەی مافی بڕیاردانی هەیە.

بەڵام بڕیاری سیاسی زیاتر جەخت لەمانە دەکاتەوە:

أ. رەوایەتی بڕیار؛ واتە پشتبەستوو بە بەها و پێشبینیەکانی گروپ و بەرژەوەندییان وەک بنەمایەک بۆ پەسەندکردنی سیستمی حوکمڕانی.

ب. سازان؛ بەواتای توانای گەیشتن بە ڕێکەوتنێک بۆ چارەسەرێکی مامناوەندی لە نێوان گروپ و لایەنە جیاوازەکاندا.

پ. گشتێتی؛ واتە سەروەری بڕیاری سیاسی بەسەر هەموو تاکەکان و دامەزراوە جیاوازەکانەوە[١].

## باسی سێیەم/ توخم و بنەماکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی:

دروستکردنی بڕیاری سیاسی پرۆسەیە و بنەماو پێودانگی خۆی هەیە و چەند قۆناغێک دەبڕێت هەتا دەبێتە بڕیار، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە پرۆسەکە لە چەند بنەما و توخمێک پێکدێت و مەرجە هەموویان دەستەبەر ببن بۆ ئەوەی بڕیارێکی سیاسی تەواو و پێگەیشتوو بەدەستبهێنرێت، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا پوختیان بکەینەوە[٢]:

**آ-بوونی دۆخێک یاخود هەڵوێست و تێگەیشتن بۆ پێویستی دروستکردنی بڕیار:**

بە واتای هەبوونی بارودۆخێکی دیاریکراو کە بخوازێت بڕیارێک دەربارەی بدرێت. دەبێت ئامانجی بڕیارەکە بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکی دیاریکراو بێت بۆ خۆ بەدوورگرتن لە هەر دۆخێکی نەخوازراو، هیچ بڕیارێک دروست نابێت هەتا هەلومەرج و بابەتێکی دیاریکراو بوونی نەبێت، کە دروستکردنی بڕیارەکە وەک وەڵامدەرەوەیەک دەبێت بۆ ئەو دۆخ و بابەتەی هاتۆتە پێش. بە واتایەکی دیکە هیچ هەنگاوێک نانرێت بۆ دروستکردنی بڕیارێکی دیاریکراو هەتا دروستکەرانی بڕیار درکنەکەن بە بوونی بارودۆخێک کە شیاوی وەرگرتنی بڕیارێکە. دروستکەرانی بڕیاریش لە ڕێگەی زانیارییە بەردەستەکانەوە ئەوە دەزانن کە دۆخێک هەیە و پێویستە هەنگاوێک بنێن بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی یان مامەڵەکردن لەگەڵیدا لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە دەشێت هەندێکجار ئەو زانیاریانەی گەیشتوونەتە بڕیار بەدەستان هەڵە بن یاخود کەموکورتی تێدابێت یاخود دەکرێت

---

[1] Koch-Baumgarten, Sigrid & Voltmer, Katrin. (2010). Public Policy and Mass Media. The Interplay of Mass Communication and Political Decision Making. PP 178-184.

[2] Sourcesofinsight.com. (2019). *5 Elements for Making Better Decisions*. [online] Available at: http://sourcesofinsight.com/5-elements-of-an-effective-decision-making-process/ [Accessed 18 Sep. 2019].

زانیارییەکان دروست بن، بەڵام تێگەیشتن و لێکدانەوەی بڕیاربەدەستەکە هەڵە بێت بۆ زانیارییەکان کە ئەمەش وا دەکات کاریگەری نەرێنی و خراپی لەسەر تێگەیشتن و وێناکردنی بۆ بابەتەکە هەبێت و ئەنجامی ئەمەش بڕیاردانی هەڵەی لێدەکەوێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە دەبێت بۆ خۆپاراستن لەو لێکەوتانە و زامنکردنی گەیشتن بە بڕیارێکی دروست پێویستە داتاو زانیاری ورد و دروست لەسەر بابەتەکە کۆبکرێتەوە پێش ئەوەی بڕیار لە هەڵبژاردنی بژاردەو بڕیارەکان بدرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتەدا[1].

**ب- کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان:**

بۆ وەرگرتنی هەر بڕیارێک پێویستە زانیاری پێویست لەبەردەست بێت دەربارەی ئەو بابەتەی کە بڕیارەکەی لەبارەوە دەدرێت، چونکە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی پرۆسەیەکە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی بژاردەیەک دەوەستێت لە نێوان کۆمەڵێک بژاردەی بەردەستدا لەسەر بنەمای زانستی و پشتبەستوو بە زانیاریی دروست و تەواو دەربارەی سەرجەم ڕەهەندەکانی بابەتەکە، لەبەرئەوەی چۆنێتی و چەندێتی زانیارییەکان کاریگەری دەبێت لەسەر دەستنیشانکردنی کێشەکە و لەوێشەوە کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنێتی ئەو بڕیارەی دەدرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکە، لەبەرئەوە لە کاتی بوونی کێشەیەک و بیرکردنەوە لەوەی دەبێت بڕیاری پێویست بدرێت بۆ ئەو کێشەیە دەبێت زانیاریی تەواو دەربارەی بابەتەکە کۆبکرێتەوە و پاشان شەنوکەو بکرێن لە پێناو وەرگرتنی بڕیاری دروست دەربارەی بابەتەکە[2].

**پ- کاتی پێویست:**

یەکێکی دیکە لە توخمە هەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بریتییە لە توخمی کات و بەردەستبوونی کاتی پێویست بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەندیدار بە بابەتەکە و پۆلێنکردنی زانیارییەکان، هەرکاتێک کاتی پێویست بەردەست بێت بۆ بڕیار بەدەستان و هەرکات زانیاری دروستی هەبێت لەسەر بابەتەکە و گۆشە جیاوازەکانی، ئەوکات دەتوانێت بژاردە و چارەسەری گونجاو دابڕێژێت بە شێوەیەکی گونجاو[3].

بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا بڕیار بەدەستان کاتی پێویستیان لەبەردەستدا نییە و زۆربەی کاتەکان لەژێر فشاری زۆرو تایبەتدا کاردەکەن بە تایبەت لە کاتی قەیرانەکاندا، کە وا دەخوازێت وەڵام و

---

[1] Political Science Notes. (2019). *Decision-Making Theory: Definition, Nature and Theories*. [online] Available at: http://www.politicalsciencenotes.com/articles/decision-making-theory-definition-nature-and-theories/743 [Accessed 18 Sep. 2019].

[2] Sourcesofinsight.com. (2019). *5 Elements for Making Better Decisions*. [online] Available at: http://sourcesofinsight.com/5-elements-of-an-effective-decision-making-process/ [Accessed 18 Sep. 2019].

[3] MUNICHOR, N., EREV, I., & LOTEM, A. (2006). Risk attitude in small timesaving decisions. *Journal of Experimental Psychology: Applied*, **12**, 129–141.

کاردانەوەیەکی خێرا و بەپەلە هەبێت بۆ بابەتەکە، کە زۆربەی جارەکان بابەتێکی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوە هاوشێوەی کارەساتە سروشتییەکان و جەنگ و پێشهاتە سیاسییە چاوەڕوان نەکراوەکان، چونکە دواکەوتن لە بڕیاردان و کاردانەوە ڕەنگە ئاماژەی نەرێنی بدات بە لایەنی بەرامبەر بە تایبەت لە کاتی ململانێ سیاسییەکاندا.

ئەم بابەتەش خۆی بابەتێکی مشــتومڕ ئامێزە لە بواری زانســتی ســیاســییدا، کە پســپۆڕان و لێکۆڵەرانی بوارەکەی دابەشـــی دوو بەرە کردووە، کە ئایا کامیان دروســـتتر و گونجاوترە بڕیارێکی لەســـەرخۆی بەرنامە بۆ دارێژراو کە کاتێکی درێژی دەوێت، یاخود بڕیارێکی خێرا بە بێ لێکدانەوەی زۆر لە کاتێکی کەمدا، ئەگەرچی باڵانســـەکە بەلای هیچ لایەکدا یەکلا نەبووەتەوە، چونکە بۆچوونی دروست ئەوەیە کە ئەوە پەیوەندی بە سروشتی بابەتەکەوە هەیە، کە بە چ شێوەیەک بڕیاری لەبارەوە دەدرێت چونکە بڕیاری گەڵاڵەکراو بە هێواشـــی وەردەگیرێت و کاتی زۆری پێویســـتە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بڕیارێکی پێگەیشـــتوو و گونجاوە، بەڵام ئەم جۆرە بە کەڵکی بابەت و کێشـــە کتوپڕەکان نایەت، کە ئەم جۆرە بڕیارێکی خێرای دەوێت لە ماوەیەکی کەمی پێوانەییدا، هەرچی بڕیارە کتوپڕ و خێراکانیشـــە کە زیاتر بڕیارە ســیاســییەکانی ئەمڕۆی ســیاســەت بەم جۆرە دەناســرێتەوە، کە زیان بە ســیســتمی ســیاســی دەگەیەنێت و دەرەنجامی کارەســاتئامێزی لێدەکەوێتەوە و هەندێک کات دۆخەکە و سیستەمە سیاسییەکە دەکاتە ناو گێژاوێکەوە کە دەرچەی ڕزگاربوونی ئەستەم دەبێت[1].

**ت- پەیڕەوکردنی میتۆدی زانستی:**

وەک پێشـــتر ڕوونکرایەوە، پرۆســـەی دروســـتکردنی بڕیار کارێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو شـــێوازێکی زانســتی تەواوە، کە لەســـەر بنەمای کۆکردنەوەی زانیاری، پۆلێنکردنیان، شـــیکردنەوەیان کاردەکات بە مەبەستی داڕشتنی بژاردە گەلێکی گونجاو، پاشان هەڵسەنگاندنیان لەسەر بنەمای زانستی و بابەتی، لە پێناو وەرگرتنی بڕیارێکی دروســـت، کە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بگونجێت کە بڕیارەکەی لەبارەوە دەدرێت[2].

بەڵام پرۆســەی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و شــیکردنەوەیان پێویســتە لەســەر بنەمایەکی زانســـتی بێت، کە بڕیار بەدەســـتان دیاریدەکەن بە گوێرەی ســـروشـــتی بابەتەکە و ئەو بارودۆخەی لە دەوری بابەتەکەیەو ئەو ژینگەیەی بڕیارەکەی تێدا دەدرێت، لەگەڵ هەموو ڕێکارە گرنگەکانی دیکە کە پەیوەندی ڕاســـتەوخۆی بە بابەتەکە و دروســـتکردن و بڕیاردانەوە هەیە، جگە لەوەش پێویســـتە

[1] MAULE, A. J., HOCKEY, G. R. J., & BDZOLA, L. (2000). Effects of time-pressure on decision-making under uncertainty: Changes in affective state and information processing strategy. *Acta Psychologica*, **104**, 283–301.
[2] Detels R, Beaglehole R, Lansang MA, Guilford MFischhoff B (2009) Risk perception and communication. Oxford Textbook of Public Health, eds Detels R, Beaglehole R, Lansang MA, Guilford M (Oxford Univ Press, Oxford), 5th Ed, pp 940–952.

بریاربەدەســــتان کە ئەو شــــێوازە دیاریبکەن، کە لە ڕێگەیەوە زانیارییەکان کۆدەکرێتەوەو ڕێگاکانی دیـاریکردنی بژاردەکـان و ئەو میتۆد و پێوەرەی هەڵســــەنگـاندنیـان بۆ دەکرێت لە پێنـاو هەڵبژاردنی یەکێکیان وەک چارەسەری بابەتەکە[١].

هەڵبژاردنی میتۆدێک دەبێت بە جۆرێک بێت کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ســــروشــــتی بابەتەکەو ئاسـتی ئاڵۆزی بابەتەکە هەبێت، چونکە هەتا بابەتەکە ئاسـان و ڕوون بێت ئەوا دەخوازێت بە ڕێگایەکی ئاسـان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بە گوێرەی ڕێبازێکی ئاسـان، بە پێچەوانەشـەوە هەتا بابەتەکە ئاڵۆز بێت و لق و لایەنی زۆری هەبێت ئەوا دەبێت دروســــتکەرانی بڕیار ڕێبازی ئاڵۆزتر بەکاربهێنن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

مامەڵەکردن لەگەڵ بابەت و کێشە سادەکان بە ڕێباز و میتۆدی ئاڵۆز بابەتەکە ئاڵۆزتر دەکات و کات بەفیڕۆ دەڕوات و تواناکانی سەرف دەکات بە بێ دەستکەوتنی ئەنجامێکی ئەوتۆ، بە پێچەوانەشەوە مامەڵکردن بە میتۆدی ســــادە لەگەڵ بابەتە ئاڵۆزەکان کورتهێنانی لێدەکەوێتەوە و دەرەنجامی نەرێنی دەهێنێتە ئاراوە، کە چارەســــەرکردنی ئاســــان نابێت، هەربۆیە دەبێت هەر بابەتە و بە میتۆدی گونجاوی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، کە ئامانجەکان لە بەرزترین ئاستی خۆیدا بپێکێت [٢].

**ج- دروستکەرانی بڕیاری سیاسی:**

دروستکەری بڕیار دەکرێت کەسێک یان لایەن و گروپێکی بەرپرس بێت لە دیاریکردنی کێشە و کۆکردنەوەی زانیاری و دەســــتنیشــــانکردن و شــــیکردنەوە و لێکدانەوە و خســــتنەڕوی بژاردەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخە و چارەسەرکردنی کێشەکە[٣].

هەربۆیە دروستکەری بڕیار جا تاکە کەسێک بێت یاخود دەستەو گروپێکی دیاریکراو، پێویستە هەڵگری چەند خەسـڵەتێک بێت وەک توانای دەســتگەیشــتنی بە زانیارییەکان لە ســەرچاوەی ڕەســەنی خۆیەوە و هەڵســــەنگاندنی ئەو زانیاریانەو دەبێت توانای لێکدانەوە و پێشــبینیکردنی بەرزی هەبێت کە بتوانێت بەسەر بابەتەکەدا زاڵ بێت لە هەموو گۆشەکانییەوە، بە جۆرێک بتوانیت بژاردە و چارەسەری گونجـاو بدۆزێتەوە و خـاڵی بەهێز و لاوازی هەر بژاردەیەک دیـاریبکـات، لەگەڵ ئەوەشــــدا بتوانێت پێشنیازی چارەسەری پێویست بۆ لێکەوتە نەرێنییەکانی هەر بژاردە و بڕیارێک بکات [٤].

---

[١] ئاراز ڕمضان احمد، (٢٠١٨)، ڕۆڵی پێگە ئەلکترۆنییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرایە، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی ڕاگەیاندن، لا ٧١.

[٢] عبدالخالق ابراهیم مصطفی، (٢٠١١)، ڕۆژنامەگەریی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەرە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، لا ٤٥.

[3] Dietz T (2013) Bringing values and deliberation to science communication. Proc Natl Acad Sci USA 110:14081–14087

[٤] سلام خطاب اسعد، (٢٠٠٨)، ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، لە بەشی ڕاگەیاندن کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی تکریت، لا ٦٣.

**باسی چوارەم/ جۆرەکانی بڕیاری سیاسی:**

چەند پێوەر و دابەشکارییەک هەیە بۆ جۆرەکانی بڕیاری سیاسی، کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕو:

**پێوەری یەکەم/ پۆلێنکردنی جۆرەکانی بڕیار بە گوێرەی ئامانجەکانی:**

بە گوێرەی ئەم پێوەرە سێ جۆری جیاواز بڕیارهەن، کە بە گوێرەی ئامانجی بڕیارەکان جیادەکرێنەوە، کە ئەوانیش بریتین لە بڕیارە ستراتیژییەکان، بڕیارە تەکتیکییەکان، بڕیارە کارپێکراوەکان[1].

**آ- بڕیارە ستراتیژییەکان Strategic Decisions:**

بڕیارە ستراتیژییەکان بەو بڕیارانە دەوترێت کە ڕەهەندی ستراتیژی و دور مەودایان هەیە و بڕیارەکە کاریگەری قوڵ بەجێدەهێڵێت لە ئێستا و ئایندەی واقیعی سیاسی بە شێوەیەکی گشتگیر، ئەم بڕیارانەش، کە بە بڕیارە سەرەکییەکان دەناسرێن لە ئاستە هەرە باڵاکانی وڵاتدا دروست دەکرێن، لەبەر گرنگی و ڕادەی مەترسییان، چونکە بڕیارەکە بۆ ماوەیەکی درێژە و کاتێکی زۆر کاریگەری دەبێت و پەیوەندیدارە بە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە، جگە لەوەش پێشەنگی بڕیارەکانی دیکەش دەکات کە دوای خۆی دروستدەکرێن، گرنگی بڕیارە ستراتیژییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە ڕوانین و دنیابینی ئایندەی دامەزراوە سیاسییەکان و سەرکردەکانیان دیاریدەکات، هەربۆیە بڕیارە ستراتیژییەکان بڕیاری ئاسایی نین، بەڵکو پەیوەندییان بە کێشە مکوڕەکان و بابەتە فرە ڕەهەندەکانەوە هەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی بابەتگەلی ئاڵۆز و قوڵن بەلای کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسییەوە، لەبەر ئەو هۆکارانەش بڕیارە ستراتیژییەکان توێژینەوەی قوڵ و خوێندنەوەی ورد و فراوان و تایبەتمەندی دەوێت بە جۆرێک، کە سەرجەم گریمانە و ئەگەرەکان بە هەند وەربگرێت و گفتوگۆی وردی هەموو لایەنەکانی بکات. بڕیارە ستراتیژییەکان زیاتر پەیوەستن بە بابەتە ژینگەییەکان و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و ئەو بابەتانەی کە کاریگەری درێژخایەنیان هەیە، یاخود ئەو بابەتانەی کە گۆڕانکاری ڕیشەیی دەکەن لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان، یاخود بابەتەکانی تایبەت بە داهێنراوەکان و نوێگەرییەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا، لە نموونەی گۆڕانکاری سیستمی خوێندن و تەندروستی و سیاسەتی ئاو و ژینگە و بابەتی سیاسی وەک دەستور و یاسا[2].

---

[1] G. Schmidt & Wilbert E. Wilhelm (2000) Strategic, tactical and operational decisions in multi-national logistics networks: A review and discussion of modelling issues, International Journal of Production Research, 38:7, 1501-1523, DOI: 10.1080/002075400188690

[2] *Business Management*. [online] Your Article Library. Available at: http://www.yourarticlelibrary.com/information-technology/decisions-making-strategic-tactical-and-operational-decisions-business-management/10271 [Accessed 18 Sep. 2019].

**ب- بڕیارە تاکتیکییەکان Tactical Decisions:**

ئەمەش ئەو بڕیارانە دەگرێتەوە کە زیاتر نەرمی تێدایە، بە بەراورد بە بڕیارە ستراتیژییەکان و دەکرێت ماوە ماوە پێداچوونەوە و هەمواریان بۆ بکرێت و بە شـــێوەیەکی گشـــتیش ئەم جۆرە زیاتر فراوانترا و هەمەچەشـــنترە لە بڕیارە ســـتراتیژییەکان. ئەم جۆرە بڕیارە زیاتر لە لایەن دامەزراوە پەیوەندیدارە تایبەتمەندەکانەوە دەردەکرێن، کە زۆربەی بڕیاری ســـیاســـیین کە پەیوەندیدارن بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە[١]. ئەم بڕیـارانە ئەوانەن کە پەیوەســـتن بە ئـامـادەکردنی پلان و خەرجییەکـان و تێچوون و بەکارهێنانی ســـەرچاوەکان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارە ســـتراتیژییەکان. بڕیارە تاکتیکییەکان زیاتر لە ئاستی مامناوەنددا دروستدەکرێن[٢].

**پ- بڕیارە کارپێکراوەکان Operational decisions:**

مەبەســـت لەم جۆرەش ئەو بڕیـارانەیە کە پەیوەنـدیـدارن بە ژیـانی ڕۆژانەوە، هـاوشـــێوەی دروســـتکردنی گروپی کار و دانانی بەرنامەی کار لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییە جێبەجێکارەکانەوە کە بریتیین لە بڕیارە کورت مەوداکان و ئەوانەی زیاتر پەیوەندیدارن بە کاری ڕۆتیناتی ڕۆژانە. ئەم جۆرە بڕیارانە بە شـــێوەیەکی خێرا دروســـتدەکرێن لە پێناو ڕاییکردنی کارەکانی ڕۆژانەی دامەزراوە و دەزگاکان[٣].

**پێوەری دووەم/ پۆلێنکردنی بڕیارە سیاسییەکان بە گوێرەی بوارە بایەخدارەکان:**

بە گوێرەی ئەم پێوەرە بڕیارە ســـیاســـییەکان بۆ چەند جۆرێک پۆلێندەکرێن، بە گوێرەی بوارە بـایەخدارەکـان ئەمەش دەروازەیەکی فراوانە و نـاچێتە ژێر هیچ کۆت و بەنـدێکەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بوارانەی پەیوەندیدارە بە سیاسـەتەوە، یاخود سـیاسـەت بایەخی پێدەدات زۆرن و فراوانن، چونکە هەر بڕیارێکی سیاسی کە لە لایەن دەسەڵاتی حوکمڕانەوە دەردەکرێت بە بێ ڕەچاوکردنی جۆرەکەی دەچێتە خـانەی بوارە جیـاوازەکـانەوە، لەوانە؛ بڕیـارە ئـابوورییەکـان، بڕیـارە کۆمەڵایەتیی و هونەری و ڕۆشـنبیرییەکان .. هتد، لەبەر ئەم هۆکارە هەموو بڕیارە سـیاسـییەکان دەشـێت بە گوێرەی بوارەکەی خۆی پۆلێن بکرێت وەک جۆرێکی بڕیاری سیاسی[٤].

---

[١] إيمان عبد العال عبد الغني، السياسة الخارجية اليابانية في شرق آسيا ١٩٩٠ ـ ٢٠٠٨ م، القاهرة، المكتب العربي للمعارف، د. ت، ص ٨٨.
[٢] طارق شريف يونس، أنماط التفكير الاستراتيجي وأثرها في اختيار مدخل اتخاذ القرار، اربد، دار الكتاب الثقافي، ٢٠٠٩ م ، ص ٢٢
[٣] مصدر سابق، ص ٢٤.
[4] Kahneman D (2011) Thinking, Fast and Slow (Ferrar, Straus, and Giroux, New York).

**پێوەری سێیەم/ پۆلێنکردنی بڕیارە سیاسییەکان بە گوێرەی ناوچەی جوگرافی**

بە گوێرەی ئەم پۆلێنە، بڕیارە سیاسییەکان بە شێوەیەکی گشتی بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەبن، بە پشت بەستن بە ناوچەی جوگرافی یاخود فراوانی بڕیارەکە ئەوانیش بڕیارە ناوخۆییەکان و بڕیارە دەرەکییەکانن:

**آ- بڕیارە سیاسییە ناوخۆییەکان:**

مەبەست لە بڕیارە ناوخۆییەکان، ئەو بڕیارانەن کە ناوخۆیین لە لایەن حکومەتەوە دەدرێن، کە لە چوارچێوەی سنوری نێودەوڵەتی وڵاتەکەدا کاری پێدەکرێت، کە بە واتا نەریتییەکەی بڕیارەکانی حکومەتە، کە بۆ تاک و گروپ دامەزراوەکانی ناو سنوری دەوڵەتەکە دەردەکرێت و بە گوێرەی یاسا توانای جێبەجێکردنی هەیە، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی هاوڵاتیان و نیشتمان[1]. بڕیارە ناوخۆییەکان دەشێت بڕیاری هەڵگری ڕەهەندی ئابوری یاخود ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و پەروەردەیی بن، هەرچەندە زۆرێک لە پسپۆران ئەو بڕیارانەش بە بڕیاری سیاسی ئەژمار دەکەن، بەو پێیەی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە دەردەکرێن، یاخود دروست دەکرێن. چونکە لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی سیاسییە کە بایەخ بە کاروباری کۆمەڵگا لە سەرجەم لایەنەکانەوە بدات، لەبەرئەوەش مافی ئەوەی هەیە بڕیار بۆ سەرجەم بوارەکان دەربکات[2].

**ب- بڕیارە سیاسییە دەرەکییەکان:**

گرنگی بڕیارە دەرەکییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو چالاکییەکانی دەرەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و دانوستان و فشار و کێشە و قەیرانە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان[3]. ئەوە لە کاتێکدایە ئەستەمە وڵاتەکە بتوانیت کۆنترۆڵی ژینگەی دەرەکی بکات. وەک چۆن کۆنترۆڵی ژینگەو بارودۆخی ناوخۆیی دەکات. لەهەمانکاتدا وڵاتان پێویستیان بەوە هەیە لەسەر ئاستی دەرەوە لە زۆر بواردا مامەڵە لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیدا بکات بە مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی و ڕێکخستنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی. لەبەرئەوە قورسایی و ئەرکی زیاتر و بەرپرسانەتر دەکەوێتە ئەستۆی بڕیاردروستکەرانی سیاسەتی دەرەوە، چونکە گریمانە و ئاڵنگارییە دەرەکییەکان ئاڵۆزترن ئەمەش دەخوازێت ئەو کەسانە باش بتوانن خوێندنەوە بۆ ئەگەر و گریمانەو

[1] Farnham, Barbara. (2004). *Impact of the Political Context on Foreign Policy Decision-Making*. Political Psychology. Vol. 25, No. 3, Special Issue (Part Two): Prospect Theory

[2] **Bromiley, Philip, and Devaki Rau. "Strategic Decision Making." In** *APA Handbook of Industrial and Organizational Psychology*. **Vol. 1,** *Building and Developing the Organization*. **Edited by Sheldon Zedeck, 161–182. Washington, DC: American Psychological Association, 2011.**

[3] Hermann, M., & Hagan, J. (1998). International Decision Making: Leadership Matters. *Foreign Policy,* (110), 124-137. doi:10.2307/1149281

هاوكێشە نێودەوڵەتییەكان بكەن بە رەچاوكردنی تواناكانی وڵاتەكەیان[١]. خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ تواناكان لەسەر سازشكردن و دانوستاندن و فشارەكان بكەن، ئەوەش لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەكانی وڵات بە لەبەرچاوگرتنی سەرچاوەكانی بەهێزی و لاوازی وڵات، لەبەر ئەوەی هەر بڕیارێكی سیاسی دەرەكی دەبێت رەچاوی ئەو لایەنانە بكات بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام و كاریگەریی.

بڕیارەكان لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە بۆ سێ جۆری جیاواز دابەش دەكرێن [٢]:

**١- بڕیارە گشتییەكان:** بریتییە لە كۆمەڵە ڕاسپاردە و پلان و هێڵە گشتییەكانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێكی دیاریكراو، بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەكتەرە نێودەوڵەتییەكانی دەرەوەی خۆی لە وڵاتان و ڕێكخراوەكان. بڕیارەكانی ئەم سیاسەتەش زیاتر لەلایەن سەركردایەتی باڵای دەوڵەتەوە دادەڕێژرێت و دروستدەكرێن، لەگەڵ تێبینی ئەوەی كە بڕیارە گشتییەكان چەقبەستوو نین و دەكرێت پێداچوونەوەیان پێدا بكرێت و دەستكاری بكرێن بە گوێرەی هەلومەرج و پێشهاتە نوێیەكان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

**٢- بڕیارە كارگێڕییەكان:** ئەم بڕیارانە لەلایەن ئەو دامودەزگا حكومییەكانەوە دەردەچن كە بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی كاروباری دەرەوە لە نموونەی وەزارەتی دەرەوە و ئەو دامەزراوانەی پەیوەندیدارن بە دەزگا هەواڵگرییەكان و دامەزراوە سەربازییەكان و دەزگا هاوشێوەكانی دیكە، واتە بڕیارەكان لەلایەن بەرپرسانێكەوە دروستدەكرێن كە پلەیان لە پلەی دروستكەرانی بڕیاری گشتی دەرەوەی وڵات نزمترە، بەڵام دەبێت بڕیارەكان هەماهەنگ و كۆكبن لەگەڵ سیاسەتی گشتی دەرەوە، لەبەرئەوەی سیاسەتی گشتی لە ڕێگەی ئەم بڕیارە كارگێڕیانەوە لە واقیعدا جێبەجێدەكرێن[٣].

**٣- بڕیارە كتوپڕەكان:** ئەمیش كاتێک دەبێت كە وڵاتێک هەست بە بوونی تەنگژە و قەیرانێک دەكات لە شێوەی مەترسییەک لەسەر پەیوەندییەكانی لەگەڵ وڵاتانی دیكەدا، كە وا بخوازێت بڕیارێكی خێراو تایبەت بدات بۆ ماوەیەكی دیاریكراو. هەڵبەت ئەمەش پێویستی بە دەستوەردانی گەورە بەرپرسانی وڵاتەكەوە هەیە بۆ چارەسەركردنی كێشەكەو ئەوەش بە وەرچارخنێک دادەنرێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە. هەندێكجار ئەو گۆڕانكارییە وا دەخوازێت دەستكارییەكی خێرای سیاسەتی گشتی بكرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو قەیرانە و پاش كۆتاییهاتنی كێشەكەش سیاسەتی دەرەوە دەچێتەوە سەر ڕێچكەی ئاسایی خۆی[٤].

---

[1] Farnham, Barbara. (2004). *Impact of the Political Context on Foreign Policy Decision-Making*. Political Psychology. Vol. 25, No. 3, Special Issue (Part Two): Prospect Theory

[٢] مجموعة من أساتذة الاقتصاد والعلوم السياسية بجامعة القاهرة، مبادئ العلوم السياسية، )القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٩٠ ،ص ٤٤٦ - ٤٤٨.

[3] "Type Of Decisions". *Toppr*, 2021, https://www.toppr.com/guides/fundamentals-of-economics-and-management/decision-making/types-of-decisions/. Accessed 7 Mar 2021.

[٤] هەمان سەرچاوە

## باسی پێنجەم/ قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی:

پسپۆڕانی زانستی سیاسی و لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان جەخت لەوەدەکەنەوە، کە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی کارێکی سەرپێی و ئاسان نییە، بە پێچەوانەوە بەچەند قۆناغێکی یەک بەدوای یەکدا تێدەپەڕێت و هەر قۆناغێک دەبێتە بنەما بۆ قۆناغی دوای خۆی و یەکتری تەواودەکەن بەم شێوەیە(١):

**آ- قۆناغی هەستکردن بە کێشە:**

یەکەم هەنگاوی دروستکردن و وەرگرتنی بڕیار بریتییە لە درککردن بە بوونی کێشەیەک، یاخود بارودۆخێک کە بخوازێت بڕیارێکی دەربارە بدرێت، ئەمەش بە واتای داننانە بە بوونی کێشە و گرفتێک کە پێویستی بە چارەسەکردنە لە ڕێگەی بڕیارێکی دیاریکراوەوە[٢]، ئەمە لە کاتێکدا هەندێک لە سەرکردە و سیاسییەکان و کاربەدەستان کێشە و گرفتەکان فەرامۆش دەکەن و لەبری بەرەنگاربوونەوەی گرەو لەسەر ئەوە دەکەن کە بە تێپەڕبوونی کات کێشەکە چارەسەر ببێت کە ئەمەش بە ڕای شارەزایان بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە کە لە زۆر کات و شوێندا سەرکردەکان تێیدەکەون.

**ب- قۆناغی دیاریکردن و ناسانی کێشەکە:**

لە پاش دانپێدان بە بوونی کێشەیەک کە پێویستی بە بڕیاردانە، دەبێت پێناسەی کێشەکە بکرێت بە شێوەیەکی ورد، ئەوەش لە ڕێگەی دەستنیشانکردن و خستنەڕوی لێکەوتەکانی، پاڵنەرەکانی و پەیوەستییەکانی، بە ئامانجی چارەسەرکردنی هۆکارەکانی، نەک دەرەنجام و لێکەوتەکانی، لێرەشەوە پێویستە کێشەکە ڕون بێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت بڕیاری گونجاوی لەبارەوە بدرێت بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی[٣].

**پ-قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری:**

پاش دەستنیشانکردنی کێشەکە، قۆناغی دوای ئەو دەستپێدەکات کە بریتییە لە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پێویست دەربارەی کێشەکە، لە هەموو گۆشە و ڕەهەندەکانەوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریش چەند ڕێگا و میتۆدێک بەکاردەهێنرێت بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە، لەوانە: پێداچوونەوە بەو فایل و تۆمارانەی کە پەیوەندیدارن بە بابەتەکەوە، یاخود لە ڕێگەی تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ، هەڵبژاردنی شێوازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانش بە گوێرەی سروشتی بابەتەکە دەبێت، یاخود بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە پێویستن لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا[٤].

---

[1] Janous Fullop, Introduction to Decision Making Methods , Laboratory of Operations Research and Decision Systems, .Computer and Automation Institute, Hungarian Academy of Sciences ,2014, p 12

[2] **Nutt, Paul C., and David C. Wilson, eds.** *Handbook of Decision Making*. **Hoboken, NJ: Wiley, 2010.**

[3] **Bromiley, Philip, and Devaki Rau. "Strategic Decision Making." In** *APA Handbook of Industrial and Organizational Psychology*. **Vol. 1,** *Building and Developing the Organization*. **Edited by Sheldon Zedeck, 161–182. Washington, DC: American Psychological Association, 2011.**

[4] هەمان سەرچاوە

لەم قۆناغەدا گرنگە ڕاستی و دروستی زانیارییە کۆکراوەکان پشتڕاست بکرێنەوە و دڵنیابین لە ڕاستی و دروستی سەرچاوەکان، هەروەها هەوڵبدرێت سەرجەم زانیارییە پێویستەکان کۆبکرێتەوە دەربارەی بابەتەکە، چونکە کەمی زانیاری و نەبوونی زانیاری سەرەکی و گرنگ دەربارەی بابەتەکە دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیاری هەڵە وەربگیرێت و ئامانجەکە نەپێکێت.

**ت-قۆناغی پۆلێنکردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان:**

لەم قۆناغەدا پشکنین و پۆلێنبەندی و شیکار بۆ زانیاری و داتا کۆکراوەکان دەکرێت . مەبەست لەمەش لێکۆڵینەوەیەکی قوڵە بۆ زانیارییە بەدەستهاتووەکان دەربارەی بابەتەکە، چونکە ئەمە وادەکات پرۆسەی خستنەڕوی بژاردەکان ئاسان بێت و چارەسەرو بژاردەی گونجاو لەبارەیەوە ئامادەبکرێت کە گونجاو بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکە[1].

**ج-قۆناغی خستنەڕوی چارەسەر و بژاردەکان:**

دوای لێکۆڵینەوەی قوڵ و فراوان بۆ داتاو زانیارییەکان دەربارەی بابەتەکە، دروستکەرانی بڕیار چەند بژاردەیەکی جیاواز ئامادە دەکەن، کە یەکێکیان وەک هەوێنی بڕیار دروستکردن بەکاربهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی، بە بێ ڕەچاوکردنی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی، چونکە لەم قۆناغەدا تەنها هەموو بژاردەکان دەخرێنەڕو وەک ئامادەسازییەک بۆ بەراوردکردن لە نێوانیاندا و هەڵبژاردنی باشترینیان لە قۆناغی دواتردا[2].

**چ-قۆناغی بەراوردکاری لە نێوان چارەسەر و بژاردە پێشنیازکراوەکاندا:**

لەم قۆناغەدا هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری لە نێوان بژاردە پێشنیازکراوەکان و ئامانجەکاندا دەکرێت، دروستکەرانی بڕیار هەوڵدەدەن هەڵوەستە بکەن لەسەر لایەنی باش و خراپی هەر بژاردەیەک، بە واتایەکی دیکە بەشێوەیەکی ورد ئەرێنی و نەرێنی هەر بژاردەیەک دەستنیشان دەکەن، وەک ڕێگەخۆشکردن لە پێناو هەڵبژاردنی یەکێکیان وەک دوا بژاردەو چارەسەر. ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگەی ڕیزبەندکردنی بژاردەکانەوە دەکرێت لە پێناو هەڵبژاردنی باشترینیان، کە دەتوانێت ئامانجەکان بەدیبهێنێت بە کەمترین زیان[3].

---

[1] David, MAIR, and SMILLIE Laura. "Understanding Our Political Nature: How To Put Knowledge And Reason At The Heart Of Political Decision-Making - EU Science Hub - European Commission". *EU Science Hub - European Commission*, 2021, https://ec.europa.eu/jrc/en/publication/eur-scientific-and-technical-research-reports/understanding-our-political-nature-how-put-knowledge-and-reason-heart-political-decision. Accessed 9 Mar 2021.

[2] هەمان سەرچاوە

[3] Kolbe, L.M., Bossink, B. and de Man, A.-P. (2019), "Contingent use of rational, intuitive and political decision-making in R&D", Management Decision, Vol. 58 No. 6, pp. 997-1020.

## ح- قۆناغی بڕیاردان:

لەم قۆناغەدا بڕیاردەری سیاسی، کە زۆربەی جار جیاوازە لە دروستکەری بڕیار، لەبەر ڕۆشنایی زانیارییە کۆکراوەکان کە دروستکەری بڕیار کۆیکردوەتەوە هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی یەکێک لەو بژاردانەی بڕیار دروستکەر خستونیەتەڕو، لەو هەڵبژاردنەشدا ڕەچاوی خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەر بژاردەیەکیش دەکرێت و ئەوەیان هەڵدەبژێردرێت، کە زۆرترین سودی هەیە و کەمترین مەترسی و زیان بەدوای خۆیدا دێنێت[1].

ئەگەر لە قۆناغەکانی پێشودا چەند کەسێک بەشداریبکەن، هەر لە دیاریکردنی کێشە و کۆکردنەوەی زانیاری و پۆلێنکردنی و شیکردنەوەی و خستنەڕوی بژاردەکان و دادوەریکردن لە نێوانیاندا، ئەوا لەم قۆناغەدا کە قۆناغی بڕیاردانە زۆربەی جار بڕیاردەر، کە تەنها کەسێکە بەرپرسیارێتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆ و بەرپرسە لە هەڵبژاردنی یەکێک لە بژاردەکان بۆ چارەسەری کێشەکە، بۆ ئەمەش کەسی بڕیاردەر پابەند نییە بەوەی بگەڕێتەوە بۆ بڕیاردروستکەران، بەڵکو خۆی و بە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی خۆی یەکێک لە بژاردەکان هەڵدەبژێرێت و بەرپرسیارێتیەکەیشی دەکەوێتە ئەستۆ.

لە ڕاستیدا زۆرێک تائێستاش جیاوازی ناکەن لە نێوان پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و پرۆسەی وەرگرتنی بڕیار (بڕیاردان)، لە کاتێکدا وەک پێشتریش ڕوونمان کردەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا هەیە و بۆ دروستکردنی بڕیار ئەو قۆناغانە پێویستە بوونیان هەبێت کە ئاماژەمان پێکردووە و دواتر قۆناغی بڕیاردان دێتە ئاراوە، کە پوختەو کۆکراوەی ئەو قۆناغانەی دیکەیە[2]، بە کورتی مەبەست لە بڕیاردان پرۆسەی هەڵبژاردنە لە نێوان چەند بژاردەیەک لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراودا، هەروەک چۆن دەتوانین پێناسەی بڕیاردان بکەین بەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی یەکێک لە بژاردەکانە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێک یاخود چەند ئامانجێک، ئەوەش لە دەرەنجامی پشتبەستن بەو زانیاری و داتایانەی دەربارەی کێشەکە کۆکراونەتەوە، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

لە پرۆسەی بڕیاردانداا پێویستە زیاد لە بژاردەیەک هەبێت، ئەگەرنا و لە کاتی بوونی تەنها بژاردەیەکدا ئەوا ناتوانین پرۆسەکە بە بڕیاردان ناوزەند بکەین، هەتا بژاردەکان زیاتر بن بە واتای ئەوەیە هەلی زیاتر لەبەردەستە بۆ مامەڵکردن لەگەڵ کێشەکە و بە پێچەوانەشەوە، هەتا بژاردەکانیش کەمتربن ئەوا هەلی گەیشتن بە وەرگرنی بڕیارێکی دروست کەمتر دەبێتەوە[(3)].

---

1 **Bromiley, Philip, and Devaki Rau. "Strategic Decision Making." In** *APA Handbook of Industrial and Organizational Psychology*. **Vol. 1,** *Building and Developing the Organization*. **Edited by Sheldon Zedeck, 161–182. Washington, DC: American Psychological Association, 2011.**

2 Kolbe, L.M., Bossink, B. and de Man, A.-P. (2019), "Contingent use of rational, intuitive and political decision-making in R&D", Management Decision, Vol. 58 No. 6, pp. 997-1020.

3 Joseph D. Cooper , The Art of Decision-Making, Morrison and Gibb LTD, London and Edinburgh,1964.pp 51-76 -20

**خ- قۆناغی بەدواداچوون و چاودێریکردن:**

بڕیاردان لە هەڵبژاردنی یەکێک لە بژاردەکان کۆتایی بە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار ناهێنێت. دوای بڕیاردان لە یەکێک لە بژاردەکان دەبێت بڕیارەکە جێبەجێبکرێت و ئەوەش پێویستی بە چاودێریکردن و بەدواداچوون هەیە، لەبەرئەوەی وەرگرتنی بڕیار هیچ مانەیەک نابەخشێت ئەگەر جێبەجێنەکرێت لە واقیعدا و بەدواداچوون بۆ ئەنجامەکان نەکرێت کە تا چەند کاریگەری هەیە. دەبێت لەوە دڵنیا ببینەوە کە ئەو بڕیارەی وەرگیراوە ئاسەواری لاوەکی و نەرێنی نابێت لەسەر دۆخەکە، ئەگەر ئەمەش ڕوویدا دەبێت بڕیاری دیکە وەربگیرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو لێکەوتە نەرێنیانە بەمەبەستی کەمکردنەوە و بنەبڕکردنیان[1].

**باسی شەشەم/ ئاستەنگەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی:**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قۆناغ و ئاستانەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی پێیدا تێدەپەڕێت دروستکردنی بڕیاری سیاسی، ئەگەرچی خۆی پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو لە هەمانکاتدا بەرەنگاری زەحمەت و ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە لە قۆناغە جیاجیاکانی پرۆسەکەدا، کە بەشێوەیەکی گشتی لە چەند خاڵێکدا چڕدەکرێنەوە، لەوانە[2]:

**آ- کەمتوانایی لە پەیبردن بە کاردانەوەکانی لایەنەکانی پەیوەندیدارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تایبەت بە دروستکردنی بڕیار**: بە تایبەت کە بڕیارەکە پەیوەندی بە بەرژەوەندی بە ڕاستەوخۆی یەکێک لەو لایەنانەوە هەبێت، تاچەند لایەنەکان زیاتر و کاریگەرتربن پرۆسەکە ئاڵۆزتر دەبێت.

وەک ئاشکرایە ئامانجی دروستکردنی بڕیار بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو بەبێ وروژاندنی گروپە کاریگەرەکانی ناو ژینگەی سیاسی، لەبەرئەوەی وروژاندنی ئەو جۆرە گروپ و لایەنانە هەندێکجار دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات و ڕەنگە ڕەوشێک بێتە ئاراوە، کە پێویستی بە بڕیاری دیکە بێت و ئەوەش لە دۆخی یەکەم ئاڵۆزتر و دژوارتر بێت، کە دروستکەری بڕیار هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات. ئەم دۆخەش وادەکات دۆخەکە پێچەوانە ببێتەوە و لەبری چارەسەری کێشەکە ڕەوشەکە ئاڵۆزتر بکات[3].

**ب- گۆڕان لە توخمەکانی دۆخەکە:** هەندێکجار ڕەنگە ئەو دۆخ و کێشەیەی کە دەتەوێت بڕیار دەربارەی وەربگریت خۆی هێشتا لە دۆخی گۆڕاودا بێت و جێگیر نەبووبێت، کە ئەوەش ئەگەری

---

See also: Sven Ove Hansson, Decision Theory: A Brief Introduction, Stockholm, Royal Institute of Technology, KTH, 2005, p.10.

[1] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٤.

[2] Blühdorn, I. Democracy beyond the Modernist Subject: Complexity and the Late-Modern Reconfiguration of Legitimacy." In In Search of Legitimacy, edited by I. Blühdorn, 10–50. Opladen: Barbara Budrich, 2009.

[3] هەمان سەرچاوە

گۆڕانكاری تیایدا دەهێڵێتەوە لە هەرساتێكدا. ئەم دۆخەش وادەكات دروستكەرانی بڕیار ناچار بكات گۆڕانكاری لە بژاردە پێشنیازكراوەكانیاندا بە گوێرەی پێشهاتە نوێیەكان بكەن، بە جۆرێک لەگەڵ گۆڕانكارییەكاندا بگونجێت، بۆ ئەمەش دەبێت دروستكەرانی بڕیار بە وردی چاودێری ڕەوشەكە بكەن لە هەموو گۆشەكانەوە، لەبەر ئەوەی بژاردەی گونجاو دابنێین بۆ مامەڵە لەگەڵ كێشەكە بە بێ ئەوەی ئامانجە سەرەكییەكەی خۆیان لە یاد بكەن[١].

**پ- کەمی زانیارییەكان و گۆڕانكاری تێیدا:** بڕیاری دروست و نموونەیی ئەوبڕیارەیە كە لەسەر بنەمای زانیاری تەواو و ڕاست دروستدەكرێت، مەگەر ئەو زانیاریانە بەردەست نەبن لای دروستكەرانی بڕیار ئەوەش كاتێک بابەتەكە پەیوەندی بە لایەنێكی دەرەكییەوە دەبێت، كە هەوڵی شاردنەوەی زانیارییەكان بدات و بیەوێت چەواشەكاری بكات وەک كارتێكی ململانێ. لەوەها دۆخێكیشدا دروستكەرانی بڕیار كاریگەر دەبن و ناتوانن بە باشی هەنگاو بنێن، چونكە كەمی زانیارییەكان كاریگەری دەخاتە سەر بژاردەكان و دواتریش ڕۆڵی دەبێت لە وەرگرتنی بڕیاری كۆتاییدا. هەر گۆڕانێک لە زانیارییەكاندا كاریگەری جێدەهێڵێت لەسەر بژاردەكان، هەربۆیە بوونی پێشهاتی نوێ و گۆڕان لە زانیارییەكان و هاتنی زانیاری نوێ كاریگەری دەبێت لەسەر تێڕوانینەكانی دروستكەری بڕیار و پاشان بژاردەكان و بڕیاری كۆتایی(٢).

**ت-فشارە دەروونیی و سۆزدارییەكان:** لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیاری سیاسیدا دروستكەری بڕیاری سیاسی بەرەنگاری فشارە دەروونیەكان و هەڵچوونە سۆزدارییەكانی دەبێتەوە، بە تایبەت لە سەروبەندی قەیرانەكان و هەڕەشە دەرەكییەكاندا، چونكە فشارە دەرونی و سۆزدارییەكان سەرنجی دروستكەری بڕیار بەلای چەند بژاردەیەكی دیاریكراودا كەمەندكێش دەكات و لە بژاردەكانی دیكەی دوردەخاتەوە، كە ڕەنگە بژاردە گونجاوەكان بن. هەڕەشە دەرەكییەكان ژمارەی بژاردە بەردەستەكان كەمدەكاتەوە و وا لە دروستكەری بڕیار دەكات لە دانانی بژاردەی پێویست بۆ چارەسەركردنی ڕەوشەكە سڵبكاتەوە، لەبەرئەوەی نازانێت كاردانەوەی نەیارەكان چۆن دەبێت بە تایبەت ئەگەر لایەنی بەرامبەر لە دۆخێكی باشتردابن و كارتی فشاری زیاتریان لەبەردەستدا بێت[٣].

دروستكردنی بڕیاری سیاسی لە زۆربەی قۆناغەكاندا ڕووبەڕوی ئاستەنگ و گرفت دەبێتەوە، ئەویش لە چەند گۆشە و ڕەهەندێكی دیاریكراوەوە. دەبێت كەس و لایەنی دروستكەری بڕیار ئەو دۆخە

---

[1] "Type Of Decisions". *Toppr*, 2021, https://www.toppr.com/guides/fundamentals-of-economics-and-management/decision-making/types-of-decisions/. Accessed 7 Mar 2021.

[2] Beck, U. The Reinvention of Politics: Rethinking Modernity in the Global Social Order. Cambridge: Polity Press, 1997.

[3] DIETRICH, C. 2010. Decision Making: Factors that Influence Decision Making, Heuristics Used, and Decision Outcomes. *Inquiries Journal/Student Pulse* [Online], 2. Available: http://www.inquiriesjournal.com/a?id=180

نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراوانە بە هەند وەربگرێت لە هەر ساتێکدا، چونکە ئەو هۆکارانە کاردەکەنە سەر کەمکردنەوەی دەرفەتی دانانی بژاردەی زیاتر و لە پاشان کاریگەری نەرێنی لەسەر جۆرێتی بڕیارەکە دەبێت، کە ڕەنگە وابکات ئامانجەکانی بە باشی نەپێکێت[1].

## باسی حەوتەم/ سەرچاوەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی:

لە هەر وڵاتێکدا و بە گوێرەی سیستمی سیاسی و حوکمڕانی وڵاتەکە چەند دامەزراوەیەکی فەرمی و نافەرمی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا بەشدار دەبن، ئەگەرچی تێگەیشتنێکی هەڵە هەیە دەڵێت تەنیا دامەزراوە فەرمییەکان، بڕیاری سیاسی دروستدەکەن و جێبەجێیدەکەن، کە مەبەست لێیان دەسەڵاتی یاسادان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەرییە[2]، بەڵام سەرچاوە زانستییەکانی زانستی سیاسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەمە ئاراستە و تێگەیشتنێکی کۆنە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، زیاتر لەوەش پسپۆڕانی هەردوو بواری سیاسەت و یاسا، تێگەیشتنی کۆن بۆ هەردوو چەمکی سیستمی سیاسی و سیستمی حوکمڕانی ڕەتدەکەنەوە کە ماوەیەکی زۆر وەک هاوواتای یەک بەکاردەهێنران([3])، بە گوێرەی پێشکەوتنە زانستییەکان لە بواری سیاسەت و یاسادا، پسپۆڕانی هەردوو بوارەکە جیاکارییان کرد لە نێوان هەردوو چەمکی سیستمی سیاسی و سیستمی حوکمڕانی و لێکیان جیاکردنەوە لە ڕووی واتا و بەکارهێنانەوە([4]).

بە گوێرەی ئاراستە نوێیەکانی لێکۆڵینەوە سیاسییەکان، مەبەست لە چەمکی سیستمی حوکمڕانی، کۆڵەکەکانی دەسەڵاتە کە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێکردن و دادوەری لەخۆدەگرێت بە واتایەکی دیکە مەبەست لێی دامەزراوە و دەزگا فەرمییە حکومییەکانە.

بەڵام چەمکی سیستمی سیاسی، مەبەست لێی دامەزراوە حکومییەکانە، واتە هەرسێ دەسەڵاتەکەیە لەگەڵ ئەوانیشدا هەریەک لە دامەزراوە نا حکومییەکانی وەک پارتە سیاسییەکان، گروپە بەرژوەندیخوازەکان و هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەخۆدەگرێت، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە سیستمی حومکڕانی بەشێکە لە سیستمی سیاسی.

پسپۆڕانی بواری سیاسەت بە تایبەت ئەوانەی چەمکی سیستمی سیاسی، بەم واتایە بەکاردەهێنن دەڵێن، سیستمی سیاسی بەوە دەناسرێتەوە، کە کارلێکی بەردەوام لە نێوان توخم و پێکهێنەرەکانی ناو

---

1 هەمان سەرچاوە

2 Acevedo, M., & Krueger, JI. (2004). Two egocentric sources of the decision to vote: The voter's illusion and the belief in personal relevance. *Political Psychology, 25*(1)

3 Bernhard, I., M. Gustafsson, K. Hedström, and J. Sefyrin. "A Digital Society for All?: Meanings, Practices and Policies for Digital Diversity." In Proceedings of the 52nd Hawaii International Conference on System Sciences, 3067–3076. Hawaii, 2019.

4 Appadurai, A. "Democracy Fatigue." In The Great Regression, edited by Heinrich Geiselberger, 1–12. Cambridge, UK, Malden, MA: Polity Press, 2017.

سیستمی سیاسی لە لایەک، لە نێوان ئەم پێکهێنەرانە و ژینگەی سیستمی سیاسی لە لایەکی دیکە هەیە. پەیوەندیش لە نێوان لایەنەکانی ناو سیستمی سیاسە لەسەر بنەمای بەریەککەوتن دەبێت لە نێوانیاندا Interdependence، بە واتایەکی دیکە ڕەفتارو چالاکییەکانی هەریەک لەم دامەزراوانە کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنەکانی دیکەش[1].

ژمارە و جۆرێتی ئەو دامودەزگایانەی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسییدا بەشداریدەکەن، بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەر جۆری سیستمە سیاسییەکە، هەتا سیستمی سیاسی نزیکتر بێت لە دیموکراسی ئەوا قەبارە و ئاستی دامودەزگا بەشدارەکان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی زیاتر و زۆرتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە هەتا سیستمی سیاسی نزیکتر بێت لە دیکتاتۆریەتی و تاکڕەوی ئەوا لایەنە بەشدارەکانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی کەمتر دەبێتەوە، چونکە لەم جۆرە دەسەڵاتانەدا دەستەبژێر و گروپێکی دیاریکراو قۆرخی دەسەڵات دەکەن و هیچ دەرفەتێکی ئەوتۆ ناهێڵنەوە بۆ دامودەزگاکانی دیکە کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکان هەبێت، بە بێ گوێدانە ئەوەی ئایا ئەو دەزگایە بۆی هەیە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت یاخود نا، چونکە ئەمە دەکەوێتە سەر سیستمە سیاسییەکان کە تا چ ڕادەیەک لە دیموکراسی و فرەیی سیاسییدا پێشکەوتووە[2].

بەشێوەیەکی گشتی ئەو دامودەزگایانەی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسییدا بەشداریدەکەن، بەسەر دوو ئاستدا پۆلێندەکرێن، کە بریتیین لە دامەزراوە فەرمییەکان و دامەزراوە نافەرمییەکان، بەم شێوەیە:

**آ. سەرچاوە و دامەزراوە فەرمییەکان:**

**١-دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان):** دەزگای یاسادانان کە بە پەرلەمان بە باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان دادەنرێت. ئەم دامەزراوەیە ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی گشتیدا، لێرەشەوە کاریگەری دادەنێت لەسەر جۆری ئەو بڕیارە گشتییانەی کە دەریدەکات بە مەبەستی جێبەجێکردنیان، هەر ئەم دەزگایەیە کە بەرپرسە لە دانان و دەرچوواندنی یاساکان، بە واتایەکی دیکە و بە تایبەت لە سیستمە دیموکراسییەکاندا پەرلەمان ئەو تاکە دەزگا ڕێپێدراوەیە، کە بەرگی یاسایی دەکات بەبەر پێشنیاز و پرۆژەکاندا و دەیانکات بە یاسا و سیاسەتی بەخورتی بۆ جێبەجێکردن. ئەو گفتوگۆ و مشتومڕانەی لەناو پەرلەمان ڕوودەدەن، چ لە ئاستی ئەنجومەنەکە بە گشتی، یاخود لەنێو لیژنە تایبەتمەندەکان، وادەکات بۆچوون و ئاراستەی دروست بدۆزرێتەوە، ئەوەش هەلی ئەوە دەڕەخسێنێت کە هەڵبژاردنێکی دروستبکرێت لە نێوان ئەو بژاردانەی گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت بۆ چارەسەری بابەت و کێشەیەکی دیاریکراو[3].

---

١ بهاءالدين مكاويالمدخل إلى علم السياسة، المنامة، جامعة العلوم التطبيقية، سلسلة كتب العلوم السياسية رقم ٦، ٢٠١٥ م، ص ١١٩-١٢٠.

٢ سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ١٢١.

3 Chen, G. C., and C. Lees. “The New, Green, Urbanization in China: Between Authoritarian Environmentalism and Decentralization.” Chinese Political Science Review 3, no. 2 (2018): 212–231.

**٢- دەســـەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت):** دەســـەڵاتی جێبەجێکردن بە شـــێوەیەکی گشـــتی حکومەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دەگرێتەوە، هەر لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی و دەســـتەو دامەزراوەکانی دیکە، کە لەسەرجەم کایە جیاوازەکانی تایبەت بە سێکتەرەکانی پەیوەست بە ژیانی خەڵک کاردەکەن و ئەرکی سـەرەکی ئەم دەسـەڵاتەش واتە حکومەت بریتییە لەجێبەجێکردنی ئەو یاسـا و تەشـریعاتانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) ەوە دەرچوون، ئەگەرچی ئەم ڕۆڵە لە سیستمێکی سیاسیی بۆ سیسـتمێکی دیکە گۆڕانکاری بەسـەردا دێت، ئەمەش پێویسـتی بە دەرکردنی بڕیارگەلی دیاریکراوە بۆ چەسـپاندنی سیاسـەتی گشـتی، بەڵام حکومەتیش پشـکی لە دروسـتکردنی بڕیارە سیاسییەکان هەیە، لە ڕێگەی ڕۆڵی یاســایی و تەشــریعی خۆی، ئەگەرچی یاســادانان ئەرکی دەســەڵاتی یاســادانانە بە پلەی یەکەم، بەڵام دەســـەڵاتی جێبەجێکردنیش لە ڕێگەی پێشـــنیازکردنی پرۆژەیاســـاکان و پێشـــکەشـــکردنی پرۆژەیاســـــای بودجە و پرۆژەی دیکە لە یاســـــادانانیدا بەشـــــداری دەکات، هەربۆیە حکومەت مافی پێشـکەشـکردنی پرۆژەیاسـای هەیە، بەڵام پەسـەندکردنی کۆتایی ئەو پرۆژانە لە دەسـەڵاتە تایبەتەکانی پەرلەمانە و بەبێ پەســــەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە هیچ پرۆژە یاســــایەک نابێتە بڕیار و کارای جێبەجێکردنی نابێت[١]، هەڵبەت ئەمەش پەیوەســـتە بە جۆری ســـیســـتمی ســـیاســـیی و لە ســـیســـتمە دیموکراسییەکاندا ئەم دۆخە زیاتر هەستی پێدەکرێت و بە پێچەوانەشەوە لە وڵاتە شمولییەکاندا حکومەت دەسەڵاتی باڵاتری لە پەرلەمان هەیە.

بۆ نموونە لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) سیستم سەرۆکایەتییە و سەرۆک دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە بە تایبەت لە بواری سـیاسـەتی دەرەوە و دەسـەڵاتە سـەربازییەکان، ئەوەش بە گوێرەی دەستور بۆیدیاریکراوە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ ئەو دەستکراوەییەی پێنەدراوە، لە ئەمریکا سەرۆک دروستکەری سەرەکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و هەر ئەویش ئاراستەی سیاسەتی دەرەوە دیاریدەکات[٢]، بەڵام لە وڵاتێکی وەک (بەریتانیا)، کە سیستم پەرلەمانییە سەرۆک وەزیران دەسـەڵاتی سـنووردارترە و زیاتر پابەندی بڕیار و یاسـاکانی پەرلەمانە، بۆ نموونە لە کەیسـی چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا کە بە (برێگزت) ناسـراوە، لە پاش زیاتر لە سـێ سـاڵ لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و سـەرکەوتنی دەنگی چوونە دەرەوە بەسـەر مانەوەدا، هێشـتا حکومەت ناتوانێت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات و بەرەنگاری ئاستەنگەکانی پەرلەمان دەبێتەوە، بەو هۆیەشـەوە تا ئێستا سـێ سـەرۆک وەزیر گۆڕاوە لەو وڵاتە و پەرلەمـان کۆنترۆڵی ئەوەی کردووە، کە چۆنێتی چوونە دەرەوەکە چۆن بێت[٣].

---

[١] جيمس أندرسون، صنع السياسات العامة، ترجمة د.عامر الكبيسي، عمان، دار المسيرة، ١٩٩٩ م ، ص ٥٨.
[٢] جيمس أندرسون، مصدر سابق، ص ٥٩.
[3] BBC News. 2019. Politics. [ONLINE] Available at: https://www.bbc.com/news/uk-politics-49612757. [Accessed 19 September 2019].

**٣- دەسەڵاتی دادوەری:** ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسییدا زیاتر لە چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، هەڵبەت ئەم ڕۆڵەش بە گوێرەی جۆری سیستەمە سیاسییەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە ئەمریکا دەزگای دادوەری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە هەڵسەنگاندن و چاودێریکردن و شیکردنەوەی سیاسەتە گشتییەکان. ئەم ڕۆڵەش لە ڕێگەی بنەمای پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی دادگادا بەرجەستە دەکات، چ بە چەسپاندنی بڕیارەکانی دادگا، یاخود بە هەڵوەشاندنەوە و ڕەتکردنەوەی و لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتی دادوەری بە گوێرەی دەستور و هەموارەکانی دەستور دەتوانێت لە هەندێک دۆخدا بڕیارەکانی حکومەت ڕەتبکاتەوە و هەڵبوەشێنێتەوە(١).

نموونەیەکی دیکەی ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری، بڕیاری دادگای باڵای بەریتانیا لە ٢٤ی٩ی ٢٠١٩دا کاتێک بڕیاری هەڵپەساردنی پەرلەمانی ئەو وڵاتەی بە نایاسایی لەقەڵەمدا، لە کاتێکدا پێشتر (بۆریس جۆنسن) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا داوای هەڵپەساردنی کردبوو. داواکەش لەلایەن شاژن (ئیلزابێس) پەسەند کراو پەرلەمانیش کارەکانی خۆی بۆ ماوەی پێنج هەفتە هەڵپەسارد لە ٩ی ٩ی ٢٠١٩دا، بەڵام کاتێک لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن مەلەفەکەیان گەیاندە دادگای باڵای بەریتانی، دادگا بڕیاری هەڵپەساردنەکەی بە نایاسایی لەقەڵەمداو پەرلەمان دەستیکردەوە بە دانیشتنەکانی خۆی. دادگا وایدایە قەڵەم سەرۆک وەزیران بە مەبەستی سیاسی و بۆ کەمکردنەوەی دەرفەت لەبەردەم پەرلەمان ئەو داوایەی کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەبێ ڕێگری بەریتانیا بباتە دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا لە ٣١ی ١٠ی ٢٠١٩دا، هەر بۆیە بڕیاری هەڵپەساردنەکەی هەڵوەشاندەوە(٢).

لەگەڵ ئەوەشدا دادگاکانی بەریتانیا ناتوانن یاساکانی پەرلەمان و ڕێوشوێنە دەستورییەکان هەڵبوەشێننەوە وەک ئەمریکا، لە بەریتانیا بڕیاری پەرلەمان بەهێزترە لە دادگاکان و دادگاکان زۆرێک لە بابەتە هەستیارەکانی تایبەت بە دەستوری نەنوسراوی ئەو وڵاتە دەخەنەوە مەیدانی پەرلەمان و دەنگدەران(٣)، بۆ نموونەی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ڕیفراندۆمی (برێگزت) لە دەسەڵاتی دادگاکاندا نییەو ئەوە بۆ پەرلەمان و دەنگدەران جێدەهێڵرێت(٤).

---

١ مها عبد اللطيف الحديثي ومحمد عدنان الخفاجي، النظام السياسي والسياسة العامة: دراسة في دور الموسسات الرسمية وغير الرسمية في صنع السياسة العامة في الدول المتقدمة والنامية، مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية، سلسلة الدراسات رقم ٧، بغداد، ٢٠٠٦ م، ص ١٨.

2 The Guardian. 2019. News. [ONLINE] Available at: https://www.theguardian.com/world/2019/sep/24/one-big-relief-eu-officials-celebrate-uk-supreme-court-ruling. [Accessed 24 September 2019].

٣ مها عبد اللطيف الحديثي ومحمد عدنان الخفاجي، مصدر سابق، ص ١٩.

4 Parliament, UK. 2019. Brexit. [ONLINE] Available at: https://www.parliament.uk/business/publications/research/eu-referendum/legislation/. [Accessed 9 July 2019].

**ب. سەرچاوە نافەرمییەکان:**

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی تەنیا لە دامەزراوە فەرمییەکاندا کورتناکرێتەوە، بەڵکو چەند دەزگاو دامەزراوەیەکی نافەرمیش بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکەن، ئەمەش بە تەنیا پەیوەندی بە سیستمە دیموکراسیەکانەوە نییە، چەند گروپ و لایەنێکی نافەرمی بەشداری پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەکەن، تەنانەت لە سیستمە نادیموکراسییەکانیشدا. گومان لەوەدا نییە کە سیستمە دیموکراسییەکان زیاتر پەرۆشن بۆ بەشداری ڕێکخراو و دامەزراوە کۆمەڵایەتیی و نافەرمییەکان لە پرۆسەکەدا و لەم جۆرە سیستمەشدا هەلی زیاتر دەڕەخسێنرێت، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە لە ڕێکخراو و دامەزراوانە بۆچوونیان هەبێت لەو بابەتانەی کە پەیوەندییەکان بە ژیانی گشتییەوە هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی مەترسی و گرنگی بڕیارە سیاسییەکان بەوپێیەی بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ پەیوەندی بە بەرژەوەندی زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگاوە هەیە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی دەکاتە سەر ژیانی زۆرینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. دەسەڵاتی سیاسی پێش بڕیاردان لە بابەتە هەستیار و چارەنوسسازەکان هەوڵدەدات بزانێت ڕایگشتی و ئاراستە و پێشبینییەکانی جەماوەر بەرامبەر ئەو بابەتە چییە و چیی دەبێت. حکومەتە دیموکراسییەکان دەیانەوێت ڕایگشتی بەشداربپێبکەن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا ئەویش بە ڕێگە خۆشکردن بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، وەک سەندیکا و کۆمەڵە و دەستە و دامەزراوە هاوشێوەکانی دیکە ئەوە جگە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە ڕۆڵی گرنگی لە گفتوگۆ و مشتومڕەکانی تایبەت بە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە وڵاتدا هەیە، بە جۆرێک میدیا لە زۆرێک لە وڵایە دیموکراسییەکاندا بە دەسەڵاتی چوارەم ناسراوە، وەک دەسەڵاتی نافەرمی چوارەم دوای سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکە، لە گرنگترین توخم و دامەزراوە نافەرمییەکان، کە ڕۆڵیان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا هەیە ئەمانەن:

**١- ڕایگشتی**

وەک هەموو چەمک و دەستەواژەکانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان ڕایگشتی هەڵگری پێناسەگەلێکی زۆرە، بەڵام هەرە سادەترین پێناسەکانی ئەوەیە کە ئینسایکۆلپیدیای بەریتانی پێناسەی کردووە بەم شێوەیە: " سەرجەمی بۆچوون و هەڵوێست و باوەڕەکانی تاکەکانی کۆمەڵە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو کە لەلایەن دەستەو ڕێژەیەک لە کۆمەڵگاوە گوزارشتی لێدەکرێت"[(١)]. لە ئێستادا ڕۆڵی ڕایگشتی لە پرۆسەی سیاسییدا پێگەیەکی بەهێزی هەیە ئەگەرچی هەتا سەدەی هەژدەیەمی زاینی، گرنگی ڕایگشتی بەدیارنەکەوت، چونکە تا ئەو کات گرنگییەکی ئەوتۆیان بە ڕای جەماوەر نەدەدا و بایەخیان بۆ ڕۆڵی جەماوەر لە بەشداریکردنیان لە کاروبارە سیاسییەکاندا نەبوو.

[1] Encyclopedia Britannica. (2019). Public opinion. [online] Available at: https://www.britannica.com/topic/public-opinion [Accessed 29 Sep. 2019].

پاش ئەوەی بانگەشـــەکەرانی ئازادی و دادپەوەری لە ئەوروپا پەرەیانســـەند و هاوشـــان لەگەڵ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییەکان، گرنگی ڕایگشتیش زیادیکرد و زیاتر پەرەیسەند بە جۆرێک لە ئێســـتادا و لە وڵاتە دیموکراســـیەکاندا بە یەکێـک لە توخمە کـاریگەرەکـان ئەژمـاردەکرێت لە ئاراستەکردنی دامەزراوە سیاسییەکان و کاریگەری زۆریشی هەیە، لەسەر ئەو بڕیارانەی لە دامەزراوە سیاسییەکانەوە دەردەچن.

لەم نێوەندەشـــدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی ســـەرەکی دەبینن لە گواســـتنەوە و گەیاندنی داواکارییەکانی جەماوەر بۆ ناوەندەکانی دروســـتکردنی بڕیاری ســـیاســـی. ڕاگەیاندن جگە لەوەی بە داینەمۆی دارشـتن و دروسـتکردن و ئاراسـتەکردنی ڕایگشـتی دادەنرێت، ڕۆڵی نێوەندگیریش لە نێوان جەماوەر و دروسـتکەرانی بڕیاری سیاسیدا دەبینێت، ئەمەش کاتێک ڕودەدات، کە سیسـتمی دەسـەڵات دیموکراســی بێت و کرانەوە هەبێت لە ژینگەی کاری ســیاســیدا و ڕاگەیاندن ســەربەخۆ و جیابێت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و سەر بە حکومەت نەبێت[1].

**٢- پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان:**

پارت و کۆمەڵە سیاسییەکان ڕۆڵێکی سـەرەکی لە گوزارشـتکردنی بەرژەوەندی گشـتی، یاخود بەرژەوەندی و خواسـتی چین و دەسـتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا دەبینن. یەکێک لە ئاماژەکانی چالاکی پارتی سیاسی ئەوەیە بتوانێت گوزارشت لە خواستەکانی جەماوەر بکات بە بێ گوێدانە ئەوەی پارتەکە لە دەســەڵاتدایە یاخود ئۆپۆزسـیۆنە، لەم ڕێگەیەشــەوە پارتەکان ڕۆڵی گرنگ لە پرۆســەی ســیاســی بە شێوەیەکی گشتی و لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە تایبەتی دەبینن و کاریگەرییان دەبێت لەســەر دەســەڵاتی ســیاســی[2]، ئەگەر پارتەکە لە دەســەڵاتدا بێت ئەوا لە ڕێگەی دەرکردنی بڕیارەکان و دارشـتنی سـیاسـەتی گشـتیەوە دەتوانیت خواسـت و داواکارییەکانی جەماوەر بەرجەسـتە بکات، ئەگەر ئۆپۆزسیۆنیش بێت ئەوا لە ڕێگەی پاڵپشـتیکردنی خواسـتەکانی خەڵک وگوازارشـتکردن لێیان دەتوانێت فشاری سیاسی بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی دروستبکات، لە پێناو جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵک و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانیان.

**٣- گروپە بەرژەوەندخوازەکان:**

گروپە بەرژەوەندخوازەکان بەو دەســـتە و گروپانە دەوترێت، کە هەوڵدەدەن لە ڕێگەی تایبەتی خۆیانەوە کاریگەرییان لەســـەر دەســـەڵات و ســـیاســـەتەکانی هەبێت، بە بێ ئەوەی خۆیان بەشـــداری دەسەڵات بکەن یان هەوڵبدەن بگەنە دەسەڵات ئەوەش بۆ ئەوەی سیاسەتی گشتی وڵات لە بەرژەوەندی ئەندامانی خۆیاندا بێت لە ڕوی ماددی و مەعنەوییەوە و لەبەرامبەریشـــدا هیچ بەرپرســیارێتیەکیشـــیان

[1] Louw, P. (2005). *The media and political process*. London: SAGE, pp.155-162.
[2] Bolleyer, N (2013) New Parties in Old Party Systems: Persistence and Decline in Seventeen Democracies. Oxford: Oxford UP.

ناکەوێتە ئەســـتۆ[١]. هەندێک ســـەرچاوەی دیکەش گروپە بەژەوەندخوازەکان بەوە پێناســـە دەکەن، کە "گروپێکن بە هەموو شێوەیەک هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆیان دەدەن کە پەیوەستە بە بەرژەوەندی ئەندامەکانیانەوە، ئەوەش لە ڕێگای فشـــارکردن و کاریگەری خســـتنە ســـەر بڕیارەکانی و سیاسەتی دەسەڵاتی سیاسی بەبێ ئەوەی خۆیان ئامانجیان بێت بگەنە دەسەڵات[٢]، ئەم گروپانەش خۆیان لە ســـەندیکا و کۆمەڵە و یەکێتییە پیشـــەییەکاندا دەبیننەوە، کە مەبەســـتیان بەدیهێنان و بەرگریکردنە لە بەرژەوەندی چین و توێژێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا[٣].

ئەرکەکانی گروپەکانی بەرژەوەندی، دارشـــتنی داواکارییەکان و گوزارشـــتکردن لە ئاراســـتە ســیاســییەکان و بەرژەوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرێت، یاخود فشـــارکردن بۆ بەدەســـتهێنانی دەســـتکەوتی ماددی بۆ ئەندامەکانیان هاوشـــێوەی ئەوەی ســـەندیکاکان دەیکەن، لێرەشـــەوە ڕۆڵی ئەو گروپانە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسییدا دەردەکەوێت، چونکە دارشتنی داواکارییەکانی جەماوەر و پێشـکەشـکردنی بە دەسـەڵاتی سـیاسـی وا دەکات دروسـتکەرانی بڕیار بە سـەرجەم یاخود بەشـێک لەو داواکارییانە ڕازیبن، لە زۆربەی کاتەکانیشـــدا حکومەتەکان ســـەرجەم ئەو پێشـــنیاز و داواکاریانەی گروپەکـانی بەرژەوەنـدی ڕەتنـاکەنەوە، بەڵکو مـامەڵەی لەگەڵـدا دەکەن، بە گوێرەی گونجـاوی داواکارییەکان لەگەڵ بەرژەوەندی گشـــتی، یاخود کاتێک ئەو داواکارییانە هەڕەشـــە نەبن بۆ ســـەر بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی چین و توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا و دژ بە ئاراستەی گشتی سیستمی سیاسی نەبن ئەوا پەسەند دەکرێن و لەبەرچاو دەگیرێن.

ســـەرکەوتنی گروپەکانی بەرژەوەندی و کاریگەرییان لەســـەر دروســـتکەرانی بڕیاری ســـیاســـی بەندە بە چەند تایبەتمەندییەکەوە، لەوانە ژمارەی ئەندامەکانی، یەکڕیزی و یەکدەنگی گروپەکە پێکەوە، ڕادەی بایەخپێدانی ئەندامان بە دۆزەکەیان، قەبارەی ســـەرچاوە داراییەکانیان، ســـروشـــتی پەیکەری کارگێڕی گروپەکە و ئاســـتی پێکەوە گونجانی دەســـتەی بەڕێوەبەرانی گروپەکە، ئەوە جگە لە ئاســـتی ڕۆشـنبیری و سـیاسـی باوی ناو کۆمەڵگاکە و جۆری سـیسـتمە سـیاسـییەکە، کە بە شـێوەیەکی زۆر ڕەنگدەداتەوە لە کـار و کـاریگەری ئەم گروپـانەدا[٤]، بۆ نموونە لە ئەمریکـادا، کە دانیشـــتوانەکەی پێکهاتەیەکە لە کۆچبەران و ئەوانەی تازە هاتونەتە ئەو وڵاتەوە، کە ئەوەش مانای ئەوەیە جیاوازی زۆر

---

١ . بطرس غالي ومحمود خيري عيسى، المدخل في علم السياسة، القاهرة، مكتبة الأنجلو المصرية، الطبعة العاشرة، ١٩٩٨ م، ص ٣١٦ .
وانظر كذلك: مجموعة من أساتذة الاقتصاد والعلوم السياسية بجامعة القاهرة، مبادئ العلوم السياسية، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٩٠ م، ص ١٦٨.

٢ رجب عبد الحميد، مبادئ العلوم السياسية، القاهرة، دار ابو المجد للطباعة، ٢٠١١ ، ص ٢٢٢ .

3 Borz, G, Janda, K (2018) Contemporary trends in party organization: revisiting intra-party democracy. Party Politics: 1–6, https://journals.sagepub.com/doi/abs/10.1177/1354068818754605#articleCitationDownloadContainer.

4 Art, D (2011) Inside the Radical Right: The Development of Anti-Immigrant Parties in Western Europe. Cambridge: Cambridge University Press.

له نێوان دانیشـتوانی ئەمریکا لە ڕوی نەژاد و نەتەوە و پێشـخانی ڕۆشـنبیری و فەرهەنگی تەنانەت لە ڕووی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سـیاسـییەکانیشـیان هەیە، بەڵام وەڵامدانەوەی کۆمەڵگا بۆ پێداویسـتییەکانی ئەم دانیشـتوانە پێویسـتی بە دامەزراندن و پێکهێنانی یەکێتی و کۆمەڵەی جۆراوجۆر هەیە، وەک کەناڵێکی گونجاو لە پێناو گوزارشـتکردن لە خواسـت و داواکارییی و بەرژەوەندیەکانیان و وەک ئامرازێکیش بۆ بەشـداری کاریگەری لە ژیانی گشـتی و کاریگەری خسـتنە سـەر سـیاسـەتەکانی حکومەت[١]، بە شـێوەیەکی گشـتی گروپەکانی بەرژەوەندی بە دوو شـێوە کار لەسـەر پرۆسـەی دروسـتکردنی بڕیاری سـیاسـی دەکەن؛ یەکەمیان لەڕێگەی بینینی ڕاسـتەوخۆی نوێنەرانی خەڵک و کاربەدەسـتانی حکومەت، دووەمیش لە ڕێگەی فشـارخسـتنە سـەر دروسـتکەرانی بڕیاری سـیاسـی لە ڕێگەی ڕێکارە ناراستەوخۆکان لە نێویاندا بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا.

**٤- سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە :**

سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، کە لە هەندێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بە (تینک تانکس Think Tanks) ناسراون و بە پەیمانگاکانی داڕێژەری سیاسەت دەناسرێن[٢]. ڕۆڵی گەورە و گرنگ دەگێڕن لە دروسـتکردنی سـیاسـەتی گشـتی وڵاتدا، چونکە ئەو زانیاری و توێژینەوە تایبەتمەندانەی لە بوارە جیاجیاکاندا لەلایەن ئەم سـەنتەرانەوە پێشـکەشـی حکومەت دەکرێن لە ڕێگەی بڵاوکراوە زانسـتییەکان و کۆنفرانسـە تایبەتمەندەکانەوە ئاسـتی هۆشـیاری دروسـتکەرانی بڕیاری سـیاسـی و دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیار زیاد دەکات و بەرچاو ڕونی زۆریان پێدەدات و هاوکارییان دەکات لەوەی بتوانن پەیوەنـدی لە نێوان واقیعی مەیـدانی و چوارچێوەی زانسـتی و تیۆری بـابەتەکەدا دروستبکەن[٣].

وڵاتە پێشـکەوتووەکان گرنگییەکی زۆر بەم سـەنتەرانە دەدەن لە دامەزراندن و پاڵپشـتیکردنیان لە ڕووی دارایی و لۆجستی، بە گوێرەی نوێترین ئامار کە ماڵپەڕی (ستاتیستا)ی تایبەت بە ئامارەکان لە کۆتایی سـاڵی ٢٠١٨دا بڵاویکردوەتەوە؛ ئەمریکا لە ڕیزی پێشـەوەی ئەو وڵاتانە دێت کە زۆرترین سـەنتەری توێژینەوەی تێدایە کە ١٨٧٢ سـەنتەرە و پاشـان چین ٥١٢ سـەنتەر و بەریتانیاش بە ٤٤٤ سـەنتەر لە پلەی سـێهەمدایە، بە دوای ئەوانیشـدا هند ٢٩٣، ئەڵمانیا ٢٢٥، فەرەنسـا ١٩٧، ئەرجەنتین ١٤٦، ژاپۆن ١١٦، ڕوسـیا ١٠٣ و کەنەدا ١٠٠ سـەنتەری گەورەی لێکۆڵینەوە Think Tanks یان

---

1 "Pressure Groups". *Drishti IAS*, 2021, https://www.drishtiias.com/to-the-points/Paper2/pressure-groups. Accessed 11 Mar 2021.

2 '2015 Global Go To Think Tank Index Report', translated, Al-Bayan Center for Planning and Studies, 10/04/2016.

3 Sabah Abdul Razzaq Kubba, 'American research centers and their role in the decision-making process in foreign policy', Ahmadi Publishing, First Edition, Baghdad, 2015.

هەیە[1]، هەر بە گوێرەی ئەو ئامارە زیاتر لە ٩٠٪ ی ئەو سەنتەرانە لە پاش ساڵی ١٩٥١ ەوە دامەزراون و ٥٥٪ یان دەکەونە کیشوەری ئەوروپاو باکوری ئەمریکا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگیپێدانی ئەو جۆرە سەنتەرانە لەلایەن وڵاتانی دیموکراسییەوە بە مەبەستی سودبینین لە لێکۆڵینەوەکانیان بۆ وەرگرتنی بڕیاری سیاسی و بوارەکانی دیکە[2].

سەنتەرەکانی (تینک تانک) لە لێکۆڵینەوەکانیاندا هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر دەکەن بۆ سیاسەتەکانی ڕابردوو بە ئامانجی دەستنیشانکردنی لایەنە بەهێزەکان بۆ چەسپاندنی و دیاریکردنی لایەنە لاوازەکان و کەموکوڕییەکان بۆ دوبارەنەکردنەوەی، لە لایەکی دیکەوە بیرۆکە و بۆچوونی نوێ دەربارەی پرسەکان دەخەنەڕو، لەگەڵ پێشنیازکردنی سیاسەتی جێگرەوە بۆ پرسەکان. زیاتر لەوەش خوێندنەوە دەکەن بۆ لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەر سیاسەتێک کە لە دورمەوداکادا و لە ئەنجامی گرتنەبەری ئەو سیاسەتەدا ڕودەدات[3].

نەک تەنها ئەوەندە، بەڵکو هەندێک لە سەرچاوەکان پەیوەندی سەنتەرەکانی (تینک تانک) و پۆستە باڵاکانی دەوڵەت لە وڵاتانی خۆرئاوە بە (دەرگای خولاوە Revolving Door) دەچوێنن، بەو پێیەی زۆرێک لە بەرپرسانی ئەو وڵاتانە یان پێشتر یاخود دوای کۆتایی خزمەتیان لەو سەنتەرانە کاریان کردووە لە نموونەی (هێنری کیسنجەر، مادلین ئۆلبرایت، کۆڵن پاوڵ، دۆناڵد ڕامسفێلد، دیک چینی، زالمای خەلیلزاد، جۆن بۆڵتن، فرانسیس فۆکۆیاما، کۆندۆلیزا ڕایس لە ئەمریکا و جۆن مەیجەر، تۆنی بلەیر، گۆردن براون، لە بەریتانیا)[4].

بە شێوەیەکی گشتی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە خوێندنەوەی ڕابردوو دەکەن، لە پێناو پێشبینیکردنی ئایندە و ڕونکردنەوەی بژاردە بەردەستەکان بە مەبەستی هاوکاریکردنی دروستکەرانی بڕیار بۆ ئەوەی پلانێکی ستراتیژی بۆ ئایندەو دابنێن کاردەکەن بۆ ئەوەی بڕیارە سیاسییەکان بە شێوەیەکی پێگەیشتوو و ژیرانە بدرێن و دروستبکرێن لە پێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی هەڵە و خۆلادان لە شکست بە تایبەت لە دانانی سیاسەتی گشتی وڵاتدا، جگە لەوانەش سەنتەرەکان ڕۆڵیان لە دروستکردنی ڕایگشتی هەیە، لە ڕێگەی ڕۆڵپێدان و خستنەڕوی زانیاری بەمەبەستی پاڵپشتیکردن لە سیاسەتێکی دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.

---

1 McCarthy, N. (2019). *Infographic: The U.S. Has The Most Think Tanks By Far*. [online] Statista Infographics. Available at: https://www.statista.com/chart/15057/countries-with-the-largest-number-of-think-tanks/ [Accessed 2 Oct. 2019].

2 IBID- هەمان سەرچاوە.

3 Abelson, Donald E. 1996. American Think-Tanks and Their Role in US Foreign Policy. New York: ST. Martin's Press.

4 Abelson, Donald E. 2014. Old world, new world: the evolution and influence of foreign affairs think-tanks, International Affairs 90(1), 125–142.

**٥- سەرمایەدار و خاوەنکارەکان:**

لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا سەرمایەدار و خاوەنکارەکان ڕۆڵی گرنگ و گەورە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا دەگێڕن، بەتایبەت لەو کاتانەی کە بڕیارەکە پەیوەندی بە بەرژەوەندییە بازرگانیەکانیانەوە هەبێت بە تایبەت پاش هاتنەئارای بازاڕی ئازاد فراوانبوونی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە ئابوری وڵاتاندا، هەربۆیە سەرمایەدارەکان لە پێناو بەرژەوەندی ئابوری خۆیان هەژموونی خۆیان بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی بەکاردەهێنن، لە پێناو ئەوەی بڕیارە سیاسییەکان بە تایبەت ئەوانەی ڕەهەندی ئابووریان هەیە لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت، یاخود زیان بە سەرمایە و پرۆژەکانیان نەگەیەنێت[1].

ئەم بابەتەش لە نێوان لە وڵاتانی گەشەسەندوی دیموکراسی و وڵاتانی نا دیموکراسیدا جیاوازە. لە وڵاتانی جیهانی سێیەم پەیوەندیەکە سەردەکێشێت بۆ گەندەڵی و دەستوەردان لە بڕیارەکان لە ڕێگەی چەند سەرکردەیەکی سیاسییەوە یاخود بازرگان و سەرمایەدارەکان کاریگەری دروستدەکەن، لەسەر هەندێک لە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بڕیارەکان لە بەرژەوەندی ئەوان بێت، لە بەرامبەردا لە وڵاتانی دیموکراسی ئەم بابەتە کەمتر هەستی پێدەکرێت و دەستوەردان لە بڕیارە سیاسییەکان لە لایەن سەرمایەدارانەوە تا ڕادەیەکی باش بنەبڕ کراوە و پەرلەمان و دادگا و میدیا چاودێری ئەو بابەتە دەکەن[2].

**٦- میدیا :**

دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەک یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە پرۆسەی سیاسی بە گشتی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بە تایبەتی دەگێڕێت. میدیا لە سەردەمی ئەمڕۆدا و بە تایبەت لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا دەتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسی و وەک هەندێک بە دەسەڵاتی چوارەم وەسفی دەکەن، لەبەر کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی و بەشداری سیاسی[3]. کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ئێستادا بە شێوەیەکی گشتی دابەشبوون بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا، کە بریتین لە؛ (چاپکراو- Print) مەبەست لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانە، (پەخشکراو-Broadcasting) مەبەست لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆیە و (ئۆنلاین-Online) مەبەست لە ماڵپەڕی تایبەت بە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان و ماڵپەڕە سەربەخۆکان

---

1 "Pressure Groups". Drishti IAS, 2021, https://www.drishtiias.com/to-the-points/Paper2/pressure-groups. Accessed 11 Mar 2021.

٢ نيفين مسعد،كيف يصنع القرار في الأنظمة العربية، مجلة المستقبل العربي، العدد ٣٧٩ ، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠١٠ ،ص ٢٤ - ٢٥.

3 Medium. (2019). THE FOURTH ESTATE — On the role of journalism: facts vs. fake news. [online] Available at: https://medium.com/@ubuntufm/the-fourth-estate-on-the-role-of-journalism-facts-vs-fake-news-61168f8e8cf [Accessed 4 Oct. 2019].

و میدیا کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبوک و تویتەرە[1]. لە سیستمە سیاسییە دیموکراسییەکاندا میدیا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە گواستنەوەی پەیامە سیاسییەکاندا بەو پێیەی کاراکتەرە سیاسییەکان و دامەزراوە سیاسییەکان میدیاکان بەکاردەهێنن بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان، بۆ ئەو وەرگرەی کە مەبەستیانە، بەرنامەی سیاسی بەیاننامە و سیاسەتەکانیان، بەرنامەی هەڵبژاردن، هەڵمەتەکانی گروپەکانی فشار لە ڕێگای میدیاوە دەگەیەنرێتە وەرگر، هەر بۆیە دەبێت سیاسییەکان و دامەزراوە سیاسییەکان میدیا بەکاربهێنن و سودی لێببینن بۆ گەیشتن بە وەرگرەکانیان[2].

لە لایەکی دیکەوە میدیا گرنگە بۆ پرۆسەی سیاسی وەک گەیەنری پەیامەکانی خەڵک بۆ سەرکردە و ناوەندە سیاسییەکان، ئەوەش لە ڕێگەی ڕوماڵکردنی ڕوداوەکان، ئەنجامدان و گەیاندنی ئەنجامی ڕاپرسی، هەروەها ڕۆڵی لە دروستکردن و ئاراستەکردنی ڕایگشتیدا، بەمەش بازنەی پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات بە نێوەندگیری میدیا تەواو دەبێت و پەیامەکان بە هەردوو ئاراستە دەگوازێتەوە، وەک کاراکتەرێکی سەرەکی پرۆسەی کۆموونیکەیشنی سیاسی[3]، لەم سۆنگەیەشەوە میدیا بەتایبەت میدیای نوێ دەتوانێت وەک توخمێکی سەرەکی کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی بە گشتی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە تایبەتی هەبێت.

## باسی هەشتەم/ ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی:

بە شێوەیەکی گشتی میدیا بە تایبەت میدیا هەواڵییەکان ڕۆڵی گرنگ لە سیستمی سیاسیدا دەگێڕن، لە سیستمی دیموکراسیدا ئەم ڕۆڵەی میدیا کاریگەرتر و گەورەترە بە بەراورد بە سیستمە سیاسییەکانی دیکە، لە سیستمە دیموکراسییەکاندا، پەیوەندی میدیا و دەسەڵاتی سیاسی پەیوەندییەکی بەهێزە. دەسەڵات پێویستی بە میدیایە بۆ گەیاندنی پەیام و بەرنامەکانی بە خەڵک، لەلایەکی دیکەشەوە میدیا پێویستی بە دەسەڵات و کارەکتەرە سیاسییەکانە، وەک سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکانی بۆ بابەتە میدیاییەکان[4]، ئەوە جگە لەوەی میدیا دەتوانێت چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت بکات و کەموکورتییەکانی بخاتەڕوو، هەر ئەمەشە وایکردووە میدیا بە دەسەڵاتی چوارەم ناوزەد بکرێت لە پاش دامەزراوەکانی یاسادان و جێبەجێکردن و دادوەری.

هەریەک لە میدیا و دامەزراوەکان لە لایەک و سیاسەت و دامەزراوەکانی لە لایەکی دیکە، وەک دوو کاراکتەری پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی Political communication ئەژمار

---

[1] McNair, B., 2011. An introduction to political communication. 5th ed. London: Rutledge. PP 10-11.

[2] هەمان سەرچاوە لا ١٢-١٥

[3] Hoff, J. “The Internet and Democratic Citizenship: Theory, Practice and Policy.” Information, Communication & Society 13, no. 8 (2010): 1230–1232.

[4] Cook, T. (2010). *Governing with the news*. Chicago: Univ. of Chicago Press, pp.3.

دەکرێن، کە لە نێو ئەو فەزایەدا بەریەککەوتن و کاریگەری زۆریان لەسەر یەکتر هەیە، بە تێگەیشتن لە چەمکی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی باشتر و ڕونتر لە ڕۆڵی میدیا تێدەگەین لە پرۆسەی سیاسییدا. وەک زۆرێک لە چەمکەکانی دیکەی زانستی مرۆیی وەستان و جێگیربوون لەسەر پێناسەیەک بۆ پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی کارێکی ئاسان نییە، بەو پێیەی خۆی چەمکێکی لێکدراوە لە دوو وشەی ئاڵۆز بۆ پێناسەکردن کە کۆمۆنیکەیشن و سیاسییە پێکهاتووە[1].

بەشێوەیەکی گشتی و لە هەڵهێنجانی پێناسە جیاوازەکانی کۆمۆنیکەیشنی سیاسیدا، بەشێک لە پسپۆڕان و سەرچاوە زانستییەکان ئەم پێناسەیەیان بۆ کۆمۆنیکەیشنی سیاسی داناوە، کە: "کۆمۆنیکەیشنی سیاسی بایەخ دەدات بە دروستکردن و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و بۆچوونەکان لە نێوان هاوڵاتیان، بەرپرسە فەرمییەکان، دامەزراوە سیاسییەکان و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی وەک دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گوتارە سیاسییەکانیش لەخۆدەگرێت لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی لە سەر ئاستی سیستمی سیاسی ناوخۆیی و دەوڵەتی، نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا. زیاتر لەوەش بایەخ دەدات بەوەی چۆن زانیاری سیاسیەکان بەکاربهێنرێت، وەک ئامرازێک بۆ دەستکەوتی سیاسی و بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان."[2]

بە ڕاڤەکردنی ئەو پێناسەیە و پێناسەکانی دیکە، کە بۆ کۆمۆنیکەیشنی سیاسی کراوە، ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە لە پرۆسەکەدا نێرەر کە لە پشت پەیامە میدیاییەکانەوەن مەبەستیانە کاریگەری لەسەر ژینگەی سیاسی دابنێن. وەرگری پەیامی میدیا، واتە خەڵک هەلی بەشداریان دەبێت لە پرۆسەی سیاسی بە پەسەندکردن، یاخود ڕەتکردنەوە وەک لە بایکۆت و نارەزایی دەربڕیندا ڕەنگدەداتەوە. کاراکتەرە سیاسییەکان و پارتە سیاسییەکان سود لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەردەگرن بۆ گەیشتن بە دەنگدەرەکانیان لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، لە لایەکی دیکە میدیا دەبێتە بڵندگۆیەک بۆ خەڵک بۆ ئەوەی قسەیان هەبێت و پەیامیان بگاتە دەسەڵاتی سیاسی و سیاسییەکان.

بەو پێیەش میدیا توخمێکی سەرەکییە لە پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی، هەروەک (بریان مەکنەیر) لە کتێبی (دەروازەیەک بۆ کۆمۆنیکەیشنی سیاسی) ڕونیدەکاتەوە، میدیا نەک توخمێکی سەرەکییە لە پرۆسەکەدا، بەڵکو بازنە و چەقی ناوەندە لە نێوان دامودەزگای سیاسی و هاوڵاتیاندا و چەقی پرۆسەکە پێکدەهێنێت بەم شێوەیە:

دامودەزگا سیاسییەکان کە بریتین لە پارتە سیاسییەکان، دامەزراوە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، گروپەکانی فشار، حکومەت، و تەنانەت گروپە تیرۆرستییەکان، لە ڕێگەی میدیاکانەوە بانگەواز و داواکاری، بەرنامە و ڕێکلام و پەیوەندیە گشتییەکانیان دەخەنە گەڕ، بە مەبەستی گەیشتن بە خەڵک. لە

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] Stanyer, J. (2008). *Modern political communication*. Cambridge: Polity, pp.95-96.

بەرامبەردا هەر لە میدیاکانەوەو لە ڕێگەی ڕاپۆرتە هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و سـەروتار سـەرنج و کۆمێنت و شیکارییەکانەوە دەنگ و خواستی خەڵکیان پێدەگات.

لەلایەکی دیکەوە میدیا لە ڕێگەی ڕاپۆرتە هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و سـەروتار سـەرنج و کۆمێنت و شـیکارییەکانەوە چالاکی و کەموکوڕی دەزگا سـیاسـییەکان دەگەیەنێتە خەڵک و لە ڕێگەی ڕاپرسـی و نـامەی هـاوڵاتیـان و بلۆگ و ڕۆژنـامەوانی هـاوڵاتی و کۆمێنتەکـانەوە خواســـت و داواکـاری خەڵکی پێدەگات و دەبنە هەوێنی بەرهەمە میدیاییەکان[١].

سەرچاوەکانی بڕیاری سیاسی و پەیوەندی میَدیا بە بڕیاری سیاسیەوە، بریتیە لە پەیوەندی میدیا بە چەند توخمێکەوە، بەمشێوەیە:

**آ- میدیا و دیموکراسیەت:**

لە باسکردنی میدیا و ڕاگەیاندن وەک یەکێک لە توخمەکانی بواری گشتی Public Sphere ناکرێت ڕۆڵی داهێنەری چەمکەکە نەکەین، کە (یۆرگن هابرماس) وەک داهێنەری قوتابخانەی ڕەخنەیی ئەڵمانیا پەرەی بە تیۆری کردەی کۆمۆنیکەیشـــندا کە تێیدا جەخت لە بەشـــداری کۆمەڵگا و خەڵک دەکاتەوە لە پرۆسەی بواری گشتیدا، کە زۆرجار ئەوەش لە ڕێگەی میدیاوە بەرجەستە دەبێت و خەڵک دەتوانێت ببێتە بەشـێکی گرنگ لە گفتوگۆی سـیاسـی و گشـتی و بەشـدار بێت لە پرۆسـە و سـیسـتمی دیموکراسـیدا و ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت[٢]. میدیاش لە بواری گشـتیدا ڕۆڵی چالاک دەبێت بە تایبەت لە هەستان بە ڕۆڵی خۆی لە پێشکەشکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی، بە شێوەیەکی بابەتی و گواستنەوەی ڕاســتی و ڕووداوەکان و جیاکردنەوەی لە بیروبۆچوونەکان. هەروەک چۆن (نیمۆ و کۆمبس) دەڵێن: لە ڕووی مێژووییەوە میدیا وەک ئامرازێکی کاریگەری دیموکراســـی ڕۆڵی بینیوە و وەک هۆکارێک بۆ بەهێزبوونی دیموکراسـیەت و پەرەپێدانی وابووە، لەو ڕێگەیەشــەوە کار دەکات لەســەر باشــترکردنی ڕێوشوێنەکان و هەروەها بڕیارە سیاسییەکان."[٣]

ئەم ئەرک و ڕۆڵەی میدیا لە پرۆسەی سیاسی بە گشتی و لە پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی زیاتر لە سیستمە دیموکراسیەکاندا بەرجەستە دەبێت، کە بەشـێوەیەکی نموونەیی میدیا وەک دەسـەڵاتی چوارەم لە سیستم و کۆمەڵگا دیموکراسیەکاندا پێنج ئەرکی سەرەکی جێبەجێدەکات کە ئەمانەن:

یەکەم: میدیا پێویســـتە هاوڵاتیان ئاگاداربکاتەوە لەوەی لە دەوروبەریان ڕوودەدات کە ئەمەش بە ئەرکی هۆشـیاکردنەوە و چاودێریکردن دەناسـرێت، کە دەبێت میدیا زانیاری ببەخشـێت بە خەڵک سـەبارەت بەوەی لە دەوروبەریاندا ڕوودەدات.

---

1 McNair, B., 2011. An introduction to political communication. 5th ed. London: Rutledge. PP 5-6.

2 Garnham N. Habermas and the public sphere. *Global Media and Communication*. 2007;3(2):201-214. doi:10.1177/1742766507078417

3 Nimmo, D., Combs, J. Political communication, New York, Longman, 1983. Political Pundits, New York, Praeger,1992. 89-93.

دووەم: پێویستە میدیا بابەتییانە ئەرکی پەروەردەکردن لە ئەستۆ بگرێت بەوەی ڕاستییەکان بگوازێتەوە بۆ وەرگران بە شێوەیەکی پیشەییانە، بەدور لە شیکارکردنی ڕاستییەکان بە شێوەیەک کە لایەنداری تێدا بێت.

سـێیەم: میدیا دەبێت دەسـتەبەری ئەوە بکات، کە وەک بڵندگۆیەک هەلی ئەوە برەخسـێنێت بۆ گوزارشـتکردن لە گوتاری سـیاسـەتی گشـتی و دروسـتکردنی ڕایگشـتی و گەیاندنی ئەو پەیامە و گەیاندنەوەی پەیامی بەرامبەر بۆ ڕایگشـتی، بە واتایەکی دیکە دەبێت میدیا دەرفەت بدات بە گوزارشتکردن لە ڕای جیاواز، چونکە بە بێ ئەمە دیموکراسی مانایەکی نابێت.

چوارەم: ئەرکی چوارەمی چاودێریکردنی میدیایە بۆ کارەکانی حکومەت، ئەوەش لە بەدواداچوون بۆ حکومەت و دەزگا سـیاسـییەکانی دیکە و کارەکانیان و خسـتنەڕوی کەموکورتییەکان ڕەنگدەداتەوە بۆ بەردەم ڕایگشتی[١].

پێنجەم: لە سـیسـتم و کۆمەڵگا دیموکراسـییەکاندا میدیا وەک ئامرازێک خزمەت دەکات لە پێناو پاڵپشـتیکردنی بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان. پارتە سـیاسـییەکان و حکومەت پێویسـتیان بە میدیایە بۆ ئەوەی بگەن بە جەماوەرەکەیان، هەر بۆیە دەبێت میدیا ئەو هەلەیان پێبدات بە یەکسـانی، ئەگەرچی بەشێک لە میدیا چاپکراوەکان ئەم ئەرکە بۆ تەنها لایەنێک و ئاڕاستەیەکی سیاسی دیاریکراو بەردەست دەکەن[٢].

بە شـێوەکەی گشـتی و وەک لەو ئەرکانەدا دەردەکەوێت میدیای جەماوەری لە کۆمەڵگای دیموکراسـیدا ڕۆڵێکی کاریگەری و گرنگ لە ناو سـیسـتمە دیموکراسـیەکاندا دەبینێت، بە جۆرێک لە میدیا چاوەڕوان دەکرێت، کە ببێتە بازنەی بە یەکگەیاندن و نێوەندگیر لە نێوان خەڵک و دەسـەڵاتی سیاسـی کە بتوانێت ڕەنگدانەوەی ڕایگشـتی بێت بۆ دەسـەڵات و نیگەرانی و خواسـتی خەڵک بگەیەنێتە دەسـەڵاتداران و ناوەندە سـیاسـییەکان و بڵندگۆی گەیاندنی دەنگی خەڵک بێت و پەنجەرەیەکیش بێت کە سیاسییەکان پەیام و بەرنامە سیاسیەکانیان بە تایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بگەیەننە دەنگدەران. ئەم ڕۆڵەی میدیـایش پێچەوانەی ئەو میـدیـایەیە کە (ئێـدوارد هێرمـان) و (نوام چۆمسـکی) بە مۆدیلی پرۆپاگەندە وەسـفیدەکەن، کە تێیدا دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدار میدیا دەکەنە دامەزراوەیەکی سـەر بە حکومەت و وەک دامەزراوەیەکی پاشکۆ، کە لەلایەن خۆیانەوە خاوەندارێتی بکرێت لێیدەڕوانن[(٣)].

---

[1] Bimber B, Gil de Zúñiga H. The unedited public sphere. *New Media & Society*. 2020;22(4):700-715. doi:10.1177/1461444819893980

[٢] Verstraeten H. The Media and the Transformation of the Public Sphere: A Contribution for a Critical Political Economy of the Public Sphere. *European Journal of Communication*. 1996;11(3):347-370. doi:10.1177/0267323196011003004

[3] HERMAN, E. S., & CHOMSKY, N. (1988). *Manufacturing consent: the political economy of the mass media*. New York, Pantheon Books.pp 56-60.

به گوێرەی ئەم مۆدێلە ئەرکی دیاریکردنی ئەجێندا Agenda Setting ی میدیا، وەک مێکانیزمێک وایە بۆ ئەوەی میدیا وەک ئامرازێکی پڕۆپاگەندە کاربکات، بە چەند ڕێگایەک کە ئەوەش دوورە لە پرەنسیپە دیموکراسییەکان و ئەرکە ڕاستەقینەکانی میدیا، چونکە میدیای کۆنترۆڵکراو لەلایەن دەستەبژێری سیاسی و دەسەڵاتەوە بڕیار دەدات چ بابەتێک گرنگە، چ کێشەیەک و چ ڕوداوێک شیاوی ئەوەیە بکرێتە هەواڵ و بڵاوبکرێتەوە بۆ خەڵک ئەوەش لە پێناو خزمەتکردن بە دەسەڵاتی سیاسی و بەرنامەکانی بە دوور لە خواستی ڕاستەقینەی خەڵک و دوور لە بنەماکانی کاری میدیایی[١]، لەم چوارچێوەیەشدا میدیا خزمەتی چەسپاندی زیاتری دەسەڵات دەدات و کەلتور و ئەدەبیاتی دەستەبژێری سیاسی زیاتر بڵاودەکاتەوە لە پێناو پاراستنی سەروەت و سامان و دەسەڵاتی سیاسییەکان و سانسۆر لەسەر ئەو بابەتانە دادەنێت کە پێیانوایە هەڕەشەیە بۆ سەر دەسەڵاتیان و ڕێگری دەکەن لەوەی خەڵک هەموو شتێک بزانێت و بەشداری خەڵک لە پەیامە میدیاییەکان و بەشداری سیاسی هاوڵاتیان سنوردار و کەمدەکاتەوە[٢].

بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێک میدیا ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی دەبینێت دەبێتە ئامرازێکی بەهێز و کاریگەر بۆ پەرەسەندنی دیموکراسی و هەلی بەشداری سیاسی بۆ خەڵک دەرەخسێنێت. میدیا لە سیستمی دیمۆکراسیدا دەبێتە بڵندگۆی خەڵک بۆ گوزارشتکردن لە خواستەکانیان و گەیاندنی نیگەرانیەکانیان بە دەسەڵات، ئەوەش بە کاریگەری میدیا دەناسرێت لەسەر سیاسەت و سیستمی حوکمڕانی[٣]، هەر ئەمەشە وادەکات لەو سیستمانەدا میدیا کاریگەری دروستبکات و ڕۆڵی لەسەر بڕیاربەدەستانی سیاسی هەبێت.

**ب- کاریگەری میدیا لەسەر دەسەڵاتی سیاسی:**

بەناوبانگترین نموونەی کاریگەری میدیا لەسەر بڕیاربەدەستانی سیاسی ئەوەیە، کە (CNN effect) ناسراوە، پاش ئەوەی کەناڵی نێودەوڵەتی (سی ئێن ئێن)، کە کورتکراوەی (تۆڕی هەواڵی کەیبڵی) یە نوێنەرایەتی و تەبەنی ئەو بیرۆکەیەی کرد، کە ڕوماڵکردنی هەواڵە بیانییەکان بە تایبەت ئەو هەواڵانەی ڕەهەندێکی مرۆییان هەیە زیاتر گرنگیان هەیە و دەبنە جێی سەرنجی وەرگران و بەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر سیاسەتی گشتی و ئەجێنداکانی حکومەت، ئەمەش بە دیاریکراوی لە ڕوماڵی بابەتەکانی قاتوقڕی و برسێتی و ململانێکانی کیشوەری ئەوروپا و کاردانەوەی وڵاتانی خۆرئاوادا بەرامبەری ڕەنگیدایەوە[٤]، ئەگەرچی هەندێک سەرچاوەی وەک (گیلبۆوا) دەڵێن

---

[1] هەمان سەرچاوە

[2] Negrine, N., 2007. Political Communication Bundle: The Political Communication Reader (volume 2). Routledge. Pp 19-20.

[3] هەمان سەرچاوە لاپەرە ٢٨٥.

[4] Street, J., 2010. Mass Media, Politics And Democracy: Second Edition. Palgrave.pp 118-119.

یەکەمین بەکارهێنانی چەمکی کاریگەری (سی ئێن ئێن) لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی جەنگی کەنداو لە ســـاڵی ١٩٩١دا، کاتێک هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان هێرشـــیان کردە ســــەر هێزە عێراقییەکان و کەناڵی (ســـی ئێن ئێن) شــــانبەشــــانی ســــەربازەکان ڕوماڵی جەنگەکەی بۆ جیهان دەگواســتەوە[1]. مێژووی ســەرهەڵدانی چەمکەکە هەر کاتێک بووبێت، گرنگ ئەوەیە کاریگەری میدیا بووەتە ڕاستییەک و ئێستا چەمکێکی ناسراوە لە نێو پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی و کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسییەکان، نموونەکانی وەک (سۆنامییەکی زەریای هندی لە ساڵی ٢٠٠٤) و زەمین لەرزەکەی (هایتی لە ساڵی ٢٠١٠) و زەمین لەرزەکەی (ژاپۆن لە ساڵی ٢٠١١) و نموونەکانی دیکە ئەوەیان سەلماندووە چۆن ڕوماڵە میدیاییەکان کاریگەرییان لەسەر وەڵامدانەوەی خێرای حکومەتەکان و بڕیاردان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کارەســـاتەنە هەبووە، ئەمەش هێزو کاریگەری میدیا دەســـەلمێنێت لەسەر بڕیارە سیاسییەکان، بەو پێیەی ڕوداوە خێراکان چاوەڕێی نۆرە ناکەن، لە ڕیزبەندی هەواڵەکاندا و ڕاســـتەوخۆ دێنە پێشـــەوەی گرنگیپێدانی میدیاکان و بەوەش کاریگەری دروســـتدەکات لەســـەر حکومەتەکان بۆ بڕیاردان لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەو دۆخەی هاتوەتە پێشەوە[2].

(پێیرس ڕۆبنسن) شیکاری کاریگەری (ســی ئێن ئێن) دەکات بەوەی، کە دەکرێت لە ڕێگەی دوو گۆڕاوەوە شیکاری بۆ کاریگەری میدیا بکرێت، یەکەمیان، ڕادەی دڵنیایی دەستەبژێری سیاسی بەرامبەر بە میدیا و گرنگی کاری میدیا و کاریگەری میدیا و تێگەیشـــتنیان لە گرنگی میدیا. دووەمیش بریتییە لەوەی میدیا چۆن بابەت و کێشەکە پێشکەشدەکات و دەگوازێتەوە، بە بڕوای ئەو لە کەیسێک بۆ کەیســـێکی دیکەو لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە ڕادەی کاریگەری میدیا گۆڕانکاری بەســـەردا دێت، تەنانەت لە یەک وڵاتیش ئاســـتی تێگەیشـــتنی دەســـتەبژێری دەســـەڵاتدار ڕەنگە لە نێوان دوو بابەت و کێشەدا جیاواز بێت[3].

بە بڕوای (ڕۆبنسن) مەرج نییە تێگەیشتنی سیاسییەکان هەموو کات بۆ میدیا وەک یەک بێت، تەنانەت لە وڵاتە دیموکراتییەکانیشدا بەو پێیەش دەکرێت کاریگەری میدیا لەسەر ئەجێندای سیاسییەکان و دەســـەڵاتداران گۆڕانکاری بەســـەردا بێت و بە هەمان کاریگەری و قورســـایی نەبێت، هەربۆیە ئەم بابەتە و کاریگەری میدیا ڕامان دەکێشـــێت بۆ بابەتی ئەوەی کێ خاوەندارێتی میدیا دەکات و کێ کۆنترۆڵی ئەجێندای میدیاکان دەکات، کە ئەمەش ڕۆڵی دەبێت لەوەی ناوەڕۆکە میدیاییەکان چەند و چۆن کاریگەرییەکیان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و بە دیاریکراویش حکومەت هەبێت.

---

[1] Gibloa, E. (2005) ‘Global television news and foreign policy: debating the CNN effect’ International Studies Perspectives, 6, pp. 325-41.

[2] Street, J., 2010. Mass Media, Politics And Democracy: Second Edition. Palgrave.pp 119.

[3] Robinson, P. (2002) The CNN Effect: The Myth of News, Foreign Policy an Intervention, London: Routledge. PP 117.

بۆ نموونە لە باسـی خاوەندارێتی و کاریگەری میدیا ناکرێت هێزی کەسـێکی وەک (ڕۆبەرت مەردۆخ)[1]، کە بە ئیمپراتۆری میدیا ناسـراوە و خاوەندارێتی زۆرێک لە کەناڵ و ڕۆژنامەکان دەکات لەسەر ئاستی جیهان، لە نموونەی کەناڵەکانی (فۆکس نیوز و سکای نیوز ڕۆژنامەکانی تایمز و سەندەی تایمز و وڵ سـتریت جۆرناڵ) نادیدە بگیرێت. (مەردۆخ) بە کەسـێکی دەسـەڵاتدار و بەهێز دادەنرێت نەک تەنها لەبەر خاوەندارێتی کردنی ئەو دەزگا و کەناڵە میدیاییانە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو تەنها خۆی تەرخان نەکردووە بۆ بڕیاردانی ئابوری و قورسـایی خۆی تەنها لە قازانج و تێچووندا نەخستوەتەگەڕ. (مەردۆخ) کاریگەری لەسـەر بڕیاری سـیاسـی و دەسـەڵاتی سـیاسـیش هەیە، ئەوەش بەکاردەهێنێت لە ڕێگەی ئەوەی ڕۆژنامەکانی چی دەڵێن و چی بڵاودەکەنەوە، دەنگدەران چۆن بیردەکەنەوە، حکومەت چی دەکات[2]، هەربۆیە (مەردۆخ) تەنها بیر لە بەرژەوەندی ئابوری ناکاتەوە و بەڵکو لە ڕێگەی دەزگا میدیاییەکانیەوە توانای بەهێزی خۆی دەخاتەگەڕ، کە دەنگ بە کێ بدرێت، کێ ببێتە دەسـەڵاتدار و کام حیزب لە هەڵبژاردنەکاندا سـەربکەوێت، لە پاش ئەوەش کاریگەری لەسـەر بڕیارە سـیاسـییەکانی ئەو کەسایەتی و حکومەتە دروستدەکات لە ڕێگەی میدیاکانیەوە، هەڵبەت ئەمەش پەیوەستە بەو مۆدێلانەی ڕۆژنامەگەری کە لە وڵاتاندا هەیە، کە ئایا تا چ ئاسـت و ڕادەیەک دەتوانن کاریگەری دروسـتبکەن لەسەر پرۆسەی سیاسی و دروستکردنی بڕیار.

**پ- مۆدێلەکانی ڕۆژنامەگەری (میدیا):**

زۆر ڕێگا و شـێواز هەن لە تیۆریزەکردنی مۆدێل و شـێوازەکانی ڕۆژنامەگەری، هەریەک لەوانەش هەڵگری ئاماژە و خەسڵەتی جیاوازن بۆ نیشاندانی سەرچاوەی هێزی میدیا کە ڕوماڵی سیاسیی بەرجەسـتە دەکات. هەندێک لەو مۆدێلانەی ڕۆژنامەگەری کاریگەری زۆر خێرا دروسـتدەکەن، هەندێکی دیکەیان هیچ کاریگەری دروستناکەن، بە شێوەیەکی گشتی سێ مۆدێلی سەرەکی دیاریکراوە نەک بۆ نیشـاندانی وێنە گەورەکەی ڕۆژنامەگەری، بەڵکو بۆ دیاریکردنی جیاوازییەکانی نێوان ئەو تێڕوانینە جیاوازانەی لەو مۆدێلانەی ڕۆژنامەگەریدا هەن، دەربارەی کاریگەرییان لەسـەر سیاسـەت بە شێوەیەکی گشتی بەمشێوەیە:[3]

**یەکەم/ ڕۆژنامەگەری وەک چاودێر Journalism as Observation :**

بە گوێرەی ئەم مۆدێلە ڕاگەیاندن ئەرکیەتی کە چاودێری ڕووداوەکان بکات و ئەزموونەکان بۆ وەرگران بگوازێتەوە، بە واتایەکی دیکە کارکردنی ڕۆژنامەیە لەسـەر بنەما پرۆفێشـناڵییەکان و

---

[1] Encyclopedia Britannica. (2019). *Rupert Murdoch | Biography & Facts*. [online] Available at: https://www.britannica.com/biography/Rupert-Murdoch [Accessed 18 Oct. 2019].

[2] Louw, P. (2010). *The media and political process*. Los Angeles, Calif.: Sage, p.135.

[3] Street, J., 2010. Mass Media, Politics And Democracy: Second Edition. Palgrave.pp 195-198.

ســـتانداردە ڕۆژنامەوانییەکان و پەیڕەوکردنی ئیتیکی کاری ڕاگەیاندنە لە گواســـتنەوەی ڕوداوەکان بە شێوەیەکی بابەتیانە بە بێ تێکەڵکردنی هەست و سۆز و جیاکردنەوەی ڕاستییەکان و هەواڵ لە بیروڕا و بۆچوون. ئەم ئاڕاســـتەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕۆژنامە نابێت کاریگەر بێت بە ســـیاســـەت و ئاراستەی هیچ لایەنێکی سیاسی و پێویستە کاری خۆی بکات لە چاودێریکردنی ئەوەی لە دەوروبەردا ڕودەدات و گواســـتنەوەی ڕاســـتییەکان وەک خۆی و خۆپاراســـتن لە لایەنداریکردن بۆ هیچ کەس و لایەنێک ڕاستی ڕوداوەکان نەبێت.

**دووەم/ ڕۆژنامەگەری کەسی و خودی Subjective Journalism:**

ئەمەش ڕێک پێچەوانەی مۆدێلی پێشـووە کە پێیوایە ڕۆژنامەگەری خودی و کەسـییە و ئەوەی تێیدا بڵاودەکرێتەوە بۆچوون و ویسـتی کەســی بەســەریدا زاڵە و بۆ پاڵپشــتی ئەم بۆچوونەش ئەوانەی پشـتگیری ئەم ئاڕاسـتەیە دەکەن دەڵێن بابەتیبوون لە ڕۆژنامەگەریدا ئەفسـانەیە و ئەسـتەمە بتوانێت بە تەواوی بەدەســـتبێت. دەڵێن هەموو هەواڵێک لە ڕوانگەی بیروبۆچوونێکەوە دەنوســـرێت و بە دڵنیاییی بۆچوون و ویستی کەسی تێدا دەبێت، چونکە ڕۆژنامەنوسەکان پێش ئەوەی ڕۆژنامەنوس بن مرۆڤن و ئەوانیش دامـاڵراو نین لە هەســـتەکـانیـان، چ لە هەڵبژاردنی بـابەتەکـان بۆ هەواڵ و چ لە پۆلێن و ڕیزبەندکردنیان و ئەو وشـــە و دەســـتەواژانەی بەکاریدەهێنن لە نووســـینی هەواڵ هەتا شـــێوازی بڵاوکردنەوە و گرنگیپێدانی، کە هەموو ئەمانە وادەکەن هەواڵەکە لەسەدا سەد بابەتی نەبێت و جۆرێک لە لایەنداری تێدابێت.

**سێیەم/ ڕۆژنامەگەری وەک چالاکییەکی ڕێکخراو Journalism as Structured Activity:**

لەم مۆدێلەدا تێڕوانین بۆ هەواڵ ئەوە نییە کە بەرهەمی ڕوداوێکی چـاوەڕوان نەکراوە کە ڕۆژنامەنوســـەکان کاردانەوەیان بۆی هەبێت لە ڕوماڵ و گواســـتنەوەیدا، بەڵکو پێیوایە دروســـتکردنی هەواڵ بەرهەمی پلانێکی پێشـــتر ئـامـادەکراو و چـاوەڕوانکراوە، بە گوێرەی ئەم مۆدێلە، هەواڵ بەرهەمێکی بەردەســـت و دابەشـبووی توخم و ســـەرچاوە و ئارەزووەکانە. (مارتین بێڵ) لەم بارەیەوە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت: "خەڵک وا دەزانێت ڕۆژنامەنوسەکان لەو شوێنانەن کە هەواڵی لێیە، ئەمە ڕاســـت نییە، هەواڵ لەو شـــوێنەیە کە ڕۆژنامەنوســـی لێیە"[١]. (ئیدوارد هێرمان و ڕۆبێرت مەکچێسنی) دەڵێن: هەواڵنێرەکان لەو شوێنەن کە پارەی لێیە[٢]، یاخود دەڵێن هەواڵ ئەوەیە کە هەواڵنێر بڕیاردەدات ڕومـاڵی بکـات، لێکدانەوەی ئەم بۆچوونە لەو ئـاڕاســـتەیەوەیە کە ئەوە ڕۆژنـامەنوس و دەزگاکانی ڕاگەیاندنە بڕیار دەدەن کام بابەت بایەخی زۆر پێبدرێت و بکرێتە هەواڵ و گرنگی زیاتری پێبدرێت و کام بابەت فەرامۆش بکرێت، هەربۆیە ڕۆژنامەگەری لێرەدا چالاکییەکی ڕێکخراو و پلان

---

[1] Marr, A. 2004. My Trade, London: Macmillan. pp 292.
[2] Street, J., 2010. Mass Media, Politics And Democracy: Second Edition. Palgrave.pp 199.

بۆ دارێژراوە بە گوێرەی خواستی کەناڵ و دەزگا و ڕۆژنامەنوسەکان ئەوەش بە مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو بڕیاردەدەن کامە بابەت بکرێتە هەواڵ و جێگەی بایەخپێدان.

لەم سێ مۆدێلەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە بە گوێرەی دەزگاکە و شوێنی کارکردن و پەیوەست بەو وڵاتەی کاری تێدا دەکات و ئەو سیستەمە سیاسییەی حوکمدەکات گۆڕانکاری بەسەر شێوازی کارکردنی میدیایدا دێت و خۆی پەیوەستی مۆدێلێک دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ بە تایبەت هەواڵە سیاسییەکان. دەشکرێت لە هەندێک وڵات و سیستمدا هەر سێ مۆدێلەکە ببینرێت و هەر یەکەیان بە شێوازی خۆیان کار بکەن لەسەر گواستنەوەی ڕوداوەکان بۆ وەرگران. ئەو جیاوازییەش ڕادەی پەیوەندی و کاریگەری و بەهێزی میدیا لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی دیاریدەکات.

**ت- میدیای نوێ، سیاسەتی نوێ:**

گەشەسەندنی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرەتای ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو*، گوڕێکی گەورەیدا بە میدیا لە هەموو ئاستەکاندا، هەروەک پێشتر باسی ڕۆڵی میدیای نەریتیمان کرد لە سیستمی دیموکراسی و پاشان مۆدێلەکانی ڕاگەیاندن و جۆری کارکردنیان، لەم بەشەدا باسی گرنگی و کاریگەری میدیای نوێ دەکەین وەک ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و داهێنراوەکانی دیکە لەسەر سیاسەت لە چوارچێوە گشتییەکەیدا، کە چۆن داهێنراوەکانی میدیای نوێ نەخشەی کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی بە گشتی دەنەخشێنن، چونکە پەیوەندی نێوان میدیا و سیاسەت لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوەیە. باسکردن لە میدیای نوێ تەنها گرنگی و بەرەوپێشچوونی میدیای نوێمان بۆ ڕون ناکەنەوە، بەڵکو ئەوەش نیشاندەدەن، کە چۆن میدیای نوێ لەگەڵ خۆیدا شتێکی دیکەیشی لەگەڵ خۆی هێناوە کە پێی دەوترێت سیاسەتی نوێ(١).

ئینتەرنێت لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی زۆری هێناوە کە تەواوی پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی گۆڕیوە، لە پێشوودا هاوڵاتیان تەنها وەرگرێکی ناکارای ئەو زانیارییانە بوون، کە سیاسییەکان لە ڕێگەی ڕۆژنامەو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیانەوە پێیاندەدان، تەنها بوارێکی کەم بۆ بەشداری خەڵک لاپەڕە و گۆشە کەمەکانی نامەی خوێنەران و تەلەفۆنە سنوردارەکان ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان هەبوون، زۆربەی کاتەکان ئەوان تەنها بەکاربەری بەرهەمە میدیاییەکان بوون(٢).

بەڵام ئینتەرنێت هەموو ئەوانەی گۆڕی، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و لە سایەی ئەو ئاسانکارییانی ئینتەرنێت هێناویەتە کایەوە، خەڵک دەتوانن بەشداربن لەو بەرهەم و ڕوماڵە سیاسییانە، لە ڕێگەی

* (بڕوانە بەشی دووەم).

1 Street, J., 2010. Mass Media, Politics And Democracy: Second Edition. Palgrave.pp 261.

2 Le Grignou, B. & Patou, C. forthcoming. “The Expert Always Knows Best? ATTAC Uses of the Internet,” in W. van de Donk, B. D. Loader, P. G. Nixon & D. Rucht, eds, Cyberprotest: New Media, Citizens and Social Movement, London, Routledge. PP 12.

ئیمەیڵ و کورتە نامەو دەنگدان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و بوارەکانی دیکە، زیاتر لەوەش وەرگران دەتوانن خۆیان ڕومالّی ڕوداوەکان بکەن، زانیاری بگەیەنن و میدیا دروستبکەن و وەک چالاکی سیاسی ڕەفتار بکەن و ســـەرکردایەتی خەڵکی دیکە بکەن، ئەوەش لە ڕێگەی ئەوە بڵـندگۆ و تۆڕانەی ئینتەرنێـت دابینیکردووە بۆ بەشـــداربووەکانی. هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش پیادەکردنی دیموکراســـییەتیان زیاتر چەسپاند ئەوەی پێیدەوترێت دیموکراتیەتی ئینتەرنێتی E-Democracy[١].

**ج- کاریگەری ئینتەرنێت (میدیای نوێ) لەسەر کایەی سیاسی:**

میدیای نوێ لە چەندین گۆشـــە و بواری جیاوازەوە گۆڕانکاری دروســـتکردووە و کاریگەری کردووەتە سەر چوارچێوەی گشتی سیاسەت، لێرەدە ئێمە پێنج بوار دیاریدەکەین و قسەی لەسەر دەکەین کە بە بڕوای پسپۆڕانی هەردوو بواری میدیای نوێ و سیاسەت زۆرترین کاریگەری میدیای نوێی پێوە دیارە[٢].

**یەکەم:** دیارترین کاریگەری سیاسـی لەسـەر بەڕێوەچوونی حکومەتە، لە سـەرەتای سـاڵانی نەوەدەکاندا ئیدارەی (بیل کلینتۆن) بەمەبەســـتی پارێزگاریکردن و پاراســـتنی دیموکراســـی، وەک بەرنامەی کاری خۆی ئامانجێکی بۆ خۆی دیاریکرد، لە ڕێگەی دروسـتکردنی تۆڕێکی ئینتەرنێتی ئاسـان بە مەبەسـتی فەراهەمکردنی تۆڕێکی پەیوەندیکردن و کۆمپیوتەر و بانکێکی زانیـاری و بەکاربەرانی ئەلکترۆنی، کە بتوانێت لەو ڕێگایەوە زیاتر دیموکراسی بچەسپێنێت[٣].

لە ساڵی ١٩٩٥دا، سەرکردەکانی وڵاتانی گروپی (G7) کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ســـەرهەڵدانی کۆمەڵگای زانیارییەکان، هەمان ســـاڵ کۆشـــکی ســـپی ئەمریکا شـــانازی بەوەوەکرد کە گەیشتوەتە ئاستێک دەتوانرێت لە ڕێگەی کلیکێکەوە لەسەر کیبۆردێک دەستتبگات بە سەرچاوەگەلێکی بێکۆتا لە زانیاری سیاسی[٤]. تەنانەت لە بەریتانیاش لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە، خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان دەرگاکانی خۆی بە ڕوی خەڵکدا والاکرد، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەیەکەوە بۆ گفتوگۆکردن، کە چۆن حکومەت بتوانیت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هەلی بەشداریکردن و پەیوەندیکردنی ئەلکترۆنی بۆ هاوڵاتیان برەخسێنێت لە دانی باج و بڵاوکردنەوەی یاساکان و زانیاریی و ئامارەکان بۆ خەڵک[٥]، ئیتر لە ســـاڵانی کۆتایی نەوەدەکانی ســـەدەی ڕابردووەوە وڵاتانی جیهان پەیتا پەیتا دەســـتیان کرد بە جێکردنەوەی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و ئاگادارکردنەوەی خەڵک و

[1] Coleman, S. Blumer, J. “The Internet and Democratic Citizenship: Theory, Practice and Policy. Cambridge: New Work. PP 117-120.
[2] Louw, P. (2010). *The media and political process*. Los Angeles, Calif.: Sage, p.128.
[3] Glencross, D. 1993.’convergence at Aspen’, Spectrum, Autumn,3. PP. 3.
[4] Harrison, M. 1994 ‘Exploring the information superhighway: Political science and the internet’, Keele Research paper, no. 6. P. 9.
[5] Anon, (2019). [online] Available at: https://www.mysociety.org/groups/gov-direct [Accessed 26 Oct. 2018].

وەرگرتنی ڕاوێژ لە خەڵک و جێبەجێکردنی سـیاسـەتەکانی لەم ڕێگەیەوە[1]، بۆ نموونە ماڵپەڕەکانی وەک (Data.gov) لە ئەمریکا (Data.gov.uk) لە بەریتانیا[2]، دەرفەتی نوێیان خستە بەردەم خەڵک بۆ ئەوەی دەستیان بە زانیارییەکانی حکومەتەکانیان بگات، ئەمەش بووە سەرەتایەکی نوێ لە پەیوەندی نێوان خەڵک و حکومەت، کە بە هۆی پەرەسەندنی ئینتەرنێتەوە برەوی پێدراو خەڵکی دەتوانن لە ماڵەکانی خۆیان و لە شوێنی خۆیان بتوانن زانیاری نوێ دەربارەی یاسا و سیاسەتەکانی حکومەت بەدەستبهێنن و بتوانن بەشێکی زۆر لە مامەڵەکانیان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ڕایی بکەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ٢٨ ی ٨ی ٢٠١٨دا، ماڵپەڕێکی دامەزراند بە ناوی "خزمەت" بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و کارئاسانی بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاولاتیان لە دامودەزگاکاندا وەک لە ماڵپەرەکەدا هاتووە: " ئامانجی (خزمەت) باشترکردنی ئاستی خزمەتەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین"ە [3]. لە ماڵپەڕەکەدا جۆر و تایبەتمەندی خزمەتەکان لەسەر ئاستی وەزارەتەکان دیاریکراوە و پۆلێنکراون بە مەبەستی کارئاسانی بۆ هاوڵاتیان هەتا لە ڕێگەی ئەو ماڵپەڕەوە بتوانن باشتر کارەکانیان ڕاپەڕێنن[4].

**دووەم:** بواری دووەمی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر سیاسەت لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندایە. میدیای نوێ ڕۆڵی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن و کاریگەری لەسەر دەنگدەران و بەرنامەی پارت و کەسایەتییە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە. سەرەتای ئەم کاریگەرییە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی نیوەی کورسییەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٤دا، کاتێک چالاکوانێکی سیاسی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە لە کالیفۆرنیا وتی: "من وا بیرەکەمەوە کە لە ساڵی ١٩٩٦ دا چەندین هەڵمەتی هەڵبژاردن دەبینین کە سەرکەوتوو دەبن یاخود شکست دەهێنن، چونکە توانیویانە سەرکەوتووانە کۆمۆنیکەیشنی ئینتەرنێتی بەکاربهێنن یاخود شکستبێنن لە بەکارهێنانی لە هەڵمەتەکانیاندا."[5]

ساڵێک دوای ئەوە و لە ساڵی ١٩٩٥، (لامار ئەلیکساندەر) وەک یەکەمین پاڵێوراوی کۆمارییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، لە هەڵبژاردندا هەڵمەتەکەی خۆی لەسەر ئینتەرنێت

---

1 Chadwick, A. (2006). Internet Politics: States, Citizens and New communication technologies, Oxford University Press. PP 88.

٢ هەردوو ماڵپەڕەکە لەلایەن تیم بێرنەر، دامەزرێنەری تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی جیهانی دروستکراون کە بە www ناسراوە.

٣ Services.gov.krd. (2019). *حکومەتی هەرێمی کوردستان / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / پۆرتاڵی خزمەتە گشتییەکان*. [online] Available at: https://services.gov.krd/so/topics [Accessed 26 Oct. 2019].

٤ هەمان سەرچاوە.

5 Wattenberg, M. and Brians, C. (1999). Negative Campaign Advertising: Demobilizer or Mobilizer?. American Political Science Review, 93(4), pp.891-899.

ڕاگەیاند پێش ئەوەی لە دوا قۆناغدا بکشێتەوە[1]، ئەوەش وەک سەرەتایەک بوو بۆ هەڵمەتی ئینتەرنێتی بۆ هەڵبژاردن کە دواتر بەشێوەیەکی فراوان و بە چەند قۆناغێک گەشەیکرد[2].

لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، سەرۆکی لیژنەی نیشتیمانی کۆمارییەکانی ئەمریکا ئاماژەی بۆ ئەوەکردبوو کە :"ئینتەرنێت گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی هێناوەتە پێشەوە لە بواری پەیوەندیکردن و ڕێکخراوەییدا."[3] ئەم بۆچوونە لەلایەن هاوتاکەی لە پارتی کۆماریش پشتگیریکرا و ڕایگەیاند: "کاندیدەکانی دیموکراتییەکان هەلی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ قسە بکەن و لە نزیکەوە لەگەڵ هاوڵاتیانی ئەمریکا بدوێن، ئەویش لە ڕێگای سەکۆ نوێیەکانی ئینتەرنێت و ژوری چاتەکان."[4] ئیتر لەدوای ئەو هەنگاو و پێشهاتانەوە لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا ئەم دەلاقەیە زیاتر پەرەیسەند و بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش گەشەیکرد هەتا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ گەیشتە لوتکە.

هەڵمەتی هەڵبژاردنی (باراک ئۆباما) کاندیدی دیموکراتەکان لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، گوڕێکی باشی بەم بوارەدا و بابەتی هەڵمەتی ئەلکترۆنی و ئینتەرنێتی گەیاندە لوتکە و وەک خاڵێکی وەرچەرخان بوو لەم میانەدا. (نیک ئانستید و ویڵ ستراو) ئەم هەنگاو و بەرەوپێشچوونە بەوە گوزارشت دەکەن، کە هەڵمەتی (باراک ئۆباما) بە درێژایی مێژوو پێشکەوتوترین هەڵمەتی هەڵبژاردن بووە لە ڕوی تەکنیکیەوە[5]. هەروەها (جێنیفەر گالای) هەڵمەتەکەی (ئۆباما)ی بە "هەڵبژاردنی ئینتەرنێتی" وەسفکردووە. ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چۆن دەنگدەران بەشداری و کارلێکیان لەگەڵ هەڵمەتەکە کردووە لە ڕێگەی بەکارهێنانی فراوانی ڤیدیۆ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بلۆگین و مایکرۆبلۆگین و کورتە نامەوە، کە ئەوەش پێشهاتێکی بێ پێشینە بوو لەو بوارەدا[6].

زیاتر لەوەش کاریگەری میدیای نوێ تەنها بەکارهێنانی نییە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، بەڵکو لە پرۆسەی دەنگدانیشدا ئینتەرنێت توانیویەتی ڕۆڵی خۆی ببینێت. لە عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ و ڕوخانی ڕژێمی (سەدام حسێن) بە دیاریکراوی لە

---

1 Johnson, D.W.(2016). Campaigning in the Twenty-First Century: Activism, Big Data, and Dark Money, Taylor & Francis. P 69.

2 4president.us. (2019). *Lamar Alexander 1996 Web Site*. [online] Available at: http://www.4president.us/websites/1996/lamar1996website.htm [Accessed 28 Oct. 2019].

3 Nicholson, J. (2000) 'The rise of the @e-precinct@', Harvard International Journal of Press/Politics, 5(1),pp.80.

4 IBID- هەمان سەرچاوە.

5 Anstead, N. and W, Straw (2009) 'Introduction' in N. Anstead and W. Straw (eds), The Change We Need: What Britain can learn from Obama's Victory, London: Fabian Society, pp. 1-6.

6 Strome-Galley, J. (2019). *Jennifer Stromer-Galley, Controlled Interactivity: Presidential Campaigning in the Internet Age – MIT Center for Civic Media*. [online] Civic.mit.edu. Available at: https://civic.mit.edu/2014/02/20/jennifer-stromer-galley-controlled-interactivity-presidential-campaigning-in-the/ [Accessed 1 Oct. 2019].

هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ بەدواوە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن لە سەر ئاستی پارتەکان و کاندیدەکان بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەند، بە جۆرێک لە هەڵبژاردنەکانی مایسی ساڵی ٢٠١٨دا بۆ پەرلەمانی عێراق هەڵمەتی ئەلکترۆنی بە تایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گەیشتە لوتکە و بەهۆیەوە چەند کاندیدێک پاشەکشەیان کردو بۆ یەکەمجار سیستمی ئەلکترۆنی بەکارهێنرا بۆ ئەژمارکردنی دەنگەکان لەسەر ئاستی عێراق[١]، لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمانشێوەی عێراق هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ وە بە شێوەیەکی سەرەکی و هاوشێوەی ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن پشت بە ئینتەرنێت و ئەژمارەکانی سەر میدیا کۆمەڵایەتییەکان بەسترا لەلایەن پارت و کاندیدەکانەوە، بەمەبەستی گەیشتن بە دەنگدەرەکانیان وبانگەشەکردن بۆ بەرنامەی هەڵبژاردن[٢].

**سێیەم:** کاریگەری میدیای نوێ و ئینتەرنێت لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. تۆڕی ئینتەرنێت و ئامرازەکانی میدیای نوێ لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا و بە تایبەتتر لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا بوونەتە ئامرازێکی گرنگ و کاریگەر بۆ بازاڕسازی و بانگەشەکردن لەلایەن ڕێکخراو و جوڵانەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە.

ئامرازەکانی میدیای نوێ بە تایبەت مۆبایلە زیرەکەکان و بوونی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی لە بواری پەیوەندیکردن و دروستکردنی گروپ و کۆمەڵە و تۆڕ لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتان توانی گۆڕێکی باش بدات بە چالاکییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت لە وڵاتانی دیموکراسی و گەشەسەندوودا هاوشێوەی بەریتانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا.

لە ٢٠ ی ١ی ٢٠٠١دا (جۆزێف ئێسترادە) سەرۆکی فیلیپین بووە یەکەم سەرۆک، کە بە هۆی مۆبایلەوە کورسی سەرۆکایەتی لە دەستدا کاتێک ملیۆنێک لە خەڵکی مانیلا کۆبوونەوە لە ڕێگەی SMS وە دەنگی خۆیان یەکخست و کۆبوونەوە و داوای لابردنی سەرۆکیان کرد[٣].

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێراندا لە ساڵی ٢٠٠٩دا، تویتەر ڕۆڵێکی گرنگی بینی بە تایبەت کە لایەنگرانی (میر حسێن موسەوی) نارەزاییان دەربڕی لەئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە (ئەحمەدی نەژاد) سەرکەوت تێیدا و بۆ ماوەیەکی زۆر ڕژانە سەرشەقامەکان و تویتەر ڕۆڵی گرنگی بینی لە پەیوەندیکردن و کۆبوونەوە و گەیاندنی دەنگیان بە دنیای دەرەوە[٤]، لە وڵاتانی

---

[1] Alarabiya.net. (2019). [online] Available at: https://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/2018/04/30/انتخابات العراق.. نجاح اختبار ٦٠ ألف جهاز إلكتروني [Accessed 1 Nov. 2019].

[2] Mohammed, M. (2018). 'Social Media and Democratization in Iraqi Kurdistan since 2003'. PhD. The University of Warwick. Warwick. pp. 208-209.

[3] Negrine, N., 2007. Political Communication Bundle: The Political Communication Reader (volume 2). Routledge. Pp 285

[4] TIME.com. (2019). *Breaking News, Analysis, Politics, Blogs, News Photos, Video, Tech Reviews - TIME.com*. [online] Available at:

عەرەبی و لە بەهاری عەرەبی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ و سەرەتای ساڵی ٢٠١١دا، لە وڵاتانی (تونس و میسر و یەمەن و لیبیا و سوریا) بە ڕادەیەک هەندێک بە ناوی شۆڕشی فەیسوک وەسفیان دەکرد، بەو پێیەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونە داینەمۆ و بزوێنەری ئەو خۆپیشـــاندان و نـارەزایەتیانە و ڕۆڵی گرنگیان لە کۆکردنەوەی خەڵک و هاندانیان لە بەشـــداریکردن لە خۆپیشـــاندانەکاندا بینی، کە لە دەرەنجامدا دەسەڵاتی حوکمڕانی لە وڵاتەکانی (تونس و میسر و لیبیا و یەمەن) گۆڕانکاریان بەسـەردا هات[١].

هاوکات لە هەرێمی کوردستانیشدا لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی ساڵی ٢٠١١دا ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان ڕۆڵی گرنگیـان لە کۆکردنەوەی خەڵـک و هـانـدانیـان بۆ بەشـــداری لە نارەزایەتییەکان دژی حکومەتی هەرێم بینی[٢]، لە خۆپیشـاندانەکانی هاوڵاتیانی عێراقیش لە شـارەکانی ناوەڕاسـت و باشـوری عێراق لە سـاڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩دا خەڵکی عێراق و بە شـێوەیەکی فراوان پشتیان بە مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەست، بە جۆرێک کە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردســـتان و لە کاتی توندبوونی خۆپیشـــاندانەکاندا هێڵی ئینتەرنێتیان دەکوژاندەوە، بە مەبەســـتی ڕێگریکردن لە خەڵک لە پەیوەندیکردن بە یەکەوە و دامرکاندنەوەی خۆپیشـــاندانەکان[٣]. ئینتەرنێت شـێوازێکی نوێی لە سـیاسـەتکردن و چالاکی سـیاسـیی هێنایە کایەوە، کە کاریگەری لەسـەر پرۆسـەی سـیاســی لە ســەر ئاســتی جیهان و ناوخۆی وڵاتانیش دروســتکردووە، لە ئێســتادا بەشــی زۆری خۆپیشـــاندانەکان و نارەزایەتییەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ڕێکدەخرێن و ســـەرکردایەتی دەکرێن و ئاڕاستە دەکرێن.

**چوارەم:** بواری ڕۆژنامەگەری وەک توخمێکی سەرەکی پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی، یەکێکە لەو لایەنانەی کە کاریگەر بووە بە هاتنی میدیای نوێ و گۆڕانکاری زۆری بەســـەردا هێناوە، وتار و بۆچوون و کۆمێنتە سیاسییەکانی ڕۆژنامە و میدیاکان گۆڕانکارییان بەسـەردا هات کاتێک بلۆگەکان و بلۆگەرەکان سـەریانهەڵدا بە هۆی ئینتەرنێتەوە. سـیاسـییەکان و چالاکانی سـیاسـی و ئەوانەی خۆیان بە سـیاسـی سـەربەخۆ ناودەبەن لە ڕێگەی بلۆگەکانیانەوە توانیان فەزایەکی نوێ بۆ خۆیان دروسـتبکەن و ڕۆژانە کۆمێنت و قسـەیان لەسـەر ڕوداو و پێشـهاتە سـیاسـییەکان هەبێت و توانییان سـودی لێببینن بۆ

http://content.time.com/time/world/article/0,8599,1905125,00.html [Accessed 1 Oct. 2019].

[1] Wolfsfeld, G., Segev, E. and Sheafer, T. (2013). Social Media and the Arab Spring. *The International Journal of Press/Politics*, 18(2), p.118.

[2] Mohammed, M. (2018). 'Social Media and Democratization in Iraqi Kurdistan since 2003'. PhD. The University of Warwick. Warwick. P. 81.

[3] Business Insider. (2019). *Iraq blacked out the internet for 70% of the country and blocked social media to try to quell deadly anti-corruption protests*. [online] Available at: https://www.businessinsider.com/iraq-blocks-facebook-whatsapp-cuts-internet-protests-2019-10 [Accessed 4 Nov. 2019].

گەیاندنی پەیامە سیاسییەکانیان و کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری خۆیان کە پێشتر لە میدیاکاندا ڕەنگە ئەو دەرفەتەیان نەبووبێت بە هۆی سانسۆر و بوونی ئایدۆلۆژیایەک لە پشت کەناڵ و ڕۆژنامەکانەوە. لایەنێکی دیکەی گۆڕانکارییەکە* ئەوەیە کە ئینتەرنێت بەکارهێنەری کرد بە نێرەر، ئینتەرنێت هەلی ئەوە دەدات بە هەر هاوڵاتییەک کە وەک ڕۆژنامەنوس و بڵاوکەرەوەیەک ڕەفتار بکات. هەواڵ بڵاوبکاتەوە و وێنە بگرێت و لە ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویبکاتەوە[١]، بۆ نموونە زۆرینەی ڕاپۆرت و زانیاری و وێنەکانی هێرشە تیرۆرستییەکەی (شاری مۆمبای هندستان لە ساڵی ٢٠٠٨) و (زەمینلەرزەکەی هایتی ساڵی ٢٠١٠) و زۆرێک لە ڕوداوەکانی دیکەی جەنگی هاوپەیمانان دژ بە داعش لە ساڵی ٢٠١٤دا و خۆپیشاندانەکانی عێراق سەرچاوەکەی خەڵک بوون، کە ڕۆڵی ڕۆژنامەنوسیان دەبینی لە گواستنەوەی وێنە و زانیارییەکاندا.

**پێنجەم:** سەرەڕای ئەو دەرفەتانەی ئینتەرنێت بۆ بەشداری سیاسی و ڕەخساندنی هەلی گوزارشتکردن لە نارەزایەتییەکان هێناویەتییە ئاراوە، بە بۆچوونی (ئێڤجێنی مۆرۆزۆف) بوونی ئینتەرنێت دەرفەتێکە بۆ حکومەت و دەسەڵاتە شمولییەکان، کە زیاتر بتوانن کۆنترۆڵی شەقام و دەنگە نارازییەکان و ئۆپۆزسیۆن بکەن و ئاگایان لە چالاکی و جموجۆڵەکانیان بێت و دەستگیریان بکەن. ئەو نموونەی (بیلاروسیا و ڕوسیا و ئێران و چین و سعودیە و میسر) دەهێنێتەوە، سەرهەڵدان و پێشکەوتنی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای زانیاری لەو وڵاتانەدا، نەک نەبوونەتە مایەی ڕەخساندنی هەلی بەشداری و کاریگەری خستنە سەر حکومەت، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ ئەوەی دەسەڵات باشتر چاودێری نەیارەکانی بکات و ئاگاداری جوڵەکانیان بێت لە پێناو ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی هەر نارەزایی و چالاکییەک دژ بە حکومەت[٢] و ئێستا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بابەتی کۆکردنەوەی ئیمزای ئەلکترۆنی بە مەبەستی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پەرلەمان و حکومەت لە هەندێک لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا لە برەودایە. داواکاری ئەلکترۆنی کە بە سکاڵانامە (Petition) ناسراوە، بە شێوەیەکی فەرمی پەرلەمانی بەریتانیا کاری لەسەردەکات و هەر داواکارییەک ١٠ هەزار کەس ئیمزای بکات حکومەتی بەریتانی داواکە دەبینێت و وەڵامی بۆی دەبێت[٣]. بیرۆکەکە سەرەتا لە ساڵی ٢٠٠٧ سەریهەڵدا کاتێک کەسێک بە ناوی (بێن ڕاترای) ماڵپەڕێکی دروستکرد بەناوی چەنگ (گۆڕان)[٤]، بە مەبەستی کاری خۆبەخشی و

---

* (بڕوانە بەشی دووەم).

1 Kelly, J. (2009) Red Kayaks and Hidden Gold: The Rise, Challenges and Value of Citizen Journalism, London: Reuters Institute for the Study of Journalism. P. 5.

2 Morozov, E. (2009) ‘How dictators watch us on the web’, Prospect, Issue 165, December, pp. 34-9.

3 Petitions - UK Government and Parliament. (2019). *Petitions - UK Government and Parliament*. [online] Available at: https://petition.parliament.uk/ [Accessed 13 Nov. 2019].

4 Change.org. (2019). *The world’s platform for change*. [online] Available at: https://www.change.org/ [Accessed 13 Nov. 2019].

کۆکردنەوەی هاوکاری و هەندێک خزمەتگوزاری دیکە[1]، دواتر بیرۆکەکە پەرەیسەند و ئێستا پەرلەمانی بەریتانی بە شێوەیەکی فەرمی بەشێکی بۆ داواکاری و ئیمزای ئەلکترۆنی لەسەر ماڵپەڕی خۆی تەرخانکردووە و تەنها لە خولی پێشووی پەرلەماندا ٤٥٦ داواکاری جۆراوجۆر لەلایەن حکومەتەوە وەڵامدراونەتەوە و ٧٣ داواکاریش لە پەرلەمانی بەریتانی گفتوگۆ و تاووتوێکراون، کە بەشێکیان کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکان هەبووە[2].

ئەم پێنج بوارە و هەر بوارێکی دیکە، کە دەشێت لە ئایندەدا زیاد بکات، وەک کاریگەری میدیای نوێ لەسەر کایەی سیاسی هەل و دەرفەتی نوێیان هێناوەتە پێشەوە، کە گۆڕانکاری لە پرۆسەی سیاسییدا لە هەموو ئاستەکاندا دروستکردووە و چیتر بە شێوە نەریتییەکەی پێشوو نییە. خەڵک هەلی بەشداری زیاترە و دەرفەتی هەیە ڕۆڵی هەبێت لە حوکمڕانی و بڕیاردان و لێپرسینەوە لە سیاسییەکان لە ڕێگەی ئەو بڵندگۆیانەی ئینتەرنێت فەراهەمی کردووە و زیاتر لە میدیای نوێدا بەرجەستە دەبێت.

میدیای نوێ چیتر میدیایەک نییە کە تەنها پەیامەکانی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دابەزێت، بەڵکو گەیاندنێکی دوو ئاراستەیە و لە هەمان کاتدا دەنگی خەڵکیش دەگەیەنێتە سیاسییەکان و ناوەندە سیاسییەکان، بە تایبەت لە وڵاتانی دیموکراسی کە بە پرۆسەی E-democracy ناسراوە، واتە دیموکراسییەتی ئینتەرنێتی یان ئەلکترۆنی کە هەر لە پرۆسەی دەنگدان و بانگەشە و هەتا گەیاندنی سکاڵا و نارەزایەتی و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و هەڵمەتی ئینتەرنێتی و بڵاوکردنەوەی هاشتاگ لەخۆدەگرێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە خەڵک دەنگی خۆیان بگەیەنن بە دەسەڵاتی سیاسی و کاریگەری لەسەر لە بڕیار و هەنگاوەکانیدا دروست بکەن [3].

**چ- کاریگەری میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی:**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک نەوەی دووەمی میدیای نوێ ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەیان بەسەر زۆرێک لە ڕووداوەکانی دوو دەیەی ڕابردودا هەبووە. هەڵبژاردنی (باراک ئۆباما) لە ساڵی ٢٠٠٨ و شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١[4] و کودەتا سەرنەکەوتوەکەی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٥ و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١٩ ی لوبنان و عێراق و هەڵبژاردنی (دۆناڵد ترەمپ) و ڕیفراندۆمی (برێگزیت) لە ساڵی ٢٠١٦، لە نموونە دیارەکانی کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (تویتەر و

---

1 Ssir.org. (2019). *From Petitions to Decisions (SSIR)*. [online] Available at: https://ssir.org/articles/entry/from_petitions_to_decisions [Accessed 13 Nov. 2019].

2 "Petitions - UK Government And Parliament". *Petitions - UK Government And Parliament*, 2021, https://petition.parliament.uk/. Accessed 9 Aug 2019.

3 Kneuer M. E-democracy: A new challenge for measuring democracy. International Political Science Review. 2016;37(5):666-678.

4 Howard, Philip N. and Duffy, Aiden and Freelon, Deen and Hussain, M.M. and Mari, Will and Maziad, Marwa, Opening Closed Regimes: What Was the Role of Social Media During the Arab Spring? (2011). Available at
SSRN: https://ssrn.com/abstract=2595096 or http://dx.doi.org/10.2139/ssrn.2595096

فەیسبوک)ن لەسەر سیاسەت کە کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکان کردووە و گۆڕانکارییان دروستکردووە[١]، وەک دەوترێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دەیەی ڕابردوودا ڕاستی چەمکی 'گوندی جیهانی' یان لە واقیعدا سەلماند ئەوەش کاتێک لە ساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تیۆریستی بواری کۆمۆنیکەیشن (مارشاڵ ماکلۆهان) بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن چەمکی گوندی جیهانی یان گەردوونی بەکارهێنا[٢]. دواتریش ڕۆژنامەنوس و نوسەری بەناوبانگی ئەمریکی (تۆماس فریدمان) چەمکی 'زەوی تەخت'ی بەکارهێنا، کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٥دا لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) وتی: "کۆمپیوتەرە کەسییەکان و خێرایی ئینتەرنێتی فایبەر ئۆپتیک بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان وادەکات کە شۆڕشێک بەرپابێت کە سنورەکانی کات و بۆشایی نەهێڵێت[٣]. ئەو دوو بۆچوونە لە ئێستادا لە سایەی پەرەسەندنی خێرای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بووەتە ڕاستییەکی جێگیرو بەرچاو. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تەنها ئێستا خۆیان توخمێکی سەرەکی پێشکەوتنی بواری کۆمۆنیکەیشن و تەکنەلۆژیای زانیارین. هاوشێوەی ماڵپەرەکان و داهێنراوەکانی دیکەی بواری میدیای نوێ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش کاریگەری زۆریان لەسەر بواری سیاسەت بەگشتی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دروستکردووە.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا و بە هاتنی مۆبایلە زیرەکەکان، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتربووە و تۆڕەکانی وەک (فەیسبوک، تویتەر و ئینستاگرام) کارئاسانی بۆ خەڵک دەکات لە پەیوەندیکردن بە هاوڕێکانیان و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەگەڵ کەسانی دیکەدا، ئەم کاریگەرییە لە بواری کۆمەڵایەتییەوە درێژ بووەتەوە بۆ بواری سیاسی و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری خەڵک لە هەڵبژاردن و پەسەندکردنی کەسایەتی و بەرنامە سیاسییەکاندا هەیە، لە ئێستادا کەسایەتییە سیاسییەکان و پارتە سیاسییەکانیش بە شێوەیەکی زۆر پشت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن لە گەیاندنی بەرنامەی سیاسی و بانگەشەی هەڵبژاردن و پەیوەندی دروستکردن بە دەنگدەران و جەماوەرەکەیانەوە[٤].

---

[1] سەرچاوەی پێشوو

[2] Livinginternet.com. (2019). *Marshall McLuhan, The Global Village*. [online] Available at: https://livinginternet.com/i/ii_mcluhan.htm [Accessed 7 Sep. 2019].

[3] Nytimes.com. (2019). *It's a Flat World, After All*. [online] Available at: https://www.nytimes.com/2005/04/03/magazine/its-a-flat-world-after-all.html [Accessed 4 Aug. 2019].

[4] Sysomos. (2019). *How Social Media Affects Politics* |. [online] Available at: https://sysomos.com/2016/10/05/social-media-affects-politics/ [Accessed 23 April. 2019].

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە چەند بوارێکدا کاریگەریان لەسەر پرۆسەی سیاسیی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی هەیە، لەوانە[١]:

**یەکەم:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک میدیایەکی جێگرەوە لەلایەن پارت و کەسایەتییە سیاسییەکانەوە بۆ گەیشتن بە جەماوەر و دەنگدەرانیان بەکاردێن، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی ئەژماری تایبەت و لاپەڕەکان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە دەکرێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەنگدەرانیانەوە بکەن و پەیام و بەرنامەی خۆیان بگەیەنن[٢]، کە ئەمەش بە پێچەوانەی میدیای نەریتی پەیوەندییەکە دوو ئاڕاستەیەو دەکرێت بۆچوون و ڕای خەڵک و جەماوەریش بزانن دەربارەی بڕیار و هەنگاوەکانیان لە ڕێگەی نامە و سەرنج و کۆمێنت و پەیوەندی ڕاستەوخۆوە لە بری بینین و ئامادەبوون لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا.

**دووەم:** ئەو ڕاپرسییانەی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکرێت سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو و ئەنجامەکەی دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ سیاسییەکان و پەرلەمانتاران بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیان بداتێ دەربارەی ئەو بابەتە، کە هەتا چەند خەڵک لای پەسەندە یاخود نا. هەڵبەت ئەمەش بێ کەموکوڕی نییەو هەندێک جار دەنگدان و ڕاپرسیەکە لە نێو ئەژمار و پەیجێک دەکرێت کە زۆرینەی ئەو کەسانە نزیکن لە ئاڕاستەی ئەو ئەژمارە و ڕەنگە ئەنجامەکە زۆر ورد نەبێت[٣].

**سێیەم:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت ببنە سەرچاوەی هەواڵ بۆ سیاسی و کاربەدەستان و لەوێوە بتوانن زانیاری و هەواڵەکان وەربگرن لەوەی چی دەگوزەرێت بە بێ ئەوەی لە میدیاکانەوە فلتەر و سانسۆر کرابن ئەمەش وا دەکات زۆرترین زانیاری بەدەستبهێنێت، بەڵام ئەمەش بێ کەموکورتی نییەو دەبێت زانیاری و هەواڵەکان پشتراستبکرێنەوە و هەواڵ ساختە نەبن Fake news[٤]، کە بریتییە لەو هەواڵ و زانیارییانەی کە هیچ سەرچاوەیەک پشتراستی نەکردونەتەوە و بنەمایەکی ڕاستیان نییە.

ئەوە جگە لە وێنە و ڤیدیۆی دەستکاریکراو و مۆنتاژکراو کە دەکرێت بە مەبەستێکی دیاریکراو بڵاوبکرێنەوە و بنەمای ڕاستیان نەبێت.

---

1 Sysomos. (2019). *How Social Media Affects Politics* |. [online] Available at: https://sysomos.com/2016/10/05/social-media-affects-politics/ [Accessed 13 Nov. 2019].

2 Ahmad T, Alvi A, Ittefaq M. The Use of Social Media on Political Participation Among University Students: An Analysis of Survey Results From Rural Pakistan. *SAGE Open*. July 2019.

3 Abdu, S. D., Mohamad, B., Muda, S. (2017). Youth online political participation: The role of Facebook use, interactivity, quality information and political interest. SHS Web of Conferences, 33, 1-10.

4 "Journalism, 'Fake News' And Disinformation: A Handbook For Journalism Education And Training". *UNESCO*, 2021, https://en.unesco.org/fightfakenews. Accessed 12 Sept 2019.

**چوارەم:** کەمپەین و هەڵمەتەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت یارمەتیدەربن بۆ سیاسییەکان و لەوێوە بتوانن تا ڕادەیەکی باش پێوانەی ڕایگشتی بکەن، کە بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان چ بۆچوونێکیان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو هەیە، کە زۆرجار خۆڕسکانە خەڵک و چالاکانی مەدەنی لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە هەڵمەت و هاشتاگ ڕادەگەیەنن بۆ گەیاندنی ڕا و بۆچوونیان بە دەسەڵاتداران لە پێناو کارکردنە سەر بڕیارەکانیان دەربارەی کێشەیەکی دیاریکراو[1].

**پێنجەم:** بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی پەیوەندی گشتی بە مەبەستی گەیاندنی پەیام و بیرۆکە نوێیەکان بە سیاسییەکانی دیکەو میدیا و جەماوەر، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کەسی سیاسی بتوانێت زۆرترین زانیاری دەربارەی کێشە و بابەتە گرنگەکان ئاڵوگۆڕ و هاوبەشی پێبکات پێش بڕیاردان لەسەریان و وەرگرتنەوەی فیدباک دەربارەی هەر بڕیارێک کە پێشتر داویەتی بە مەبەستی پێداچوونەوەی[2].

## باسی نۆیەم/ دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا:

هەرێمی کوردستان ئەو بەشەی کوردستان دەگرێتەوە، کە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە، توانی ئازادی خۆی بەدەستبهێنێت و ئیدارەیەکی نیمچە سەربەخۆی هەبێت لە چوارچێوەی حکومەتی فیدراڵی عێراقدا وەک لە دەستوری هەمیشەیی عێراقیشدا هاتووە، هەرێمی کوردستان: یەکەکەی سیاسی فیدراڵیە، لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، کە پارێزگاکانی هەولێر کە پایتەختی هەرێمەکەیە، سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری، دهۆک، هەڵەبجە کە پایتەختی ئاشتییە، ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەرین دەگرێتەوە، ڕووبەرەکەی ٤٢ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و نزیکەی بە پێنج ملیۆن دانیشتوان مەزەندە دەکرێت . دەستوری هەمیشەیی عێراق دانیپێداناوە و تێیدا هاتووە "ئەم دەستورە لەکاتی جێبەجێکردنیدا بڕیار دەدات، کەهەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتانەی بەڕێوەیدەبەن، هەرێمێکی فیدراڵییە"[3] .

**دەسەڵات و پەیکەری سیاسی و بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە دابەشبووە:**

**آ. سەرۆکی هەرێم:** وەک لە یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە، هەرێمی کوردستان سەرۆکێکی دەبێت، کە هاوکات سەرۆکی باڵای ڕاپەڕاندنیشە لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا[4].

---

1 Andersen, K. N., Medaglia, R. (2009). The use of Facebook in national election campaigns: Politics as usual. In International Conference on Electronic Participation (pp. 101-111).

2 ThoughtCo. (2019). *Social Media in Politics - Twitter and Facebook as Campaigns Tools*. [online] Available at: https://www.thoughtco.com/how-social-media-has-changed-politics-3367534 [Accessed 13 Nov. 2019].

٣ دەستوری عێراق، ٢٠٠٥،مادده (١١٧)، بغداد، لا ٥٦.

٤ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (١) سالی ٢٠٠٥. مادەی یەکەم. لاپەڕە ١.

هەروەها فەرماندەی هێزە چەکدارەکانە و بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) پەسەند دەکات و بڕیاری دامەزراندنی دادوەران و دەرکردنی لێبوردنی گشتی هەیە[١]، بە گوێرەی یاساکە سەرۆکی هەرێم باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە و لە زۆر بواردا مافی بڕیاردانی هەیە هەندێکیان بە تەنها و هەندێکیشیان بە هاوبەشی و گەڕانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

**ب. ئەنجومەنی وەزیران:** بە گوێرەی یاسای ژمارە سێی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان پێکهێنراوەو لە سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێکدێت، وەک لە یاساکەشدا هاتووە باڵاترین دەزگای جێبەجێکردنە لە هەرێمدا و لە دەسەڵاتەکانیدا هاتووە، کە ئەرکی دانانی سیاسەتی گشتی هەرێم و سەرپەرشتیکردن و بەجێهێنانە بە پێی یاساو بڕیارە ڕەچاوکراوەکان پاش پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە[٢]، جگە لەوەش ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا و بڕیاری بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هەیەو چەند دەسەڵاتێکی دیکەی بڕیاردان هاوشێوەی بودجە و قەرزوەرگرتن و قەرزدان لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە.

**پ. پەرلەمان:** سەرەتا بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا بە پێی یاسای ژمارە یەک دروستکراوە و وەک لە دەروازەی پێنجەمی ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن و لە ماددەی ژمارە ٥٦ی یاساکەدا هاتووە، ئەنجومەن "دەسەڵاتی یاسادان و بڕیاردانی هەیە لەسەر ڕێککەوتنەکان و یەکلاکردنەوەی کێشە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق و دیاریکردنی پەیوەندیکردنی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا"[٣]، و دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و متمانە پێدان و لێسەندنەوەی و بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی و دەسەڵاتی چاودێریکردن[٤].

**ت. ئەنجومەنی دادوەری:** بە گوێرەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧دا، یاسای دەستەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان-عێراق، باڵاترین دەسەڵاتی دادوەرییە لە هەرێمی کوردستان وەک لە دەروازەی یەکەم تایبەت بە حوکمە گشتییەکانی یاساکەدا هاتووە "لە یاسا بەولاوە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەردا نییە" و لە ماددەی پێنجەمدا هاتووە دادگاکان دەسەڵاتیان بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی و مەعنەویدا هەیە تا دەگات بە حکومەتیش و تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی هەموو کێشە و تاوانەکان[٥].

---

[١] یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (١) سالی ٢٠٠٥. مادەی دەیەم. لاپەڕە ٧.
[٢] یاسای ئەنجومەنی موەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)، ساڵی ١٩٩٢. ماددەی هەشتەم. لاپەڕە ٢.
[٣] یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢. دەروازەی پێنجەم؛ ماددەی ٥٦. لاپەڕە ١٧.
[٤] هەمان سەرچاوە
[٥] یاسای یاسای دەستەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (٢٣)، ساڵی ٢٠٠٧، دەروازەی یەکەم. لاپەڕە ١.

**ج. ئەنجومەنی شارەوانییەکان:** ئەنجومەنی شارەوانییەکان بەهۆی دوو ئیدارەییەوە لە دوو هەڵبژاردنی جیاوازدا لە ساڵەکانی ٢٠٠٠ لە سلێمانی و ٢٠٠١ لە هەولێر هەڵبژێردران و تا ئێستا ئەو هەڵبژاردنانە دووبارە نەکراونەتەوە و ئەنجومەنەکانیش هەڵوەشاونەتەوە و هیچ دەسەڵاتێکی بڕیاردانیان نەماوە[١].

**چ. پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگاکان:** ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بە گوێرەی بڕیاری ژمارە ٧١ی (پۆل برێمەر)، حاکمی مەدەنی لە عێراق پێکهات، کە لە ٦-٤-٢٠٠٤ دەریکردبوو، بە مەبەستی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەیڕەوکردنی سیستمی لامەرکەزی بۆ بڕیاردان لە بابەتە خۆجێییەکان، بە گوێرەی یاساکە پارێزگار لەلایەن ئەنجومەنی هەڵبژێردراوەوە هەڵدەبژێردرێت لە هەر پارێزگایەکدا و کۆمەڵێک دەسەڵاتی دەبێت و لێپرسراوە لەبەردەم ئەنجومەنەکەدا[٢].

وەک لە پەیکەری ئیداری و سیاسی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، پەرلەمانی کوردستان باڵاترین دەسەڵاتی یاسادان و بڕیاردانە لە هەرێمی کوردستان و سەرجەم یاسا گرنگ و چارەنوسسازەکان لە پەرلەمانەوە دەردەچن. پەیڕەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان شێواز و هەنگاوەکانی دەرکردن و دروستکردنی بڕیاری دیاریکردووە، وەک لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە، "پەرلەمان لە هەرێمدا، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە و ئەو دەسەڵاتانە پیادەدەکات کە لەم پەیڕەوەو لە یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە"[٣].

بە گوێرەی ئەوەی لە ماددەی ٧٧ ی بەشی هەشتەم تایبەت بە یاسادانان لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە، مەبەست لە یاسادانان، یەکەم: دەرکردنی یاسا و بڕیار. دووەم: هەموارکردنی یاسا و بڕیارە کارپێکراوەکان. سێیەم: بەرکارکردن یان هەموارکردنی کارپێکردنی یاسا فیدراڵییەکان[٤].

هەروەها ماددەی ٧٨ ی پەیڕەوەکە پرۆسەی یاسادانان شیدەکاتەوە، کە بریتییە لە گفتوگۆ و پەسەندکردنی[٥]:

**یەکەم:** پرۆژە یاسا، پرۆژە بڕیار کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) ەوە پێشکەش دەکرێن.

**دووەم:** پێشنیازی یاسا یان بڕیار، کە لانیکەم لەلایەن ١٠ ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەشدەکرێن.

**سێیەم:** ئەو پرۆژەیاسا و بڕیارانەی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە پێشکەشدەکرێن لەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە خۆیان.

---

١ ڕ، محەمەد، (٢٠١٨). هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢-٢٠١٤ ، پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن:سلێمانی، چاپی دووەم. لاپەڕە ١١٠.

٢ هەمان سەرچاوە لاپەرە ١٢١.

٣ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ٢٠١٨. بەشی دووەم، ماددەی ٢ برگەی ٢. لاپەڕە ١١.

٤ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ٢٠١٨. بەشی هەشتەم، ماددەی ٧٧. لاپەڕە ٨٥.

٥ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ٢٠١٨. بەشی هەشتەم، ماددەی ٧٨. لاپەڕە ٨٥.

**چوارەم:** پێشنیازی ئەوە یاساو بڕیارانەی لەلایەن دامەزراوە فەرمییەکانەوە، بە پێی یاسا کارپێکراوەکان پێشکەشدەکرێن.

پەرلەمانی کوردستان لە ماددەی ٧٩ی پەیڕەوی ناوخۆیدا، چەند مەرجێکی داناوە بۆ پێشنیاز کردنی پرۆژەیاسا و بڕیار، لەوانە هەبوونی بابەتێکی گشتی کە پێویستی بە یاسا و بڕیار بێت یاخود هەبوونی بۆشاییەکی یاسایی و چەند مەرجێکی دیکە، پاش ئەوە دوای هەڵسەنگاندن و بوونی مەرجەکان و بینینی لەلایەن لیژنەی یاسایی و تایبەتمەندەوە و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەسەری، سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیکاتە بەرنامەی کارەوە و خوێندنەوەی یەکەم و پاشان دووەمی بۆ دەکرێت و دواتر لە دانیشتنێکی دیکەدا دەنگی لەسەر دەدرێت، جگە لەوەش لە ماددەی ٨٣ دا هاتووە، کە ئەو پرۆژەو بڕیارانەی لەلایەن حکومەتەوە پێشکەشدەکرێن ڕاستەوخۆ لە یەکەمین دانیشتن دوای گەیشتنیان بە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت[1].

سەبارەی بە بڕیار و یاسا بە پەلەکانیش لە ماددەی ٩٢ دا هاتووە، کە پەرلەمان بە (خەسڵەتی پەلە) دەڕوانێتە پرۆژە و بڕیاری تایبەت بە بودجە ئیعتماداتی زێدەگی و ژمێرەی کۆتایی هەروەها دەتوانێت بڕیار لەسەر هەر بابەتێکی تری بە پەلە بدات[2].

هەروەها لە ماددەی ٩٣دا هاتووە، کە یاسا و بڕیارەکان بە زۆرینەی ژمارەی ئەندامان پەسەند دەکرێن جگە لەو حاڵەتانەی پێویستییان بە زۆرینەی تایبەت هەیە، پاش ئەوە سەرۆکی پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بڕیارەکان یان ڕەتکردنەوەی ڕادەگەیەنێت و پاشان یاسا و بڕیارەکان لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا دەنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بە مەبەستی دەرچوواندنیان[3].

ئەگەرچی وەک لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە و ئاماژەی بۆ کراوە کە پەرلەمان باڵادەستترین دامەزراوەی دەرکردنی یاسا و بڕیارەکانە، بەڵام لە کوردستاندا دۆخەکە بەو شێوەیە نییە و زۆرجار پەرلەمانتاران و حکومەتیش بە ڕەزامەندی پارتە سیاسییەکان بڕیارەکان دەردەکەن و بە ڕادەیەکی زۆر فراکسیۆن و ئەندامانی پەرلەمان بەوەوە پابەندن، کە پارتەکانیان بۆیان دیاریدەکەن و باڵادەستی پارتەکان زۆرجار وایکردووە، کە هەندێک لە هەرە بڕیارە سیاسیی و ئابورییە گرنگەکان لە دەرەوەی پەرلەمان دەربکرێن بەبێ تێپەڕبوون بەو وێستگەو مەرجانەی پەیڕەوی ناوخۆ دیاریکردووە، کە ئەمەش زیاتر بڕیاردانە نەک دروستکردنی بڕیار. لێرەدا چەند نموونەیەک لەو بڕیارانە دەخەینەڕو کە لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە و بڕیاریان لێدراوە بە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان وەک باڵاترین دامەزراوەی تەشریع و بڕیاردان.

---

[1] هەمان سەرچاوە

[2] پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ٢٠١٨. بەشی هەشتەم، ماددەی ٩٢. لاپەڕە ٩٤.

[3] پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ٢٠١٨. بەشی هەشتەم، ماددەی ٩٣. لاپەڕە ٩٥.

**آ.** له ١٢ی ١٠ی ٢٠١٥دا له سـەروبەندی ململانێی پارتەکان لەسـەر یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێم، (د.یوسف محەمەد)، سەرۆکی ئەوکاتی پەرلەمانی کوردستان له گەڕانەوەیدا بۆ شاری هەولێر ڕێگری لێکراو هەمان ڕۆژ وەزیرەکانی سـەر به بزوتنەوەی گۆڕان له حکومەتی هەرێم دەرکران. دواتر (نێچیرڤان بارزانی)، سەرۆکی ئەوکاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان که هاوکات جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بوو، ڕایگەیاند ئەوان له نێوان بژاردەی خراپ و خراپتردا خراپیان هەڵبژاردووه وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو بڕیاره که بڕیارێکی سیاسییه و له دەرەوەی پەرلەمان دراوه[1]. تەنانەت سەرۆکی پەرلەمان و خودی دەزگای پەرلەمان لەکارخران، بەو هەنگاوه پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ پەکی کەوت[2].

**ب.** له سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٤ ەوه بەهۆی ناکۆی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق، عێراق به بیانوی سـەربەخۆ فرۆشـتنی نەوتی هەرێم بەشـه بودجەی هەرێمی بڕی و بەوەش قەیرانێکی دارایی له هەرێمی کوردسـتان دروسـتبوو. حکومەت نەیتوانی موچەی فەرمانبەرانی بدات و چەند موچەیەک دواکەوت. بەوهۆیەوه و له مانگی ١ی ساڵی ٢٠١٦ دا حکومەتی هەرێم، یاخود سەرۆکایەتی حکومەت بڕیاریدا به پاشـەکەوتکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم به ڕێژەیەک له نێوان ٢٥٪ هەتا ٧٥٪دا، که زیاتر له دوو سـاڵی خایاند. ئەم بڕیارەش که پەیوەندی به ژیانی زۆرینەی خەڵکی کوردسـتانەوه هەبوو به بێ گەڕانەوه بۆ پەرلەمان و تێپەڕبوونی به فلتەر و ڕێوشوێنەکانی پەرلەمان تایبەت به دروستکردنی بڕیار دەرکرا[3].

**پ.** ڕۆژی ٦ی٧ی ٢٠١٧ له کۆبوونەوەیەکی (مەسـعود بـارزانی)، سـەرۆکی ئەوکـاتەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرکردەی پارت و لایەنه سیاسییەکان بڕیاردرا له ٢٥ی ٩ی هەمان ساڵدا ڕێفراندۆم ئەنجامبدرێت بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان[4]. سـەرەڕای گرنگی و چارەنوسـسـازی بڕیارەکه، بەڵام له دەرەوەی پەرلەمان و تەنانەت حکومەتیش ئەو بڕیاره درا لەلایەن ئەو سـەرکردانەوه، که ناونرابوون ئەنجومەنی بـاڵای ڕێفرانـدۆم. پەرلەمـان دوای ٣ مـانـگ و تەنهـا چەنـد ڕۆژێـک پێش دەنگدانەکه

---

[1] Staff, E. (2019). *Iraqi Kurdistan PM sacks four Gorran ministers after violent unrest: spokesman*. [online] Kurd Net - Ekurd.net Daily News. Available at: https://ekurd.net/kurdistan-pm-sacks-gorran-ministers-2015-10-13 [Accessed 17 Nov. 2018].

[2] Staff, E. (2019). *Iraqi Kurdistan parliament speaker prevented from entering Erbil*. [online] Kurd Net - Ekurd.net Daily News. Available at: https://ekurd.net/kurdistan-parlt-speaker-prevented-2015-10-12 [Accessed 16 Nov. 2018].

[3] Ku.iraqnow.news. (2019). *حکومەتی هەرێم بڕیاریدا پاشەکەوتی موچە لاببات*. [online] Available at: http://ku.iraqnow.news/TopArticles/116391 [Accessed 17 Nov. 2018].

[4] Sharpress.net. (2019). *بارزانی بەڵێنی دابینکردنی بودجەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەدات*. [online] Available at: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=88692&fbclid=IwAR0mb5fIfRqElElQStCMEjHtE-BCG1i_kNx2Gcb1wCC9uFl_Yq8DNX5CTkc [Accessed 17 Nov. 2019].

بڕیارەکەی پەســــەند کرد(١). لەگەڵ نارِازیبوونی وڵاتانی زلهێز و وڵاتانی دراوســـێ، بەڵام ڕێفراندۆم ئەنجامدراو لە ئەنجامدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق گەیشتە ئاستێکی توند لە گرژی و ئاڵۆزی.

**ت.** پەرلەمانی کوردســتان، پاش ئامادەکاری و ئەنجامدانی خوێندنەوەی یەکەم و پاشــان دووەم دواتر بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران لە ڕۆژی ٢٧ی ٢ی ٢٠١٨دا، پڕۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەکانی پەســـەندکرد، بەڵام یاســـاکە لەلایەن خەڵکەوە و لەســـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نارِەزایەتیی دروستکرد و بەوەش سەرۆک فراکسیۆنەکان داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد یاساکە واژۆ نەکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمـان(٢)، ئەم نموونەیە دەکرێت وەک نموونەی کـاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای نوێ تەماشـــا بکرێت لەســـەر بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەت لە هەرێمی کوردستاندا.

---

1 Rudaw.net. (2019). [online] Available at:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1509201728 [Accessed 17 Nov. 2019].

2 Rudaw.net. (2019). [online] Available at:
https://www.rudaw.net/sorani/business/02042018 [Accessed 17 Nov. 2019].

# بەشی چوارەم

# رۆڵی میدیای نویَ (میدیا کۆمەڵایەتییەکان) لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

**باسی یەکەم/ تیۆری پشتبەستن بەمیدیای نویَ**

**باسی دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە**

**یەکەم/ ئاستی پشت بەستن بە میدیا نویَ**

**دووەم/ ئاستی کاریگەری گۆڕاوە کەسییەکان لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نویَ**

**سێیەم/ تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە**

**گریمانەی یەکەم/ گۆڕاوە دیمۆگرافی و کەسییەکان کاریگەری لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران دروستدەکات لە بەکارهێنانی میدیای نوێدا**

**گریمانەی دووەم/ پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نویَ و کاتی تەرخانکراو**

**گریمانەی سێیەم/ پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان کاتی تەرخانکراو بۆ میدیای نویَ لە لایەن پەرلەمانتارانەوە، لەگەڵ کاریگەریی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری)دا**

## باسی یەکەم/ تیۆری پشتبەستن بە میدیای نوێ:

بەمەبەستی بەئاگابوون لە ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و بەئاگابوون لەو کاریگەرییانەی لەسەر پەرلەمانتاران دروستیکردووە، ئەم توێژینەوەیە بەپشتبەستن بە میتۆدی ڕوپێوی و پەنابردن بۆ تیۆری (پشتبەستن بە ئامڕازەکانی میدیا)، ئەم هەنگاوە زانستییانەی گرتەبەر:
تیۆری پشتبەستن پابەندە بەو پەیوەندییەی ئامڕازەکانی میدیاو جەماوەرو سیستمی کۆمەڵایەتی پێکەوەدەبەستێت، خاوەندارییەتی چەند تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی دەکات لەو پشتیوانییە ئاڵوگۆڕییە، کە نیشانەکانی کۆمەڵگای نوێ دەیسەپێنێت، چوونکە جەماوەر پشت بە ئامڕازەکانی میدیا دەبەستن، بەوپێیەی سیستمێکی لاوەکیی لەپێناو سەردەرکردن و تێگەیشتن لە سیستمێکی لاوەکیی تر، کە ئەویش دەوروبەری کۆمەڵایەتییە کە تاکەکانی گەڵ تیایدا دەژین؛ واتە ئامڕازەکانی میدیا، لێرەدا کە لەجێی چەند سەرچاوەیەکی سەرەکییە، بۆ دەستکەوتنی زانیاریی، لەبارەی ڕوداوەکانی دەوروبەریان، لەلایەن گەلەوە پشتیپێدەبسترێت، بەتایبەتیش لە کاتەکانی پشێوی و گۆڕانکارییەکان و ململانێکانی ناو کۆمەڵگا، بەپێویست دەزانرێت تاکەکانی گەڵ بۆ سەردەرکردن لە واقیعی کۆمەڵایەتی، پشت بە ئامڕازەکانی میدیا ببەستن[1].

ئەمەو بەبێ فەرامۆشکردنی ئەوەی کە چالاکیی ئامڕازەکانی میدیا نایەتەدی، تاکو پشت بەو سەرچاوە پەرشوبڵاوانەی لەناو پێکهاتەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە دامودەزگاکان و دامەزراوە بچوکەکان و لاوەکییەکاندا نەبەستن، کە هەموویان بەگشتی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بەجێدەهێنن، ئەمەش لەلایەن (Herbet Schiller) پشتڕاستکراوەتەوە، بەوەی کە وایدەبینێت ئەو پەیوەندییەی دامەزراوەکانی میدیا دەبەستێتەوە بە سیستمی سیاسی، پەیوەندییەکە دامەزراوە لەسەر بنەمایی سیستمێک بە هۆکارێك و ئامڕازێکی بەربەرەکانییەوە، بۆ برەودان بە بیروبۆچوونەکانی و پرنسیپەکانی بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کلتورو ژیانی کۆمەڵگا بەگشتی وەکئەوەی لە کۆمەڵگا سەرمایەدارەکان دەبینرێت[2]، لەبارەی پەیوەندیی ئامڕازەکانی میدیا بە سیستمی ئابورییەوە، ئەوەش پەیوەندییەکە، کە هیچی لەو پەیوەندیی سیستمی سیاسییەی کە باسکرا کەمتر نییە، چوونکە ئامڕازەکانی میدیا بۆ ئەنجامدانی ئامانجەکانی سیستمی ئابوری، بەهۆی شێوازەکانی جاڕدان و ڕیکلامکردن، بە ئامڕازگەلێکی گرنگ دادەنرێن، و پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە سروشتی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکانی میدیاو جەماوەردا دەبینرێت، چوونکە جەماوەر بۆ ئاگاداربوونیان لە کاروباری ڕۆژانەیان ناتوانن هەرگیز دەست لە میدیا هەڵبگرن، لە لایەکی دیکەشەوە جەماوەر وەک یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی پرۆسەی

---

[1] صالح خليل أبو أصبع، الإتصال و الإعلام في المجتمعات المعاصرة، ط٥، عمان، دار مجدلاوي للنشر و التوزيع، ٢٠٠٦، ص ١٦٤.

[2] محمود حسن إسماعيل، مباديء علم الاتصال ونظريات التأثير، القاهرة، الدار العالمية للنشر و التوزيع، ٢٠٠٣، ص ٢٧٨-٢٧٩

کۆمۆنیکەیشـــن گرنگی زۆری هەیە لای خاوەنداران و ئاراســـتەکارانی میدیاوە، هەربۆیە تەواوی چالاکییە میدیاییەکان بۆ مەبەستی کارتێکردن و ئاراستەکردن و کاریگەری خستنە سەر جەماوەرە. بە واتایەکی دیکە، پرۆســـەی راگەیاندن بە بێ گرنگیدان بە جەماوەر دەبێتە چالاکییەکی ناتەواو و بێ کاریگەریی[١].

**آ. گریمانەی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا:**

بەگوێرەی تیۆرەکە، پێویستە ئامرازەکانی میدیا بەپێی پێویست کاریگەری لەسەر جەماوەر دروستبکەن، تاکو ببنە ئامرازێک بەردەوام پشـــتیان پێ ببەســـترێت، و بتوانن زانســـت و زانیاریی و رۆشـــنبیری و هۆشیاریی بڵاوبکەنەوە، تاوەکو بتوانن راستییەکان وەکو خۆی بگەیەننە جەماوەرەکەی، ئەمەش بووەتە گەورەترین هاوکارو یاریدەدەر بۆ جەماوەر، کە بتوانن بەئاســـانی زانیاریی و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژ بگاتە دەســـت وەرگر[٢]، زۆرجار کاریگەرییەکان ڕێژەیان بەرزدەبێتەوە بەهۆی ڕوداو و بارودۆخی ئاســـایش، بۆئەمەش دەبێت بەهێزی کاریگەرییە نەرێنییەکان کەمبکرێتەوە، لەگەڵئەوەشـــدا کارکردنی بەردەوام بۆ پێدانی بیرۆکەی گۆڕانکاریکردن لە بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی جەماوەردا هەیە[٣]، بۆیە سێ پەیوەندی لەنێوان میدیا و خەڵکدا هەن، مرۆڤەکان پشت بە ئامرازەکانی میدیا دەبەستن، لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە[٤]:

1- **تێگەیشــتن**: بەشـیوەیەکی گشـتی هەموو ئەو بابەت و شـتانە دەگرێتەوە، کە لەچواردەوری مرۆڤدا هەن، بۆ تێگەیشـــتن لەجیهـان و گۆڕانکـاری نـاوخۆی و دەرەکی پەیوەنـدیـدار بەمرۆڤەکـانەوە هاوکاریدەکەن، تێگەیشتن بۆ دوو بەش جیادەبێتەوە:

ا- **تێگەیشتنی خودی**: واتە تێگەیشتنی تاک لەبەهاو کلتور و دابونەریت و بیرو بۆچوونەکانی کۆمەڵ، کە کۆمەکی بۆ بەدەستخستنی ئەزموونی تاکەکەسی دەکات.

ب- **تێگەیشـــتنی کۆمەڵایەتی**: واتە تێگەیشـــتنی تـاک لەو ئەرکـانەی لەنـاو کۆمەڵدا هەیەتی و ئەو بارودۆخانەی لەچواردەوری دەخولێنەوە.

2- **ئاڕاســتەکردن**: مەبەســت لەئامرازەکانی پەیوەندی و میدیایە، تاکەکان کۆمەڵ بۆ بریاردان لەســەر بارودۆخ و ڕوداو کێشـــەو گۆڕانکارییە ســـیاســـییەکان ئاڕاســـتەدەکەن، ئاڕاســـتەکردنی چالاک و کارلەیەکترکردن و گۆڕان لە پێگە و شـــوێندا، ڕاســـتی چۆنێتی هەڵســـوکەوتکردن لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان دەخاتەڕوو، ئەمیش دابەشدەبێت بۆ [٥]:

---

[١] صالح خليل أبو أصبع، الاتصال الجماهيري، عمان، دار البركة للنشر و التوزيع، ٢٠١٠، ص ١٦٤.
[٢] عربي المصري، نظريات الإتصال المعاصرة واتجاهات التأثير، (طرابلس، جامعة الجنان، كلية الإعلام، ٢٠١١) ص١٩.
[٣] عبدالرحيم درويش، مقدمة الى علم الإتصال، (دمياط، مكتبة نانسي، ٢٠٠٥)، ص ٢٨.
[٤] حسن عماد مكاوي وليلى حسين السيد، الإتصال ونضرياته المعاصرة، ط٥ (القاهرة، دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٦)، ص٣٢٠.
[٥] ڕيبه ڕ كوران مصطفى و فاروق عبدول مولود، دور الإعلام التفاعلي في تشكيل اتجاهات النخبة الأكاديمية نحو الخلافات بين الحكومة الإتحادية و حكومة اقليم كوردستان، (مجلة ئه كاديميان كوردستان، عدد:٣، قسم "B"، ٢٠١٥، ص٢٣٢.

ا- **هەڵسوکەوت**: واتە تاک زانیاریی لە کۆمەڵەوە وەردەگرێت و دەبێتە سەرەتای دەستپێکردنی ژیان لەناو کۆمەڵدا، تێروانینێکی تایبەت لە هەڵسوکەوتکردن لەناو کۆمەڵدا وەردەگرێت، و چۆنێتی خۆگونجاندنی لەگەڵ گۆرانکارییەکانی ناو کۆمەڵ.

ب- **کارلەیەککردن**: واتە تاک زانیاریی تایبەت لە کۆمەڵەوە بۆ چۆنێتی قسەکردن و ئەزموونی کارلەیەککردن لەگەڵ تاکەکانی ناو کۆمەڵ و کۆمەڵ بەگشتی، وەردەگرێت.

3- **کاتبەسەربردن**: گومانی تێدانییە ئامرازەکانی میدیا دەبنە سەرچاوەی پێدانی بابەتی تایبەت بە کاتبەسەربردن بەتاکەکانی ناو کۆمەڵ، لەپێناو حەوانەوە و دابینکردنی کاتی گونجاو و خۆش بۆ ڕزگاربوون لە گۆشەگیری و بێزاری، ڕوداو گۆرانکارییەکانی ژیانیش، دابەش دەبن بۆ(١):

ا- **کاتبەسەربردنی گۆشەگیری یان تەنهایی**: ئەمە تایبەتمەندی و جۆرێک لە ئالودەبونی تاکەکانی کۆمەڵە، کە دەیانەوێت بە تەنها و دوور لە خەڵک و دەوروبەر کاتە تایبەتییەکانی خۆی بەسەر بەرێت و چێژ لە بەکارهێنانی میدیا وەربگرێت و دوور بکەوێتەوە لە پاڵنەر و کاریگەرییەکانی دەوروبەر بە شێوەیەکی گۆشەگیر و دوور لە کەسانی دیکە.

ب- **کاتبەسەربردنی کۆمەڵایەتی**: ئەم جۆرەیان ئارەزوی تاکەکانە، کە دەیانەوێت لەگەڵ ئەندامانی ناو کۆمەڵدا خۆشییەکانیان هاوبەشبکەن و لەگەڵیان تێکەڵبن و پێکەوەبن.

**ب. کاریگەریی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا لەسەر کۆمەڵ:**

کۆمەڵێک کاریگەریی تایبەتی ئەم تیۆرە لەسەر ئەندامانی کۆمەڵ، بەتایبەتی و کۆمەڵ بەگشتی هەیە، بەهۆی ئەو بەرهەمانەی کە لەلایەن ئامرازەکانی میدیاوە بەرهەمهاتوون و گواستراونەتەوە بۆ کۆمەڵ و پەخشکراون(٢)، بۆیە هەریەکە لە توێژەران (ساندرا بول ڕوکیتش و ملفنی دی فلور) لەچەند کاریگەرییەکدا کۆیانکردووەتەوە، کە گرنگترینیان کاریگەریی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری)یە(٣)، بەمشێوەیە دەیانخەینەڕوو:

1- **کاریگەریی کۆزانیاریی**: ئەمجۆرەیان لەرێگەی ئامرازەکانی میدیاوە کاردەکاتە سەر تاکەکانی ناو کۆمەڵ، بەشێوەیەک کە دەبێتەهۆی دەرخستنی ئاڵۆزییەکان و ڕونکردنەوەیان، دروستکردنی ڕایگشتی، ڕیزبەندیکردنی پێداویستییەکان، فراوانکردنی پێشنیازو لێدوانەکان، ڕاهێنان و پشتگیریکردنی بەهاکانی کۆمەڵ و پشتگیریکردنیان(٤).

---

١ عصام سليمان الموسى، المدخل في الاتصال الجماهيرى، ط٤، (الكنانى لنشر، ١٩٩٨)، ص ١٦٤.

2 Veronica Hefner, The Influence of Television and Film Viewing on Midlife Women's Body Image, Disordered Eating, and Food Choice, Article in Media Psychology · April 2014, pp. 188.

3 Matthew Loveless, Media Dependency: Mass Media as Sources of Information in the Democratizing Countries of Central and Eastern Europe ,Center for Research and Social Progress (CeRSP), Ph.D. Political Science, 2008, pp. 165.

4 Taha Najim, http://drtahanegm.blogspot.com/2011/11/blog-post_6684.html: in 7/8/2016

2- **كاریگەریی ویژدانی**: پەیوەستە بەهەندێک کرداری ویژدانی و زاراوەوە؛ وەک هەست، سۆزو لێکدانەوەی سۆزداری و کەمتەرخەمی، ترس و دڵەراوکێ، پاڵپشتی ماددی و جیابوونەوە[١].

3- **کاریگەریی ڕەفتاری**: لەچوارچێوەی دوو هەڵسوکەوتی نموونەییدا کۆدەبێتەوە، ئەوانیش (چالاک، کاتێک بینەر بەر ئامرازەکانی میدیا دەکەوێت بەشێوازی ئەرێنی یان نەرێنی)، (ناچالاک، هیچ جوڵەو چالاکییەکی نییە و هیچ ئەرکێک ئەنجامنادات)[٢].

بە مەبەستی زانینی ئاستی بەکارهێنان و پشتبەستن بە میدیای نوێ و ڕۆڵی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەر پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستانی وەک سامپڵی توێژینەوەکە دەستنیشانکرد لەو ڕوانگەیەوە، کە پەرلەمان وەک یەکێک لە سێ دەسەڵاتە فەرمییەکەی هەرێمی کوردستان، باڵاترین دامەزراوەی یاسادان و بڕیاردانە. توێژەر بۆ ئەم مەبەستە ڕاپرسینامەیەکی ئەلکترۆنی ئامادەکردو سەرجەم ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی وەک سامپڵی توێژینەوەکە هەڵبژارد، کە ژمارەیان ١١١ ئەندامە و لە ئەنجامدا ١٠٠ فۆرم بۆ توێژەر گەڕایەوە کە پەرلەمانتاران وەڵامی پرسیارەکانی تایبەت بە ڕۆڵی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکانیان داوەتە لە کارکردنیان و کاریگەری پشتبەستن بە میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە هەرێمی کوردستاندا.

## یەکەم/ ئاستی پشتبەستن بە میدیای نوێ:

پەرلەمانتارانی کوردستان تا چ ڕادەیەک و بە چ ئاستێک پشت بە میدیای نوێ دەبەستن لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا وەک پەرلەمانتارێک.

١-ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ لە ڕاپەراندنی کارەکانیاندا

**خشتە (٧)**

**ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ**

| پشتبەستن بە میدیای نوێ | ژ | % | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی جیاوازی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | ١٠ | ١٠,٠ | ٣,٧٣ | ٠,٨٠٢ | %٦٤ | زۆر |
| **زۆر** | ٦٣ | ٦٣,٠ | | | | |
| **تارادەیەک** | ١٩ | ١٩,٠ | | | | |
| **کەم** | ٦ | ٦,٠ | | | | |
| **هەرگیز** | ٢ | ٢,٠ | | | | |


١ حسن عماد مكاوي و عاطف عدلي العبد، نظريات الإعلام، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٤١٢-٤١٣.

2 Melvin L. Defleur & Sandra Ball Rokeach, Theories of Mass Communication, 4th ed, New York:Longman, 1982, pp.240.

وەک لە خشتەی ژمارە (٧) دا دەردەکەوێت، پەرلەمانتارانی کوردستان لە وەڵامی ڕادەی پشتبەستنیان بە میدیای نوێ ٦٣ کەسیان بە ڕێژەی ٦٣٪ دەڵێن بە ئاستی زۆر پشت بە میدیا نوێ دەبەستن لە کارەکانیان و ژیانی ڕۆژانەیان وەک پەرلەمانتارێک و ١٠ کەسیان دەڵێن بە شێوەیەکی هەمیشەیی پشت میدیای نوێ دەبەستن لە بەرامبەردا تەنها ٢ کەسیان دەڵێن هەرگیز پشتی پێنابەستن و ٦ کەسیان بە ڕادەیەکی کەم پشتیپێدەبەستن و ١٩ کەسیان تارادەیەک پشت بە میدیای نوێ دەبەستن لە کارەکانیاندا، ئەو ئەنجامە ئەوە نیشاندەدات، کە لە کۆی ١٠٠ پەرلەمانتار ٧٣ کەسیان کە دەکاتە نزیکەی ٣ لەسەر ٤ پەرلەمانتاران بە ڕێژەی ٧٣٪ بە ئاستی زۆر و هەمیشە پشت بە میدیای نوێ دەبەستن لە کارەکانیاندا.
هەروەک لە خشتەکەداو لە ئەنجامی چارەسەرە ئامارییەکاندا دەردەکەوێت، زیاتر لە نیوەی پەرلەمانتاران و بە ڕێژەی جیاوازی ٦٤٪ بە ئاستی زۆر پشت بە میدیای نوێ دەبەستن، لە ڕاییکردنی کارەکانیاندا وەک پەرلەمانتار، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە میدیای نوێ بووەتە یارمەتیدەر و ئامرازێکی باش بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی پەرلەمانتاران وەک سەرچاوەی زانیاری و پەیوەندیکردن و کاریگەر بوون لەسەر کارەکانیان، چوونکە بە پێی پێوەری (لیکارت)، ناوەندی ژمێرەیی ٣،٧٣ بە ئاستی زۆرە، چوونکە پێوەری (لیکارتی پێنجی) دەڵێت: "١-١،٧٩ هەرگیز. ١،٨٠-٢،٥٩ کەمجار. ٢،٦٠-٣،٣٩ هەندێکجار. ٣،٤٠-٤،١٩ زۆرجار. ٤،٢٠-٥ هەمیشە". بەو پێیەش ٣،٧٣ دەکەوێتە ئاستی زۆرجار واتە زۆر پشت بە میدیای نوێ دەبەستن لە کارەکانیاندا وەک پەرلەمانتار.
٢- پەرلەمانتارانی کوردستان زیاتر بەکارهێنەری کام جۆر لە میدیا کۆمەڵایەتییەکانن و کام ئەپلیکەیشنی میدیا کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.

**خشتە (٨)**

**بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن پەرلەمانتارانی کوردستان**




وەک لە بار چارتەکەدا دەردەکەوێت پەرلەمانتارانی کوردســـتان، بە ڕێژەی جیاواز جۆرەکانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، وەک لە چارتەکەدا دیارە، میدیای کۆمەڵایەتی (فەیســـبوک) زۆرترین بەکارهێنەری لە نێو ئەندامانی پەرلەمانی کوردســـتاندا هەیەو زۆرینەی هەرە زۆری پەرلەمانتاران (فەیسـبوک) بەکاردەهێنن، بە ڕێژەی ٩٩٪ و تەنها یەک کەسـیان بەکارینەهێنێت، ئەمەش دەرەنجامێکی ئاســاییە بەو پێیەی (فەیســبوک) بەرفراوانترین میدیای کۆمەڵایەتییە لەســەر ئاســتی جیهان و تەنانەت کوردستانیش لە ڕوی بەکارهێنانەوە هەروەک وەڵامەکان ئەمەیان سەلماندووە.

لە پلەی دووەمدا پەرمانتارانی کوردســـتان میدیای کۆمەڵایەتی تویتەر بەکاردەهێنن، بە ڕێژەی ٣٥٪ ە ئەمەش بۆ کەمی بەکارهێنان دەگەڕێتەوە لەســەر ئاســتی کوردســتان، ئەگەرچی تویتەر لە جیهاندا بە شــێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێت، (ئینســتاگرام) لە پلەی ســێهەمدا لە ئاســتی بەکارهێنان لەلایەن پەرلەمانتارانی کوردستانەوە و ٣١٪ بەکاریدەهێنن و پاشان (یوتیوب) بە ڕێژەی ١٩٪ و تەلەگرام ١٣٪ و (سناپچات) تەنها ٣ کەس بەکاریدەهێنن و هیچ پەرلەمانتارێک (تیک تۆک) بەکارناهێنێت.

٣-هەبوونی پەیجی تایبەت لە میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا:

**خشتەی (٩)**

**هەبوونی پەیجی تایبەت لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لە نێو میدیا کۆمەڵایەتییەکان**





وەک لە پای چارتەکەدا دەردەکەوێت ســەبارەت بە هەبوونی پەیجی تایبەت بە خۆیان لەســەر پێگەکانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان ٦٥٪ ی پەرلەمانتاران بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە و ٣٥٪ی پەرلەمانتارانیش بە نەخێر، ئەگەرچی بوونی ئەژماری کەســـیی لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی پەیوەندیکردنی فراوانی تێدایە لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکەی ئەو میدیایانە، بەڵام هەبوونی پەیجی تایبەت لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئـاماژەیە بۆ ئەوەی زیـاتر لە ئەژمـارە تـایبەتییەکـانیـان، پەرلەمـانتـاران گرنگی بە بەکـارهێنـانی میدیا کۆمەڵایەتییەکـان دەدەن، ئەوەش لە پێنـاو ئـاســـانکـاری لە کـارەکـانیـانـدا. دانـانی پەیج لە میـدیـا

کۆمەڵایەتییەکاندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو کەســە دەیەوێت زیاتر لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ بەکارهێنەرانی میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا. هەربۆیە زۆربەی پەرلەمانتاران لە ڕێگەی پەیجەکانیانەوە دەیانەوێت زیاتر بایەخ بە دنیای میدیا کۆمەڵایەتییەکان بدەن لە بواری بڵاوکردنەوەی چالاکی و کارەکانیاندا، یاخود پەیوەندی لەگەڵ بەکارهێنەرانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان و زیاتر ئاگاداربوون لە ڕووداو و هەواڵەکان.

٤-کاتەکانی بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە:

**خشتە (١٠)**





وەک لە خشـــتەی ژمارە ١٠ دا دەردەکەوێت تایبەت بە کاتژمێری تەرخانکراو لەلایەن پەرلەمانتارانی کوردســتانەوە بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژێکدا. ٤٤٪ ی پەرلەمانتاران ڕۆژانە ١-٢ کاتژمێر میدیای کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. لە پاش ئەوانیش ٣٦٪ یان ڕۆژانە ٣-٤ کـاتژمێر میـدیا کۆمەڵایەتییەکـان بەکـاردەهێنن و لە پلەی ســێیەمیشـــدا ١٠٪ ڕۆژانە ٥-٦ کـاتژمێر بەکـاریـدەهێنن و ٧٪یـان کەمتر لە کـاتژمێرێـک و ٣٪یـان ٦ کـاتژمێر زیـاتر میـدیـا کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.

وەک دەردەکەوێـت نزیکەی نیوەی پەرلەمـانتـاران، ڕۆژانە ١-٢ کـاتژمێر میـدیـا کۆمەڵایەتییەکـان بەکاردەهێنن و زیاتر لە ســێ یەکی پەرلەمانتاران ٣-٤ کاتژمێر بەکارهێنەری میدیا کۆمەڵایەتییەکانن ئەوەش ئاماژەی ئەوەیە کە میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا گرنگی زۆری هەیە بە تایبەت لەلایەن پەرلەمـانتـارانەوە لە بوارەکـانی پەیوەنـدیکردن و بۆ وەرگرتنی زانیـاری و ئـاگـاداربوونن لە ڕووداوەکان. تەرخانکردنی ئەو کاتانە بۆ بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن پەرلەمانتارانەوە ئاماژەی پەرەسەندنی میدیا کۆمەڵایەتیەکانە لە سەردەمی ئەمڕۆدا، وەک یەکێک لە ئامرازەکانی میدیا.

٥- کاریگەری پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ:

**خشتە (١١)**




بە گوێرەی ئەنجامەکانی خشـــتەکە تایبەت بە پشـــت بەســـتنی پەرلەمانتاران بە بە میدیای نوێ و دروســـتکردنی کاریگەری، ٧٢٪ی پەرلەمانتاران دەڵێن میدیای نوێ کاریگەری لەســـەر زیادکردنی زانیارییەکان هەیە و ٢٠٪ دەڵێن بۆ لایەنی ویژدانیان کاریگەری هەیە و ٨٪ دەڵێن کاریگەری لەســـەر ڕەفتاریان هەیە، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە کە پەرلەمانتاران بە شـێوەیەکی گشـتی بەمەبەسـتی وەرگرتنی زانیارییەکان پشت بە میدیای نوێ دەبەستن و کەمتر بۆ کاریگەری لەسەر ویژدانی و ڕەفتاریان.

هاوشـێوەی وڵاتانی دیکە لە ئێسـتادا میدیای نوێ لە ئێسـتادا سـەرچاوەیەکی گرنگی زانیارییەکانە لە هەرێمی کوردســـتانیش، هەربۆیە پەرلەمانتارانی کوردســـتان بەو ڕێژە زۆرە پشـــتی پێدەبەســـتن لە بەدەســـهێنانی زانیارییەکانیان. هۆکاری کەمی پشـــتبەســـتنیان بە میدیای نوێ بۆ لایەنی ویژدانی و ڕەفتارییان پەیوەســتە بەوەی پەرلەمانتاران نوێنەرایەتی پارتە سـیاسـییەکان دەکەن پابەندن بە بەرنامەو پرۆگرامی ئەو پـارتـانەو فراکســـیۆنەکـانیـان هەربۆیە کەمتر کـاریگەر دەبن بە بـابەتەکـانی نـاو میـدیـا کۆمەڵایەتییەکان لە هەردوو لایەنی ویژدانی و ڕەفتاری.

## باسـی دووەم/ ئاسـتی کاریگەری گۆڕاوە کەسـییەکان لەسـەر ڕادەی پشـتبەسـتنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ:

١- تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی توخم لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران:

**خشتە (١٢)**

**پێوەری (T) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی توخم لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ**

| توخم | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهای T |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٦٧ | ٣,٦٩ | ٠,٩٠٨ | ٩٨ | ٠,٣٦٣ | ٠,٩١٤ |
| مێ | ٣٣ | ٣,٨٢ | ٠,٥٢٨ | | | |

بە گوێرەی ئەنجامەکانی ڕاپرسـیی توێژینەوەکە، وەک لە خشـتەی ژمارە ١٢ دا دەردەکەوێت، ڕێژەی ٦٧٪ ی پەرلەمـانتـارانی نێر و ڕێژەی ٣٣٪ ی پەرلەمـانتـارانی مێ وەڵامیـانداوەتەوە لە کۆی ١٠٠ پەرلەمانتار، کە وەڵامی فۆرمی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە. ئەم ڕێژانە نزیکن لە ڕێژە و ژمارەی تەواوی پەرلەمانتارانی کوردسـتان کە کۆی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان ١١١ پەرلەمانتارەو لە ژمارەیەش ٧٤ یان توخمی نێر و ٣٧ یان لە توخمی مێن، کە بە گوێرەی سـیسـتمی کۆتای هەڵبژاردنەکان دەبێت لە بەرامبەر هەردوو پیاوێک ژنێک ببێتە ئەندامی پەرلەمان بە ڕێژەی سێ یەک.

هەروەها وەک لە خشـتەکەدا دیارە، ئاسـتی بەڵگەداری زیاترە لە ٠,٠٥ بە واتای ئەوەی جیاوازیی کاریگەری توخم لەسـەر ڕادەی پشـتبەسـتنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ زۆر کەمە و نزیکن لە یەک وەک لە ناوەندە ژمێرەکەدا دیارە جیاوازییان نییە و نێر و مێ لە ئاسـتی پشـتبەسـتن بە میدیای نوێ بە بەهای T ٠،٩١٤. واتە توخمی پەرلەمانتاران جیاوازیی نییە لە ئاستی پشتبەستنتان بە میدیای نوێ.

**خشتە (١٣)**

**پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ**

| تەمەن | ژ | ناوەندی ڕیزبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | $کا^2$ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥-٣٤ | ٢٠ | ٥٥,٠٣ | ٣ | ٠,٥٦٧ | ٢,٠٢٤ |
| ٣٥-٤٤ | ٣٥ | ٥١,٥٩ | | | |
| ٤٥-٥٤ | ٣٦ | ٤٦,٠٧ | | | |
| ٥٥- | ٩ | ٥٣,٩٤ | | | |

به گوێرەی ئەنجامەکانی خشـتەی ژمارە ١٣، کە تایبەتە بە تەمەنی پەرلەمانتاران و کاریگەری لەسـەر رادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ؛ تەمەنی نێوان ٤٥-٥٤ سـاڵ زۆرترین رێژەی بەدەسـتهێناوە کە ٣٦٪ یە و لە دوای ئەویش تەمەنی نێوان ٣٥-٤٤ سـاڵ بە رێژەی ٣٥٪ لە پلەی دووەمدایە و تەمەنی ٢٥-٣٤ سـاڵ پلەی سێیەمە بە رێژەی ٢٠٪ و سـەروو ٥٥ سـاڵیش رێژەی ٩٪ ی پەرلەمانتارانی کوردستان پێکدەهێنێت.

وەک لە خشتەکەدا دیارە، ئاستی بەڵگەداری زیاترە لە ٠,٠٥ بە واتای کەمی جیاوازی تەمەنی پەرلەمانتاران بۆ ئاسـتی پشـتبەسـتن بە میدیای نوێ و نزیکن لە یەک، بە کا٢ ٢,٠٢٤ و ناوەندی ریزبەندی "mean rank"ی دەسـتەکان تەمەنی ٢٥-٣٤ بەرزترین ناوەندی ریزبەندی هەیە، کە ٥٥,٠٣ یە، واتە ئاستی پشت بەستنیان بە میدیای نوێ زیاترە لە دەستەکانی دیکە کە گەنجترین دەستەی پەرلەمانتارانن و تەمەنیان کەمترە لە ٣٥ سـاڵ زیاتر پشـت بە میدیای نوێ دەبەسـتن، لە راییکردنی کارەکانیاندا، بە دوای ئەویش تەمەنی ٥٥ سـاڵ بەرەوژوور کە ناوەندی ریزبەندی ٥٣,٩٤ ی هەیە، کە بە پلەی دووەم دێت لە پشـتبەسـتنیان بە میدیای نوێ، و دەسـتەی ٣٥-٤٤ سـاڵ بە ئاسـتی ناوەندی ریزبەندی ٥١,٠٣ و کۆتا دەستەش ٤٥-٥٤ ساڵە بە ئاستی ٤٦,٠٧، واتە کەمتر پشت بە میدیای نوێ دەبەستن لە کارەکانیاندا.

**خشتە (١٤)**

**پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لەسەر رادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ**

| بڕوانامە | ژ | رێژە | ناوەندی ریزبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | - | - | - | ٥ | ٠,٣٢٥ | ٥,٨١٤ |
| ناوەندی | ٤ | ٤٪ | ٣٨،٥٠ | | | |
| ئامادەیی | ٨ | ٨٪ | ٦٢,٤٤ | | | |
| دبلۆم | ١٥ | ١٥٪ | ٤٠،٣٣ | | | |
| بەکالۆریۆس | ٤٩ | ٤٩٪ | ٥٢،٤٣ | | | |
| ماستەر | ١٥ | ١٥٪ | ٤٨,٨٣ | | | |
| دکتۆرا | ٩ | ٩٪ | ٥٤،٤٤ | | | |

وەک لە خشـتەی ژمـارە ١٤ دا دەردەکەوێت، ئەنجـامەکـانی راپرسـییەکە تـایبەت بە بڕوانـامەی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان، هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە بە

ڕێژەی ٤٩٪ و بە دوای ئەویش هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دبلۆم بە ڕیژەی ١٥٪ دواتر دکتۆرا بە ڕێژەی ٩٪ و ئامادەیی ٨٪ و ناوەندی بە ڕێژەی ٤٪ لە پلەی کۆتاییدایە. بە گوێرەی ئەم ئەنجامە زیاتر لە نیوەی پەرلەمانتاران هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرەو سەرن، کە ئەوەش ڕێژەیەکی باش و بەرزە.

هەرچی تایبەت بە کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە بە ڕادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ وەک لە خشتەکەدا دیارە، بە پێی پێوەری (کروسکاڵ) دەردەکەوێت بڕوانامەی ئامادەیی بەرزترین ئاستی هەیە، کە بریتییە لە ٦٢،٤٤ و ئەمەش بە واتای ئەوەی ئەم دەستەیە زیاتر پشت بە بەکارهێنانی میدیای نوێ دەبەستن، بە دوای ئەویش دکتۆرا بە ٥٤،٤٤ و پاشان بەکالۆریۆس بە ٥٢،٤٣ و ماستەر ٤٨،٨٣ و دبلۆم ٤٠،٣٣ و ناوەندی ٣٨،٥٠.

ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە، کە بڕوانامە کاریگەری لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ جیاوازی دروست نەکردووە. وەک دەردەکەوێت ئاستی بەڵگەداری ٠,٣٢٥ کە ئەگەرچی زیاترە لە ٠,٠٥ بەڵام ئاستی بەڵگەداری هەر یەک لە دەستەکانی بڕوانامە نزیکن لە یەک، بە واتای ئەوەی کاریگەری بڕوانامە لەسەر پشتبەستن جیاوازی نییە لە پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ.

**خشتە (١٥)**

**پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی فراکسیۆن لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ**

| فراکسیۆن | ژ | ناوەندی ڕیزبەندی | پلەبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی | ٣٧ | ٥٥,٤٣ | ٤ | ٩ | ٠,٠٣٠ | ١٨,٤٤٥ |
| یەکێتی | ٢١ | ٣٥,١٠ | ٨ | | | |
| گۆڕان | ١٢ | ٦١,٢٩ | ٢ | | | |
| کۆمەڵ | ٧ | ٥٣,١٤ | ٦ | | | |
| یەکگرتوو | ٥ | ٥٩,٠٠ | ٣ | | | |
| نەوەی نوێ | ٣ | ٥٣,٣٣ | ٥ | | | |
| پێکهاتەکان | ٩ | ٤٣,٤٤ | ٧ | | | |
| سەردەم | ١ | ١٨,٠٠ | ٩ | | | |
| ئازادی | ١ | ١٨,٠٠ | ٩ | | | |
| سەربەخۆ | ٤ | ٦٨,١٣ | ١ | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە ١٥ دا، تایبەت بە ئاستی کاریگەری فراکسیۆن لەسەر ڕادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ، دەردەکەوێت، ئاستی بەڵگەداری ٠،٠٣٠ یە، ئەمەش کەمترە لە ٠،٠٥ واتە جیاوازی لە نێوان ئەندامی فراکسیۆنە جیاوازەکاندا هەیە و ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ لەسەر ئاستی فراکسیۆن جیاوازە.

ئەنجامەکان نیشانیدەدەن ناوەندی ڕیزبەندی فراکسیۆنی سەربەخۆ، کە سەر بە هیچ پارتێکی سیاسی نین، بەرزترینە کە بریتییە لە ٦٨،١٣ واتە بە ڕادەی زیاتر پشت بە میدیای نوێ دەبەستن، بە گوێرەی ئەم دەرەنجامە وا دەردەکەوێت ئەندامانی فراکسیۆنی سەربەخۆ، کە سەر بە هیچ پارتێک نین و وەک فراکسیۆنێکی سەربەخۆ و ئۆپۆزسیۆنی حکومەت خۆیان دەناسێنن، زیاتر بگەڕێنەوە بۆ بۆچوونی خەڵک و پشت بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان ببەستن لە کاروبارەکانیاندا، یاخود نەبوونی پارتێکی سیاسی و نەبوونی میدیایەکی تایبەت وایکردووە میدیای نوێ و ئامرازەکانی تەنها ئامرازێک بن کە ئەندامانی فراکسیۆنی سەربەخۆ زیاتر پشتی پێ ببەستن لە کاری پەرلەمانتاریاندا.

فراکسیۆنی گۆڕان ناوەندی ڕیزبەندی لە پلەی دووەمدایە، کە بریتییە لە ٦١،٢٩ بە واتای ئەوەی زیاتر لە فراکسیۆنەکانی دیکە پشت بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن. فراکسیۆنی گۆڕان کە نوێنەرایەتی بزوتنەوەی گۆڕان دەکات، کە یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەت، بەڵام بەو پێیەی پێشتر وەک یەکەمین پارتی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان دەرکەوت، لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەمە وایکردووە پەرلەمانتارەکانیان زیاتر پشت بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان ببەستن لە کارەکانیاندا وەک درێژەدانێک بەو گوتارەی پێشتر وەک ئۆپۆزسیۆن هەیان بووە.

فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پلەی سێیەمدایە بە ناوەندی ڕیزبەندی ٥٩ بۆ پشت بەستنیان بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، فراکسیۆنی یەکگرتوو نمایندەی یەکگرتووی ئیسلامی دەکات کە ئێستا پارتێکی ئۆپۆزسیۆنە و بەشداری حکومەت نییە کە دەشێت ئەمە هۆکاری ئەوە بێت کە پەرلەمانتارەکان زیاتر پشت بە میدیای نوێ ببەستن و لە پەیوەندیدابن لە گەڵ خەڵکدا.

پاش ئەوان لە پلەی چوارەمدا فراکسیۆنی پارتی دێت بە ناوەندنی ڕیزبەندی ٥٥،٤٣. فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پلەی پێنجەم بە ناوەندی ڕیزبەندی ٥٣،٣٣. لە پلەی شەشەمیش فراکسیۆنی کۆمەڵ بە ٥٣،١٤ و پلەی حەوتەمیش پێکهاتەکان بە ٤٣،٤٤ و فراکسیۆنی یەکێتی لە پلەی هەشتەم دێت بە ٣٥،١٠ و لە پلەی نۆهەمیشدا هەریەک لە فراکسیۆنی ئازادی و سەردەم دێن بە ناوەندی ڕیزبەندی ١٨.

**خشتە (١٦)**

**پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی پارێزگا لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ**

| پارێزگا | ژ | ناوەندی ڕیزبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا٢ |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٣٦ | ٥٥,٠٨ | ٣ | ٠,٠٠٦ | ١٢,٥١٢ |
| سلێمانی | ٣٠ | ٥٣,٧٣ | | | |
| دهۆک | ٢٧ | ٤٨,٨٠ | | | |
| هەڵەبجە | ٧ | ١٩,٦٤ | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە ١٦ دا دەردەکەوێت، کە تایبەتە بە ئەنجامی پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی پارێزگا لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ، ئاستی بەڵگەداری جیاوازی دەرخستووە لە ئەنجامەکاندا، کە بریتییە لە ٠،٠٠٦ کە ئەمیش کەمترە لە ٠،٠٠٥. پارێزگای هەولێر زۆرترین ناوەندی ڕیزبەندی هەیە، کە بریتییە لە ٥٥،٠٨. بە واتای ئەوەی ئەو پەرلەمانتارانەی لە هەولێرن کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە زیاتر پشت بە میدیای نوێ دەبەستن.
هەولێر بەو پێیەی پایتەختی هەرێمی کوردستانەو ئەندامانی پەرلەمانی ئەم شارە لە سەرجەم فراکسیۆنەکان پێکدێن، بە ڕێژەی نزیک لە یەک بۆیە دەکرێت هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی پەرلەمانتارەکانی هەولێر زیاتر پشت بە میدیای نوێ ببەستن بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە، لە پلەی دووەمیش پارێزگای سلێمانی دێت کە بە ناوەندی ڕیزبەندی ٥٣،٧٣.
سلێمانی دووەم گەورە پارێزگای هەرێمەو لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا چەقی ململانێ سیاسییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکان بووە و لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا و لە سەروبەندی قەیرانی دارایی و ململانێ سیاسییەکاندا، سلێمانی بوەتە ناوەندی زۆرێک لە خۆپیشاندان و نارەزاییەکان ئەمەش هۆکارێکە کە پەرلەمانتارانی ئەم پارێزگایە زیاتر گرنگی بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان بدەن و پشتیپێببەستن لە کارەکانیاندا.

پارێزگای دهۆک لە پلەی سێیەمدایە بە ناوەندی ڕیزبەندی ٤٨،٨٠ و پاشان پارێزگای هەڵەبجە بە ناوەندی ڕیزبەندی ١٩،٦٤ کە جیاوازی زۆرە لە گەڵ پارێزگاکانی دیکە بەو پێیەی هەڵەبجە نوێترین پارێزگای هەرێمە و بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە، پەرلەمانتارەکانی کەمتر پشت بە میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن وەک ئەنجامەکان نیشانیانداوە لە خشتەی ژمارە ٧ دا. هەڵەبجە لە ڕوی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و گەیاندن بە ئاستی پارێزگاکانی دیکە پێشکەوتوو نییە و لایەنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزترە بەو پێیەی لە پارێزگاکانی دیکە بچوکترە و پەرلەمانتارەکان زیاتر لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ خەڵک لە پەیوەندیدان. ئەمە هۆکاری جیاوازی ئەو پارێزگایە لەگەڵ ئەوانی دیکە.

**خشته (١٧)**

**پێوەری (T) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی توخم لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ لەسەر هەرسێ ئاستی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری)**

| کاریگەرییەکان | توخم | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهایT |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆزانیاریی | نێر | ٢٩,٦٣ | ٦,٣٢٩ | ٩٨ | ٠,٢٠٩ | ١,٢٦٣ |
| | مێ | ٣٠,٨٨ | ٣,٥٦٠ | | | |
| ویژدانی | نێر | ٤٥,٣٧ | ٨,٣٥٥ | ٩٨ | ٠,٨٥١ | ٠,١٨٨ |
| | مێ | ٤٥,٠٦ | ٦,٥٥٢ | | | |
| رەفتاری | نێر | ٣٠,٠١ | ٤,٦٦٦ | ٩٨ | ٠,٦٤٠ | ٠,٤٧٠ |
| | مێ | ٢٩,٥٨ | ٣,٧٨٣ | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە ١٧ دا دەردەکەوێت، کە تایبەتە بە پێوانەکردنی (T) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی توخم لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان بە میدیای نوێ بۆ هەرسێ ئاستی کۆزانیاری و ویژدانی و ڕەفتاری، بەهای (T) بۆ کۆزانیاری بریتییە لە ١,٢٦٣ بۆ ویژدانی بریتییە لە ٠,١٨٨ و ڕەفتاریش ٠,٤٧٠. هەروەها ئاستی بەڵگەداری بۆ هەرسێ بواری کۆزانیاری و ویژدانی و ڕەفتاری زیاترە لە ٠,٠٥ ئاستی بەڵگەداری کۆزانیاری ٠,٢٠٩ یە و ویژدانی ٠,٨٥١ و ڕەفتاری ٠,٦٤٠، بە واتای ئەوەی جیاوازی توخمی پەرلەمانتاران جیاوازی دروست ناکات لە پشتبەستنیان بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، بە واتای ئەوەی پەرلەمانتار لە هەر توخمێک بێت پشت بە میدیای نوێ دەبەستن بۆ ڕاپەراندنی کارەکانیان و جیاوازییەکی لە نێوان توخمی نێر و مێی پەرلەماندتارانی هەرێمی کوردستان لە بەکارهێنان و پشتبەستن بە میدیای نوێ لە کاری پەرلەمانتاریدا.

لێرەدا ناوەندە ژمێرەیی توخمی نێر بۆ ئاستی کۆزانیاری ٢٩,٦٣ و لادانی پێوەری ٦,٣٢٩ یە. هەروەها بۆ توخمی مێ ٣٠,٨٨ و لادانی پێوەری ٣,٥٦٠.

ناوەندە ژمێرەیی توخمی نێر بۆ ئاستی ویژدانی ٤٥,٣٧ و لادانی پێوەری ٨,٣٥٥ یە. هەروەها بۆ توخمی مێ ٤٥,٠٦ و لادانی پێوەری ٦,٥٥٢.

ناوەندە ژمێرەی توخمی نێر بۆ ئاستی ڕەفتاری ٣٠,٠١ و لادانی پێوەری ٤,٦٦٦ یە. هەروەها بۆ توخمی مێ ٢٩,٥٨ و لادانی پێوەری ٣,٧٨٣.

**خشتە (١٨)**

**پێوەری (ANOVA)بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی تەمەن لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ لەسەر هەر سێ ئاستی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری)**

| کاریگەرییەکان | تەمەن | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهای F |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆزانیاریی | ٢٥-٣٤ | ٢٩،٥٠ | ٥،٢٣٧ | ٣ | ٠,١٣٤ | ١،٩٠٧ |
| | ٣٥-٤٤ | ٣٠،٦٠ | ٤،٢٩٢ | | | |
| | ٤٥-٥٤ | ٢٨،٩٢ | ٦,٧٠٨ | | | |
| | ٥٥- | ٣٣،٥٦ | ٤،٨٥١ | ٩٩ | | |
| ویژدانی | ٢٥-٣٤ | ٣٠،٤٠ | ٤،٠٨٣ | ٣ | ٠,٨٨٥ | ٠,٢١٦ |
| | ٣٥-٤٣ | ٢٩،٧٤ | ٤،٠٣٩ | | | |
| | ٤٥-٥٤ | ٢٩،٥٦ | ٤،٩٢٥ | | | |
| | ٥٥- | ٣٠،٤٤ | ٤،٥٥٨ | ٩٩ | | |
| ڕەفتاری | ٢٥-٣٤ | ٤٥،٥٥ | ٧،١١٩ | ٣ | ٠,٦٢٨ | ٠,٥٨٣ |
| | ٣٥-٤٣ | ٤٥،٠٩ | ٦،٠٥٥ | | | |
| | ٤٥-٥٤ | ٤٤،٥٣ | ٩،٥٠٦ | | | |
| | ٥٥- | ٤٨،٣٣ | ٧،٩٣٧ | ٩٩ | | |

وەک لە خشـــتەی ژمارە ١٨ دا دەرکەوتووە، پێوەری (ئەنۆڤا) بۆ تاقیکردنەوەی ئاســـتی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسـەر پشـتبەسـتنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ، بەم شـێوەیەیە بۆ ئاسـتی کۆزانیاری بەهای (F) دەکاتە ١,٩٠٧ بە ئاســـتی بەڵگەداری ٠,١٣٤ کە زیاترە لە ٠,٠٥ واتە جیاوازی تەمەنی پەرلەمانتاران لە پشتبەستنیان بە میدیای نوێ بۆ لایەنی کۆزانیاری هیچ جیاوازی دروستنەکردووە.
لێرەدا لادانی پێوەریی بۆ تەمەنی ٢٥-٣٤ ساڵ بریتییە لە ٥,٢٣٧ و ناوەندە ژمێرەی ٢٩,٥٠. هەروەها تەمەنی ٣٥-٤٤ ساڵ لادانی پێوەریی ٤,٢٩٢ و ناوەندە ژمێرەی ٣٠,٦٠. ٤٥-٥٤ ساڵ لادانی پێوەریی ٦,٧٠٨ و ناوەندە ژمێرەی ٢٨,٩٢ و ســەروو ٥٥ ســاڵیش لادانی پێوەریی ٤,٨٥١ و ناوەندە ژمێرەی ٣٣,٥٦.

بۆ لایەنی ویژدانی بەهای (F) ٠,٢١٦ یە بە ئاســـتی بەڵگەداری ٠,٨٨٥ کە زیاترە لە ٠,٠٥ واتە جیاوازی تەمەنی پەرلەمانتاران بە پشـــتبەســـتنیان بە میدیای نوێ هیچ جیاوازی دروســـتنەکردووە بۆ لایەنی ویژدانی، لێرەدا لادانی پێوەریی بۆ تەمەنی ٢٥-٣٤ ســـاڵ بریتییە لە ٤,٠٨٣ و ناوەندە ژمێرە ٣٠,٤٠. و تەمەنی ٣٥-٤٤ ســـاڵ لادانی پێوەریی ٤,٠٣٩ و ناوەندە ژمێرەی ٢٩,٧٤. ٤٥-٥٤ ســـاڵ لادانی پێوەریی ٤,٩٢٥ و ناوەندە ژمێرەی ٢٩,٥٦ و ســەروو ٥٥ ســاڵیش لادانی پێوەریی ٤,٥٥٨ و ناوەندە ژمێرەی ٣٠,٤٤.

هەرچی تایبەتە بە لایەنی ڕەفتاری وەک لە خشـــتەی ژمارە ٩ دا ڕونکراوەتەوە؛ بەهای (F) بریتییە لە ٠,٥٨٣ و ئاســـتی بەڵگەداری ٠,٦٢٨ کە زیاترە لە ٠,٠٥ و ئەمیش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی و کاریگەری تەمەنی پەرلەمانتاران لەسەر پشتبەستنیان بە میدیای نوێ بۆ لایەنی ڕەفتاریی.

لێرەدا لادانی پێوەریی بۆ تەمەنی ٢٥-٣٤ ســـاڵ بریتییە لە ٧,١١٩ و ناوەندە ژمێرە ٤٥,٥٥. تەمەنی ٣٥-٤٤ ساڵ لادانی پێوەریی ٦,٠٥٥و ناوەندە ژمێرەی ٤٥,٠٩. ٤٥-٥٤ ساڵ لادانی پێوەری ٩,٥٠٦ و ناوەندە ژمێرەی ٤٤,٥٣ و سەروو ٥٥ساڵیش لادانی پێوەریی ٧,٩٣٧و ناوەندە ژمێرەی ٤٨,٣٣.

هۆکاری نەبوونی جیاوازی لە تەمەنی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردســـتان بە پشـــتبەســـتنیان بە میدیای نوێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران بە شـــێوەیەکی گشـــتی لە ئاســـتێکی یەکســـاندا لە ڕاپەراندنی کارەکانیاندا پشت بە میدیای نوێ دەبەستن، بەبێ جیاوازی تەمەنیان ئەوەش ئاماژەی ئەوەیە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامرازێکی پێویســـت بۆ کاری پەرلەمانی و بە نزیکەیی هەموویان لە یەک ئاستدا گرنگی پێدەدەن و بەکاریدەهێنن.

**خشتە (١٩)**

**پێوەری (ANOVA)بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی بڕوانامە لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ لەسەر هەر سێ ئاستی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری)**

| کاریگەرییەکان | بروانامە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهایF |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆزانیاریی | سەرەتایی | 30.50 | 4.933 | ٥ | ٠,١٣٠ | 1.756 |
| | ناوەندی | 33.88 | 4.155 | | | |
| | ئامادەیی | 27.07 | 8.413 | ٩٤ | | |
| | دبلۆم | 30.39 | 5.090 | | | |
| | بەکالۆریۆس | 30.20 | 4.916 | ٩٩ | | |
| | ماستەر | 29.22 | 2.587 | | | |
| | دکتۆرا | 30.50 | 4.933 | | | |
| ویژدانی | سەرەتایی | 30.50 | 5.916 | ٥ | ٠,٣١١ | 1.210 |
| | ناوەندی | 32.38 | 4.207 | | | |
| | ئامادەیی | 28.73 | 6.419 | ٩٤ | | |
| | دبلۆم | 30.16 | 3.567 | | | |
| | بەکالۆریۆس | 29.80 | 4.523 | ٩٩ | | |
| | ماستەر | 27.78 | 3.193 | | | |
| | دکتۆرا | 30.50 | 5.916 | | | |
| ڕەفتاری | سەرەتایی | 48.50 | 5.260 | ٥ | ٠,١٠٤ | 1.887 |
| | ناوەندی | 49.50 | 9.350 | | | |
| | ئامادەیی | 40.73 | 12.470 | ٩٤ | | |
| | دبلۆم | 45.86 | 6.079 | | | |
| | بەکالۆریۆس | 45.87 | 5.878 | ٩٩ | | |
| | ماستەر | 43.44 | 6.207 | | | |
| | دکتۆرا | 48.50 | 5.260 | | | |

بە پێی ئەنجامەکانی خشـــتەی ژمارە ١٩ تایبەت بە پێوەری (ANOVA) بۆ تاقیکردنەوەی ئاســـتی کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لەســەر پشــتبەســتنی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردســتان بە میدیای نوێ لەســـەر هەرســـێ لایەنی کۆزانیاریی و ویژدانی و ڕەفتاری دەردەکەوێت کە بەهای (F) بۆ لایەنی کۆزانیاریی بریتییە لە ١,٧٥٦ و ئاســـتی بەڵگەداری بریتییە لە ٠,١٣٠ کە زیاترە لە ٠,٠٥ بەمەش دەردەکەوێت، کە بڕوانامە جیاوازی لە ئاسـتی پشـتبەسـتنی پەرلەمانتاربۆ لایەنی کۆزانیاریی دروسـت نەکردووە.

بە هەمان شـــێوە بۆ لایەنی ویژدانی بەهای (F) بریتییە لە ١٠٢١٠ بە ئاســـتی بەڵگەداری ٠,٣١١ کە ئەمیش لە پشـت بەسـتنی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردسـتان بە میدیای نوێ بە هۆی بڕوانامەکانیانەوە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی دروست نەکردووە.

هەروەها بۆ لایەنی ڕەفتاری بەهای (F) بریتییە لە ١٠٨٨٧ بە ئاســـتی بەڵگەداری ٠,١٠٤کە ئەمیش ئاماژەی جیاوازی و کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامەی تێدا نییە لەســـەر پشـــت بەســـتنی پەرلەمانتارانی کوردستان بە میدیای نوێ بۆ لایەنی ڕەفتارییان.

نەبوون و کەمی جیاوازی کاریگەری بڕوانامە بە پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کورستان بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەسـەر هەرسـێ ئاسـتی کۆزانیاریی و ویژدانی و ڕەفتاری ئاماژەی ئەوەیە کە بە بێ ڕەچاوکردنی ئاســـتی بڕوانامەکانیان پەرلەمانتاران، وەک یەک گرنگی بە میدیای نوێ دەدەن لە کاراکانیان بۆ وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری و کاریگەری میدیای نوێ لەســـەر ویژدان و ڕەفتاری پەرلەمانتاران لە کاری پەرلەمانتاریاندا بە بێ ئەوەی جۆر و ئاســتی بڕوانامە جیاوازی دروســتبکات، ئەمەش ئاماژەی گرنگی میدیای نوێیە لای پەرلەمادنتارانی هەرێمی کوردســـتان بە بێ ڕەچاوکردنی ئاستی بڕوانامەکانیان.

**خشتە (٢٠)**

**پێوەری (ANOVA)بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی پارێزگا لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ لەسەر هەر سێ ئاستی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری)**

| کاریگەرییەکان | پارێزگا | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهایF |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **کۆزانیاریی** | **هەولێر** | 31.89 | 4.483 | ٣ | ٠,٠٠٠ | 11.552 |
| | **سلێمانی** | 30.47 | 4.584 | | | |
| | **دهۆک** | 29.67 | 5.069 | ٩٦ | | |
| | **هەڵەبجە** | 20.14 | 6.890 | ٩٩ | | |
| **ویژدانی** | **هەولێر** | 30.31 | 3.694 | ٣ | ٠,٠٠٠ | 7.224 |
| | **سلێمانی** | 31.27 | 3.814 | | | |
| | **دهۆک** | 29.37 | 4.217 | ٩٦ | | |
| | **هەڵەبجە** | 23.57 | 5.593 | ٩٩ | | |
| **ڕەفتاری** | **هەولێر** | 46.72 | 5.902 | ٣ | ٠,٠٠٠ | 10.747 |
| | **سلێمانی** | 45.47 | 7.109 | | | |
| | **دهۆک** | 46.74 | 6.048 | ٩٦ | | |
| | **هەڵەبجە** | 31.29 | 11.856 | ٩٩ | | |

بە گوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ٢٠ تایبەت بە پێوانەی (ANOVA) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی پارێزگا لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان بە میدیای نوێ، لەسەر هەرسێ لایەنی کۆزانیاریی و ویژدانی و ڕەفتاری، وەک دەردەکەوێت کە بەهای (F) تایبەت بە لایەنی کۆزانیاریی بریتییە لە ١١,٥٥٢ بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ کە کەمترە لە ٠,٠٥ کە ئاماژەی بوونی جیاوازییە، بە واتای ئەوەی جیاوازی هەیە لە بەرژەوەندی پارێزگای هەولێر بە ناوەندە ژمێرەی ٣١,٨٩ و لە دوای ئەویش سلێمانی بە ٣٠,٤٧ و لە پلەی سێهەمیشدا پارێزگای دهۆک بە ٢٩,٦٧ و لە کۆتاییشیدا پارێزگای هەڵەبجە بە ناوەندە ژمێرەی ٢٠,١٤. ئەنجامەکان ئاماژەی کاریگەری نیشاندەدەن، بەوەی پەرلەمانتارانی پارێزگای هەولێر زیاتر پشت بە میدیای نوێ دەبەستن بۆ وەرگرتنی کۆزانیاریی لەسەر بابەتەکانی تایبەت بە کاری پەرلەمانتارییان، بەهۆی ئەوەی هەولێر وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان سەرچاوەی زۆربەی جوڵە ئابووری و سیاسییەکان و ناوەندی بڕیاردانە و زۆرترین زانیارییەکان لەو پارێزگایەدان، ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی پەرلەمانتارانی سەربە پارێزگاکە بە

شێوەیەکی گشتی زیاتر لە پارێزگاکانی دیکە سود لە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان وەربگرن بۆ لایەنی کۆزانیارییان.

هەرچی پارێزگای سلێمانییە وەک دووەمین پارێزگا لە دوای هەولێر، پەرلەمانتارەکانی سود لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن بۆ لایەنی کۆزانیاریی. سلێمانی ململانێی زۆری سیاسیی تێدایە لە نێوان پارت سیاسییەکاندا و لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا شانۆی زۆرێک لە ململانێ سیاسییەکان بووە، هەربۆیە پەرلەمانتارەکانی پشت بە میدیای نوێ دەبەستن بۆ وەرگرتنی زانیاری.

پارێزگای دهۆکیش لە پلەی سێیەمدایە لە ڕوی پشتبەستنی پەرلەمانتارەکانیان بە میدیای نوێ بۆ وەرگرتنی کۆزانیاریی. ئەوەی جیاوازە لە هەرسێ پارێزگاکەی دیکە، پارێزگای هەڵەبجەیە کە لە پلەی چوارەمدایەو بە جیاوازی زۆر لەگەڵ هەرسێ پارێزگاکەی دیکە، بە واتای ئەوەی پەرلەمانتارەکانی کەمتر پشت بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن، کە دەکرێت هۆکاری ئەمە ئەوە بێت کە نوێترین پارێزگایە و لە ڕوی دانیشتوانیشەوە لەوانی دیکە بچوکترە و کەمتر جوڵەی سیاسی و ململانێی تێدایە، بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە، سەرەڕای ئەوەش لە ڕوی گەشەسەندنەوە تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەک پارێزگاکانی دیکە بەهێز نین و هێشتا کەناڵە نەریتییەکانی وەک تەلەفزیۆن زیاتر کاریگەرن بۆ خەڵک وپەرلەمانتاران بۆ وەرگرتنی کۆزانیاریی.

هەروەها پێوەری (ANOVA) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی پارێزگا لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان بە میدیای نوێ لەسەر لایەنی ویژدانی دەردەکەوێت کە بەهای (F) تایبەت بە لایەنی ویژدانی بریتییە لە ٧,٢٢٤ بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ کە کەمترە لە ٠,٠٥ کە ئاماژەی بوونی جیاوازییە بە واتای ئەوەی جیاوازی هەیە، لە بەرزەوەندی پارێزگای سلێمانی بە ناوەندە ژمێرەی ٣١,٢٧ و لە دوای ئەویش هەولێر بە ٣٠,٣١ و لە پلەی سێیەمیش پارێزگای دهۆک بە ٢٩,٣٧ و لە کۆتایشیدا پارێزگای هەڵەبجە بە ناوەندە ژمێرەی ٢٣,٥٧.

ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ١١ تایبەت بە پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە گوێرەی پارێزگاکانیان بۆ میدیای نوێ لەسەر هەرسێ لایەنی کۆزانیاریی و ویژدانی و ڕەفتاری نیشانیدەدات، کە تایبەت بە لایەنی ویژدانی سلێمانی بەرزترین ناوەندە ژمێرەی تۆمارکردووە، بە بەراورد بە سێ پارێزگاکەی دیکە. پەرلەمانتارانی سەر بە پارێزگای سلێمانی وەک لە خشتەکەدا دیارە پشتبەستنیان بۆ میدیای نوێ لەسەر لایەنی ویژدانیان ڕەنگیداوەتەوە بە گوێرەی وەڵامەکانیان.

هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا پارێزگاکە ململانێی زۆری بەخۆوە بینیەوە لە ڕوی سیاسییەوە و یەکەمین پارتی ئۆپۆزسیۆن لەم پارێزگایەدا دروست بوو لە ساڵی ٢٠٠٩دا. بەشی زۆری پەرلەمانتارەکانی ئەم پارێزگایە سەر بە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بوون، ئەوەش وایکردووە ئەوەی لە میدیا نوێ دەگوزەرێت کاریگەری لەسەر پەرلەمانتارەکان هەبێت، بە تایبەت لەسەر لایەنی ویژدانیان کە خۆی لە هەڵچوونەکان و هاوهەڵوێستی و قسەکردنیان دەبینێتەوە، لەگەڵ

ئەو بابەتانەی کە لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە جێی باسی خەڵک و بەکارهێنەران. لە دوای سلێمانیش پارێزگای هەولێرە، هۆکاری ئەوەش فرەیی پەرلەمانتارەکانی پارێزگاکەیە لە ڕوی دابەشبوونیان بەسەر لایەنەکان و بوونی زۆرێک لە چالاکی و جوڵە سیاسییەکانە لەو پارێزگایە بە سیفەتی ئەوەی ناوەندنی بڕیاردان و پایتەختی هەرێمی کوردستانە، لە پلەی سێیەمیش پارێزگای دهۆکە لە پلەی چوارەمیشدا پارێزگای هەڵەبجە دێت، بە جیاوازی زۆر لەگەڵ پارێزگاکانی دیکە، بە هەمان هۆکارەکانی پێشوو لە بەهێزی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و بچوکی پارێزگاکە بەبەراورد بە پارێزگاکانی دیکە.

هەرچی تایبەتە بە پێوەری (ANOVA)، بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی پارێزگا لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان بە میدیای نوێ لەسەر لایەنی ڕەفتاری دەردەکەوێت، کە بەهای (F) تایبەت بە لایەنی ڕەفتاری بریتییە لە ١٠,٧٤٧ بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ کە کەمترە لە ٠,٠٥ کە ئاماژەی بوونی جیاوازییە بە واتای ئەوەی جیاوازی هەیە لە بەرژەوەندی پارێزگای دهۆک بە ناوەندە ژمێرەی ٤٦,٧٤ و لە دوای ئەویش هەولێر بە ٤٦,٧٢ و لە پلەی سێهەمیش پارێزگای سلێمانی بە ٤٥,٤٧ و لە کۆتایشیدا پارێزگای هەڵەبجە بە ناوەندە ژمێرەی ٣١,٢٩.

لەسەر ئاستی ڕەفتاری، هەروەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، ناوەندە ژمێرەی پارێزگای دهۆک بەرزترین، کە ئاماژەی جیاوازییە لە دوای ئەویش بە جیاوازییەکی زۆر کەم پارێزگای هەولێر دێت. ئەم ئەنجامانە ئەوە دەردەخەن کە پەرلەمانتارانی ئەو دوو پارێزگایە زیاتر سود لە میدیا نوێ وەردەگرن بۆ لایەنی ڕەفتارییان لە پەرلەمان و کارەکانیان وەک پەرلەمانتار. پەرلەمانتارانی ئەو دوو پارێزگایە زۆرترینیان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو پارتانەن کە نزیکن لەو پارتە، کە لە هەمان کات پێکهێنەری سەرەکی حکومەتە بۆیە ئەنجامەکان بەو ئاراستەیەن کە زۆرینەی پەرلەمانین و دەتوانن سود وەرگرتنەکەیان بگۆڕن بۆ ڕەفتار لە قسەکردن و هەڵوێست وەرگرتن و گفتوگۆو دەنگدان بە پرۆژەیاساو بڕیارەکان.

لە پلەی سێیەمیشدا بە جیاوازی کەم پارێزگای سلێمانی دێت، بەو پێیەی زۆرینەی پەرلەمانتارەکانی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕانن کە پێکهێنەری حکومەتن، بە هەمان شێوە سود لە میدیای نوێ دەبینن بۆ سەر لایەنی ڕەفتاریان لە پرۆسەی گفتوگۆکردن و دەنگدان لەسەر پرۆژەیاسا و بڕیارەکان.

لە پلەی چوارەمیشدا پارێزگای هەڵەبجە دێت، کە بە گوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ٢٠ کەمتر پەرلەمانتارەکانیان پشت بە میدیای نوێ دەبەستن بۆ لایەنی ڕەفتارییان بە هەمان شێوەی لایەنی ویژدانی و کۆزانیاریی.

**خشته (٢١)**

**پێوەری (ANOVA)بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆراوی فراکسیۆن لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ لەسەر ئاستی کۆزانیاریی**

| کاریگەرییەکان | فراکسیۆن | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهایF |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆزانیاریی | پارتی | 32.05 | 4.422 | ٩ | ٠,٠٢٣ | 2.290 |
| | یەکێتی | 26.81 | 6.728 | | | |
| | گۆڕان | 27.33 | 5.245 | ٩٠ | | |
| | کۆمەڵ | 29.57 | 4.860 | | | |
| | یەکگرتوو | 30.20 | 2.950 | ٩٩ | | |
| | نەوەی نوێ | 33.00 | 8.000 | | | |
| | پێکهاتەکان | 29.67 | 5.745 | | | |
| | سەردەم | 35.00 | ٠ | | | |
| | ئازادی | 34.00 | ٠ | | | |
| | سەربەخۆ | 33.50 | 3.109 | | | |

بە گوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ٢١ تایبەت بە پێوانەی (ANOVA) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری فراکسیۆن لەسەر پلەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر ئاستی کۆزانیارییان دەردەکەوێت؛ بەهای (F) تایبەت بە لایەنی کۆزانیاریی بریتییە لە ٢,٢٩٠ بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٢٣ کە کەمترە لە ٠,٠٥ کە ئاماژەی بوونی جیاوازییە لە نێوان فراکسیۆنە جیاوازەکان بۆ پشتبەتسنیان بە میدیای نوێ بۆ لایەنی کۆزانیارییان.

بە گوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ١٢ فراکسیۆنی سەردەم بە بەرزترین ناوەندە ژمێرە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، بۆ پشتبەستن بە میدیای نوێ بۆ وەرگرتنی کۆزانیاریی بە دوای ئەویش فراکسیۆنی ئازادی بە ناوەندە ژمێرەی ٣٤ و پاشان لە پلەی سێیەم فراکسیۆنی سەربەخۆ، یاخود پەرلەمانتارە سەربەخۆکان بە ناوەندە ژمێرەی ٣٣,٥٠. پەرلەمانتارانی ئەم سێ فراکسیۆنە زیاتر لەوانی دیکە پشت بە میدیای نوێ دەبەستن. هۆکارەکەی ئەوەیە، هەریەک لە (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستان) میدیای بەهێزی خۆیان نییە و پەرلەمانتارەکانیان پشت بە میدیای نوێ دەبەستن بۆ وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری و (فراکسیۆنی سەربەخۆ)ش کە وەک ئۆپۆزسیۆن کاردەکەن و سەر بە پارتێکی دیاریکراونین خاوەن میدیای خۆیان نین و سەرچاوەی سەرەکییان میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکانە.

هەرچی (فراکسیۆنی نەوەی نوێ)یە لە پلەی چوارەمدایە بە ناوەندە ژمێرەی ٣٣. نەوەی نوێ بەشداری حکومەت نین و خۆیان وەک پارتێکی ئۆپۆزسیۆن ناساندووە بۆیە تا ئاستێکی زۆر پەرلەمانتارەکانیان پشـــت بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەبەســـتن بۆ پەیوەندی بە خەڵک و وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری بڕوانە خشـــتەی ژمارە ١٢. لە دوای ئەوانیش فراکســـیۆنەکانی دیکە لە پلەی پێنجەمدا (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە ناوەندە ژمێرەی ٣٢,٠٥ و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە ناوەندە ژمێرەی ٣٠,٢٠ لە پلەی شـەشـەم و هەروەها (فراکسـیۆنی پێکهاتەکان) بە ٢٩,٦٧ لە پلەی حەوتەم و کۆمەڵ بە ٢٩,٥٧ لە پلەی هەشتەمدایە.

(فراکســـیۆنی گۆڕان) بە ناوەندە ژمێرەی ٢٧,٣٣ لە پلەی نۆیەمدایە و (فراکســـیۆنی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان) بە ٢٦,٨١ لە پلەی دەیەم و کۆتاییدایە بە جیاوازی زۆر لەگەڵ فراکسـیۆنەکانی دیکە بە ئاماژەی ئەوەی پەرلەمانتارانی (یەکێتی) زۆر کەم پشـــت بە میدیای نوێ دەبەســـتن بۆ لایەنی کۆزانیارییان لە کاری پەرلەمانی و پەرلەمانتارانی گۆڕانیش لە پلەی پێش کۆتایی بە هەمان ئاماژەی ئەوەی لە کاری پەرلەمانییان پشت بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان نابەستن، یاخود لە ئاستێکی کەمدا پشـــتی پێدەبەســـتن بە بەراورد بە پەرلەمانتارانی فراکســـیۆنەکانی دیکە بە تایبەت بۆ لایەنی کۆزانیاریی وەک لە خشتەی ژمارە ٢١ دا دەردەکەوێت.

**خشتە (٢٢)**

**پێوەری (ANOVA)بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی فراکسیۆن لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ لەسەر ئاستی ویژدانی**

| کاریگەرییەکان | فراکسیۆن | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهایF |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ویژدانی | پارتی | 30.19 | 3.900 | ٩ | ٠,٠٠٩ | ٢,٦٦٩ |
| | یەکێتی | 26.95 | 5.191 | | | |
| | گۆڕان | 32.17 | 3.380 | | | |
| | کۆمەڵ | 31.71 | 2.984 | | | |
| | یەکگرتوو | 30.40 | 1.949 | | | |
| | نەوەی نوێ | 33.67 | 3.512 | | | |
| | پێکهاتەکان | 29.11 | 4.729 | | | |
| | سەردەم | 25.00 | ٠ | | | |
| | ئازادی | 25.00 | ٠ | | | |
| | سەربەخۆ | 32.75 | 2.217 | | | |

به گوێرەی ئەنجامەکانی خشـتەی ژمارە ٢٢ تایبەت بە پێوانەی (ANOVA) بۆ تاقیکردنەوەی ئاسـتی کاریگەری فراکسیۆن لەسەر پلەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، لەسـەر ئاسـتی ویژدانیان دەردەکەوێت؛ بەهای (F) تایبەت بە لایەنی کۆزانیاریی بریتییە لە ٢,٦٦٩ بە ئاسـتی بەڵگەداری ٠,٠٠٩ کە کەمترە لە ٠,٠٥ کە ئاماژەی بوونی جیاوازییە لە نێوان فراکسـیۆنە جیاوازەکان بۆ پشتبەتسنیان بە میدیای نوێ بۆ لایەنی ویژدانیان.

چارەسـەرە ئامارییەکانی داتاکان بوونی پەیوەندییەکی بەهێز پیشـاندەدەن لە نێوان کاریگەری گۆڕاوی فراکسیۆن و پشـت بەسـتن بە میدیای نوێ بۆ سـەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران. لە پلەی یەکەمدا بە گوێرەی ناوەندە ژمێرەی دەسـتەکان (فراکسـیۆنی نەوەی نوێ) بە پلەی یەکەم دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣٣,٦٧ . پاشـان (پەرلەمانتارە سـەربەخۆکان) لە پلەی دووەمدایە بە ناوەند ژمێرەی ٣٢,٧٥. لە پلەی سـێیەمیشـدا (فراکسـیۆنی گۆڕان) دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣٢,١٧ و (فراکسـیۆنی کۆمەڵ) لە پلەی چوارەم دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣١,٧١ . لە پلەی پێنجەمیشـدا (فراکسیۆنی یەکگرتوو) دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣٠,٤٠ و (فراکسـیۆنی پارتی) لە پلەی شـەشـەم دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣٠,١٩ . لە پلەی حەوتەمیشدا (فراکسیۆنی پێکهاتەکان) بە ٢٩,١١. پلەی هەشتەمیش (فراکسیۆنی یەکێتی) بە ٢٦,٩٥ . لە پلەی نۆیەم و دەیەمیش هەردوو (فراکسـیۆنی سـەردەم و ئازادی) دێن بە ناوەند ژمێرەی٢٥ بۆ هەریەکەیان.

وەک ئەنجامەکان نیشانیدەدەن پەرلەمانتارانی (فراکسیۆنی نەوەی نوێ) لە پەرلەمانتارەکانی دیکە زیاتر پشـت بە میدیای نوێ دەبەسـتن بە ناوەندە ژمێرەی ٣٣,٦٧ بە جۆرێک ئەو پشـت بەسـتنە کاریگەری لەسەر لایەنی ویژدانیان دروستدەکات لە کارو چالاکییەکانیاندا بە هاوسۆزییان لەگەڵ ئەوەی لە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە.

ئەم ئەنجامە ئاماژەدارە بەوەی (فراکسـیۆنی نەوەی نوێ)، کە ئۆپۆزسـیۆنی حکومەتە زیاتر هاوسـۆزن لەگەڵ بابەت و بڵاوکراوەکانی ناو میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، بە بەراورد بە فراکسیۆنەکانی دیکە، بە واتـایەکی دیکە ئەوەی خەڵـک و بەکـارهێنەرانی میـدیـا کۆمەڵایەتییەکـان دەینووسـن و بڵاویدەکەنەوە کـاریگەری لەسـەر ویژدانی پەرلەمـانتـارانی (نەوەی نوێ) دادەنێت بە پلەی یەکەم و هاوسۆزی لەگەڵ دروستدەبێت، وەک لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ٢٢دا ڕونکراوەتەوە.

(پەرلەمـانتـارە سـەربەخۆکـان) لە پلەی دووەم دێن بە گوێرەی ئـاسـتی نـاوەنـدە ژمێرەی ٣٢,٧٥. (سەربەخۆکان) ئەو پەرلەمانتارانەن کە پێشتر سەر بە (فراکسیۆنی نەوەی نوێ) بوون، بەڵام لە ئێستادا سـەر بە هیچ پارتێکی سـیاسـی نین و ئەمانیش وەک ئۆپۆزسـیۆنی حکومەت خۆیان دەناسـێنن. وەڵامەکانیان بە کاریگەری پشـتبەسـتنیان بە میدیای نوێ لەسـەر لایەنی ویژدانیان ئاماژەی ئەوەیە، کە هاوسۆزن لەگەڵ بابەت و بڵاوکراوەکان و ئەوەی لە میدیای نوێ بڵاودەکرێتەوە زیاتر کار لە ویژدانیان دەکات لە کاری پەرلەمانتارییان.

(فراكسيۆنی گۆڕان) له پلەی سێیەمدایە به ناوەندە ژمێرەی ٣٢,١٧ له پشت بەستنیان به میدیای نوێ لەسەر ئاستی ویژدانیان. (فراكسیۆنی گۆڕان) سەر به (بزوتنەوەی گۆڕان)ە، که پێشتر وەک پارتێکی ئۆپۆزسیۆن دروستبوو، بۆیە پەرلەمانتارەکانیان وەک وەڵامیانداوەتەوە و له خشتەكەدا دیارە لە ئاستێکی بەرزدا پشت به میدیای نوێ دەبەستن و ئەوەش كاریگەری لەسەر لایەنی ویژدانیان دەبێت. هۆكارێکی دیکەش ئەوەیە له ئێستادا بزوتنەوەکە هیچ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی نییە و تەنها چەند ماڵپەڕێکی هەواڵیان هەیە، ئەوەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی پشت به میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان ببەستن.

هەروەها هەریەک له (فراكسیۆنی کۆمەڵ) له پلەی چوارەم دێت به ناوەندە ژمێرەی ٣١,٧١ هەروەها (فراکسیۆنی یەکگرتوو) له پلەی پێنجەمدا دێت به ناوەندە ژمێرەی ٣٠,٤٠. هەریەکە له (یەکگرتووی ئیسلامی) و (کۆمەڵی ئیسلامی) لەم خولەی پەرلەماندا ئۆپۆزسیۆنی حکومەتن و بەشداری حکومەت نین، ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاتر پشت به میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان ببەستن بۆ لایەنی ویژدانی.

(فراكسیۆنەکانی پارتی) و (پێکهاتەکان) له پلەی شەشەم و حەوتەمدا دێن و له پلەی هەشتەمیشدا (فراكسیۆنی یەکێتییە)، که به جیاوازی زۆر دەردەکەوێت کەم پشت به میدیا نوێ دەبەستن تایبەت به لایەنی ویژدانی، ئەگەرچی یەکێتی پێکهێنەرێکی سەرەکی حکومەتە، بەڵام وەک له وەڵامی پەرلەمانتارەکانیدا دەرکەوتووە پلەی پشتبەستنیان به میدیای نوێ له ئاستێکی نزمدایە و له پلەی هەشتەمدا دێن و تەنها (فراكسیۆنی سەردەم) و (ئازادی)یەوەیە، که هەردووکیان به ناوەندە ژمێرەی ٢٥ له پلەی نۆیەمدان.

**خشته (٢٣)**

**پێوەری (ANOVA)بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی فراکسیۆن لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتاران به میدیای نوێ لەسەر ئاستی ڕەفتاری**

| بەهایF | ئاستی بەڵگەداری | نمرەی ئازادی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرە | فراکسیۆن | کاریگەرییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣,٩٠٢ | ٠,٠٠٠ | ٩ | 5.580 | 47.41 | پارتی | ڕەفتاری |
| | | | 10.885 | 39.10 | یەکێتی | |
| | | | 4.469 | 44.17 | گۆڕان | |
| | | | 3.132 | 46.86 | کۆمەڵ | |
| | | | 3.742 | 47.00 | یەکگرتوو | |
| | | | 0.577 | 57.33 | نەوەی نوێ | |
| | | | 5.718 | 46.22 | پێکهاتەکان | |
| | | | ٠ | 40.00 | سەردەم | |
| | | | ٠ | 34.00 | ئازادی | |
| | | | 8.500 | 49.25 | سەربەخۆ | |

بە گوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ٢٣، تایبەت بە پێوانەی (ANOVA) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری فراکسیۆن لەسەر پلەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی ڕەفتارییان دەردەکەوێت؛ بەهای (F) تایبەت بە لایەنی کۆزانیاریی بریتییە لە ٣,٩٠٢ بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ کە کەمترە لە ٠,٠٥ کە ئاماژەی بوونی جیاوازییە لە نێوان فراکسیۆنە جیاوازەکان بۆ پشتبەتسنیان بە میدیای نوێ بۆ لایەنی ڕەفتاریان.

وەک لە خشتەی ژمارە ٢٣ دا دەردەکەوێت، پەرلەمانتارەکانی (فراکسیۆنی نەوەی نوێ) لە پلەی یەکەم دێت، بە ناوەندە ژمێرەی ٥٧,٣٣ تایبەت بە پشت بەستنیان بە میدیای نوێ و کاریگەری ئەوە پشتبەستنە لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتارەکان لە کاری پەرلەمانتارییان، وەک هەڵوێست وەرگرتن و گفتوگۆکردن و بەشداریان لە گفتوگۆ و چالاکییەکاندا. هۆکاری ئەوەش ئەوەیە (نەوەی نوێ) فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆنە و زیاتر کاریگەرن بە میدیا کۆمەڵایەتییەکان کە وەک بڵندگۆیەک وایە بۆ خەڵک و بەکارهێنەرانی لە دەربڕینی بۆچوون و داواکارییەکانیان لە حکومەت، لە پلەی دووەمدا (فراکسیۆنی سەربەخۆ) دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٤٩,٢٥. سەربەخۆکان پێشتر بەشێک بوون لە (فراکسیۆنی نەوەی نوێ) و لە ئێستاشدا و پاش جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی خۆیان وەک پەرلەمانتاری سەربەخۆ وەک ئۆپۆزسیۆنی حکومەت خۆیان دەناسێنن و کاردەکەن. پەرلەمانتارە سەربەخۆکان وەک لە وەڵامەکانیان دەردەکەوێت زیاتر پشت بە میدیای نوێ دەبەستن و ئەوەش کاریگەری لەسەر ڕەفتاریان دەبێت لە کاری پەرلەمانتارییان.

لە پلەی سێیەمدا (فراکسیۆنی پارتی) دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٤٧,٤١ کە ئاستێکی تا ڕادەیەک بەرزە بەو پێیەی (پارتی) پێکهێنەری سەرەکی حکومەتە، لە ئاستێکی باشدا گرنگی بە بابەت و بڵاوکراوەکانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان و میدیای نوێ دەدات و پشتیپێدەبەسێت لە کاریگەری لەسەر لایەنی ڕەفتارییان.

لە پلەی چوارەمدا (فراکسیۆنی یەکگرتوو) دێت بە ناوەند ژمێرەی ٤٧ و (کۆمەڵ) لە پلەی پێنجەمدا دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٤٦,٨٦ . (فراکسیۆنی پێکهاتەکان) لە پلەی شەشەم دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٤٦,٢٢. (فراکسیۆنی گۆڕان) لە پلەی حەوتەم دێت بە ٤٤,١٧ و لە پلەی هەشتەم (فراکسیۆنی سەردەم) دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٤٠ و هەرچی (فراکسیۆنی یەکێتی)شە لە پلەی نۆیەم دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣٩,١٠ و پلەی دەیەمیش (فراکسیۆنی ئازادی)یە بە ناوەند ژمێرەی ٣٤.

بە شێوەیەکی گشتی دەردەکەوێت ئەو پارتانەی لە دەسەڵات و حوکمدان کەمتر پشت بە میدیای نوێ دەبەستن و ئەوەی لە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەبێتەوە کاریگەری کەمتری لەسەر لایەنی ویژدانیان هەیە، ئەگەرچی لێرەدا (فراکسیۆنی پارتی) لە پلەی سێیەمدایە و وەک دەرکەوتووە تا ئاستێکی باش پشت بە میدیای نوێ دەبەستن و کاریگەری لەسەر لایەنی ڕەفتارییان دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوەوە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان زیاتر گرنگی بەو بابەتانە دەدەن و زیاتر پشت بە میدیای نوێ دەبەستن و ئەوەش کاریگەری لەسەر ئاستی ڕەفتارییان دەبێت لە کاری پەرلەمانتارییاندا بڕوانە خشتەی ژمارە ٢٣.

**خشتە (٢٤)**

**تاقیکردنەوەی (T-Test) بە یەک ئاراستە (One way) بۆ تاقیکردنەوەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیا نوێ لەسەر هەرسێ ئاستی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری)**

| سامپڵ | کۆی ناوەندە ژمێرەی خشتەیی | کۆی ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهایT |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆزانیاریی | ٣٠,٠٤ | ٢٧ | ٥,٥٨١ | ٩٩ | ٠,٠٠٠ | ٥٣,٨٢٣ |
| ویژدانی | ٢٩,٨٧ | ٣٠ | ٤,٣٨٠ | | | ٦٨,١٩٥ |
| ڕەفتاری | ٤٥,٢٧ | ٣٩ | ٧,٧٧٤ | | | ٥٨,٢٢٩ |
| کۆی گشتی | ١٠٥,١٨ | ٩٦ | | | | |

بە گوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ٢٧ تایبەت بە پێوانەی (T-Test) بە یەک ئاراستە بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەکی گشتی لەسەر هەرسێ ئاستی کۆزانیاریی و ویژدانی و ڕەفتاریيان دەردەکەوێت؛ بەهای (T) تایبەت بە لایەنی کۆزانیاریی بریتییە لە ٥٣,٨٢٣ و بەهای (T) تایبەت بە لایەنی ویژدانی بریتییە لە ٦٨,١٩٥ و بەهای (T) تایبەت بە لایەنی ڕەفتاری بریتییە لە ٥٨,٢٢٩ بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ کە کەمترە لە ٠,٠٥ کە بەهایەکی ئاماژەدارە و مانای هەبوونی جیاوازییە لە پشتبەستنی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بە میدیای نوێ بۆ هەرسێ لایەنی کۆزانیاریی و ویژدانی و ڕەفتاری بە پلەی جیاواز.

لێرەدا ناوەندە ژمێرەی خشتەیی تایبەت بە لایەنی کۆزانیاریی بریتییە لە ٣٠,٠٤ کە زیاترە لە ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی بڕگەکانی لایەنی کۆزانیاریی کە بریتییە لە ٢٧. واتا بە پێی پێوەری (لیکارتی پێنجی)، ناوەندە ژمێرەکەی بەلای وەڵامی زۆرجار دەچێت، واتا وەڵامی پەرلەمانتاران بەشێوەیەکە کە زۆر پشت بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن بۆ لایەنی کۆزانیارییان، لێرەدا لادانی پێوەری بریتییە لە ٥,٥٨١ بە نمرەی ئازادی ٩٩ یە.

ئەم ئەنجامە نیشانیدەدات پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بە پلەی زۆرجار پشت بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن بە مەبەستی وەرگرتنی کۆزانیاریی لەسەر پرس و

بابەتەکانی پەیوەست بە خەڵک و بە کاری پەرلەمانییان. ئەم ئەنجامە ڕونیدەکاتەوە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە سەرچاوەیەکی بەهێزی کۆزانیاریی بۆ پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان و زۆر پشتی پێدەبەستن بە مەبەستی وەرگرتنی کۆزانیاریی، کە وەک یاسادانەر لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی و کاری پەرلەمانتاریان سودی لێببینن.

وەک لە خشتەی ژمارە ٢٧ دا دیارە ناوەندە ژمێرەی خشتەیی تایبەت بە لایەنی ویژدانی بریتییە لە ٢٩,٨٧ کە چەند پۆینتێک کەمترە لە ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی بڕگەکانی لایەنی ویژدانی کە بریتییە لە ٣٠. واتا بە پێی پێوەری لیکارتی پێنجی، ناوەندە ژمێرەی خشتەییەکەی بەلای وەڵامی کەمجاردا دەچێت بە پلەیەکی کەم واتە بێلایەنە. واتا وەڵامی پەرلەمانتاران وایە بێلایەنن ئاستی پشتبەستنیان بە میدیای نوێ بۆ لایەنی ویژدانییان. لێرەدا لادانی پێوەری بریتییە لە ٤,٣٨٠ بە نمرەی ئازادی ٩٩.

ئەم ئەنجامانە ئاماژەی ئەوەن، کە پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، بە گشتی بێلایەنن و بە پلەیەکی کەمتر لە بێلایەنی میدیای نوێ کاریگەری لەسەر لایەنی ویژدانیان دەبێت، ئەمەش دەرەنجامێکی ڕونە بەوەی پەرلەمانتاران وەک یاسادانەر کەمتر بە لایەنی هەست و سۆزەوە دەڕواننە ئەو بابەتانەی لە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەبنەوە و بە شێوەیەکی کەم کاریگەری لەسەر لایەنی ویژدانیان دەبێت، یاخود ئاماژەیە بەوەی هاوسۆز و دژ نابن بەو بابەتانەی بڵاودەکرێتەوە کار لە ویژدانیان ناکات لە کاتی کارکردنیان وەک پەرلەمانتار.

تایبەت بە لایەنی ڕەفتاری، ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ٢٧ نیشانیدەدات، کە ناوەندە ژمێرەی خشتەیی تایبەت بە لایەنی ویژدانی بریتییە لە ٤٥,٢٧ کە زیاترە لە ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی بڕگەکانی لایەنی ڕەفتاری کە بریتییە لە ٣٩. واتا بە پێی پێوەری (لیکارتی پێنجی)، ناوەندە ژمێرەی خشتەییەکەی بەلای وەڵامی زۆرجاردا دەچێت، واتا وەڵامی پەرلەمانتاران وایە کە زۆرجار پشت بە میدیای نوێ دەبەستن بۆ لایەنی ڕەفتارییان. لێرەدا لادانی پێوەری بریتییە لە ٧,٧٧٤ بە نمرەی ئازادی ٩٩.

ئەنجامەکان بە ڕونی ئەوە نیشاندەدەن پەرلەمانتارانی کوردستان لە وەڵامەکانیاندا ئەوەیان سەلماندووە، کە پشتبەستنیان بە میدیای نوێ کاریگەری لەسەر لایەنی ڕەفتارییان دەبێت. ئەو کاریگەرییەش بە گوێرەی ئەنجامەکان بە ئاراستەی زۆرجاردایە، واتا لە زۆربەی جارەکاندا بابەت و بڵاوکراوەکانی نێو میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر ڕەفتاریی پەرلەمانتاران دەبێت. ئەم دەرەنجامەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە کاریگەری میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەسەر لایەنی ڕەفتار لە ئاستێکی بەرزدایە و بەرتوێژانیش ئەو کاریگەرییەیان سەلماندووە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئامادەکردن پرۆژە یاسا و بەشداری دانیشتن و گفتوگۆ و بەدواداچوون و دەنگدان بە پرۆژەیاسا و پرۆسەی بڕیارداندا.

بە شێوەیەکی گشتی هەروەک لە خشتەی ژمارە ٢٧ دا هاتووە، ناوەندە ژمێرەی خشتەیی کۆی گشتی هەرسێ لایەنی کۆزانیاریی و ویژدانی و ڕەفتاری بریتییە لە ١٠٥,١٨ کە زیاترە لە ناوەندە ژمێرەی گریمانیی کۆی بڕگەکانی هەرسێ لایەنی کۆزانیاریی و ویژدانی و ڕەفتاری، کە بریتییە لە ٩٦. واتە بە پێی پێوەری (لیکارتی پێنجی)، ناوەندە ژمێرەی گشتی هەرسێ ئاستەکە بە شێوەیەکی گشتی لە پشتبەستنیان بە میدیای نوێ بەلای زۆرجاردایە بە ئاستێکی بەرز.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم ئەنجامانە کاریگەری میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەسەلمێنن لەسەر پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان لەسەر هەرسێ ئاستی پشتبەستن بۆ لایەنی کۆزانیاریی و ویژدانی و رەفتاری. میدیای نوێ لە سەردەمی ئەمڕۆدا بووەتە سەرچاوەیەکی کاریگەر و گرنگ بۆ وەرگرتنی زانیاری لەلایەن پەرلەمانتارانەوە و هەر ئەو میدیایە کاریگەری لەسەر هەڵوێست و چالاکییەکانیان دەبێت لە سەرجەم قۆناغەکانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و کار و چالاکییەکانیاندا.

**خشتە (٢٥)**

**ئاستی کاریگەری ڕۆڵی میدیای نوێ لە کۆزانیارییەکانی پەرلەمانتاران**

| | هەمیشە | | زۆر | | هەندێکجار | | کەم | | هەرگیز | | ن | ریزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| ١.میدیای نوێ وا دەکات ئاگاداربم لە هەواڵ و ڕوداوەکان | ٢٠ | ٢٠ | ٥١ | ٥١ | ٢٤ | ٢٤ | ٥ | ٥ | - | ٠ | ٣,٨٦ | ١ | زۆر |
| ٢.میدیای نوێ زانیاریم پێدەدات لەسەر داواکارییەکانی خەڵک | ٧ | ٧ | ٥٣ | ٥٣ | ٣١ | ٣١ | ٦ | ٦ | ٣ | ٣ | ٣,٥٥ | ٢ | زۆر |
| ٣.میدیای نوێ وادەکات زانیارییەکانم لەسەر پرسە سیاسسیەکان زیاد بکات | ٨ | ٨ | ٤٧ | ٤٧ | ٣٥ | ٣٥ | ١٠ | ١٠ | - | ٠ | ٣,٥٣ | ٣ | زۆر |
| ٤. میدیای نوێ وادەکات زانیاری زیاتر کۆبکەمەوە بۆ پرۆژەیاساکان | ٦ | ٦ | ٣٥ | ٣٥ | ٣٧ | ٣٧ | ١٢ | ١٢ | ١٠ | ١٠ | ٣,١٥ | ٧ | بێلایەن |
| ٥.میدیای نوێ کارئاسانی دەکات بۆچوونی خەڵک بزانم لەسەر یاساکان | ٣ | ٣ | ٤٣ | ٤٣ | ٢٨ | ٢٨ | ١٩ | ١٩ | ٧ | ٧ | ٣,١٦ | ٦ | بێلایەن |
| ٦.میدیای نوێ کارئاسانی دەکات بۆچوونی لایەنە سیاسییەکان بزانم لەسەر یاساکان | ١١ | ١١ | ٣٠ | ٣٠ | ٣٠ | ٣٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٩ | ٩ | ٣,١٤ | ٨ | بێلایەن |
| ٧.میدیای نوێ کارئاسانی دەکات زیاتر لەسەر یاساکان بخوێنمەوە | ٦ | ٦ | ٣٦ | ٣٦ | ٣٥ | ٣٥ | ١٦ | ١٦ | ٧ | ٧ | ٣,١٨ | ٥ | بێلایەن |
| ٨.میدیای نوێ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی زانیاریم هەبێت لەسەر دۆسییەکان | ٥ | ٥ | ٢٣ | ٢٣ | ٤٩ | ٤٩ | ٢٠ | ٢٠ | ٣ | ٣ | ٣,٠٧ | ٩ | بێلایەن |
| ٩.میدیای نوێ بووەتە جێگرەوەی میدیاکانی دیکە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانم. | ١٠ | ١٠ | ٤٢ | ٤٢ | ٢٩ | ٢٩ | ١٦ | ١٦ | ٣ | ٣ | ٣,٤٠ | ٤ | زۆر |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | ٣,٣٣ | بێلایەن | |
| بەهای T ٥٣,٨٢٣ نمرەی ئازادی ٩٩ ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ ناوەندی خشتەیی ٣٠,٠٤ ناوەندی گریمانە ٢٧ | | | | | | | | | | | | | |

وەک لە خشــتەی ژمارە ٢٧ دا دەردەکەوێت، ســەبارەت بە ئاســتی کاریگەری میدیای نوێ لە کاریگەری خســتنەســەر کۆزانیاریی پەرلەمانتاران؛ بە شــێوەیەکی گشــتی بۆ کۆی بڕگەکان ناوەندە ژمێرەی خشــتەیی بریتییە لە ٣٠,٠٤ کە بە بەراورد بە ناوەندەژمێرەیی گریمانەیی ٢٧ بەرزترە، کە بە پێی پێوەری (لیکارتی پێنجی) واتا ئاستی پشتبەستنەکە بە ئاراستەی زۆرە بە واتای ئەوەی زۆرینەی پەرلەمانتاران ســود لە میدیای نوێ وەردەگرن بۆ زیادکردنی ئاســتی کۆزانیارییان، ئەوەش ئاماژەی کاریگەریی بەکارهێنان و پشتبەستنە بە میدیای نوێ لەسەر کۆزانیاری پەرلەمانتاران. لێرەدا بەهای T بریتییە لە ٥٣,٨٢٣ بە نمرەی ئازادی ٩٩.

لەســەر ئاســتی بڕگەکان بڕگەی یەکەم تایبەت بە ئەوەی ئایا تا چەند میدیای نوێ بووەتە هۆی ئـاگـاداربوونـت لە هەواڵ و ڕوداوەکـان، بەرزترین نـاوەنـدە ژمێرەی هەیە، کە بریتییە لە ٣,٨٦ بە بەراورد بە بڕگەکـانی دیکەی تـایبەت بە لایەنی کۆزانیـاریی. لێرەدا وەک لە خشـــتەی ژمـارە ٢٧ دا دەردەکەوێـت زۆرینەی پەرلەمـانتـاران بە ڕێژەی ٥١٪ دەڵێن، کە زۆرجـار میـدیـای نوێ وادەکـات ئاگاداری هەواڵ و ڕوداوەکانی کوردســـتان بن و لە پلەی دووەمیشـــدا پەرلەمانتاران بە ڕێژەی ٢٤٪ دەڵێن، کە تا ڕادەیەک میدیای نوێ بووەتە هۆی ئەوەی ئاگاداری هەواڵ و ڕوداوەکان بن و لە پلەی ســێیەمیش ٢٠٪ ی پەرلەمانتاران دەڵێن هەمیشــە میدیای نوێ وادەکات ئاگاداری ڕوداوەکان بن و ٥٪ یان دەڵێن کەمجار میدیای نوێ دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاگاداری ڕوداو و هەواڵەکان بن.

ئەم ئەنجامانەی سەرەوە ڕونیدەکەنەوە، کە میدیا نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی و لە ئاستی باشدا بوونەتە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریی بۆ پەرلەمانتارانی کوردستان، بە جۆرێک زیاتر لە نیوەی پەرلەمانتاران زۆرجار پشــت بە میدیای نوێ دەبەســتن بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵ و ڕوداوەکانی کوردستان و نزیکەی ٤/١ ی پەرلەمانتاران دەڵێن هەمیشە میدیای نوێ دەبێتە هۆکاری ئاگاداربوونیان. ئەمە ئەوە دەردەخات کە میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان بووەتە سەرچاوەیەکی باش بۆ گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕوداوەکانی کوردستان بە شێوەیەک کە زۆرینەی پەرلەمانتاران لەو ڕێگەیەوە ئاگاداری ڕوداوەکان دەبن.

سەبارەت بە بڕگەی دووەم تایبەت بەوەی تاچەند میدیای نوێ زانیاریت پێدەدات سەبارەت بە خواست و داواکارییەکانی خەڵک، بڕگەکە بە ناوەندە ژمێرەی ٣,٥٥ لە پلەی دووەمدایە لەســەر ئاســتی بڕگەکانی تایبەت بە لایەنی کۆزانیاریی. زۆربەی پەرلەمانتارانی کوردستان بە ڕێژەی ٥٣٪ وەڵامی زۆرجاریان هەڵبژاردووە و ٣١٪ ی پەرلەمانتاران دەڵێن تا ڕادەیەک میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی وەرگرتنی کۆزانیاریی ســەبارەت بە خواســت و داواکارییەکانی خەڵک و لە پلەی ســێیەمیشــدا ٧٪ یان دەڵێن هەمیشــە میدیای نوێ هۆکارە بۆ زانینی داواکارییەکانی خەڵک و ٦٪ دەڵێن کەمجار میدیای نوێ زانیارییان پێدەدات و ٣٪ دەڵێن هەرگیز میدیای نوێ نابێتە هۆی زانینی داواکارییەکانی خەڵک.

لێرەدا دەردەکەوێت، کە زیاتر لە نیوەی پەرلەمانتارانی کوردســـتان لە ڕێگەی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاگاداری خواست و داواکارییەکانی خەڵک دەبن، ئەوەش ئاماژەی ئەوەیە کە میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا تا ڕادەیەکی زۆر بووەتە سەکۆ و ئامرازی گەیاندنی داواکارییەکانی خەڵک بەجۆرێک یاســـادانەران دەتوانن لەو ڕێگەیەوە لە داواکاری و خواســـتەکانی خەڵک ئاگاداربن، بە واتـایەکی دیکە خەڵکی هەرێمی کوردســـتـان میدیـای نوێ بەکـاردەهێنن بۆ دەربڕینی خواســـت و داواکارییەکانیان بە دەسەڵاتداران و یاسادانەران.

هەروەها ٣١٪ ی پەرلەمانتاران دەڵێن تارادەیەک میدیای نوێ بووەتە هۆکاری گەیاندنی خواســـتەکانی خەڵک ٦٪ کەمجار و ٣٪ هەرگیز پشـت بە میدیای نوێ نابەسـتن بۆ زانینی خواسـت و داواکارییەکانی خەڵک، کە ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە هاوکات لەگەڵ گەشـــەســـەندنی میدیای نوێ و بوونی بە هۆکارێکی گەیاندنی داواکارییەکانی خەڵک، ئامراز و شـێوازی دیکەی گەیاندنی خواسـتی خەڵک بە پەرلەمانتاران هێشـتا بوونی هەیە لە نموونەی میدیا نەریتییەکان و خۆپیشـاندان و گەڕان و بینینی ڕاسـتەوخۆی خەڵک و پەرلەمانتاران.

بڕگەی (میدیای نوێ وادەکات زانیارییەکانم لەســـەر پرس و بابەتە ســـیاســـییەکان زیاد بکات)، وەک لە خشـــتەی ژمارە ٢٧ دا دەردەکەوێت، لە پلەی ســـێیەمدا دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣,٥٣ لە نێو بڕگاکانی تـایبەت بە لایەنی پشـــتبەســـتنی پەرلەمـانتـاران بە میـدیـای نوێ بۆ لایەنی کۆزانیـاریی. زۆرینەی پەرلەمانتاران بە ڕێژەی ٤٧٪ وەڵامی زۆرجاریان هەڵبژاردووە و ٣٥٪ یان دەڵێن تارادەیەک و ١٠٪ کەمجار و ٨٪ هەمیشە و هیچ پەرلەمانتارێک هەرگیز ی هەڵنەبژاردووە.

بە گوێرەی ئەم ئەنجامە نزیکەی نیوەی پەرلەمانتاران زۆرجار پشت بە بابەت و بڵاوکراوەکانی میدیای نوێ دەبەستن بۆ وەرگرتنی کۆزانیاریی دەربارەی بابەت و پرسە سیاسییەکان و ٨٪ ی پەرلەمانتاران بە شـێوەیەکی هەمیشـەیی پێیانوایە میدیای نوێ هۆکاری زیادبوونی زانیارییەکانیانە سـەبارەت بە پرسە سـیاسـییەکان، ئەوەش ئاماژەیەکی باشـە کە تا ڕادەیەکی باش و زیاتر لە نیوەی پەرلەمانتاران بە ئاسـتی زۆرجار و زیاتر بڕوایان وایە کە میدیای نوێ لە هەرێمی کوردســـتان توانیویەتی ببێتە ســـەرچاوەی زانیاری تایبەت بە بابەتە سیاسییەکان بۆ پەرلەمانتاران و ٣٥٪ یان دەڵێن تارادەیەک میدیای نوێ دەبێتە هۆکاری زیادکردنی زانیارییەکانیان ســـەبارەت بە پرس و بابەتە ســـیاســـییەکان، بە شـێوەیەکی گشـتی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا، بە ئاستێک بووەتە هۆکاری زیادکردنی کۆزانیاریی پەرلەمانتاران لە بواری سیاسیدا.

پرســـیاری (میدیای نوێ بووەتە جێگرەوەی میدیای نەریتی بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانم)، بە ناوەندە ژمێرەی ٣,٤٠ پلەی چوارەمی وەرگرتووە و زۆرینەی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردسـتان، بە ڕێژەی ٤٢٪ وەڵامی زۆرجاریان هەڵبژاردووە ٢٩٪ دەڵێن تا ڕادەیەک و ١٦٪ دەڵێن کەمجار و ١٠٪ دەڵێن هەمیشە و ٣٪ دەڵێن هەرگیز.

بە گوێرەی ئەم دەرەنجامەی لە خشـــتەی ژمارە ٢٧ دا دەرکەوتووە، بە بەراوردی ناوەندە ژمێرەی خشتەیی و گریمانەیی پەرلەمانتارانی کوردستان تا ڕادەیەکی باش میدیای نوێ بە جێگرەوەی میدیاکانی دیکە دەزانن و پشتی پێدەبەستن لە وەرگرتنی کۆزانیارییەکانیدا.

هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ گەشەسەندن و پەرەسەندنی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە ماوەی ســـاڵانی ڕابردوودا، کە وەک ڕکابەرو جێگرەوەیەکی میدیای نەریتی وەک ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن هاتوەتە مەیدانەکەوە، بەردەستبوون و کارئاسانی لە گەیشتن بە میدیای نوێ و بەکارهێنانی لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە دەکرێت هۆکارێکی دیکە بێت، کە هەموو کات و بە بوونی هێڵی ئینتەرنێت دەتوانن کۆزانیارییەکان لە ماڵپەڕ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان وەربگرن و هەروەها پارێزگاری لە کۆزانیارییەکان بکەن.

لە لایەکی دیکە میدیای نوێ بواری خســـتنەڕوی کۆزانیارییەکانی فراوانترەو دەتوانرێت زۆرترین کۆزانیاریی لەســەر بابەتەکان بخاتەڕوو. فرەیی ســەرچاوەکان لە میدیای نوێ و پەیوەســت نەبوون بە کاتێکی دیاریکراو لەو هۆکارانەن، کە میدیای نوێ وەک جێگرەوەی میدیای نوێ لە لای پەرلەمانتارانی کوردستانەوە تەماشا بکرێت.

بڕگەی (میدیای نوێ کارئاسانی دەکات زیاتر لەسەر پرۆژەیاساکان بخوێنمەوە)، لە پلەی پێنجەمدایە بە ناوەندە ژمێرەی ٣,١٨ لە نێو بڕگەکانی تایبەت بە زانیاری، کە بە پێی پێوەری (لیکارت) دەکەوێتە ئاستی بێلایەن، بە جۆرێک بژاردەی زۆرجار ٣٦٪ ی بەدەستهێناوە لە پلەی یەکەم و بەدوایدا بژاردەی هەندێکجار بە ٣٥٪ دێت و لە پلەی سێیەمدا کەمجار بە ١٦٪ و لە پلەی چوارەمدا بژاردەی هەرگیز بە ٧٪ دێت و لە پلەی پێنجەم و کۆتاییشدا بژاردەی هەمیشە بە ٦٪ دێت.

بەگوێرەی ئەم ئەنجامانە کۆی بڕگەکە بە ئاراستەی بێلایەندا ڕۆیشتووە، بە واتای ئەوەی پەرلەمانتاران بێلایەنن یان هەندێکجار ســود لە میدیای نوێ وەردەگرن بۆ ئەوەی کۆزانیاریی لەســەر پرۆژەیاســاکان بخوێننەوە. هۆکاری ئەم بێلایەنییەی پەرلەمانتاران ئەوە نیشـــاندەدات کە تا ئێســـتاش میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان لەو ئاستەدانین کە زانیاری ورد و بابەتی لەسەر پرۆژەیاسا جیاوازەکان بخەنەڕوو بە جۆرێک ببنە ســەرچاوەی کۆزانیاریی بۆ پەرلەمانتاران. دابەشــبوونی میدیای نوێ بەســەر پارت و ئاراســتە ســیاســییە جیاوازەکان دەکرێت هۆکارێک بێت بۆ ئەم بێلایەنییەی پەرلەمانتاران، لە لایەکی دیکەش دەست نەگەیشتنی ڕۆژنامەنوسان بە سەرچاوەکانی زانیاری بە تایبەت لەســەر پرۆژەیاســاکان دەکرێت هۆکارێکی دیکەبێت کە نەتوانن زانیاری پێویست دەربارەی یاساکان بخرێنەڕوو.

شایانی باسە بڕگەکانی (میدیای نوێ کارئاسانی دەکات بۆچوونی خەڵک لەسەر پرۆژەیاساکان بزانم) بە ناوەندە ژمێرەی ٣,١٦ لە پلەی شـــەشـــەمدایە و بڕگەی (میدیای نوێ وادەکات زادیاری زیاتر بۆ پرۆژەیاســاکان کۆبکەمەوە) لە پلەی حەوتەمدایە بە ناوەندە ژمێرەی ٣,١٥. لە پلەی هەشــتەمدا بڕگەی (میدیای نوێ کارئاســانی دەکات بۆچوونی لایەنە سیاسییەکان لەســەر پرۆژەیاســاکان بزانم) بە ناوەندە

ژمێرەی ٣,١٤ و لە پلەی نۆیەمدا برگەی (میدیای نوێ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی زانیاریم لەسـەر دۆسـییەکان هەبێت) بە ناوەندە ژمێرەی ٣,٠٧. کە سـەرجەمیان بە پێی پێوەری (لیکارت) لە ئاسـتی بێلایەندان، بروانە خشتەی ژمارە ٢٧.

**خشتەی (٢٦)**

**ئاستی کاریگەری ڕۆڵی میدیای نوێ لەسەر هەست و ویژدانی پەرلەمانتاران**

| | هەمیشە | | زۆر | | هەندێکجار | | کەم | | هەرگیز | | ن | ریزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| ١.لە بەشداری خەڵک لەسەر میدیا کۆمەڵایەتییەکان ڕازیم | ٢ | ٢ | ١٦ | ١٦ | ٤٢ | ٤٢ | ٣٠ | ٣٠ | ١٠ | ١٠ | ٢,٧٠ | ٦ | بێلایەن |
| ٢.کاردانەوەی خەڵک بۆ پرسە سیاسییەکان کاریگەری لەسەرم دروست دەکات | ٧ | ٧ | ٣٤ | ٣٤ | ٣٤ | ٣٤ | ١٧ | ١٧ | ٨ | ٨ | ٣,١٥ | ٥ | بێلایەن |
| ٣.میدیا کۆمەڵایەتییەکان وادەکات هاوسۆزبم لەگەڵ خەڵک | ١٠ | ١٠ | ٣٤ | ٣٤ | ٤٠ | ٤٠ | ١٤ | ١٤ | ٢ | ٢ | ٣,٣٦ | ٣ | بێلایەن |
| ٤.بۆچوونە جیاوازەکان دژ بە پارتەکەم لە میدیا کۆمەڵایەتیەکان نیگەرانم دەکات | ٤ | ٤ | ١١ | ١١ | ٣٨ | ٣٨ | ٣٠ | ٣٠ | ١٧ | ١٧ | ٢,٥٥ | ٩ | کەم |
| ٥.بۆچوونە جیاوازەکان دەربارەی چالاکییەکانم بەهەند وەردەگرم | ١٥ | ١٥ | ٥٠ | ٥٠ | ٢٢ | ٢٢ | ١١ | ١١ | ٢ | ٢ | ٣,٦٥ | ١ | کەم |
| ٦.کۆمێنتی سەر بابەتەکانم کاریگەری لە هەڵوێستەکانم ناکات | ٢١ | ٢١ | ٢٣ | ٢٣ | ٢٤ | ٢٤ | ٢٦ | ٢٦ | ٦ | ٦ | ٣,٢٧ | ٤ | بێلایەن |
| ٧.هەڵمەتی میدیا کۆمەڵایەتیەکان کارم تێدەکات و بۆچوونم دەگۆڕێت | - | ٠ | ٦ | ٦ | ٤٤ | ٤٤ | ٢٢ | ٢٢ | ٢٨ | ٢٨ | ٢,٢٨ | ١٠ | کەم |
| ٨.بڵاوکراوەکانی ناو میدیا کۆمەڵایەتیەکان بۆچوونم لەسەر یاساکان دەگۆڕێت | - | ٠ | ١٦ | ١٦ | ٤٩ | ٤٩ | ٢٠ | ٢٠ | ١٥ | ١٥ | ٢,٦٦ | ٨ | بێلایەن |
| ٩.بابەتی میدیا کۆمەڵایەتیەکان واناکات بڕیارەکانم بگۆڕێت | ٢٦ | ٢٦ | ٢٧ | ٢٧ | ٢٦ | ٢٦ | ١٩ | ١٩ | ٢ | ٢ | ٣,٥٦ | ٢ | زۆر |
| ١٠.کاردانەوەی خەڵک لە میدیا کۆمەڵایەتیەکان نیگەرانم دەکات | ٢ | ٢ | ٣٢ | ٣٢ | ١٨ | ١٨ | ٢٩ | ٢٩ | ١٩ | ١٩ | ٢,٦٩ | ٧ | بێلایەن |
| **کۆی گشتی** | | | | | | | | | | | ٢,٩٨ | بێلایەن | |
| **بەهای T ٦٨,١٩٥ نمرەی ئازادی ٩٩ ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ ناوەندی خشتەیی ٢٩,٨٧ ناوەندی گریمانە ٣٠** | | | | | | | | | | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە ٢٧ دا دەردەکەوێت، سەبارەت بە ئاستی کاریگەری میدیای نوێ لە کاریگەری خستنەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران؛ بە شێوەیەکی گشتی بۆ کۆی بڕگەکان ناوەندە ژمێرەی خشتەیی، بریتییە لە ٢٩,٨٧ کە بە بەراورد بە ناوەندژمێرەیی گریمانەیی کە بریتییە لە ٣٠ بەرزترە، ئەوەش بە پێی پێوەری (لیکارتی پێنجی) واتا ئاستی پشت بەستنەکە بە ئاراستەی بێلایەنە بە ناوەندە ژمێرەی ٢,٩٨ و ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ کە کەمترە لە ٠,٠٠٥ بەوەش مانای کاریگەری دەبێت ئەنجامی خشتەکە ئەوە نیشاندەدات کە پەرلەمانتاران بێلایەنن لەسەر ئەوەی پشتبەستنیان بە میدیای نوێ کاریگەری لەسەر لایەنی ویژدانییان هەبێت، ئەوەش ئاماژەی بێلایەنی کاریگەریی بەکارهێنان و پشتبەستنە بە میدیای نوێ لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان، لێرەدا بەهای T بریتییە لە ٦٨,١٩٥ بە نمرەی ئازادی ٩٩.

بڕگەی (بۆچوونە جیاوازەکان دەربارەی چالاکییەکانم بە هەند وەردەگرم)، لە پلەی یەکەمدا دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣,٦٥. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا نیوەی پەرلەمانتارانی کوردستان، بە ڕێژەی ٥٠٪ بژاردەی زۆرجاریان هەڵبژاردووە و لە پلەی یەکەمدا دێت. ٢٢٪ ی پەرلەمانتاران بژاردەی هەندێکجاریان هەڵبژاردووە و پلەی دووەمی گرتووە، لە پلەی سێیەمیشدا بژاردەی هەمیشە دێت بە ڕێژەی ١٥٪ و لە پلەی چوارەمدا بڕگەی کەمجار دێت بە ڕێژەی ١١٪ و لە پلەی پێنجەمیشدا بڕگەی هەرگیز دێت بە ڕێژەی ٢٪.

وەک لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت نیوەی پەرلەمانتاران زۆرجار بۆچوونە جیاوازەکان دەربارەی چالاکیی و کارەکانیان بە هەند وەردەگرن، کە ئەمە بۆ کۆمەڵی کوردستان و دابەشبوونی حزبی پەرلەمانتاران تا ڕادەیەک ڕێژەیەکی پەسەندە و باشە بە تایبەت کە ١٥٪ ی پەرلەمانتارانیش دەڵێن هەمیشە بۆچوونە جیاوازەکان بە هەند وەردەگرن و کاری لەسەر دەکەن، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە و نیشانیدەدات قبوڵکردنی جیاوازی و بەهەند وەرگرتنی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لە ئاستێکی باشدایە و میدیای نوێش هۆکار بووە و ڕۆڵی هەبووە لەوەی ئەو بۆچوونە دژانە لەسەر کارەکانی پەرلەمانتاران بگوازێتەوە.

ئەنجامەکان ئەوەش دەخەنەڕوو، کە تەنها ٢٪ ی پەرلەمانتاران وتویانە بۆچوونە دژەکان بەهەند وەرناگرن و ١١٪ دەڵێن کەمجار. ئاماژەیەکی دیکەی دەرەنجامەکان ئەوەیە کە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئەو دەرفەتەی ڕەخساندووە کە بۆچوونە جیاوازەکان لەخۆ بگرێت لەسەر باباتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و تاک ئاراستە نەبێت، هەر ئەوەش وایکردووە پەرلەمانتاران لە فراکسیۆنە جیاوازەکان بتوانن پشتیپێببەستن و لە ڕێگەیەوە کاردانەوەی خەڵک بۆ کارەکانیان بزانن و کاری لەسەر بکەن.

بڕگەی (بابەتی میدیا کۆمەڵایەتییەکان واناکات بڕیارەکانم لەسەر پرۆژەیاساکان بگۆڕم)، لە نێو بڕگەکانی کاریگەری پشتبەستن بە میدیای نوێ لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتارانی کوردستان، پلەی

دووەمی گرتووە، بە ناوەندە ژمێرەی ٣،٥٦. کە بە پێی پێوەری (لیکارتی پێنجی) بە ئاراستەی زۆردایە، لە پلەی یەکەمدا ٢٧٪ ی پەرلەمانتاران بژاردەی زۆرجاریان هەڵبژاردووە و ٢٦٪ ی پەرلەمانتاران بژاردەی هەمیشــە و هەندێک جاریان هەڵبژاردووە لە پلەی دووەم و سـێیەم بە هەمان ڕێژە و لە پلەی چوارەمیشـــدا ١٩٪ ی پەرلەمـانتـاران بژاردەی کەمجـاریـان هەڵبژاردووە ٢٪ بژاردەی هەرگیزیـان هەڵبژاردووە بە پلەی پێنجەم.

بە گوێرەی ئەم ئەنجامانە جیاوازی نێوان بژاردەی زۆر جار و هەمیشـــە و هەندێکجار زۆر کەمە بە واتای ئەوەی زۆربەی پەرلەمانتارانی کوردسـتان زۆر جار بە ئاراسـتەی زۆر دەڵین ئەو بابەتانەی لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە کاریگەری لەســەر گۆڕینی بڕیارەکانیان نابێت. هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زۆر جار پەرلەمانتاران لە پرۆژەیاســـاکاندا بڕیاری پارت و فراکســیۆنەکانیان جێبەجێدەکەن و لەســـەر بنەمای بڵاوکراوەکانی میدیا بڕیارەکانیان ناگۆڕن لە هەندێک بوار و دۆخی دیـاریکراودا نەبێت. دەکرێت پەرلەمـانتـارانی کوردســـتـان متمـانە بەو بـابەتـانە نەکەن کە لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە لەبەرئەوەش نابێتە هۆی ئەوەی بڕیارەکانیان لەسەر بنەمای ئەو بابەتانە بگۆڕن.

ســـەبـارەت بە بڕگەی (میـدیـا کۆمەڵایەتییەکـان وادەکـات لەگەڵ خەڵـک و بەکـارهێنەرانی میـدیـا کۆمەڵایەتییەکاندا هاوسۆزبم)، پلەی سێیەمی گرتووە بە ناوەندە ژمێرەی ٣،٣٦ بە ئاراستەی بێلایەن بە پێی پێوەری (لیکـارت)، بەرتوێژان کە پەرلەمــانتــارانی کوردســـتـانن لە پلەی یەکەمـدا بژاردەی هەنـدێکجـاریـان هەڵبژاردووە، بە ڕێژەی ٤٠٪ و لە پلەی دووەمـدا ٣٤٪ی پەرلەمـانتـاران بژاردەی زۆرجاریان هەڵبژاردووە و ١٤٪ بژاردەی کەمجار لە پلەی ســێیەم و لە پلەی چوارەمیشـــدا بژاردەی هەمیشـــە بە ڕێژەی ١٠٪ و لە پلەی پێنجەمیشـــدا بەرتوێژان بە ڕێژەی ٢٪ بژاردەی هەرگیزیـان هەڵبژاردووە.

وەک ئەنجامەکان ڕونیدەکەنەوە؛ پەرلەمانتارانی کوردسـتان بە شـێوەیەکی گشـتی بێلایەنن لەوەی میدیا کۆمەڵایەتییەکان وایان لێبکات لەگەڵ خەڵک و بەکارهێنەرانی ئەو میدیایانە هاوســۆز بن. هۆکاری ئەوەش ئەوەیە زۆرینەی پەرلەمانتارانی کوردســـتان زیاتر پابەندن بەو بەرنامەو ئەجێندایەی لەلایەن فراکســیۆن و پارتەکانیانەوە بۆیان دیاریدەکرێت و کەمتر هەڵمەت و بابەتی ناو میدیا کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسـەر ویژدانیان دەبێت، وەک ئەنجامەکانی خشـتەی ژمارە ٢٧ نیشـانیدەدات. لە هەمانکاتدا ٣٤٪ ی پەرلەمــانتــاران زۆرجــار و ١٠٪ هەمیشـــەیــان هەڵبژاردووە، کە ئــامــاژەیە بەوەی میـدیـا کۆمەڵایەتییەکان وادەکات لەگەڵ خەڵک و بەکارهێنانی ئەو میدیا کۆمەڵایەتیانە هاوســـۆزبن، ئەمەش ئاماژەیەکی تاڕادەیەک باشــە لە کاریگەری میدیا کۆمەڵایەتییەکان و ئەو بابەتانەی خەڵک لەو ڕێگایەوە داوای دەکات لەسەر پەرلەمانتارانی کوردستان کە لەگەڵیان هاوسۆزبن.

بڕگەی (کۆمێنتی خەڵک لەســـەر بڵاوکراوە و بابەتەکانم لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەســـەر هەڵوێســـتەکانم ناکات)، لە پلەی چوارەمدا هاتووە بە ناوەندە ژمێرەی ٣,٢٧ بە ئاراســـتەی بێلایەن بە گوێرەی پێوەری (لیکــارت)، لێرەدا بژاردەی کەمجــار بە ڕێژەی ٢٦٪ بە پلەی یەکەم هــاتووە و هەندێکجار بە ڕێژەی ٢٤٪ لە پلەی دووەم و بە دوایدا بژاردەی زۆرجار بە ڕێژەی ٢٣٪ بە پلەی سێیەم و هەمیشــە بە ڕێژەی ٢١٪ بە پلەی چوارەم و لە پلەی پێنجەمیشــدا بژاردەی هەرگیز بە ڕێژەی ٦٪ دا دێت. ئەنجامەکە ئەوە نیشـــاندەدات کە زۆرجار کۆمێنتی خەڵک لەســـەر بابەتی پەرلەمانتارەکان کاریگەری لەســەر هەڵوێستەکانیان دروست دەکات. هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە میدیا کۆمەڵایەتییەکان وەک ســـەکۆیەک ئامرازگەلێکی گەیاندنی ڕاســـتەوخۆن لە نێوان پەرلەمانتاران و ئەوانەی لەگەڵیان لە پەیوەندیدان، کە ئەوەش وا دەکات پەرلەمانتاران ئەو کۆمێنت و ســـەرنجانەی لەســـەر بابەتەکانیان دەنوسرێت بە هەند وەربگرن و زۆرجار کاریگەری لەســەر هەڵوێستەکانیان بە ڕێژەی جیاواز لە نێو پەرلەمانتاراندا دروست بکات.

بڕگەکانی دیکە بە گوێرەی ناوەندە ژمێرەیان بەمشـێوەیە پلەبەندییان وەرگرتووە (کاردانەوەی خەڵک بۆ پرســە سـیاسـییەکان کاریگەریم لەســەر دروستدەکات)، بە ناوەندە ژمێرەی ٣,١٥ لە پلەی پێنجەمدایە. بڕگەی (لە بەشــداری خەڵک لەســەر میدیا کۆمەڵایەتییەکان ڕازیم)، بە ناوەندە ژمێرەی ٢,٧٠ لە پلەی شەشەمدایە. بڕگەی (کاردانەوەی خەڵک لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان نیگەرانم دەکات)، بە ناوەندە ژمێرەی ٢,٦٩ لە پلەی حەوتەمدایە. بڕگەی (بڵاوکراوەکانی ناو میدیا کۆمەڵایەتییەکان بۆچوونم لەسەر یاساکان دەگۆڕێت)، بە ناوەندە ژمێرەی ٢,٦٦ لە پلەی هەشـــتەم دێت. بڕگەی (بۆچوونە جیاوازەکان دژ بە پارتەکەم لە میدیا کۆمەڵایەتیەکان نیگەرانم دەکات)، بە ناوەندە ژمێرە ٢,٥٥ لە پلەی نۆیەمدایە و بڕگەی (هەڵمەتی میدیا کۆمەڵایەتییەکان کارمتێدەکات و بۆچوونم دەگۆڕێت)، لە پلەی دەیەمدایە بە ناوەندە ژمێرەی ٢,٢٨. بڕوانە خشتەی ژمارە ٢٧.

## خشتە (٢٧)
## ئاستی کاریگەری ڕۆڵی میدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران

| | هەمیشە | | زۆر | | هەندێکجار | | کەم | | هەرگیز | | ن | ریزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| ١.میدیا کۆمەڵایەتیەکان وا دەکات ئاسانتر لە پەیوەندیدا بم لەگەڵ خەڵک | ٣٢ | ٣٢ | ٤٩ | ٤٩ | ١٨ | ١٨ | ١ | ١ | - | ٠ | ٤,١٢ | ١ | زۆر |
| ٢.میدیا کۆمەڵایەتیەکان کارئاسانی دەکات لە چاودێریکردنی حکومەت | ٤ | ٤ | ٣٩ | ٣٩ | ٣٤ | ٣٤ | ٢٠ | ٢٠ | ٣ | ٣ | ٣,٢١ | ١٠ | بێلایەن |
| ٣. میدیا کۆمەڵایەتیەکان کارئاسانی دەکات لە پرۆسەی یاسادانان | ٣ | ٣ | ٣١ | ٣١ | ٢٧ | ٢٧ | ٢٤ | ٢٤ | ١٥ | ١٥ | ٢,٨٣ | ١٣ | بێلایەن |
| ٤.میدیا کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنم بۆ گوزراشتکردن لە بۆچوونەکانم | ٢٤ | ٢٤ | ٣٩ | ٣٩ | ٢٣ | ٢٣ | ١٤ | ١٤ | - | ٠ | ٣,٧٣ | ٥ | زۆر |
| ٥. میدیا کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنم بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکیەکانم | ٣٨ | ٣٨ | ٣٩ | ٣٩ | ١٨ | ١٨ | ٥ | ٥ | - | ٠ | ٤,١٠ | ٢ | زۆر |
| ٦.کۆمێنت و نامەکان دەخوێنمەوە و وەڵامیان دەدەمەوە | ٢٨ | ٢٨ | ٤٧ | ٤٧ | ١٥ | ١٥ | ١٠ | ١٠ | - | ٠ | ٣,٩٣ | ٣ | زۆر |
| ٧.هەڵمەتی میدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات باشتر بەرەنگاری گەندەڵی ببمەوە | ١٤ | ١٤ | ٤٧ | ٤٧ | ٢٦ | ٢٦ | ٨ | ٨ | ٥ | ٥ | ٣,٥٧ | ٦ | زۆر |
| ٨.میدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات باشتر خۆم ئامادەبکەم بۆ گفتوگۆی یاساکان | ٤ | ٤ | ٤٦ | ٤٦ | ٣٠ | ٣٠ | ١٤ | ١٤ | ٦ | ٦ | ٣,٢٨ | ٨ | بێلایەن |
| ٩.میدیا کۆمەڵایەتیەکان واناکات بتوانم بریاری جیاوازتر بدەم | ١٩ | ١٩ | ١٨ | ١٨ | ٣٧ | ٣٧ | ٢٢ | ٢٢ | ٤ | ٤ | ٣,٢٦ | ٩ | بێلایەن |
| ١٠. میدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات گفتوگۆی زیاتر بکەم لەگەڵ هاوکارەکانم | ٧ | ٧ | ٤٥ | ٤٥ | ٣٢ | ٣٢ | ١١ | ١١ | ٥ | ٥ | ٣,٣٨ | ٧ | بێلایەن |
| ١١. میدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات باشتر سەرنجەکانم لە پەرلەمان بخەمەڕوو | ١ | ١ | ٤٢ | ٤٢ | ٣٦ | ٣٦ | ١٤ | ١٤ | ٧ | ٧ | ٣,١٦ | ١١ | بێلایەن |
| ١٢. میدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات بەشداری کۆبوونەوە جەماوەرییەکان بکەم | ٣ | ٣ | ٢٨ | ٢٨ | ٣٧ | ٣٧ | ٢٠ | ٢٠ | ١٢ | ١٢ | ٢,٩٠ | ١٢ | بێلایەن |
| ١٣. میدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات پشتگیری لە داواکارییەکانی خەڵک بکەم | ٢٣ | ٢٣ | ٤٥ | ٤٥ | ٢٣ | ٢٣ | ٧ | ٧ | ٢ | ٢ | ٣,٨٠ | ٤ | زۆر |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | ٣,٤٨ | زۆر | |
| بەهای T ٥٨,٢٢٩ نمرەی ئازادی ٩٩ ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ ناوەندی خشتەیی ٤٥,٢٧ ناوەندی گریمانە ٣٩ | | | | | | | | | | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە ٢٧ دا دەردەکەوێت سەبارەت بە ئاستی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران؛ بە شێوەیەکی گشتی بۆ کۆی بڕگەکان ناوەندە ژمێرەی خشتەیی بریتییە لە ٤٥,٢٧ کە بە بەراورد بە ناوەندەژمێرەیی گریمانەیی کە بریتییە لە ٣٩ بە ئاستێکی باش بەرزترە. ئەوەش بە پێی پێوەری (لیکارتی پێنجی)، واتا ئاستی پشتبەستنەکە بە ئاراستەی زۆرجارە بە ناوەندە ژمێرەی ٣,٤٨ و ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ کە کەمترە لە ٠,٠٠٥ بەوەش مانای کاریگەری لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران دەبێت.

هەروەها ئەنجامی خشتەکە ئەوە نیشاندەدات، کە پەرلەمانتاران دەڵێن زۆرجار پشتبەستنیان بە میدیای نوێ کاریگەری لەسەر لایەنی ویژدانییان دەبێت و گۆڕانکاری دروستدەکات، ئەوەش ئاماژەی زۆری کاریگەریی بەکارهێنان و پشتبەستنە بە میدیای نوێ لەسەر لایەنی ڕەفتارییان. لێرەدا بەهای T بریتییە لە ٥٨,٢٢٩ بە نمرەی ئازادی ٩٩.

بڕگەی (میدیا کۆمەڵایەتییەکان وادەکات ئاسانتر لەگەڵ خەڵکدا لە پەیوەندیدا بم)، بە ناوەندە ژمێرەی ٤,١٢ پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە لە نێو کۆی بڕگەکانی دیکەی تایبەت بە کاریگەری میدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان، لە پلەی یەکەمدا پەرلەمانتاران بژاردەی زۆرجاریان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی ٤٩٪. لە پلەی دووەمدا بڕگەی هەمیشەیان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی ٣٢٪ بژاردەی هەندێکجار لە پلەی سێیەمدا دێت بە ڕێژەی ١٨٪ و بژاردەی کەمجار لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی ١٪ و هیچ کام لە پەرلەمانتارەکان بڕگەی هەرگیزیان هەڵنەبژاردووە، بە پێی پێوەری (لیکارت) ئاراستەی بڕگەکە بەرەو بژاردەی زۆرجار چووە بە بەهێزی.

بە گوێرەی ئەم ئەنجامانە دەردەکەوێت، کە میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە ئەمڕۆدا لە هەرێمی کوردستاندا بوونەتە هۆکارێکی بەشی پەیوەندیکردن لە نێوان پەرلەمانتاران و هاوڵاتیان و کارئاسانی زۆری لەم بوارەدا کردووە. ئەوەش ئەنجامێکی ئاساییە بەو پێیەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا میدیا کۆمەڵایەتییەکان کارئاسانی زۆریان کردووە بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان تاکەکان و خەڵک لەگەڵ پەرلەمانتاراندا.

بە گوێرەی ئەنجامەکان نزیکەی نیوەی پەرلەمانتاران دەڵێن زۆرجار میدیا کۆمەڵایەتییەکانی هاوشێوەی (فەیسبوک و ئنستاگرام) و ئەوانی دیکە، وا دەکەن ئاسانتر پەیوەندی بە خەڵکەوە بکەن و خەڵک پەیوەندییان پێوە بکات ئەویش لە ڕێگەی ئەژمار و لاپەڕە تایبەتەکانیانەوە.

هەروەها نزیکەی سێ یەکی پەرلەمانتاران دەڵێن هەمیشە ئەو میدیایانە کارئاسانی دەکات بۆ بوونی پەیوەندی لە نێوان ئەوان و خەڵکدا. هیچ پەرلەمانتارێک نییە کە هەرگیز میدیای کۆمەڵایەتی بۆ پەیوەندیکردن بەکار نەهێنێت و ١٨٪ یان هەندێکجار بە هۆکاری کارئاسانی دەزانن بە مەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکدا، واتا بە شێوەیەکی گشتی بە ئاستێکی زۆر پەرلەمانتارانی کوردستان میدیا کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵک تەماشا دەکەن، میدیا کۆمەڵایەتییەکان ئاسان بەکاردێن و بەردەستن لای زۆربەی خەڵک و پەرلەمانتاران، ئەوەش کارئاسانی دەکات لە

ڕێگەی پەیوەندی دەنگی و نامە و کۆمێنت و سەرنجەکانەوە هاوڵاتیان و پەرلەمانتاران پێکەوە ببەستێتەوە، ئەمەش کاریگەری میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران نیشاندەدات.

بڕگەی (میدیا کۆمەڵایەتییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانم بەکاردەهێنم)، بە ناوەندە ژمێرەی ٤,١٠ پلەی دووەمی بەدەستهێناوە لە نێو کۆی بڕگەکانی دیکەی تایبەت بە کاریگەری میدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان، کە بەپێی پێوەری (لیکارت) ئاستی کاریگەرییەکەی زۆرە. لە نێو بڕگەکاندا زۆرجار پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە بە ڕێژەی ٣٩٪ و لە پلەی دووەمیشدا بڕگەی هەمیشە دێت، بە ڕێژەی ٣٨٪. لە پلەی سێیەمدا بڕگەی هەندێکجار دێت بە ڕێژەی ١٨٪ و کەمجاریش بە ڕێژەی ٥٪ لە پلەی چوارەم دێت. شایانی باسە هیچ پەرلەمانتارێک بڕگەی هەرگیزی هەڵنەبژاردووە.

بە گوێرەی ئەم ئەنجامانە پەرلەمانتاران بە ئاستێکی زۆر میدیا کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانیان، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕونە کە پەرلەمانتاران بە ئاستێکی بەرز پشتدەبەستن بە میدیا کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش لە ڕێگەی ئەژمار و لاپەڕەکانی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانیان بۆ خەڵک.

میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئێستادا تاڕادەیەکی زۆر بوونەتە جێگرەوەی میدیای نەریتی و زۆرێک لە سیاسییەکان بەکاریدەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی کار و چالاکییەکانیان بە شێوەیەکی ئاسان و خێرا بە بێ سانسۆر، لە هەرێمی کوردستانیش پەرلەمانتاران سود لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن بۆ بڵاوکردنەوەی کارو چالاکییەکانیان بە ئاستێکی زۆر هەتا خەڵک و دەنگدەرانیان لە کارەکانیان ئاگاداربن، بە واتایەکی دیکە میدیا کۆمەڵایەتییەکان وایانکردووە پەرلەمانتاران وەک میدیایەک بۆ بڵاوکردنەوەی کارەکانیان سودی لێوەربگرن.

بڕگەی (کۆمێنت و نامەکانی خەڵک دەخوێنمەوە و وەڵامیاندەدەمەوە)، بە ناوەندە ژمێرەی ٣,٩٣ پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە لە نێو کۆی بڕگەکانی دیکەی تایبەت بە کاریگەری میدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان، بە گوێرەی پێوەری (لیکارت) ئەم ئەنجامە بە ئاراستەی زۆر چووە لە ڕوی کاریگەری، لە پلەی یەکەمدا پەرلەمانتاران بژاردەی زۆرجاریان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی ٤٧٪ و لە پلەی دووەمیشدا بژاردەی هەمیشە بە ڕێژەی ٢٨٪. بژاردەی هەندێکجار لە پلەی سێیەمدا دێت بە ڕێژەی ١٥٪ و بژاردەی کەمجار لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی ١٠٪. جێگەی ئاماژەپێدانە هیچ کام لە پەرلەمانتاران بڕگەی هەرگیزیان هەڵنەبژاردووە.

بە گوێرەی ئەم ئەنجامانەی لە خشتەی ژمارە ٢٧ دا هاتووە؛ پەرلەمانتارانی کوردستان بە گشتی و بە ڕێژەی جیاواز کاریگەر دەبن بەو کۆمێنت و نامانەی لەلایەن خەڵکەوە لە ڕێگەی میدیا کۆمەڵایەتییەکانەوە پێیاندەگات. زۆربەیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە وەڵامی ئەو نامە و کۆمێنتانە دەدەنەوە کە لە لایەن خەڵکییەوە بۆیان دەنوسرێت، ئەمەش ئاماژەی بەرزی گرنگی میدیا کۆمەڵایەتییەکانە وەک ئامرازی گەیاندن و پەیوەندی نێوان خەڵک و پەرلەمانتاران. بە جۆرێک خەڵک

پرســيار و ســەرنج و داواكارييەكانى بە شــێوەيەكى ڕاســتەخۆ بۆ پەرلەمانتاران دەنێرێت و ئەوانيش وەڵاميان دەدەنەوە وەک خۆيان ئاماژەيان پێداوە.

لە لايەكى ديكەشـــەوە ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتەڕوو، كە ميدياى نوێ و ميديا كۆمەڵايەتييەكان وەک ميديايەكى ئاوێتەبوو توانيويانە ببنە پردى پەيوەندى نێوان خەڵک و پەرلەمانتاران. پەرلەمانتارانيش ڕاســـتەوخۆ لە پەيوەنديدا دەبن لەگەڵ خەڵک و وەڵاميانەدەنەوە، وەک خۆيان ئاماژەيان بۆ كردووە، ئەمەش ماناى دروســـتكردنى كاريگەرييە لەســـەر ڕەفتارى پەرلەمانتاران لە ڕێگەى وەڵامدانەوەى سەرنج و داواكارى و پرسيارەكانى خەڵک بە شێوەيەكى ڕاستەوخۆ.

بڕگەى (ميديا كۆمەڵايەتييەكان وادەكات پشـتگيرى لە داواكارييەكانى خەڵک بكەم)، بە ناوەندە ژمێرەى ٣,٨٠ پلەى چوارەمى بەدەســـتهێناوە لە نێو كۆى بڕگەكانى ديكەى تايبەت بە كاريگەرى ميدياى نوێ لەســـەر ڕەفتارى پەرلەمانتارانى كوردســـتان. بە گوێرەى پێوەرى (ليكارت) ئەم بڕگەيە ئاســـتى كاريگەرييەكەى زۆرە. لە پلەى يەكەمدا بەرتوێژان بژاردەى زۆرجاريان هەڵبژاردووە بە ڕێژەى ٤٥٪. بژاردەى هەميشە و هەندێک جار بە ڕێژەى ٢٣٪ لە پلەى دووەمدان. بژاردەى كەمجار لە پلەى چوارەم دێت بە ڕێژەى ٧٪ و بژاردەى هەرگيز لە پلەى پێنجەم دێت بە ڕێژەى ٢٪.

وەک ئەم ئەنجامانە نيشـــانى دەدات؛ پەرلەمانتارانى كوردســـتان لە ئاســـتێكى بەرزدا پشـــتگيرى داواكـارييەكـانى خەڵـک دەكەن بە هۆى ميـديـا كۆمەڵايەتييەكـانەوە، بە مـانـاى ئەوەى ئەو هەڵمەت و بابەتانەى خەڵک لە ميديا كۆمەڵايەتييەكانەوە دەيكەن ســـەبارەت بە خواســـت و داواكارييەكانيان لە حكومەت وا لە پەرلەمانتاران دەكات پشتگيريان بكەن.

ئەو پشـتگيريكردنەى پەرلەمانتاران ئاماژەى بوونى گۆڕانكارييە لە ڕەفتاريان و ئەوەش لە دانيشـتن و گفتوگۆى تـايبەت بە پرۆژەياســـاكـان و بڕيـارەكـانـدا ڕەنگدەداتەوە. پەرەســـەندنى بەرچاوى ميـديـا كۆمەڵايەتييەكان لە كوردســـتان و بەكارهێنانى ئەو ميديايانە لەلايەن خەڵكەوە وەک ســـەكۆيەک بۆ گەياندنى داواكارييەكانيان بە دەســـەڵاتداران و ســـياســـييەكان، ئەمەش وايكردووە ميديا كۆمەڵايەتييەكان ببنە ئامرازگەلێكى باش بۆ گوزارشتكردن لە خواست و داواكارييەكانيان.

پشـــت بەســـتنى پەرلەمانتارانى كوردســـتانيش بە ميديا كۆمەڵايەتييەكان وايكردووە، لە پەيوەنديكردنى بەردەوامدا بن لەگەڵ خەڵک و ئاگادارى ئەو بابەتانە بن كە لەو ميديايانە دەبنە جێگەى باســـى خەڵک، هەربۆيە وەک ئەنجامەكانى خشـتەى ژمارەى ١٨ نيشـانيداوە، پەرلەمانتارانى كوردسـتان بەهۆى ميديا كۆمەڵايەتييەكانەوە زياتر ئاگادارى داواكارييەكانى خەڵک دەبن و ئەوەش وادەكات زۆرجار پشـــتگيرى لەو داواكاريانەى لێبكەوێتەوە.

بڕگەى (ميديا كۆمەڵايەتيەكان بەكاردەهێنم بۆ گوزراشـــتكردن لە بۆچوونەكانم)، بە ناوەندە ژمێرەى ٣,٧٣ پلەى پێنجەمى بەدەســـتهێناوە لە نێو كۆى بڕگەكانى ديكەى تايبەت بە كاريگەرى ميدياى نوێ لەســـەر ڕەفتارى پەرلەمانتارانى كوردســتان، بە گوێرەى پێوەرى (ليكارت) ئاڕاســتەى كاريگەرى ئەم

برگەیە بەلای زۆردایە. بژاردەی زۆرجار بە ڕێژەی ٣٩٪ پلەی یەکەمی بەدەســـتهێناوە و بەدوایدا لە پلەی دووەم بژاردەی هەمیشـــە دێت بە ڕێژەی ٢٤٪ . لە پلەی ســێیەمیش بژاردەی هەندێکجار دێت بە ڕێژەی ٢٣٪ و لە پلەی چوارەمیشـــــدا بژاردەی کەمجــار دێــت بە ڕێژەی ١٤٪ . هیچ کــام لە پەرلەمانتارەکان بژاردەی هەرگیزیان هەڵنەبژاردووە.

وەک ئەنجامەکانی تایبەت بە برگەکە نیشانیدەدات؛ پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان بە ئاستێکی زۆر میدیا کۆمەڵایەتییەکان بۆ گوزارشــتکردن لە بۆچوونەکانیان دەربارەی بابەتەکانی ڕۆژ و پرۆژەیاســاو بڕیارەکان بەکاردەهێنن. میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە ســەردەمی ئەمڕۆدا وەک ســەکۆیەکی بەهێز لەلایەن کەسانی سیاسی و بەرپرسان و هاوڵاتیانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشتکردن لە بیرو بۆچوونەکانیان دەربارەی بابەتە جۆراوجۆرەکان، لە ئێســـتادا بوونی ئەژمار و پەڕەی تایبەت لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی میدیای جەماوەری لێهاتووە و ســیاســیی و بەرپرســەکان دەتوانن ئاســانتر و خێراتر ســـودی لێوەربگرن بۆ گەیاندنی بۆچوونەکانیان و زۆرجار هەر ئەم بۆچوونە دەبێتەوە ســـەرچاوەی هەواڵی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دیکە.

وەک وەڵامی پەرلەمانتارەکانیش ڕونیدەکاتەوە لە هەرێمی کوردســـتانیشـــدا، میدیا کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوان بووەتە ئامرازێکی باش بۆ گەیاندنی بۆچوونەکانیان بۆ ڕایگشـــتی خەڵک. میدیا کۆمەڵایەتییەکان بژاردەی زۆریان هەیە بۆ کارئاســانیکردن بۆ کەســانی ســیاســیی کە بتوانن وەک میدیایەکی جەماوەری سودی لێببین لە گەیاندنی بۆچوونەکانیان لەوانە پۆستکردن و نووسین و کردنەوەی پەخشی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەنــگ و ڕەنگەوە هەرکــاتێــک و لە هەر شـــوێنێکدا بێت، ئەم تــایبەتمەنــدییــانە وایکردووە پەرلەمــانتــاران زیــاتر لە میدیــا نەریتییەکــان پشـــــت بە میدیــا کۆمەڵایەتییەکــان ببەســـتن لە گەیــانــدنی بۆچوونەکانیان، ئەویش لە ڕێگەی ئەژمار و پەڕەکانی تایبەت بە خۆیان لە هەر کات و ســـاتێک کە خۆیان بیانەوێت بە بێ سانسۆر و کات و ماوەیەکی دیاریکراو.

شایانی باسە برگەکانی دیکەی تایبەت بە کاریگەری میدیای نوێ لەسەر لایەنی ڕەفتاری پەرلەمانتارانی کوردســـتــان لەســـەر بنەمــای وەڵامی پەرلەمــانتــاران بەم شـــێوەیە ڕیزبەنــد بوون. برگەی (میدیــا کۆمەڵایەتییەکان وادەکات لەگەڵ هاوکارەکانم گفتوگۆی زیاتر بکەم)، لە پلەی حەوتەمدا دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣,٣٨.

برگەی (میدیا کۆمەڵایەتییەکان وادەکات بۆ گفتوگۆی یاســـاکان باشـــتر خۆم ئامادەبکەم)، لە پلەی هەشـــتەمدایە بە نــاوەنــدە ژمێرەی ٣,٢٨. و برگەی (میــدیــا کۆمەڵایەتییەکــان وانــاکــات بتوانم بڕیــاری جیاوازتر بدەم)، لە پلەی نۆیەمدا دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣,٢٦. برگەی (میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە چاودێریکردنی حکومەتدا کارئاســـانی دەکات) لە پلەی دەیەمدا دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣,٢١. لە پلەی یانزەیەمدا برگەی (میدیا کۆمەڵایەتییەکان وادەکات باشتر سەرنجەکانم لە پەرلەمان بخەمەڕوو) دێت بە نــاوەنــدە ژمێرەی ٣,١٦. لە پلەی دوانزەیەمــدا برگەی (میــدیــا کۆمەڵایەتیەکــان وادەکــات بەشـــداری کۆبوونەوە جەماوەرییەکان بکەم) دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٢,٩٠. لە پلەی سیانزەیەم و کۆتاییشدا برگەی (میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی یاسادانان کارئاسانی دەکات) بە ناوەندە ژمێرەی ٢,٨٣.

**باسی سێیەم/ تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

**گریمانەی یەکەم/ گۆڕاوە دیمۆگرافی و کەسییەکان و ڕۆڵیان لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران لە بەکارهێنانی میدیای نوێدا:**

## ١-گۆڕاوی توخم.

## ٢-گۆڕاوی تەمەن.

## ٣-گۆڕاوی بڕوانامە.

## ٤-گۆڕاوی فراکسیۆن.

## ٥-گۆڕاوی پارێزگا.

**تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم**

### ١-ڕۆڵی گۆڕاوی توخم لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان لە بەکارهێنانی میدیای نوێدا:

بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی توخم لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە بەکارهێنانی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا، سود لە تاقیکردنەوەی مانویتنی (Mann-Whitney) وەرگیراوە. وەک خشتەی ژمارە ٢٧ ڕونیدەکاتەوە؛ توێژینەوەکە ڕاستی گریمانەی یەکەمی نەسەلماندووە، کە تایبەتە بە کاریگەری گۆڕاوی توخم لەسەر پشتبەستن بە میدیای نوێ.

بە گوێرەی خشتەکە هیچ پەیوەندییەکی ئاماژەدار لە نێوان هەریەک لە توخمی نێر و مێ و ڕادەی پشتبەستن بە میدیای نوێ لە نێو پەرلەمانتارانی کوردستاندا بەدیناکرێت، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە کە گریمانەی سفری هاتووەتەدی بەوەی توخم کاریگەری لەسەر ڕادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ نییە.

وەک خشــتەی ژمارە ٢٧ نیشــانیدەدات نزیکییەکی زۆر هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەی هەردوو توخم. ناوەندە ژمێرەی توخمی نێر بریتییە لە ٥٠,١٢ لە بەرامبەر ناوەندە ژمێرەی توخمی مێ کە بریتییە لە ٥١,٢٧. لێرەدا بەهای Z بریتییە لە ٠,٢١٧ کە ئەویش بەهایەکی ئاماژەدار نییەو ئاســـتی بەڵگەداری بریتییە لە ٠,٨٢٨ کە بەهاکە جەخت لەوەدەکاتەوە کە گۆڕاوی توخم هیچ کاریگەری لەســـەر ڕادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ نییە، هەروەک خشتەی ژمارە ٢٧ ڕونیدەکاتەوە.
ئەم ئەنجامە نیشــانیدەدات توخمی پەرلەمانتاران کاریگەری لەســەر ئاســت و ڕادەی پشــت بەســتنیان بە میدیای نوێ نییە، بە واتای ئەوەی جیاوازی توخمی لە نێوان نێر و مێ کاریگەری نییە لەســـەر ئەوەی ئەو پەرلەمانتارە تا چەند پشت بە میدیای نوێ دەبەستێت لە کارەکانیدا وەک پەرلەمانتارو یاسادانەرێک. پەرلەمانتارانی کوردستان بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی چ توخمێکن بە ئاستێکی یەکسان و چوونیەک پشت بە میدیای نوێ دەبەستن لە ڕاپەراندنی کارەکانیاندا. جیاوازی نێر و مێ هیچ جیاوازی و کاریگەرییەکی نییە لەسەر ئەوەی تا چ ڕادە و ئاستێک پشت بە میدیای نوێ ببەستن. ئەوەش پێویستی و گرنگی میدیای نوێ دەردەخات لە کاری پەرلەمانتارییدا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بە جۆرێک هیچ هەڵاوێرکارییەک نییە و هەردوو توخم دەتوانن وەک یەک پشت بە میدیای نوێ ببەستن.

**خشتە (٢٨)**

**پێوەری (مانویتنی Mann-Whitney) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی توخم لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ**

| توخم | ژ | ناوەندە ژمێرە | ئاستی بەڵگەداری | بەهایZ |
|---|---|---|---|---|
| نێر | ٦٧ | ٥٠,١٢ | ٠,٨٢٨ | ٠,٢١٧ |
| مێ | ٣٣ | ٥١,٢٧ | | |

## ٢-ڕۆڵی گۆڕاوی تەمەن لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان لە بەکارهێنانی میدیای نوێدا:

تایبەت بە تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردســـتان لە بەکارهێنانی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا، ســـود لە تاقیکردنەوەی پێوەری کروســـکاڵ (Kruskal-Wallis) وەرگیراوە، وەک دەردەکەوێت؛ توێژینەوەکە ڕاســتی گریمانەی یەکەمی نەســەلماندووە، کە تایبەتە بە کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لە پشــتبەســتن بە میدیای نوێ لەلایەن پەرلەمانتارانی کوردستانەوە.

بە گوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ٢٩ هیچ پەیوەندییەکی ئاماژەدار لە نێوان هەریەک لە دەستەی تەمەنە جیاوازەکانی بەرتوێژان و ڕادەی پشتبەستن بە میدیای نوێ لە نێو پەرلەمانتارانی کوردستاندا نیشان نادات، بە واتایەکی دیکە ئەنجامەکان ئاماژەی ئەوەیە کە گریمانەی سفری هاتووەتەدی بەوەی جیاوازی تەمەنی پەرلەمانتاران کاریگەری لە ڕادەی پشت بەستنیان بە میدیای نوێ نییە.

لێرەدا وەک خشتەکە نیشانیدەدات، ئەگەرچی جیاوازییەکی کەم هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەی هەر چوار دەستە جیاوازەکەی تەمەنی پەرلەمانتاران، بەڵام بە گشتی کاریگەری لە پشتبەستنیان بە میدیای نوێ نییە، لێرەدا ناوەندی ڕیزبەندی (Mean Rank) دەستەی تەمەنی ٢٥-٣٤ بریتییە لە ٥٥,٠٣ لە بەرامبەر ناوەندی ڕیزبەندی دەستەی تەمەنی ٣٥-٤٤ بریتییە لە ٥١,٥٩ و ناوەندی ڕیزبەندی دەستەی تەمەنی ٤٥-٥٤ بریتییە کە ٤٦،٠٧ و دەستەی تەمەنی ٥٥ بەرەوسەر بریتییە کە ٥٣،٩٤.

لێرەدا بەهای **کا**٢ بریتییە لە ٢،٠٢٤ کە ئەمەش بەهایەکی ئاماژەدار نییە بە ئاستی بەڵگەداری ٠،٥٦٧ ، بە نمرەی ئازادی ٣. گریمانەی سفری بەدیهاتووە ، لێرەدا بەهاکە جەخت لەوەدەکاتەوە، کە گۆڕاوی تەمەن هیچ کاریگەری لە ڕادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ نییە.

**خشتە (٢٩)**

**پێوەری کروسکال (Kruskal-Wallis) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی تەمەن لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ**

| تەمەن | ژ | ناوەندی ڕیزبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا٢ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥-٣٤ | ٢٠ | ٥٥,٠٣ | ٣ | ٠,٥٦٧ | ٢,٠٢٤ |
| ٣٥-٤٤ | ٣٥ | ٥١,٥٩ | | | |
| ٤٥-٥٤ | ٣٦ | ٤٦,٠٧ | | | |
| ٥٥- | ٩ | ٥٣,٩٤ | | | |

## ٣-ڕۆڵی گۆڕاوی بڕوانامە لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان بە میدیای نوێیەوە:

وەک لە خشتەی ژمارە ٣٠ دا هاتووە، کە تایبەتە بە تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان بە میدیای نوێیەوە، سود لە تاقیکردنەوەی پێوەری کروسکاڵ (Kruskal-Wallis) وەرگیراوە، بەگوێرەی ئەنجامەکان توێژینەوەکە ڕاستی گریمانەی یەکەمی نەسەلماندووە، کە تایبەتە بە کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لە پشتبەستن بە میدیای نوێ لەلایەن پەرلەمانتارانەوەو گریمانەی سفری بەدیهاتووە.

لێرەدا دەردەکەوێت، هیچ پەیوەندییەکی ئاماژەدار لە نێوان دەســـتەکانی بڕوانامەی بەرتوێژان و ڕادەی پشتبەستن بە میدیای نوێدا نییە، واتا جیاوازی نێوان بڕوانامەی پەرلەمانتاران کاریگەری لەسەر ڕادەی پشـــتبەســـتنیان بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان نییە. ناوەندی ڕیزبەندی دەســـتەی بڕوانامەی ناوەندی ٣٨,٥٠ یە و ئامادەیی ٦٢,٤٤ و دبلۆم ٤٠,٣٣ و بەکالۆریۆس ٥٢,٤٣ و ماســـتەر ٤٨,٨٣ هەروەها دکتۆرا ٥٤,٤٤. لێرەدا بەهای **کا**$^{٢}$ بریتییە لە ٥,٨١٤ بە ئاســتی بەڵگەداری ٠,٣٢٥ و نمرەی ئازادی ٥. کە ئەو بەهایەش بەهایەکی ئاماژەدار نییە و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە گۆڕاوی بڕوانامە کاریگەری لە ڕادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێیەوە نییە.

**خشتە (٣٠)**

**پێوەری کروسکال (Kruskal-Wallis) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی بڕوانامە لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ**

| بڕوانامە | ژ | ناوەندی ڕیزبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا$^{٢}$ |
|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | - | - | ٥ | ٠,٣٢٥ | ٥,٨١٤ |
| ناوەندی | ٤ | ٥٠,٣٨ | | | |
| ئامادەیی | ٨ | ٦٢,٤٤ | | | |
| دبلۆم | ١٥ | ٣٣,٤٠ | | | |
| بەکالۆریۆس | ٤٩ | ٤٣,٥٢ | | | |
| ماستەر | ١٥ | ٤٨,٨٣ | | | |
| دکتۆرا | ٩ | ٤٤,٥٤ | | | |

## ٤-ڕۆڵی گۆڕاوی فراکسیۆن لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان بە میدیای نوێیەوە:

بە سـود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی پێوەری کروســکاڵ (Kruskal-Wallis) وەک لە خشـتەی ژمارە ٣١ دا هاتووە، توێژینەوەکە ڕاسـتی گریمانەی یەکەمی ســەلماندووە، کە تایبەتە بە کاریگەری گۆڕاوی فراکسـیۆن لە ڕادەی پشـتبەسـتن بە میدیای نوێ لەلایەن پەرلەمانتارانەوە، لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت گریمانەی جێگرەوە بەدیهاتووە.

لێرەدا دەردەکەوێت، پەیوەندییەکی ئاماژەدار لە نێوان دەســتەکانی فراکســیۆن و ڕادەی پشــت بەســتنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ هەیە، واتا جیاوازی نێوان فراکســیۆنی پەرلەمانتاران کاریگەری لەســەر ڕادەی پشـــتبەســـتنیان بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ناوەندی ڕیزبەندی دەســـتەی فراکسیۆنەکان بە پێی پلەبەندییان بەم شێوەیە:

(فراکسیۆنی سەربەخۆ) ٦٨,١٣، (فراکسیۆنی گۆڕان) ٦١,٢٩، (فراکسیۆنی یەکگرتوو) ٥٩، (فراکســـیۆنی پارتی) ٥٥,٤٣، (فراکســـیۆنی نەوەی نوێ) ٥٣,٣٣، (فراکســـیۆنی کۆمەڵ) ٥٣,١٤، (فراکسیۆنی پێکهاتەکان) ٤٣,٤٤، (فراکسیۆنی یەکێتی) ٣٥,١٠، (فراکسیۆنی ئازادی) و (فراکسیۆنی سەردەم) ١٨. لێرەدا بەهای کا$^{٢}$ بریتییە لە ١٨,٤٤٥ بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٣٠ و نمرەی ئازادی ٩. کە ئەو بەهایەش بەهایەکی ئاماژەدارە و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە گۆڕاوی فراکســـیۆن کاریگەری لە ڕادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ هەیە.

**خشتە (٣١)**

**پێوەری کروسکال (Kruskal-Wallis) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی فراکسیۆن لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ**

| فراکسیۆن | ژ | ناوەندی ڕیزبەندی | پلەبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا$^{٢}$ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی | ٣٧ | ٥٥,٤٣ | ٤ | ٩ | ٠,٠٣٠ | ١٨,٤٤٥ |
| یەکێتی | ٢١ | ٣٥,١٠ | ٨ | | | |
| گۆڕان | ١٢ | ٦١,٢٩ | ٢ | | | |
| کۆمەڵ | ٧ | ٥٣,١٤ | ٦ | | | |
| یەکگرتوو | ٥ | ٥٩,٠٠ | ٣ | | | |
| نەوەی نوێ | ٣ | ٥٣,٣٣ | ٥ | | | |
| پێکهاتەکان | ٩ | ٤٣,٤٤ | ٧ | | | |
| سەردەم | ١ | ١٨,٠٠ | ٩ | | | |
| ئازادی | ١ | ١٨,٠٠ | ٩ | | | |
| سەربەخۆ | ٤ | ٦٨,١٣ | ١ | | | |

## ٥-رۆڵی گۆڕاوی پارێزگا لە ڕادەی پشـــتبەســـتنی پەرلەمانتارانی کوردســـتان بە میدیای نوێیەوە:

بۆ دۆزینەوەی ڕۆڵی گۆڕاوی پارێزگا لە ڕادەی پشت بەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان بە میدیای نوێ ســـود لە تاقیکردنەوەی پێوەری کروســـکاڵ (Kruskal-Wallis) وەرگیراوە، هەروەک لە خشـــتەی ژمارە ٣١ دا هاتووە، بە گوێرەی ئەنجامی چارەســـەرە ئامارییە بەدەســـتهاتووەکان، توێژینەوەکە ڕاستی گریمانەی یەکەمی سـەلماندووە، کە تایبەتە بە کاریگەری گۆڕاوی پارێزگا لەسـەر ڕادەی پشتبەستن بە میدیای نوێ لەلایەن پەرلەمانتارانی کوردستانەوە، لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت کە گریمانەی جێگرەوە بەدیهاتووە.

وەک ئەنجامەکان ڕونیدەکەنەوە، پەیوەندییەکی ئاماژەدار لە نێوان دەســـتەکانی پارێزگا و ڕادەی پشـــت بەســـتنی پەرلەمـانتـاران بە میـدیـای نوێ و میـدیـا کۆمەڵایەتییەکـان هەیە، واتـا جیـاوازی نێوان ئەو پارێزگایەی پەرلەمانتارەکەی لێوە هاتووە کاریگەری لە ڕادەی پشـــت بەســـتنیان بە میدیای نوێ هەیە. ناوەندی ڕیزبەندی دەســـتەی پارێزگاکان بە پێی پلەبەندییان بەم شـــێوەیە: پارێزگای هەولێر ٥٥,٠٨، پارێزگای سـلێمانی ٥٣,٧٣، پارێزگای دهۆک ٤٨,٨٠، پارێزگای هەڵەبجە ١٩,٦٤. لێرەدا بەهای کا$^{2}$ بریتییە لە ١٢,٥١٢ بە ئاســـتی بەڵگەداری ٠,٠٠٦ و نمرەی ئازادی ٣. کە ئەو بەهایەش بەهایەکی ئاماژەدارە و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە گۆڕاوی پارێزگا کاریگەری لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ هەیە.

**خشتە (٣٢)**

**پێوەری کروسکال (Kruskal-Wallis) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆڵی گۆڕاوی پارێزگا لە ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ**

| پارێزگا | ژ | ناوەندی ڕیزبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا$^{2}$ |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٣٦ | ٥٥,٠٨ | ٣ | ٠,٠٠٦ | ١٢,٥١٢ |
| سلێمانی | ٣٠ | ٥٣,٧٣ | | | |
| دهۆک | ٢٧ | ٤٨,٨٠ | | | |
| هەڵەبجە | ٧ | ١٩,٦٤ | | | |

## گريمانەی دووەم/ پەيوەنـدييەكی ڕاســـتەوانە هەيە لە نێوان ڕادەی پشـــتبەســـتنی پەرلەمانتاران بە ميديای نوێ و كاتی تەرخانكراو:

### تاقيكردنەوەی گريمانەی دووەم

بۆ تاقيكردنەوەی گريمانەی جێگرەوە كە دەڵێت: پەيوەندييەكی پێكەوەگرێدراوی ڕاســـتەوانە لە نێوان ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتارانی كوردستان بە ميديای نوێ و كاتی تەرخانكراو بۆ بەكارهێنانی ميديای نوێ و ســـەكۆكانی ميديا كۆمەڵايەتييەكان هەيە، بۆ ســـەلماندنی ئەم گريمانەيە ســـود لە تاقيكردنەوەی پێوەری پەيوەندی (پێرسن) وەرگيراوە لە نێوان گۆڕاوەكانی ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە ميديای نوێ و ميديا كۆمەڵايەتييەكان و گۆڕاوی كاتی تەرخانكراو بۆ بەكارهێنانی ميديای نوێ. ئەنجامەكانی تاقيكردنەوەی گريمانەكە بەم جۆرە بوو كە لەخشتەی ژمارە ٣٣ دا خراونەتەڕوو:

**خشتە (٣٣)**

**پێوەری پێرسن (Pearson) بۆ تاقيكردنەوەی ڕادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە ميديای نوێ و كاتی تەرخانكراو بۆ تەماشاكردنی ميديای نوێ**

| گۆڕاوەكان | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | ژ | بەهای پێرسۆن بۆ پەيوەندی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە ميديای نوێ | ٣,٧٣ | ٠,٨٠٢ | ١٠٠ | ٠,٣١٦+ | ٠,٠٠١ |
| كاتی تەرخانكراو بۆ تەماشاكردنی ميديای نوێ | ٢,٦٢ | ٠,٨٢٦ | ١٠٠ | | |

لە خشـــتەكەدا دەردەكەوێت گريمانەی جێگرەوە بەديهاتووە بۆ گريمانەی دووەم، ئەويش بە ســـەلماندنی ئەوەی پەيوەندييەكی ڕاستەوانە لە نێوان كاتی تەرخانكراو بۆ تەماشاكردنی ميديای نوێ و ڕادەی پشت بەســـتن بە ميديای نوێ لەلايەن پەرلەمانتارانی كوردســـتانەوە هەيە، بەوەش ئەنجامەكان بەديهاتنی گريمانەی سفری ڕەتدەكاتەوە، بەوەی هيچ پەيوەنديەک نييە لە نێوان كاتی تەرخانكراو بۆ تەماشاكردنی ميديای نوێ و ئاســـتی پشـــتبەســـتن بە ميديای نوێ لەلايەن پەرلەمانتارانەوە. ئەنجامەكان دەريدەخەن پەيوەندييەكی ڕاستەوانەی بەهێز لە نێوان هەردوو گۆڕاوەكەدا هەيە، ئەوەش لە ڕێگەی بەهای (پێرسن) هاتووەتەدی كە بريتييە لە ٠,٣١٦+ كە ئەوەش بەهايەكی ئاماژەدارە بە ئاســـتی بەڵگەداری ٠,٠٠١. لێرەدا ناوەندە ژمێرەی ڕادەی پشـــتبەســـتنی پەرلەمانتاران بە ميديای نوێ بريتييە لە ٣,٧٣ و ناوەندە ژمێرەی تايبەت بە كاتی تەرخانكراو بۆ تەماشاكردنی ميديای نوێ بريتييە لە ٢,٦٢.

لێرەدا دەردەکەوێت، هەتا کاتی تەرخانکراو بۆ تەماشـــاکردن و بەکارهێنانی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە نموونەی (فەیســـبوک و تویتەر) زیاتر بێت لەلایەن پەرلەمانتارانەوە، ئەوا زیاتر پشـت بەو میدیایانە دەبەسـتن لە کاروبارەکانیاندا وەک پەرلەمانتارێک، ئەمەش دەرەنجامێکی ئاسـایی و چاوەڕوانکراوە، چوونکە تەرخانکردنی کاتی زیاتر بۆ بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان مانای بوونی پەیوەندی زیاتر لەگەڵ میدیاکان و خەڵک و بەکارهێنەرانی ئەو میدیایانە دێت و ئەوەش وا دەکات پەرلەمانتاران زیاتر کاریگەر بن بەو بابەت و بڵاوکراوانەی لەو میدیایانەدا هەیە، لە ئەنجامدا وادەکات پەرلەمانتاران زیاتر بەو بابەت و بڵاوکراوانە و میدیای نوێ پشتببەستن، بە شێوە گشتییەکەی لە کاری پەرلەمانیان و ئەوەش لە ئامادەکردنی پرۆژەیاساو گفتوگۆکردنیان و لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و دەنگدان لەسەر یاساکان ڕەنگدانەوەی دەبێت.

## گریمانەی سێیەم/ پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان کاتی تەرخانکراو بۆ میدیای نوێ لە لایەن پەرلەمانتارانەوە، لەگەڵ کاریگەریی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری)دا هەیە.

### تاقیکردنەوەی گریمانەی سێیەم:

ســـەبارەت بە تاقیکردنەوەی گریمانەی جێگرەوەی ســـێیەم کە دەڵێت: پەیوەندییەکی پێکەوەگرێدراوی ڕاســـتەوانە لە نێوان کاتی تەرخانکراو بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ لە لایەن پەرلەمانتاران و یئاســـتی کاریگەری لەســـەر هەرســـێ لایەنی کۆزانیاریی، ویژدانی و ڕەفتارییان هەیە، بە هۆی پشـــتبەســـتنی پەرلەمانتارانی کوردســـتان بە میدیای نوێ و ســـەکۆکانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ســـەلماندنی ئەم گریمانەیە ســـود لە تاقیکردنەوەی پێوەری پەیوەندی (پێرســـن) وەرگیراوە، لە نێوان گۆڕاوەکانی کاتی تەرخانکراو لەلایەن پەرلەمانتاران بۆ میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕاوی کاریگەری لەســـەر هەریەک لە لایەنی کۆزانیاریی و ویژدانی و ڕەفتاری. ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی گریمانەکە بەم جۆرە بوو کە لەخشتەی ژمارە ٣٤ دا ڕونکراوەتەوە:

**خشتة (٣٤)**

**پێوەری پێرسن (Pearson) بۆ تاقیکردنەوەی کاتی تەرخانکراو بۆ تەماشاکردن و پشت بەستن بە میدیای نوێ لەسەر هەرسێ لایەنی (کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری)ی پەرلەمانتاران**

| گۆڕاوەکان | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | ژ | بەهای پێرسۆن بۆ پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| کاتی تەرخانکراو بۆ تەماشاکردنی میدیای نوێ | ٢,٦٢ | ٠,٨٢٦ | ١٠٠ | ٠,٢٥٥+ | ٠,٠١٠ |
| کۆزانیاریی | ٣٠,٠٤ | ٥,٥٨١ | ١٠٠ | | |
| ویژدانی | ٢٩,٨٧ | ٤,٣٨٠ | ١٠٠ | ٠,٢٨٢+ | ٠,٠٠٤ |
| ڕەفتاری | ٤٥,٢٧ | ٧,٧٧٤ | ١٠٠ | ٠,٢٣٥+ | ٠,٠١٩ |

بە گوێرەی ئەنجامەکانی خشتەکە دەردەکەوێت؛ گریمانەی جێگرەوە بەدیهاتووە بۆ گریمانەی سێیەم لەسەر هەرسێ ئاستی کۆزانیاریی، ویژدانی، ڕەفتاری، ئەوەش بە سەلماندنی ئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لاواز لە نێوان کاتی تەرخانکراو بۆ بەکارهێنان و تەماشاکردنی میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر ئاستی کۆزانیاریی پەرلەمانتاران و جوڵاندنی ویژدانی پەرلەمانتاران و گۆڕان لە ڕەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان هەیە. ئەنجامەکان لەسەر هەرسێ ئاست گریمانەی جێگرەوەی بەدیهێناوە و بوونی گریمانەی سفری ڕەتدەکاتەوە لە نەبوونی پەیوەندی لە نێوان کاتی تەرخانکراو بۆ میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر پەرلەمانتاران.

ئەنجامەکان بە ڕونی دەریدەخەن، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لاواز لە نێوان گۆڕاوی کاتی تەرخانکراو بۆ میدیای نوێ لەلایەک لە لایەکی دیکەش لەگەڵ کاریگەری لەسەر لایەنی کۆزانیاریی و ویژدانی و ڕەفتاری پەرلەمانتاران هەیە. بەهای (پێرسن) تایبەت بە پەیوەندی گۆڕاوی کاتی تەرخانکراو بۆ میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر لایەنی کۆزانیاریی پەرلەمانتاران بریتییە لە ٠,٢٥٥+ بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠١٠ کە ئەوەش بەهایەکی ئاماژەدارەو بەهای (پێرسن) تایبەت بە پەیوەندی گۆڕاوی کاتی تەرخانکراو بۆ میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران بریتییە لە ٠,٢٨٢+ بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٤ کە بەهایەکی ئاماژەدارە. بەهای (پێرسن) تایبەت بە پەیوەندی گۆڕاوی کاتی تەرخانکراو بۆ میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر لایەنی ڕەفتاری پەرلەمانتاران بریتییە لە ٠,٢٣٥+ بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠١٩ کە ئەمیش بەهایەکی ئاماژەدارە.

لێرەدا ناوەندە ژمێرەی ڕادەی کاریگەری تەماشاکردنی میدیای نوێ تایبەت بە لایەنی کۆزانیاریی بریتییە لە ٣٠,٠٤ و ناوەندە ژمێرەی ڕادەی کاریگەری تەماشاکردنی میدیای نوێ تایبەت بە لایەنی ویژدانی بریتییە ٢٩,٨٧. ناوەندە ژمێرەی ڕادەی کاریگەری تەماشاکردنی میدیای نوێ تایبەت بە لایەنی ڕەفتاری بریتییە ٤٥,٢٧.

ئەم ئەنجامانە نیشانیدەدات، کە هەتا پەرلەمانتاران کاتی زیاتر تەرخانبکەن بۆ تەماشاکردن و بەکارهێنانی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا ئەو میدیایانە زیاتر کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات لە هەرسێ لایەنی کۆزانیاریی و ویژدانی و ڕەفتارییان. بە جۆرێک تەرخانکردنی کاتی زیاتر بە واتای وەرگرتنی کۆزانیاریی زیاتر دێت لەسەر بابەتەکان و کێشەکان و خواست و داواکارییەکانی خەڵک، بە واتایەکی دیکە تەرخانکردنی کاتی زیاتر دەرفەت دەدات پەرلەمانتاران زۆرترین زانیاریان دەستبکەوێت لە ڕێگەی ئامراز و سەکۆکانی میدیای نوێوە، کە ئەوەش وادەکات زانیاری زیاتری هەبێت کە سودی دەبێت بۆ پرۆسەی ئامادەکردنی پرۆژەیاسا و گفتوگۆ و بڕیاردان و دەنگدان لەسەر پرۆژەیاساو بڕیارەکان.

تەرخانکردنی کاتی زیاتر بۆ میدیای نوێ وا دەکات پەرلەمانتاران لایەنی ویژدانی وهەستیان کاریگەری بێت بەو بابەتانەی لە نێو ماڵپەڕ و میدیا کۆمەڵایەتییەکانی وەک (فەیسبوک و تویتەر) و ئەوانی دیکە بڵاودەکرێنەوە کاریگەری لەسەری ویژدانیان دروستبکات بە ئەرێنی یاخود نەرێنی و هەڵوێست لە بەرامبەریان وەربگرن، ئەمەش لە پرۆسەی یاسادان و گفتوگۆکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر بڕیاردانەدا.

لە کۆتاییشدا تەرخانکردنی کاتی زیاتر بۆ میدیای نوێ لە لایەن پەرلەمانتانەوە وا دەکات کاریگەربن بەو بابەت و بڵاوکراوانەی لە ماڵپەڕ و ئەژمارە گشتی و تایبەتییەکانی ناو میدیا کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر ڕەفتاریان هەبێت لە قسەکردن و بەشداریکردن لە چالاکی و گفتوگۆکان و ئامادەکردنی پرۆژەیاسا و بەشداریکردن لە گفتوگۆ و دانیشتنە لاوەکی و سەرەکییەکانی تایبەت بە پرۆژەیاسا و دەنگدان پێیان و لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا بە شێوەیەکی گشتی.

# دەرئەنجام و راسپاردە و پێشنیاز و سەرچاوەکان

## یەکەم/ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

لە ئەنجامی لێکدانەوە و شیکردنەوەی داتا و زانیارییە بەدەستهاتووەکانی هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی و هەڵسەنگاندنی گریمانەکان، لە ڕێگەی پێوەرو چارەسەرە ئامارییەکان، توێژینەوەکە گەیشت بەم دەرئەنجامانە:

١- میدیای نوێ بە شێوەیەکی گشتی و میدیا کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی، بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن دەستەبژێری سیاسیی بڕیاردروستکەرانەوە بەکاردەهێنرێن و ئەوەش ڕۆڵی لە خستنەڕوی زانیارییەکان و لێکنزیککردنەوەی بەکارهێنەران و ناوەندەکانی بڕیاردان هەیە.

٢- لە نێو پێگەی میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا (فەیسبوک) زۆرترین بەکارهێنانی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بە ڕێژەی ٩٩٪ هەیە و بە دوای ئەودا (تویتەر و ئینستاگرام) دێن، ئەوەش دەرئەنجامێکی ئاساییە بەوپێیەی (فەیسبوک) زۆرترین بەکارهێنەری لەسەر ئاستی جیهان و کوردستانیش هەیە.

٣- زۆرینەری پەرلەمانتارانی کوردستان لە کارەکانی ڕۆژانەیاندا و تایبەت بە کاری پەرلەمانی و یاساداناندا میدیای نوێ بەکاردەهێنن و پشت بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە کاری پەرلەمانتارییاندا دەبەستن. زۆربەی پەرلەمانتاران بە ڕێژەی ٦٥٪ جگە لە ئەژماری تایبەت، پەیجیان هەیە لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەش نیشانەی گرنگیدانە بە میدیا کۆمەڵایەتییەکان، چونکە هەبوونی پەیج مانای زیاتر بەکارهێنان و هەبوونی زۆرترین پەیوەندییە لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکە بەو پێیەی بواری بەکارهێنانی فراوانترە لە ئەژماری کەسیی و تایبەت.

٤- زۆرترین بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا، لە نێوان ١-٢ کاتژمێردایە، بە ڕێژەی ٤٤٪ و زیاتر لە سێ یەکی پەرلەماندتاران ڕۆژانە ٣-٤ کاتژمێر میدیا کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، واتە پەرلەمانتارانی کوردستان ڕۆژانە کاتێکی باش تەرخاندەکەن بۆ بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان، کە بریتییە لە ١٦٤ خولەکی ڕۆژانە کە زیاترە لە تێکڕای بەکارهێنانی ئاسایی کە بریتییە لە ١٤٤ خولەکی ڕۆژانە بە گوێرەی ماڵپەڕی (ستاتیستا).

٥- میدیای نوێ بوەتە سەرچاوەیەکی باشی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان لە کوردستاندا. زۆرینەی پەرلەمانتارانی کوردستان بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ڕوداو و هەواڵەکان پشت بە میدیای نوێ دەبەستن. میدیای نوێ سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکانی پەرلەمانتارانی کوردستانە و لە ڕێگەی میدیای نوێوە زانیاریان دەستدەکەوێت لەسەر داواکارییەکانی خەڵک و پەیوەست بە پرس و بابەتە سیاسییەکان.

٦- گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی توخم و بڕوانامە و تەمەن کاریگەرییان لەسەر رادەی پشتبەستنی پەرلەمانتارانی کوردستان بە میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان نییە. پەرلەمانتاران بە گشتی گرنگی بە بەکارهێنان و پشتبەستن بە میدیای نوێ دەدەن بە ئاستێکی نزیک لە یەکتر بە بێ کاریگەری توخم و تەمەن و بڕوانامەکانیان.

٧- گۆڕاوەکانی فراکسیۆن و پارێزگا رۆڵیان هەیە لە رادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ. پەرلەمانتاری فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان زیاتر پشت بە میدیای نوێ دەبەستن و گرنگی پێدەدەن و ئەوەش کاریگەری لەسەر لایەنی ویژدان و هەڵسوکەوتیان لە پرۆسەی یاسادانان و بڕیارداندا هەیە. لەسەر ئاستی پارێزگاش پەرلەمانتارانی (هەولێر) زیاتر پشت بە میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە و پەرلەمانتارانی (هەڵەبجە) کەمترین پشتبەستنیان هەیە، ئەوەش بۆ بەشداری پارێزگاکە لە روداو و بابەتە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە، بە تایبەت کە (هەولێر) پایتەختی هەرێمە و (هەڵەبجە)ش پارێزگایەکی تازەیە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە.

٨- زۆرینەی پەرلەمانتارانی کوردستان پشت بە میدیای نوێ دەبەستن و ئەوەش کاریگەری لەسەر ئاستی زانیارییەکانیان لە کاتی پرۆسەی بڕیارداندان هەیە و بەوەش کاریگەری لە هەڵسوکەوت و رەفتاریان دەکات لە کاتی بڕیارداندا، بەڵام ئاستی کاریگەرییەکە زۆر بەهێز نییە بەو پێیەی پەرلەمانتاران وابەستەی سیاسەتی پارتەکانیان بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆسەی یاسادانان و بڕیاردانی سیاسییدا، ئەوەش لەلای پەرلەمانتارانی پارتە پێکهێنەرەکانی حکومەت رەنگیداوەتەوە.

٩- میدیای نوێ لە کوردستان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە زانیاری ورد و بابەتی لەسەر پرۆژەیاساکان بخاتەڕوو، کە ببێتە مایەی متمانەی پەرلەمانتاران، هەربۆیە پەرلەمانتارانی کوردستان لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پرۆژە یاساکان بێلایەنن لە سود وەرگرتن لە میدیای نوێ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پرۆژەیاسا و بڕیارە سیاسییەکان.

١٠- لە فۆرمە گشتییەکەیدا لە روی بەردەستخستنی زانیارییەکان میدیای نوێ، بووەتە جێگرەوەی میدیا نەریتییەکانی وەک (رادیۆ و رۆژنامە و تەلەفزیۆن) پەیوەست بە پەرلەمانتارانی کوردستانەوە، بەتایبەت لە روی وەرگرتنی زانیارییەوە هۆکاری زۆری زانیارییەکان و فرەیی سەرچاوەکان و خێرایی گواستنەوە و ئاسانی بەکارهێنان و نەبونی سانسۆرە لەسەر میدیای نوێ.

١١- جیاوازی سیاسەتی پارتەکان و فراکسیۆنەکان لە لایەک و جیاوازی بابەتێک بۆ بابەتێکی دیکە لەلایەکی ترەوە، وایکردووە کە پەرلەمانتاران لە هەڵمەتی ناو میدیا کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکراوەی بەکارهێنەرانی ئەو تۆڕانە رازی نەبن و ئەوەش کاریگەری لەسەریان دروستناکات و واناکات لەکاتی بڕیارداندا هاوسۆزی بەکارهێنەران بن لە هەموو بابەتە سیاسییەکاندا.

١٢- میدیا كۆمەڵایەتییەكان دەرفەتیان بۆ خستنەڕوی بۆچوونە جیاوازەكان لەسەر پرۆژەیاسا و بڕیارەكان رەخساندووە و ئەوەش وایكردووە پەرلەمانتاران ئەو بۆچونە جیاوازانەی خەڵك لە میدیا كۆمەڵایەتییەكان بە هەند وەربگرن و بۆچوونە دژەكانیش نیگەرانیان نەكات و گرنگی بە كۆمێنت و سەرنجەكان دەدەن بە تایبەت ئەوانەی لەسەر بڵاوكراوەكانیان دەنوسرێت و ئەو كاردانەوانە نیگەرانیان ناكات.

١٣- میدیا كۆمەڵایەتییەكان كارئاسانی لە پرۆسەی بڕیاردان و ئامادەكردنی پرۆژە یاساكاندا دەكات و بوونەتە ئامرازێكی بەهێز بۆ پەیوەندیكردن لە نێوان پەرلەمانتار و خەڵكدا و بە شێوەیەكی فراوان سود لە میدیای نوێ دەبینن بە تایبەت میدیا كۆمەڵایەتییەكان بۆ گوزارشتكردن لە بۆچوونەكانیان و وەك ئامرازێكی میدیا بۆ بڵاوكردنەوەی چالاكییەكانیان بەكاریدەهێنن. بەكارهێنەرێكی چالاكن و گرنگی بە بۆچوون و نامەكان دەدەن و وەڵامیان بۆ سەرنج و نامەكانی خەڵك لەسەر ئەو پێگانە هەیە.

١٤- پەرلەمانتارانی كوردستان میدیای نوێ و پێگەكانی میدیا كۆمەڵایەتییەكان، وەك ئامرازێكی پەیوەندی گشتی بۆ پەیوەندیكردن لەگەڵ خەڵكدا و بۆ گوزارشتكردن لە بۆچونەكانیان دەربارەی بابەت و پرسە سیاسییەكان بەكاردەهێنن.

١٥- زۆرینەی پەرلەمانتارانی كوردستان لە رێگەی ئەو بابەتانەی كە لە میدیا كۆمەڵایەتییەكانەوە بڵاودەكرێنەوە كاریگەری دەبێت لەسەریان و وایان لێدەكات پشتگیری داواكارییەكانی خەڵك بكەن لە گفتوگۆو دارشتنی پرۆژەیاسا و بڕیارەكاندا. بڵاوكراوەو هەڵمەتەكانی نێو میدیا كۆمەڵایەتییەكان، بەتایبەت بە بڕیار و پرۆژەكانی تایبەت بە چاكسازی وا لە پەرلەمانتاران دەكات لە پرس و بڕیارەكانی تایبەت بە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیدا باشتر بڕیار بدەن و بەرەنگاری ببنەوە.

١٦- پەرلەمانتارانی كوردستان بە گشتی بە هۆی میدیای نوێ و بابەتەكانی میدیا كۆمەڵایەتییەكانەوە كاریگەر دەبن لە پرۆسەی بڕیاردان، هەر لە گفتوگۆكردن لەگەڵ پەرلەمانتارانی دیكە و خۆ ئامادەكردن بۆ پرۆژەیاساكان و خستەروی بۆچوون و سەرنجەكان و بەشداری كۆبونەوە جەماوەرییەكان، بەڵام بە شێوەیەكی كەم.

١٧- پەرلەمانتاران تا رادەیەك كۆكن لەسەر ئەوەی میدیای نوێ و میدیا كۆمەڵایەتییەكان، لە رێگەی خستنەڕوی زانیارییەكان، كارئاسانییان لە كاری پەرلەمانتارییان بۆ دەكات بە تایبەت لە جێبەجێكردنی ئەركی چاودێریكردنی كارەكانی حكومەت.

١٨- زیادبوونی کاتی تەرخانکراو بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ لە لایەن پەرلەمانتارانەوە وا دەکات، کە زیاتر کاریگەربن بە بابەت و بڵاوکراوەکانی ناو میدیا کۆمەڵایەتییەکان و بەوەش کاریگەری لەسەر بڕیارەکانیان دەبێت لە پەرلەماندا بە تایبەت بڕیارە سیاسییەکانی پەیوەست بە ژیانی خەڵکەوە.

١٩- زیاتر بەکارهێنانی میدیا کۆمەڵایەتییەکان زانیاری پەرلەمانتاران زیاد دەکات و بەوەش زیاتر کاریگەری لەسەریان دروستدەکات لەسەر هەرسێ لایەنی کۆزانیاریی و ویژدانی و رەفتارییان، بە جۆرێک تەرخانکردنی کاتی زیاتر بە واتای وەرگرتنی زانیاری زیاتر دێت لەسەر بابەتەکان و کێشەکان و خواست و داواکارییەکانی خەڵک، بە واتایەکی دیکە تەرخانکردنی کاتی زیاتر دەرفەت دەدات پەرلەمانتاران زۆرترین زانیاریان دەستبکەوێت لە رێگەی ئامراز و سەکۆکانی میدیای نوێوە، کە ئەوەش وادەکات زانیاری زیاتری هەبێت کە سودی دەبێت بۆ پرۆسەی ئامادەکردنی پرۆژەیاسا و گفتوگۆ و بڕیاردان و دەنگدان لەسەر پرۆژەیاساو بڕیارەکان.

٢٠- بەشێوەیەکی گشتی میدیای نوێ و میدیا کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی و کاراکتەرەکانی ئەو ناوەندانە هەیە، بە تایبەت پەرلەمانی کوردستان، بەڵام کاریگەرییەکە لە بابەتێک بۆ بابەتیکی دیکە جیاوازی هەیە و پابەندی پەرلەمانتارەکانیش بە فراکسیۆن و سیاسەتی پارتەکانیان رادەی ئەو کاریگەرییە دەگۆڕێت.

٢١- نارێکخراوی لە بەکارهێنان پشتبەستن بە میدیای نوێ لە لایەن پەرلەمانەوە و میدیای نوێیەوە هەیە، هێشتا خاوەن ناسنامەی خۆی نییە کە بابەتییانە کار بکات و بابەتەکان بخاتەروو بە شێوازێکی رێکخراو کە رۆڵی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا هەبێت.

٢٢- بڕیاری سیاسی لە کوردستان بە تایبەت لە پەرلەمانی کوردستان پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە، کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ هەنگاوەکانی دروستکردنی بڕیار ئەوەی لە کوردستاندا هەیە زیاتر بڕیاردانە نەک بڕیار دروستکردن بەو پێیەی زۆرجار قۆناغە ئاساییەکان نابڕیت و کاریگەرییەکانی رایگشتی و میدیا و ئەوانی دیکەی بەسەرەوە نییە.

## دووەم/ راسپاردە و پێشنیازەکان:

### آ. راسپاردەکان:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەلایەن بەشەکانی راگەیاندن و سیاسەت لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا لەسەر هەردوو گۆڕاوی ئەم توێژینەوەیەو تیشکخستنە سەر رەهەندەکانی دیکەی میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر کایەکانی دیکەی وەک پەروەردەو لایەنی کۆمەڵایەتی و لێکدانەوەو توێژینەوەی زیاتر لەسەر فاکتەرەکانی دیکەی کاریگەر لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی ئەنجامبدرێت.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بەکارهێنان و گرنگی و کاریگەری میدیای نوێ لە کوردستان و رۆڵی لەسەر ناوەندەکانی دیکەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە کوردستاندا بە تایبەت وەک حکومەت و پارتە سیاسییەکان و دەستەبژێری سیاسی.

٣. پەرلەمانتاران گرنگی زیاتر بدەن بە میدیای نوێ وەک سەرچاوەی سودوەرگرتن لە زانیاری دەربارەی پرۆژەیاساکان و کاراتر میدیا کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەرەکانیان و خەڵک بەکاربهێنن، لە پێناو بەشدارییەکی کارا لە ئامادەکردن و گفتوگۆی پرۆژەیاساکان بۆ ئەوەی بڕیاری دروستی لەبارەوە بدەن.

٤. پارتە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکانیان ناوەندێکی لێکۆڵینەوەیان هەبێت تایبەت بە چاودێری میدیای نوێ بۆ زانینی ئاراستەی خەڵک پێش وەرگرتنی هەر بڕیارێک، کە ئەمە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری لەسەر لایەنە باش و خراپەکانی ئەو بڕیارە هەبێت و قۆناغە ئاساییەکانی خۆی ببڕێت و کەمترین زیانی لێبکەوێتەوە.

### ب. پێشنیازەکان:

١. پێشنیاز بۆ پەرلەمانی کوردستان بە دروستکردنی سەکۆیەکی ئەلکترۆنی هاوشێوەی پیتیشنی بەریتانیا، کە رێگە بە خەڵک دەدات دەنگ لەسەر بابەتێک بدەن و داوای گفتوگۆکردنی و دانیشتن بکەن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لە رێگەی دەنگدان و پێشنیازکردن، کە کارئاسانی دەکات بۆ پرۆسەی بڕیاردان لە قۆناغەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ و بڕیارلەسەردان.

٢. دامو دەزگا و رێکخراوە سیاسی و ناسیاسییەکان گرنگی بدەن بە رایگشتی دەرەوەی دامەزراوەکان، کە زۆر جار لە رێگەی میدیای نوێوە بەرجەستە دەبێت و خۆی دەنوێنێت و سودی لێببینن لە پرۆسەی بڕیاردانDا.

٣. ناساندن و ڕێکخستنی میدیای نوێ و پۆلێنبەندکردنی، وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندنی جەماوەری لە ڕێگەی پرۆژەیاسایەکی سەردەمیی، کە دەستەبەری پیشەییبوون و ئازادیی ڕۆژنامەگەری تێدابێت بە جۆرێک بتوانێت ڕۆڵی لە پرۆسەی سیاسی لە ڕێگەی دروستکردنی ڕایگشتی و کاریگەریدانان لەسەر بڕیارە سیاسییەکان هەبێت.

٤. بایەخدان بە خوێندنی میدیای نوێ، وەک بوارێکی نوێی میدیا لە زانکۆ و پەیمانگاکان، کە کاریگەری زۆری لەسەر خودی میدیا و بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵ هەیە.

٥. دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگی زیاتر بدەن بە میدیای نوێ بە پەیج و ئەکاونتەکانیشیانەوە، وەک میدیای سەردەم لە ڕێگەی چالاکردنی و ڕێکخستنی بە ئاراستەی پیشەییبون و بابەتیبون بە تایبەت لە بابەت سیاسییەکاندا لە پێناو خستنەروی زانیاری ڕاست و دروست بۆ خەڵک لە لایەک و ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار لەلایەکی دیکە.

## سێیەم/ لیستی سەرچاوەکان:

- **قورئانی پیرۆز**

### ١. پەرتوکەکان

### آ- سەرچاوەی کوردی:

١. فەرهادی، حەمەسالّح، (١٩٩٨)، چەند بابەتێکی رۆژنامەنووسیی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٢. فەوزی، سامان، (٢٠٠٤)، میدیای ئینتەرنێتی و گرفتە یاساییەکانی، و: هونەر رەسوڵ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،
٣. ر، محەمەد، (٢٠١٨). هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢-٢٠١٤، پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن: سلێمانی، چاپی دووەم.
٤. دەستوری عێراق، ٢٠٠٥،مادده (١١٧)، صباح صادق جعفر الانباری، ٢٠١٠، دستور جمهورية العراق، ٢٠٠٥، بغداد، المكتبة القانونية.
٥. ريبه ر گوران مصطفى و فاروق عبدول مولود، دور الإعلام التفاعلي في تشكيل اتجاهات النخبة الأكاديمية نحو الخلافات بين الحكومة الإتحادية و حكومة اقليم كوردستان، \مجلة ئه كاديميان كوردستان، عدد:٣، قسم "B"، ٢٠١٥.

### ب- سەرچاوەی عەرەبیی:

٦. أسماعيل, الاعلام المعاصر: وسائله، مهاراته، تأثيراته، أخلاقياته، وزارة الثقافة و الفنون و التراث، قطر، ٢٠١٤.
٧. إيمان عبد العال عبد الغني، السياسة الخارجية اليابانية في شرق آسيا ١٩٩٠ - ٢٠٠٨ ، القاهرة، المكتب العربي للمعارف.
٨. بطرس غالي ومحمود خيري عيسى، المدخل في علم السياسة، القاهرة، مكتبة الأنجلو المصرية، الطبعة العاشرة، ١٩٩٨.
٩. بهاءالدين مكاويالمدخل إلى علم السياسة، المنامة، جامعة العلوم التطبيقية، سلسلة كتب العلوم السياسية رقم ٦، ٢٠١٥ .
١٠. جيمس أندرسون، صنع السياسات العامة، ترجمة د.عامر الكبيسي، عمان، دار المسيرة، ١٩٩٩ .
١١. جيمس دورثي و روبرت بالستغراف. المؤسسات الامريكية، ترجمة انيس صايغ .بيروت، ١٩٧٤.
١٢. رجب عبد الحميد، مبادئ العلوم السياسية، القاهرة، دار ابو المجد للطباعة، ٢٠١١ .
١٣. طارق شريف يونس، أنماط التفكير الاستراتيجي وأثرها في اختيار مدخل اتخاذ القرار، اربد، دار الكتاب الثقافي، ٢٠٠٩ .

١٤. عادل ثابت، النظرية السياسية الحديثة :دراسة للنماذج والنظريات ال يقدمت لفهم وتفس رعالم السياسة،( القاهرة،مكتبة خوارزم،2002

١٥. مجموعة من أساتذة الاقتصاد والعلوم السياسية بجامعة القاهرة، مبادئ العلوم السياسية، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٩٠.

١٦. مصطفى، عباس، الإعلام الجديد؛ المفاهيم والوسائل والتطبيقات. دار الشروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨.

١٧. محمد عبد العظيم الشيمي، الوظيفة السياسية لصانع القرار في السياسة الخارجية المصرية، القاهرة، المكتب العربي للمعارف.

١٨. محمد عزت, احمد نافع, المفاهيم الحديثة في علم الادارة, مكتبة الجامعة واثراء للنشر و التوزيع, الاردن, ٢٠١٠م.

١٩. مها عبد اللطيف الحديثي ومحمد عدنان الخفاجي، النظام السياسي والسياسة العامة: دراسة في دور الموسسات الرسمية وغير الرسمية في صنع السياسة العامة في الدول المتقدمة والنامية، مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية، سلسلة الدراسات رقم ٧، بغداد، ٢٠٠٦ .

٢٠. ياس خضير البياتي، الاعلام الجديد الحرية و الفوضى و الثورات. هيئة الفجيرة للثقافة و الاعلام، ٢٠١٤.

### پ- سەرچاوەی ئینگلیزی:

21- Abdu, S. D., Mohamad, B., Muda, S. (2017). Youth online political participation: The role of Facebook use, interactivity, quality information and political interest. SHS Web of Conferences, 33.

22- Acevedo, M., & Krueger, JI. (2004). Two egocentric sources of the decision to vote: The voter’s illusion and the belief in personal relevance. *Political Psychology, 25*(1).

23- Ahmad T, Alvi A, Ittefaq M. The Use of Social Media on Political Participation Among University Students: An Analysis of Survey Results From Rural Pakistan. SAGE Open. July 2019.

24- Amaldoss, W., & Jain, S. (2010). Reference groups and product line decisions: an experimental investigation of limited editions and product proliferation. Management Science, 56(4).

25- Andersen, K. N., Medaglia, R. (2009). The use of Facebook in national election campaigns: Politics as usual. In International Conference on Electronic Participation.

26- Barbara Cochran (2010) Rethinking Public Media , First edn., NY: The Aspen Institute.

27- Bimber B, Gil de Zúñiga H. The unedited public sphere. New Media & Society. 2020;22(4).

28- Bolleyer, N (2013) New Parties in Old Party Systems: Persistence and Decline in Seventeen Democracies. Oxford: Oxford UP.

29- Charness, N., Parks, D. and Sabel, B. (2001). Communication, technology and aging. New York: Springer Pub. Co.

30- Cioca, M., Buraga, S. and Cioranu, C. (2014). Disaster Prevention Integrated into Commonly Used Web Rendered Systems with GIS Capabilities. International Journal of Computers Communications & Control, 7(5).

31- Couldry, N. and Curran, J. (2003). *Contesting media power*. 1st ed. Lanham, Maryland: Rowman & Littlefield Publishers.

32- David W. Park, Nicholas W. Jankowski and Steve Jones, 2011, The long history of new media. Peter Lang, New York, Oxford.

33- Davis, R., Owen, D., Taras, D., Ward, S., Davis, R., Boas, T., McAllister, I., Gibson, R., Kluver, R., Hill, D., Small, T., Danchuk, D., Lusoli, W., Dader, J., Hooghe, M., Vissers, S., Voerman, G., Boogers, M., Bentivegna, S. and Schweitzer, E. (2008). Making a Difference. Lanham: Lexington Books.

34- De-Blasio, Emiliana (2013). “The role of the media industry when participation is a product”. In: Carpentier, Nico; Schroder, Kim; Hallett, Lawrie (eds.). Transformations. Late modernity´s shifting audience positions. New York: Routledge.

35- De-Prato, Giuditta; Sanz, Esteve; Simon, Jean-Paul (2014). Digital media worlds. The neew economy of media. New York: Palgrave-Macmillan.

36- Dewdney, A. and Ride, P. (2006). *The new media handbook*. London: Routledge.

37- Dietz T (2013) Bringing values and deliberation to science communication. Proc Natl Acad Sci USA .

38- Everett, A. (Ed.), Caldwell, J. (Ed.). (2003). New Media. New York: Routledge.

39- Feldman, T. (2012). An Introduction to Digital Media. NewYork. Sage. Fidler, R. (1997). Mediamorphosis. Thousand Oaks, Calif: Sage.

40- Hermann, M., & Hagan, J. (1998). International Decision Making: Leadership Matters. Foreign Policy.

41- Garnham N. Habermas and the public sphere. Global Media and Communication. 2007;3(2).

42- Holt, K. and Krogh, T. (2010). *The citizen as media critic in periods of media change*. Lisbon: OberCom.

43- Jones, S. (2003). *The Encyclopedia of new media*. Sage.

Kahneman D (2011) Thinking, Fast and Slow (Ferrar, Straus, and Giroux, New York).

44- KALATHIL, S., & BOAS, T. C. (2003). Open networks, closed regimes: the impact of the Internet on authoritarian rule. Washington, D.C., Carnegie Endowment for International Peace.

45- Kember, S. and Zylinska, J. (2015). Life after new media. Cambridge (Mass.): MIT.

46- Kirkpatrick, D. (2012). The facebook effect. [Sydney]: Read How You Want/Accessible.

47- Kneuer M. E-democracy: A new challenge for measuring democracy. International Political Science Review. 2016;37(5).

48- Koch-Baumgarten, Sigrid & Voltmer, Katrin. (2010). Public Policy and Mass Media. The Interplay of Mass Communication and Political Decision Making.

49- Lester, P. M. (2011). *Visual communication: images with messages*. Boston. MA, Wadsworth.

50- Lister, M. (2013). *New media*. 2nd ed. Milton Park, Abingdon, Oxon: Taylor & Francis.

51- Logan, R (2016).Understanding New Media. New York: Second Edition. Peter Lang.

52- Lu, J., Jain, L. and Zhang, G. (2012). *Handbook on decision making*. Heidelberg: Springer.

53- M.Igbaria, M.Tan, 1997, the consequences of information technology acceptance on subsequent individual performance. Information & Management Volume 32, Issue 3.

54- Matthew Loveless, Media Dependency: Mass Media as Sources of Information in the Democratizing Countries of Central and Eastern Europe, Center for Research and Social Progress (CeRSP), Ph.D. Political Science, 2008.

55- McLuhan, M. (1960) Effects of the improvements of communication media, Journal of Economic History , 20.

56- MCQUAIL, D. (2010). McQuail's Mass communication theory. London, Sage Publications.

57- Melvin L. Defleur & Sandra Ball Rokeach, Theories of Mass Communication, 4th ed, New York:Longman, 1982.

58- Morris, M. and Ogan, C. (1996). The Internet as Mass Medium. *Journal of Communication*, 46(1).

59- MUNICHOR, N., EREV, I., & LOTEM, A. (2006). Risk attitude in small timesaving decisions. Journal of Experimental Psychology: Applied, 12.

60- Murray, A. and Scott, C. (2002). Controlling the New Media: Hybrid Responses to New Forms of Power. Modern Law Review, 65(4).

61- N, A. (2018). How Media Covered “Arab Spring” Movement: Comparison between the American Fox News and the Middle Eastern Al Jazeera.

62- Negroponte, N. (2000). Being digital. New York: Vintage Books.

Newman, T. (2016). Tracking the release of IPCC AR5 on Twitter: Users, comments, and sources following the release of the Working Group I Summary for Policymakers. Public Understanding of Science, 26(7).

63- Noguera-Vivo, José-Manuel; Bourdaa, Melanie; Villi, Mikko; Nyiro, Nora; De-Prato, Giuditta; Sanz, Esteve; Simon, Jean-Paul (2014). Digital media worlds. The neew economy of media. New York: Palgrave-Macmillan.

64- Nutt, Paul C., and David C. Wilson, eds. *Handbook of Decision Making*. Hoboken, NJ: Wiley, 2010.

65- REBILLARD, F. (2011). Du Web 2.0 au Web2 : fortunes et infortunes des discours d’accompagnement des réseaux socionumériques. Hermès, (59).

66- Sabah Abdul Razzaq Kubba, ‘American research centers and their role in the decision-making process in foreign policy’, Ahmadi Publishing, First Edition, Baghdad, 2015.

67- Scott, S. G., & Bruce, R. A. (1995). Decision-Making Style: The Development and Assessment of a New Measure. Educational and Psychological Measurement, 55(5).

68- Stavros, A. (2013). Advances in communications and media research. Hauppauge, NY: Nova Science Pub.

69- Toffler, A. (1992). *Powershift*. New York: Bantam Books.

70- Trewatha, R.L., & Newport, M.G. (1982). Management. 3rd ed., Business Publications, 1982.

71- Triantaphyllou, E., Shu, B., Nieto Sanchez, S., & Ray, T. (1998). Multi-criteria decision making: An operations research approach. Encyclopedia of Electrical and Electronics Engineering, 15.

72- Tyma, A. (2015). Book Review: Journalism and Memorialization in the Age of Social Media, by Peter Joseph GloviczkiGloviczkiPeter JosephJournalism and Memorialization in the Age of Social Media.

73- Veronica Hefner, The Influence of Television and Film Viewing on Midlife Women's Body Image, Disordered Eating, and Food Choice, Article in Media Psychology · April 2014.

74- Verstraeten H. The Media and the Transformation of the Public Sphere: A Contribution for a Critical Political Economy of the Public Sphere. European Journal of Communication. 1996;11(3).

75- New York, NY: Palgrave MacMillan, 2015, Journalism & Mass Communication Educator, 71(2).

76- Zuckerman, E. (2014). New Media, New Civics?. Policy & Internet, 6(2).

**٢. توێژینەوەی زانستی:**

**ا- کوردی:**

٧٧- ئاراز رمضان احمد، (٢٠١٨)، رۆڵی پێگە ئەلکترۆنییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرایە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی راگەیاندن.

٧٨- رێبەر گۆران مصطفی، فاروق عبدول مولود، رۆڵی میدیای ئاوێتەبوو (تفاعلی) لە دروستکردنی ئاراستەی نوخبەی ئەکادیمی بەرامبەر کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق، سەنتەری توێژینەوە و زانکۆی چەرمۆ.

**ب- عەرەبیی:**

٧٩- ثريا الحلوي، (٢٠١٩)،رۆڵی میدیای نوێ لە بەشداری سیاسی شانشینی مەغریب بە نمونە، کۆلێژی زانستە ئابوری و یاسایی و کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی ابن زهر-آکادیر، مەغریب.

٨٠- جال معوض، علاقة القيادة بالظاهرة الإنمائية: دراسة في المنطقة العربية، رسالة دكتوراة في العلوم السياسية، جامعة القاهرة، 1985 .

٨١- حسن عماد مكاوي و عاطف عدلي العبد، نظريات الإعلام، القاهرة، ٢٠٠٧.

٨٢- حسن عماد مكاوي وليلى حسين السيد، الإتصال ونضرياته المعاصرة، ط٥، القاهرة، دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٦.

٨٣- سلام خطاب اسعد، (٢٠٠٨)، رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، لە بەشی راگەیاندن کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی تکریت.

٨٤- طاهر حسن آبو زيد، (٢٠١٢)،رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاراستەکردنی رای گشتی فەلەستینی و کاریگەری لەسەر بەشداری سیاسی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان زانکۆی الآزهر-غەزە فەلەستین.

٨٥- عبدالخالق ابراهيم مصطفى، (٢٠١١)، رۆژنامەگەریی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەرە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن.

٨٦- عبدالرحيم درويش، مقدمة الى علم الإتصال، دمياط، مكتبة نانسي، ٢٠٠٥.

٨٧- عربي المصري، نظريات الإتصال المعاصرة واتجاهات التأثير، طرابلس، جامعة الجنان، كلية الإعلام، ٢٠١١.

٨٨- عصام سليمان الموسى، المدخل في الاتصال الجماهيرى، ط٤، الكنانى لنشر، ١٩٩٨.

٨٩- صالح خليل أبو أصبع، الإتصال و الإعلام في المجتمعات المعاصرة، ط٥، عمان، دار مجدلاوي للنشر و التوزيع، ٢٠٠٦.

٩٠- صالح خليل أبو أصبع، الاتصال الجماهيري، عمان، دار البركة للنشر و التوزيع، ٢٠١٠.

٩١- عزت محمد حجاب، كامل خورشيد، ليلى أحمد جرار، (٢٠١٧)،رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن لە دروستکردنی سیاسەتە گشتییەکان، کۆلێژی راگەیاندن لە زانکۆی الشرق الأوسط.

٩٢- عمر احمد رمضان، (٢٠١٢)، رۆڵی رۆژنامەی ئەلکترۆنی کوردی لە پێکهاتنی ئاراستەی سیاسی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانیدا ، توێژینەوەکە تێزی دکتورایە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن.

٩٣- فواد علی احمد، (٢٠١١)، رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندن لە چالاککردنی بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن.

٩٤- منذر صـــالح جاســـم الزبيدي، (٢٠١٣)،رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندن لە دروســـتکردنی بڕیاری سیاسی، زانکۆی بەغداد و سەڵاحەدین.
٩٥- محمود حســن إســماعيل، مبادىء علم الاتصـــال ونظريات التأثير، القاهرة، الدار العالمية للنشــر و التوزيع، ٢٠٠٣.

### پ- ئینگلیزی:

96- European Parliament OpCit Research (KMRC Ltd), (2013), Women in decision making: The role of new media for increased political participation.
97- Farooq Jan Mangal, (2020), Role of Media in Policy Making: Special reference to Afghanistan, Research paper, Shaikh Zayed University Khost Afghanistan.
98- Maria Sideri, Ariadni Filippopoulou, George Rouvalis, Christos Kalloniatis, Stefanos Gritzalis, 2017, Social media use for decision making process in educational settings: The Greek case for Leadership's views and attitude in Secondary and Tertiary Education, Proceedings of the 50th Hawaii International Conference on System Sciences.
99- Mohammed, M. (2018). 'Social Media and Democratization in Iraqi Kurdistan since 2003'. PhD. The University of Warwick. Warwick.
100- Suresh Chandra Babu , Smita Aggarwal, Junjie Chen, (2017), Role of Media in Shaping the Policy Process Comparative Lessons from the Food Price Crisis in Bangladesh, China, India, and Viet Nam, IFPRI Discussion.
101- Victor Bekkers and Arthur Edwards, (2017), the role of social media in policy processes, Erasmus University Rotterdam.

## ٣. گۆڤاری زانستی:

### آ- عەرەبیی:

١٠٢- محمد حمد العيثاوي وانس كرم محمد صــبحي، صــنع القرار الســياســي الأمريكي، مجلة مداد الآداب، العدد السابع.
١٠٣- نيفين مسعد،كيف يصنع القرار في الأنظمة العربية، مجلة المستقبل العربي، العدد ٣٧٩ ، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠١٠ .

١٠٤- ياسين محمد حمد العيثاوي وانس كرم محمد صبحي، صنع القرار السياسي الأمريكي، مجلة مداد الآداب، العدد السابع.

**ب- ئينگليزى:**

105- Abelson, Donald E. 1996. American Think-Tanks and Their Role in US Foreign Policy. New York: ST. Martin's Press.

106- Aguado, Juan-Miguel; Martínez, Inmaculada J.(2014). “The relationship is the medium: Understanding media in a mobile age”. En: Katz, James. Living inside mobile social information. Boston, MA: Boston University Press.

107- Allan, S. (2010). Online news. Maidenhead: Open University Press.

Appadurai, A. “Democracy Fatigue.” In The Great Regression, edited by Heinrich Geiselberger, 1–12. Cambridge, UK, Malden, MA: Polity Press, 2017.

108- Art, D (2011) Inside the Radical Right: The Development of Anti-Immigrant Parties in Western Europe. Cambridge: Cambridge University Press.

109- Bazin, A. and Andrew, D. (2014). André Bazin's new media. Oakland, California: University of California Press.

110- Beck, U. The Reinvention of Politics: Rethinking Modernity in the Global Social Order. Cambridge: Polity Press, 1997.

111- Bolter, J. and Grusin, R. (2003). Remediation. Cambridge, Mass: MIT Press.

112- Bromiley, Philip, and Devaki Rau. “Strategic Decision Making.” In *APA Handbook of Industrial and Organizational Psychology*. Vol. 1, *Building and Developing the Organization*. Edited by Sheldon Zedeck,. Washington, DC: American Psychological Association, 2011.

113- Borz, G, Janda, K (2018) Contemporary trends in party organization: revisiting intra-party democracy. Party Politics: 1–6,

https://journals.sagepub.com/doi/abs/10.1177/1354068818754605#articleCitationDownloadContainer.

114- Chadwick, A. (2006). Internet Politics: States, Citizens and New communication technologies, Oxford University Press.
Cook, T. (2010). *Governing with the news*. Chicago: Univ. of Chicago Press.
115- CVA, K. (2017).
https://www.medwinpublishers.com/JOBD/JOBD16000139.pdf. Journal of Orthopedics & Bone Disorders, 1(7).
116- Detels R, Beaglehole R, Lansang MA, Guilford MFischhoff B (2009) Risk perception and communication. Oxford Textbook of Public Health, eds 117- Detels R, Beaglehole R, Lansang MA, Guilford M (Oxford Univ Press, Oxford), 5th Ed.
118- David, MAIR, and SMILLIE Laura. "Understanding Our Political Nature: How To Put Knowledge And Reason At The Heart Of Political Decision-Making - EU Science Hub - European Commission". EU Science Hub - European Commission, 2021,
https://ec.europa.eu/jrc/en/publication/eur-scientific-and-technical-research-reports/understanding-our-political-nature-how-put-knowledge-and-reason-heart-political-decision. Accessed 9 Mar 2021.
119- Davis, R. and Owen, D. (1998). New media and American politics. New York: Oxford University Press.
120- DIETRICH, C. 2010. Decision Making: Factors that Influence Decision Making, Heuristics Used, and Decision Outcomes. *Inquiries Journal/Student Pulse* [Online], 2.

Available: http://www.inquiriesjournal.com/a?id=180.

121- Dijck, J. (2013). The culture of connectivity. New York: Oxford University Press.

122- Farnham, Barbara. (2004). *Impact of the Political Context on Foreign Policy Decision-Making*. Political Psychology. Vol. 25, No. 3, Special Issue (Part Two): Prospect Theory

123- G. Schmidt & Wilbert E. Wilhelm (2000) Strategic, tactical and operational decisions in multi-national logistics networks: A review and discussion of modelling issues, International Journal of Production Research, 38:7.

124- Gitelman, L. and Pingree, G. (2003). *New media, 1740-1915*. Cambridge, Mass.: MIT Press.

125- Karl Deutsch, The Nerves of Government: Models of Political Communication and Control, ( New York: The Free Press -12.of Glencoe, 1963.

126- Kolbe, L.M., Bossink, B. and de Man, A.-P. (2019), "Contingent use of rational, intuitive and political decision-making in R&D", Management Decision, Vol. 58 No. 6.

127- N, Alalawi. (2015). How Media Covered “Arab Spring” Movement: Comparison between the American Fox News and the Middle Eastern Al Jazeera. Journal of Mass Communication & Journalism, 05(11).

128- Pavlik, J. (2001). Journalism and new media. New York: Columbia University Press.

129- Thomas, J. and Hassan, R. (2006). The new media theory reader. Maidenhead: Open University Press.

## ٤. سەرچاوەی ئەنتەرنێتیی:

### آ- كوردی:

130- Alarabiya.net. (2019). [online] Available at: https://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/2018/04/30/ انتخابات العراق.. نجاح اختبار ٦٠ ألف جهاز إلكتروني [Accessed 1 Nov. 2019].
Petitions - UK Government and Parliament. (2019).
131- Ku.iraqnow.news. (2019). *حکومەتی هەرێم بڕیاریدا پاشەکەوتی موچە لاببات*. [online] Available at: http://ku.iraqnow.news/TopArticles/116391 [Accessed 17 Nov. 2018].
132- Livinginternet.com. (2019). *Marshall McLuhan, The Global Village*. [online] Available at: https://livinginternet.com/i/ii_mcluhan.htm [Accessed 7 Sep. 2019].
133- Services.gov.krd. (2019). *حکومەتی هەرێمی کوردستان / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / پۆرتاڵی خزمەتە گشتییەکان*. [online] Available at: https://services.gov.krd/so/topics [Accessed 26 Oct. 2019].
134- Sharpress.net. (2019). *بارزانی بەڵێنی دابینکردنی بودجەی ئەنجامدانی ریفراندۆم دەدات*. [online] Available at:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=88692&fbclid=IwAR0mb5fIfRqElElQStCMEjHtE-BCG1i_kNx2Gcb1wCC9uFl_Yq8DNX5CTkc [Accessed 17 Nov. 2019].
135- Rudaw.net. (2019). [online] Available at:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1509201728 [Accessed 17 Nov. 2019].

### ب- عەرەبی:

136- *ظافر آل جميلة (٢٩-٣-٢٠١٧)، "مفهوم اتخاذ القرار"، جامعة بابل- كلية الاقتصـــاد والإدارة، اطّلع عليه بتاريخ ٩-٩-٢٠١٩ . إقرأالمزيدعلىموضوع.كوم https://mawdoo3.com/ref-DLnLpsprHw_3-1* :
137- Team, A. (2019). تعريف و شـــرح و معنى نموذج اتخاذ القرار بالعربي في معاجم اللغة العربية معجم المعاني الجامع، المعجم الوسـيط ،اللغة العربية المعاصـرة ،الرائد ،لسـان العرب ،القاموس المحيط - معجم عربي عربي صـفحة ١. [online] Almaany.com. Available at: https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar / [Accessed 9 Sep. 2019].
138- www.alukah.net. (2019). *مفهوم عملية اتخاذ القرار*. [online] Available at: https://www.alukah.net/culture/0/63677/ [Accessed 9 Sep. 2019].

### پ- ئینگلیزی:

139- Aguado, Juan-Miguel; Martínez, Inmaculada J.(2014). “The relationship is the medium: Understanding media in a mobile age”. En:

Katz, James. 100- Living inside mobile social information. Boston, MA: Boston University Press. ISBN: 978 1 57074 128 9
http://sites.bu.edu/cmcs/files/2014/01/Living-Inside-Mobile-Social-Information.pdf

140- Ahmad, I. and Ahmad, I. (2018). The History of Social Media [Infographic]. [online] Social Media Today. Available at: https://www.socialmediatoday.com/news/the-history-of-social-media-infographic-1/522285/ [Accessed 26 Nov. 2018].

141- Amnesty.org.uk. (2018). 'They cut off the internet so they can beat us' - protester in al-Zubeir. [online] Available at: https://www.amnesty.org.uk/press-releases/iraq-internet-cut-stop-protesters-posting-images-security-force-attacks [Accessed 22 Nov. 2018].

Kf-site-production.s3.amazonaws.com. (2018). [online] Available at: https://kf-site production.s3.amazonaws.com/publications/pdfs/000/000/255/original/KnightFoundation_AccuracyandBias_Report_FINAL.pdf [Accessed 22 Nov. 2018].

142- Anon, (2018). [online] Available at: https://www.researchgate.net/publication/263389310_Social_media's_impact_on_journalism_A_study_of_media's_coverage_of_anti-corruption_protests_in_India [Accessed 26 Nov. 2018].

143- Anon, (2019). [online] Available at: https://www.mysociety.org/groups/gov-direct [Accessed 26 Oct. 2018].

4president.us. (2019). *Lamar Alexander 1996 Web Site*. [online] Available at: http://www.4president.us/websites/1996/lamar1996website.htm [Accessed 28 Oct. 2019].

144- Barassi, V. (2017). *ACTIVISM ON THE WEB*. [S.l.]: ROUTLEDGE.

Oreilly.com. (2018). *Tim O'Reilly*. [online] Available at:

https://www.oreilly.com/pub/au/27 [Accessed 6 Nov. 2018].

145- BBC News. 2019. Politics. [ONLINE] Available at: https://www.bbc.com/news/uk-politics-49612757. [Accessed 19 September 2019].

146- Brittannica. 2021. System Analysis. [ONLINE] Available at: https://www.britannica.com/topic/political-science/Systems-analysis#ref423527. [Accessed 9 March 2021].

147- Business Insider. (2019). *Iraq blacked out the internet for 70% of the country and blocked social media to try to quell deadly anti-corruption protests*. [online] Available at: https://www.businessinsider.com/iraq-blocks-facebook-whatsapp-cuts-internet-protests-2019-10 [Accessed 4 Nov. 2019].

148- Business Management. [online] Your Article Library. Available at: http://www.yourarticlelibrary.com/information-technology/decisions-making-strategic-tactical-and-operational-decisions-business-management/10271 [Accessed 18 Sep. 2019].

149- BusinessDictionary.com. (2018). *What is web 2.0? definition and meaning*. [online] Available at: http://www.businessdictionary.com/definition/web-2-0.html [Accessed 6 Nov. 2018].

150- Change.org. (2019). *The world’s platform for change*. [online] Available at: https://www.change.org/ [Accessed 13 Nov. 2019].

151- Crosbie, V. (2018). What is 'New Media'?. [online] www.athabascau.ca. Available at: https://www.athabascau.ca/courses/cmns/medialit/modules/08/L-01/documents/newmedia.html [Accessed 16 Nov. 2018].

152- Dictionary, S. (2018). SOCIAL MEDIA | meaning in the Cambridge English Dictionary. [online] Dictionary.cambridge.org. Available at:

https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/social-media [Accessed 26 Nov. 2018].
153- Elmirabayrasli.com. Available at: http://elmirabayrasli.com/books/the-new-media-theory-reader [Accessed 10 Nov. 2018].
154- Encyclopedia Britannica. (2019). Public opinion. [online] Available at: https://www.britannica.com/topic/public-opinion [Accessed 29 Sep. 2019].
Europarl.europa.eu. (2018). [online] Available at: http://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/etudes/join/2013/493010/IPOL-FEMM_ET(2013)493010_EN.pdf [Accessed 6 Nov. 2018].
155- Gibson, W. (1984). The seesaw log. New York: Limelight Editions. [online] Available at: http://archive.aawsat.com/details.asp?issueno=10261&article=425305#.W-Ru25Mzbcs [Accessed 8 Nov. 2018].
156- Harris, R. (2019). *Introduction to Decision Making, Part 1*. [online] Virtualsalt.com. Available at: https://www.virtualsalt.com/crebook5.htm [Accessed 9 Sep. 2019].
157- Hayes, K. and Silke, H. (2018). The Networked Freelancer?. Digital Journalism, 6(8).
158- Home.cern. (2018). *The birth of the web | CERN*. [online] Available at: https://home.cern/topics/birth-web [Accessed 28 Oct. 2018].
159- HuffPost UK. (2018). 21 YEARS LATER: World's First Website Still Online. [online] Available at: https://www.huffingtonpost.com/2012/08/06/worlds-first-website_n_1747476.html [Accessed 24 Nov. 2018].
160- Howard, Philip N. and Duffy, Aiden and Freelon, Deen and Hussain, M.M. and Mari, Will and Maziad, Marwa, Opening Closed Regimes: What Was the Role of Social Media During the Arab Spring? (2011). Available at

SSRN: https://ssrn.com/abstract=2595096 or http://dx.doi.org/10.2139/ssrn.2595096

161- HuffPost. (2018). Google Co-Founder: Internet Freedom Facing Greatest Threat Ever. [online] Available at: https://www.huffingtonpost.com/2012/04/15/sergey-brin-internet-freedom-threatened_n_1427325.html [Accessed 22 Nov. 2018]. https://www.w3.org/History/19921103hypertext/hypertext/WWW/TheProject.html

162- Independent.ie. (2018). Turkey Coup: How social media played a crucial role in crushing coup - Independent.ie. [online] Available at: https://www.independent.ie/world-news/europe/turkey-coup-how-social-media-played-a-crucial-role-in-crushing-coup-34888827.html [Accessed 22 Nov. 2018].

163- Intelligence, G. (2018). GSMA Intelligence. [online] Gsmaintelligence.com. Available at: https://www.gsmaintelligence.com/ [Accessed 21 Nov. 2018].

164- Northerncalifornia.alumclub.mit.edu. (2018). [online] Available at: http://northerncalifornia.alumclub.mit.edu/s/1314/images/gid25/editor_documents/newsletter_archives/98-spring-21.pdf?gid=25&pgid=61&sessionid=bb25625c-dbdd-48c2-b1b5-a74074c4299e&cc=1 [Accessed 15 Nov. 2018].

165- Internetlivestats.com. (2018). Internet Live Stats - Internet Usage & Social Media Statistics. [online] Available at: http://www.internetlivestats.com/ [Accessed 27 Nov. 2018].

166- Jolly, W. (2018). The 6 Most Effective Types of Social Media Advertising in 2018. [online] The BigCommerce Blog. Available at: https://www.bigcommerce.com/blog/social-media-advertising/#what-are-the-benefits-of-advertising-on-social-media-channels [Accessed 26 Nov. 2018].

167- Jones, P. (2019). Decision Making and Decision Taking: they are different. [online] Excitant. Available at: https://www.excitant.co.uk/decision-making-and-decision-taking-they-are-different/ [Accessed 6 Aug. 2019].

Excitant. 2018. Phil Jones. [ONLINE] Available at: https://www.excitant.co.uk/decision-making-and-decision-taking-they-are-different/. [Accessed 9 September 2019].

168- Journalism, 'Fake News' And Disinformation:
A Handbook For Journalism Education And Training". UNESCO, 2021, https://en.unesco.org/fightfakenews. Accessed 12 Sept 2019.

169- Library, C. (2018). Gulf War Fast Facts. [online] CNN. Available at: https://edition.cnn.com/2013/09/15/world/meast/gulf-war-fast-facts/index.html [Accessed 22 Nov. 2018].

170- MAYA E. DOLLARHIDE (2021) Social Media, Available at: https://www.investopedia.com/terms/s/social-media.asp (Accessed: 28th February 2021).

171- McCarthy, N. (2019). Infographic: The U.S. Has The Most Think Tanks By Far. [online] Statista Infographics. Available at: https://www.statista.com/chart/15057/countries-with-the-largest-number-of-think-tanks/ [Accessed 2 Oct. 2019].

172- Medium. (2019). THE FOURTH ESTATE — On the role of journalism: facts vs. fake news. [online] Available at: https://medium.com/@ubuntufm/the-fourth-estate-on-the-role-of-journalism-facts-vs-fake-news-61168f8e8cf [Accessed 4 Oct. 2019].

173- Micha Kaufman, 2012, The Internet Revolution is the New Industrial Revolution. Accessed 24 October 2018, <http:www.forbes.com>

174- Merrill Morris, Christine Ogan; The Internet as Mass Medium, Journal of Computer-Mediated Communication, Volume 1, Issue 4, 1 March 1996, JCMC141, https://doi.org/10.1111/j.1083-6101.1996.tb00174.x

175- Michel, O. (2018). How Social Media has changed Journalism – Irish Tech News. [online] Irishtechnews.ie. Available at: https://irishtechnews.ie/how-social-media-has-changed-journalism/ [Accessed 27 Nov. 2018].

176- MIT Comparative Media Studies/Writing. (2018). Media in Transition Conference – MIT Comparative Media Studies/Writing. [online] Available at: https://cmsw.mit.edu/event/media-in-transition/ [Accessed 20 Nov. 2018].

177- Novaspivack.com. (2018). *Nova SpivackWeb 3.0* — The Best Official Definition Imaginable | | Nova Spivack. [online] Available at: http://www.novaspivack.com/technology/web-3-0-the-best-official-definition-imaginable [Accessed 6 Nov. 2018].

178- Nytimes.com. (2019). *It's a Flat World, After All*. [online] Available at: https://www.nytimes.com/2005/04/03/magazine/its-a-flat-world-after-all.html [Accessed 4 Aug. 2019].

179- Oxford Dictionaries | English. (2018). *Internet* | *Definition of Internet in English by Oxford Dictionaries*. [online] Available at: https://en.oxforddictionaries.com/definition/internet [Accessed 28 Oct. 2018].

180- Oxfordlearnersdictionaries.com. (2019). *decision-making noun - Definition, pictures, pronunciation and usage notes* | *Oxford Advanced Learner's Dictionary at OxfordLearnersDictionaries.com*. [online] Available at: https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/decision-making?q=decision-making [Accessed 3 Aug. 2019].

181- Packages, Other et al. "What Statistical Analysis Should I Use? Statistical Analyses Using SPSS". Stats.Idre.Ucla.Edu, 2021, https://stats.idre.ucla.edu/spss/whatstat/what-statistical-analysis-should-i-usestatistical-analyses-using-spss/.

182- Petitions - UK Government and Parliament. (2019). *Petitions - UK Government and Parliament*. [online] Available at: https://petition.parliament.uk/ [Accessed 13 Nov. 2019].

183- Petitions - UK Government And Parliament, Petitions - UK Government And Parliament, 2021, https://petition.parliament.uk/. Accessed 9 Aug 2019.

184- Pew Research Center: Internet, Science & Tech. (2018). Social Media Use 2018: Demographics and Statistics. [online] Available at: http://www.pewinternet.org/2018/03/01/social-media-use-in-2018/ [Accessed 27 Nov. 2018].

185- Political Science Notes. (2019). *Decision-Making Theory: Definition, Nature and Theories*. [online] Available at: http://www.politicalsciencenotes.com/articles/decision-making-theory-definition-nature-and-theories/743 [Accessed 18 Sep. 2019].

186- Priscilla Coit Murphy, 1999, the media in transition conference. Accessed 26 October 2018
<http://web.mit.edu/m-i-t/articles/murphy.html>
<https://cmsw.mit.edu/event/media-in-transition/>

187- SearchMicroservices. (2018). *What is new media? - Definition from WhatIs.com*. [online] Available at: https://searchmicroservices.techtarget.com/definition/new-media [Accessed 5 Nov. 2018].

188- RAJEEV DHIR (2021) informative Media,

Available at: https://www.investopedia.com/terms/i/interactive-media.asp (Accessed: 28th February 2021).

189- Pressure Groups. Drishti IAS, 2021, https://www.drishtiias.com/to-the-points/Paper2/pressure-groups. Accessed 11 Mar 2021.

190- Sonny Albarado (2021) Citizen journalism, Available at: https://www.britannica.com/topic/citizen-journalism (Accessed: 28th February 2021).

191- Sourcesofinsight.com. (2019). *5 Elements for Making Better Decisions*. [online] Available at: http://sourcesofinsight.com/5-elements-of-an-effective-decision-making-process/ [Accessed 18 Sep. 2019].

Southeastern University. (2018). What Is New Media? - Southeastern University. [online] Available at: https://online.seu.edu/what-is-new-media/ [Accessed 7 Nov. 2018].

192- Ssir.org. (2019). *From Petitions to Decisions (SSIR)*. [online] Available at: https://ssir.org/articles/entry/from_petitions_to_decisions [Accessed 13 Nov. 2019].

193- Strome-Galley, J. (2019). *Jennifer Stromer-Galley, Controlled Interactivity: Presidential Campaigning in the Internet Age – MIT Center for Civic Media*. [online] Civic.mit.edu. Available at: https://civic.mit.edu/2014/02/20/jennifer-stromer-galley-controlled-interactivity-presidential-campaigning-in-the/ [Accessed 1 Oct. 2019].

194- Sysomos. (2019). *How Social Media Affects Politics* |. [online] Available at: https://sysomos.com/2016/10/05/social-media-affects-politics/ [Accessed 23 April. 2019].

195- Techopedia.com. (2018). *What is the Internet? - Definition from Techopedia*. [online] Available at: https://www.techopedia.com/definition/2419/internet [Accessed 29 Oct. 2018].

196- Techspirited. (2018). Different Types of Websites. [online] Available at:

Staff, I. (2018). Social Media. [online] Investopedia. Available at: https://www.investopedia.com/terms/s/social-media.asp [Accessed 26 Nov. 2018].

197- TechTarget Contributor (2021) Multimedia, Available

at: https://whatis.techtarget.com/definition/multimedia (Accessed: 28th February 2021).

198- Techterms.com. (2018). Multimedia Definition. [online] Available at: https://techterms.com/definition/multimedia [Accessed 7 Nov. 2018].
The Guardian. 2019. News. [ONLINE] Available at: https://www.theguardian.com/world/2019/sep/24/one-big-relief-eu-officials-celebrate-uk-supreme-court-ruling. [Accessed 24 September 2019].
Parliament, UK. 2019. Brexit. [ONLINE] Available at:
https://www.parliament.uk/business/publications/research/eu-referendum/legislation/. [Accessed 9 July 2019].
157- Theme, E. (2018). Download PDF by Robert Hassan, Julian Thomas: The New Media Theory Reader - Elmira Bayrasli E-books. [online]
199- Omicsonline.org. (2018). [online] Available at:
https://www.omicsonline.org/open-access/new-media-and-democracy-competing-visions-from-cyberoptimism-and-cyberpessimism-2332-0761.1000114.pdf [Accessed 21 Nov. 2018].
200- ThoughtCo. (2019). *Social Media in Politics - Twitter and Facebook as Campaigns Tools*. [online] Available at:
https://www.thoughtco.com/how-social-media-has-changed-politics-3367534 [Accessed 13 Nov. 2019].
201- Excitant. 2018. Phil Jones. [ONLINE] Available at:
https://www.excitant.co.uk/decision-making-and-decision-taking-they-are-different/. [Accessed 9 September 2019].
202- TIME.com. (2019). *Breaking News, Analysis, Politics, Blogs, News Photos, Video, Tech Reviews - TIME.com*. [online] Available at:
http://content.time.com/time/world/article/0,8599,1905125,00.html
[Accessed 1 Oct. 2019].

"Type Of Decisions". Toppr, 2021, https://www.toppr.com/guides/fundamentals-of-economics-and-management/decision-making/types-of-decisions/. Accessed 7 Mar 2021.

203- UNDP (1999). *Human Development Report*. [online] New York: Oxford, Available at: http://hdr.undp.org/sites/default/files/reports/260/hdr_1999_en_nostats.pdf [Accessed 29 Oct. 2018].

204-https://www.statista.com/statistics/262946/share-of-the-most-common-languages-on-the-internet/.

205- Merriam-webster.com. (2018). Definition of WEBSITE. [online] Available at: https://www.merriam-webster.com/dictionary/website [Accessed 24 Nov. 2018].

206- We Are Social UK. (2018). The State of the Internet in Q4 2018 - We Are Social UK. [online] Available at: https://wearesocial.com/uk/blog/2018/10/the-state-of-the-internet-in-q4-2018 [Accessed 21 Nov. 2018].

207- www.dictionary.com. (2018). the definition of website. [online] Available at: https://www.dictionary.com/browse/website [Accessed 24 Nov. 2018].

208- World Wide Web Foundation. (2018). *History of the Web*. [online] Available at: https://webfoundation.org/about/vision/history-of-the-web/ [Accessed 28 Oct. 2018].

**٥. یاساکانی پەرلەمان:**

٢٠٩- یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (١) سالی ٢٠٠٥. مادەی یەکەم.

٢١٠- یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (١) سالی ٢٠٠٥. مادەی دەیەم.

٢١١- یاسای ئەنجومەنی ەوەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)، ساڵی ١٩٩٢. ماددەی هەشتەم.

٢١٢- یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢. دەروازەی پێنجەم؛ ماددەی ٥٦.

٢١٣- یاسای دەستەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (٢٣)، ساڵی ٢٠٠٧، دەروازەی یەکەم.

٢١٤- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ٢٠١٨. بەشی دووەم، ماددەی ٢ بڕگەی ٢.

# پاشکۆ

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی ڕاگەیاندن

**فۆڕم**

**بەڕێز ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**
**بابەت/ فۆڕمی زانیاری توێژینەوەی زانستی (دکتۆرا)**

**بەڕێز ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئەم فۆڕمەی لە بەردەستی بەڕێزتدایە، بریتییە لە ئامرازێکی توێژینەوەی زانستی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە (ڕۆڵی میدیای نوێ لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان-توێژینەوەیەکی رووپێوییە لەسەر پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان لە ناو پەرلەمانتارانی کوردستان سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە بڕیاری سیاسییدا)، وەڵامەکانی بەڕێزت بابەتییانە و ئەکادیمیانە و بە شێوەیەکی زانستی دەبێتە پاڵپشت بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ڕۆڵی میدیا کۆمەڵایەتییەکان، وەک یەکێک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و زانینی بۆچوونی خەڵک و بەکارهێنانی میدیای کۆمەڵایەتی لای پەرلەمانتاران وەک ئامرازێکی میدیایی و پەیوەندیکردن بە خەڵک و لایەنەکانی دیکەوە.**
**بەشداری و وەڵامدانەوەی بەڕێزتان هاوکار دەبێت لە توێژینەوەی زانستی و بە زانستیکردنی میدیا کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی، سوپاس بۆ هاوکاریکردن و بەخشینی کاتی خۆتان بە پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمە.**

**سوپاستدەکەین، کە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکان بدەیتەوە و توێژینەوەکەمان دەوڵەمەند بێت بە وەڵامەکانت، سوپاس بۆ هاوکاریکردنتان.**

**توێژەر/ بەرهەم خالد احمد ٠٧٧٠١٤١٣٦٥٥**
**سەرپەرشتیار/ پرۆفیسۆری یاریدەدەر، د.فواد علی احمد**

**زانیاری کەسی**

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **توخم** | ☐ نێر | ☐ مێ | | | | | |
| **تەمەن** | ☐ ٢٥-٣٤ | ☐ ٣٥-٤٤ | ☐ ٤٥-٥٤ | ☐ ٥٥ و بەرەوژوور | | | |
| **بڕوانامە** | ☐ سەرەتایی | ☐ ناوەندی | ☐ ئامادەیی | ☐ دبلۆم | ☐ بەکالۆریۆس | ☐ ماستەر | ☐ دکتۆرا |
| **فراکسیۆن** | ☐ پارتی | ☐ یەکێتی | ☐ گۆڕان | ☐ کۆمەڵ | ☐ یەکگرتوو | ☐ نەوەی نوێ | ☐ کۆتای کەمینەکان |
| | ☐ سەردەم | ☐ ئازادی | ☐ سەربەخۆ | | | | |
| **پارێزگا** | ☐ هەولێر | ☐ سلێمانی | ☐ دهۆک | ☐ هەڵەبجە | | | |

**لە کارەکانتدا وەک پەرلەمانتارێک تا چ رادەیەک پشت بە بەکارهێنانی میدیای نوێ دەبەستیت؟**

**هەمیشە ☐ زۆرجار ☐، هەندێکجار ☐، کەم ☐، هەرگیز ☐**

**لە نێو میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا کام ئەپڵیکەیشین بەکاردەهێنیت؟ دەتوانیت زیاتر لە وەڵامێک هەڵبژێریت**

**فەیسبوک ☐ تویتەر ☐، ئینستاگرام ☐، سناپچات ☐، تەلەگرام ☐، یوتیوب ☐، تیکتۆک ☐**

**جگە لە ئەژماری تایبەتیت، پەیجی تایبەت بە خۆت لەسەر میدیا کۆمەڵایەتییەکان (سۆشیال میدیا) هەیە؟**

**بەڵێ ☐ نەخێر ☐**

**بەشێوەیەکی گشتی رۆژانە چەند کات بۆ تەماشاکردنی میدیای نوێ تەرخان دەکەیت ؟**

**کەمتر لە کاتژمێرێک ☐، ١-٢ کاتژمێر ☐، ٣-٤ کاتژمێر ☐، ٥-٦ کاتژمێر ☐، زیاتر لە ٦ کاتژمێر ☐**

**بە شێوەیەکی گشتی پشتبەستن بە میدیای نوێ چ کاریگەرییەک لەسەر کارەکانت دروست دەکات ؟**

**وەرگرتن و زیادکردنی زانیارییەکانم ☐ کاریگەری لەسەر هەست و ویژدانم ☐ کاریگەری لەسەر کردار و رەفتارەکانم ☐**

**فۆڕمی پێوانەیی تایبەت بە ڕۆڵی میدیای نوێ لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا:**

## پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ

| زنجیرە | بڕگە | هەمیشە | زۆر | هەندێ کات | کەم | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | میدیای نوێ وا دەکات لە هەواڵ و ڕوداوەکانی کوردستان ئاگاداربم. | | | | | |
| ٢ | میدیای نوێ زانیاریم دەربارەی خواست و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان پێدەبەخشێت. | | | | | |
| ٣ | میدیای نوێ وادەکات زانیارییەکانم زیاد بکات دەربارەی پرسە سیاسییەکان. | | | | | |
| ٤ | میدیای نوێ وا دەکات زانیاری زیاتر بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەیاسا و بڕیارەکان کۆبکەمەوە. | | | | | |
| ٥ | میدیای نوێ کارئاسانی دەکات بۆچوونی خەڵک دەربارەی پڕۆژەیاساکان بزانم پێش گفتوگۆکردنیان. | | | | | |
| ٦ | میدیای نوێ کارئاسانی دەکات بۆچوونی لایەنە سیاسییەکان دەربارەی پڕۆژەیاساکان بزانم پێش گفتوگۆکردنیان. | | | | | |
| ٧ | میدیای نوێ کارئاسانیم بۆ دەکات زۆرترین بابەت دەربارەی یاسا و بڕیارەکان بخوێنمەوە پێش بڕیاردان لەسەریان. | | | | | |
| ٨ | میدیای نوێ هۆکارێک نییە بۆ ئەوە زانیاری زیاترم هەبێت دەربارەی دۆسیەکانی گەندەڵی لە کوردستان. | | | | | |
| ٩ | میدیای نوێ بوەتە جێگرەوەی میدیاکانی دیکەو بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان پشتی پێدەبەستم. | | | | | |
| ١٠ | لە بەشداری خەڵک لەسەر میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی پرسە سیاسییەکان ڕازیم. | | | | | |
| ١١ | کاردانەوەی خەڵک بۆ پرسەکانی گەندەڵی و خزمەتگوزارییەکان لە میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەریم لەسەر دروست دەکات. | | | | | |

| زنجیرە | بڕگە | هەمیشە | زۆر | هەندێ کات | کەم | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | **میدیا کۆمەڵایەتییەکان وا دەکات لەگەڵ بۆچوونەکانی خەڵک هاوسۆز و هاوهەڵوێست بم.** | | | | | |
| ١٣ | **بۆچوونە جیاواز و دژەکانی فراکسیۆن و پارتەکەم لە میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا نیگەرانم دەکات.** | | | | | |
| ١٤ | **بۆچوونە جیاوازەکان دەربارەی چالاکییەکانم لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان بە هەند وەردەگرم.** | | | | | |
| ١٥ | **ئەو کۆمێنت و بۆچوونانەی لەسەر بابەتەکانم دەنوسرێت کاریگەری لە هەڵوێستەکانم ناکات.** | | | | | |
| ١٦ | **هەڵمەتی ناو میدیا کۆمەڵایەتییەکان کارم تێدەکات وا دەکات بۆچوونم بگۆڕێت دەربارەی بابەتەکان.** | | | | | |
| ١٧ | **بڵاوکراوەکانی ناو میدیای نوێ لە راپۆرت و وتار کاریگەری لە بۆچوونم دەکات لەسەر یاساو بڕیارەکان.** | | | | | |
| ١٨ | **بابەتی ناو میدیا کۆمەڵایەتییەکان واناکات هەڵوێستم بگۆڕێت دەربارەی بڕیار و یاساکانی پەرلەمان.** | | | | | |
| ١٩ | **کاردانەوەی خەڵک لەناو میێدیا کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی کارەکانی پەرلەمان نیگەرانم دەکات.** | | | | | |
| ٢٠ | **میدیا کۆمەڵایەتییەکان وا دەکات ئاسانتر پەیوەندی بە خەڵکەوە بکەم و پەیوەندیم پێوەبکەن.** | | | | | |
| ٢١ | **میدیا کۆمەڵایەتییەکان کارئاسانیم لە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتدا بۆ دەکات.** | | | | | |
| ٢٢ | **میدیا کۆمەڵایەتییەکان کارئاسانیم لە بەشداریکردنم لە پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەماندا بۆ دەکات.** | | | | | |
| ٢٣ | **میدیا کۆمەڵایەتییەکان بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانم و بڵاوکردنەوەیان بۆ رای گشتی بەکاردەهێنم.** | | | | | |
| ٢٤ | **میدیا کۆمەڵایەتییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانم بەکاردەهێنم.** | | | | | |
| ٢٥ | **کۆمێنت و نامە و سەرنجەکانی خەڵک لەسەر بڵاوکراوەکانم لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان دەخوێنمەوەو وەڵامیاندەدەمەوە.** | | | | | |

| ژمارە | بڕگە | هەمیشە | زۆر | هەندێ کات | کەم | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | هەڵمەتی خەڵک لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان وا دەکات باشتر بەرەنگاری گەندەڵی ببمەوە. | | | | | |
| ٢٧ | میدیا کۆمەڵایەتییەکان وا دەکات باشتر خۆم ئامادەبکەم بۆ گفتوگۆی پرۆژەیاساکان. | | | | | |
| ٢٨ | میدیا کۆمەڵایەتییەکان واناکات بتوانم بڕیارێکی جیاوازتر بدەم لەسەر پرۆژە یاساکان. | | | | | |
| ٢٩ | بابەتی میدیا کۆمەڵایەتیەکان وا دەکات گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ هاوکارەکانم دەربارەی یاساو بڕیارەکان بکەم. | | | | | |
| ٣٠ | میدیا کۆمەڵایەتییەکان وا دەکات باشتر سەرنجەکانم لە پەرلەمان دەربارەی یاسا و بڕیارەکان بخەمەڕوو. | | | | | |
| ٣١ | میدیا کۆمەڵایەتییەکان وا دەکات بەشداری کۆبونەوە جەماوەرییەکان بکەم. | | | | | |
| ٣٢ | میدیا کۆمەڵایەتییەکان وا دەکات پشتگیری لە داواکاری خەڵک بکەم. | | | | | |

# Abstract

The emergence of the Internet and the wide usage of Internet worldwide has generated enormous interest about whether and how New Media and its digital platforms, including Social Media, have any impact on the different fields of aspects of political sphere nationally and globally. In the last two decades the relationships and dependency between the New Media and political figures and institutions have changed dramatically.

At the present time governmental organizations, agencies and politicians use New Media particularly social media platforms in order to ensure major civil participation, enhance e-dialogue and e-democracy consequently, emphasizing thus in participatory processes through which opinions are co-shaped and decisions are jointly made. today we can rely on an increasing body of research's addressing the multiple relations between Social Media and politics from different perspectives. As New Media today play the vital role in political process and political decision-making process.

This study is descriptive study research entitled the role of new media in political decision-making process in Kurdistan region following the parliamentary elections in September 2018 to present. The research is exploring in both theoretical and practical approach to examine that how the networked nature of the Internet or New Media facilitates forms of political engagement, and how this condition has further developed with the advent of Social Media. By focusing on the role that circulation of information has in increasing political decision making and therefore enhancing political participation.

We then address the bilateral relations between New Media and Politics as one of the most controversial issues currently. The research also explore how Social Media further enhance this process increasing the influence of digital platforms on the political sphere.

Finally, we afford indication for the influence of Social Media on politics and public sphere, by looking at how circulation of information in New Media plays a key role in the political sphere across political landscapes, actors and political practices, by paying particular attention to how policy makers depend on New Media and how Social Media is used for getting information and for mobilizing social movements. involvement in Political policy-making worldwide and in Kurdistan region in particular.

To achieve its objects this research is applying the Media dependency theory by using the survey to collect the data through the questionnaire to find out the level of using and dependence on new media by policy makers. The research follows the Sample of the comprehensive inventory to a qualitative and quantitative analysis of Kurdistan MPs' uses of new media was undertaken to help establish the current context for new media use within the Kurdistan Parliament context. This allows findings of the qualitative research with MPs to be placed in context. All 111 MPs of the fifth round of the Kurdistan Parliament were purposively selected for inclusion.

Data was gathered about the sample's depend on and uses of new media via the survey with 42 questions divided on some sub-topics about MPs' dependence on New Media and their interactivity with people to involve them in their policy making. The content of these platforms was also assessed for levels of interactivity. This sample was selected to determine the level of parliamentarians' reliance on new media and the impact on political decision making in the Kurdistan Region.

As a result of analyzing the collected data and information which was obtained by both theoretical and practical approach and evaluating the research hypotheses through statistical criteria by using SPSS program, the study concluded the following findings:

1. The policy makers are extensively using New media generally and social media in particular in their decision-making process phases. New Media play the role in providing information and bringing end users with politicians whom they have a role in decision-making.

2- New media has become a decent source of news and information in Kurdistan region. The new media has become an alternative for traditional media such as radio, newspapers, television. The vast majority of Kurdistan MPs rely on New Media to get news and information as well as about people's mandates and political affairs.

3. Facebook is most widely used social Media sites among Kurdistan MPs by (%99). Despite of their private accounts, the majority of Kurdistan MPs have their own pages on Social Media platforms by (%65). The average daily social media usage of Kurdistan MPs is 164 minutes per day higher than average world-wide daily use by 22 minutes. The MPs from opposition fractions are more likely to depend on social media than ruling parties' MPs. The MPs from the Erbil (capital of Kurdistan region) are more reliance on social media than other provinces MPs.

4. The majority of Kurdistan's MPs rely on new media this dependency has an influence on their information throughout the decision-making process, which also affects their feelings and behaviour in decision-making process. Nevertheless, the level of impact is not very strong as the MPs are more likely reliant on their political party's policies in general in the process of legislation and political decision-making process.

5. The new media in Kurdistan yet has not reached the point to provide the objective and detailed information about the draft bills can be trusted by MPs to rely on. Therefore, the survey shows that MPs are unbiassed about relying on New Media to collect information on the draft bills as well as for their participation in decisive decisions making.

6. The Social media platforms simplifies the decision-making process, as well as have become a significant tool for communication between MPs and the people. The MPS are extensively take advantage from new media mostly social media sites to by using them as a medium to give their opinions and attitudes as well as to deliver their activities to the public. Moreover, they mostly care about peoples' opinion as they read and respond to people's comments and messages on their account and pages.

7. Kurdistan MPs generally were influenced in the decision-making process stages including; discussions with other fellow MPs, preparing for the draft bills, and giving their opinions and participation in public gathering and meetings.

University of Sulaimaniyah

College of Humanities

Media Department

# The Role of the New Media on the political decision-making process in Kurdistan Region

This Thesis is dedicated to the school of media/ college of humanities/ Sulaimaniyah University as a part of doctor of media philosophy degree

**Barham Khalid Ahmed**

**BA. Media Studies, University of Sulaimani-2008**

**MA. International Political Communications. University of Sheffield University, UK-2012**

Supervised By

**Assi.Pro.D. Fuad Ali Ahmed**

**2021**